حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

ژمارە(٦) سەرماوەرز ٢٧٢١ تشرینی دووەم ٢٠٢٢

# JKSS

## Journal of Kurdistani for Strategic Studies

No. 6 November 2022

DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi6

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتییجیی (JKSS)
# (گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

## Journal of Kurdistani Strategic for Strategic Studies
## (Social Science Journal)

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی (JKSS)
## (گۆڤاری زانستە کۆمەلایەتییەکان)

## دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی

**ژمارە: ٦ تشرینی دووەم ساڵی: ٢٠٢٢**



**سەرنووسەر**

**پرۆفیسۆر پۆلا ئازاد خانەقا**

**سکرتێری نووسیین**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**دکتۆر رزگار ئاغا**

| دەستەی نووسەران | دەستگای کارکردن | دەستەی راوێژکاری | دەستگای کارکردن |
|---|---|---|---|
| پ طە صالح امین ئاغا | زانکۆی سلێمانی | پ سلمان جودة الشمري | زانکۆی تکریت |
| پ عزالدین جمعة دەرویش | زانکۆی گەرمیان | پ اياد علي فارس بيک | زانکۆی موستەنسرية |
| پ هۆشەنگ فاروق جەواد | زانکۆی سلێمانی | پ نعمان حسين الجبوری | زانکۆی موستەنسرية |
| پ هێرش رسوڵ موراد | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | پ ی د موفق خالد ابراهيم | زانکۆی راپەرین |
| پ ی د نەوزاد جمال حمە فرج | دەستەی کوردستانیی | پ ی د شيروان عمر رشيد | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د بریار حسن احمد | دەستەی کوردستانیی | پ ی د پاڤێ جميل احمد | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی م محمد کریم بابۆڵیی | دەستەی کوردستانیی | پ ی د خدیجە قادر سمایڵ | زانکۆی سەلاحەدین |
| پ ی د هێمن عبداللە محمد | زانکۆی هەڵەبجە | پ ی د اسامة ابراهيم احمد | زانکۆی کەرکووک |
| پ ی د سازان ظاهر سعید | زانکۆی سلێمانی | پ ی د علي سعد طە | زانکۆی موستەنسرية |
| پ ی د ماردین محسوم فرج | زانکۆی سلێمانی | پ ی د هيوا کريم حسين | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د سەمیرە محمد ساڵح | زانکۆی سلێمانی | پ ی د عدنان سەجادیی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د هەرێم حسن بابان | زانکۆی راپەرین | پ ی د حسين شفيق شوانی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د ئومێد رفیق فتاح | زانکۆی جیهان | پ ی د بەختیار سەجادیی | زانکۆی کوردستان-سنە |
| پ ی د رزگار عبداللە جاف | زانکۆی سەلاحەدین | پ ی د هيوا عزيز سعيد | زانکۆی سلێمانیی |

دەستەی بەڕێوەبردن لە دەستەی کوردستانیی

پ ی د بریار حسن احمد — م ی تریفە محمد احمد — م ی شۆخان عبداللە

تەحسین توفیق — زانست حمە علي عمر — هەڵکەوت حمید



ناونیشان: دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی - سلێمانی - قرگە - شەقامی گوڵان - نزیک نەخۆشخانەی شۆڕش

ئیمەیل: journals@kissr.edu.iq

وێبسایت: https://kissr.edu.iq/english/academic-journals/

hazhar.qadir@charmouniversity.org bzhar.majeed@charmouniversity.org lanja.assi@charmouniversity.org

## لەم ژمارەیەدا:

لەم ژمارەیەدا:

- وتەی ئەم ژمارەیە............... پ ی د رزگار ئاغا سکرتێری نووسین..................................(١١)
١ -ڕێکارەکانی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە کردەی بەرهەمهێنانی...
م. کاروان عبدالله محمد - پ. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید ......................................... (١٤)
٢- رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان
کرمانج رەسوڵ عەبدوڵا - پ ی د. کاروان محەمەد حەسەن ....................................................... (٤١)
٣- روانگەیەکی پێشنیارکراو بە پێی قوتابخانەی هەست بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن...
پێشرەو حسێن ......................................................................................... (٦٩)
٤- لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییی دا
مستەفا حەمە عەبدولڕەحمان - پ عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف ............................................... (٨٩)
٥- دەقئاوێزانی کولتووریی لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب دا
سنوور قادر فەرەج - پ. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد .........................................(١١١)
٦ - کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێك لە نوێگەرییەکانی وانەوتنەوە لە بابەتە مێژووییەکان...
نەرمین علی محمد بەرزنجەیی – پ.علی عبدالرحمن جمعە ...........................................(١٣١)
٧- چەواشەکاریی میدیایی و ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا
م.د. محمد عمر کاکە - م.ی. فاروق جمیل کریم ...........................................................(١٥٣)
٨ - اثر تقلبار أسعار النفط على الاستقرار النقدي في العراق للمدة(١٩٩٠-٢٠٢٠)
م.م.گۆڤار قادر محمد - م.م.گیانە محمد جزا - أ.م.د.ماردین محسوم فرج .........................(١٧٣)
٩- الشيخ جلال الحنفي البغدادي سيرته ومنهجه في الدراسة اللغوية
م.م. لاوکو أمير محمد عزيز (طالب دكتوراه) -أ.د. طه صالح أمين آغا ...............................(١٩٥)
**10- The Role of Investment on Economic Growth; An Empirical Case of Iraq for the Period of 2004 to 2020**
Hajar Abdulqadir Salih - Bzhar Nasradeen Majeed - Lanja Assi Hayderhazhar. ..................................................(211)

# وتەی ئەم ژمارەیە:

بە پێویستم زانیی لەم وتەیەدا ئەو پێوەرانە باسبکەم کە گۆڤاری کوردستانیی ڕەچاویدەکات وەک لە گۆڤارە ئاستبەرزە جیهانییەکاندا هەن، بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی توێژینەوە بۆهاتووەکان. لەم سێ بڕگەیەی خوارەوەدا بە بیری توێژەرانی بەڕێزی دەهێنینەوە و تێهەڵکێشی «ڕێنماییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی» دەکەین:

١. ڕێنماییەکان بۆ توێژینەوە نووسین

توێژینەوە نووسین بەشدارییکردنی توێژەرە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا و بەرپرسیارێتیی زانستیی دەگرێتەئەستۆ.. دیارە، پێوەری توێژینەوە نووسین وەک بونیاد (ستراکچەر) و پێکهاتەکانی، کۆکبوونێک هەیە لەسەریان، بەڵام جیاوازییەکی کەم هەیە لە شێوازی خستنەڕوودا بۆ پسپۆڕییە جیاوازەکان، یان بۆ جۆری توێژینەوەکە بەوەی وەسفیی، یان کرداریی، یان پێداچوونەوەی وێژەیی بێت.

بەرپرسیارێتیی سەرەکیی لە بڕیارداندا دەربارەی توێژینەوە نووسین دەکەوێتە ئەستۆی ئەو توێژەرانەی، کە خاوەندارێتیی توێژینەوەکەیان لە ئەستۆیە. توێژەران دەبێت دەستڕەنگین بن لەناو پسپۆڕییە وردەکەی خۆیاندا و، دەبێت هەمیشە پابەندبن بە جێبەجێکردنی هەر داواکارییەک، کە گۆڤارەکان وەک ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە توێژەرانی داوادەکەن.

٢.دانەرانی توێژینەوە:

هەر کەسێک، کە ناوی هاتبێت وەک دانەر یان دانەرانی توێژینەوەیەک، دەبێت پەسەندی دوا ڤێرژنی توێژینەوەکە بکات و، بەرپرسیارێتیی هەڵبگرێت لە ئاگاداربوونی لە ناوەڕۆک و هێندی بەشدارییبوونی لەو توێژینەوەیەدا.

-دەبێت لە کۆتایی توێژینەوەدا، بەشی «پێزانین» هەبێت بۆ ناوبردنی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەستگایانەی کە بەشدارییانکردووە لەو توێژینەوەیەدا، وەک کۆمەکی دارایی، هاوکاریی زانستیی و چاپەمەنیی و کۆمپیوتەریی و هەرجۆرە پشتیوانییەک، کە دەستیان هەبووە تیایدا. (ئەم پێزانینە ئەندامانی گۆڤارەکە ناگرێتەوە).

-ئەگەر توێژینەوەکە یەک کەس بەجێیهێنابوو، ئەوا ئەو کەسە تەنها خاوەن و دانەری توێژینەوەکەیە، کە بە هەموو کاری توێژینەوەکە هەستاوە. بەڵام ئەگەر لە یەک کەس زیاتر ناوی هاتبێت لە لیستی دانەرانی توێژینەوەکە، بە پێی پێوەرە زانستیی و نێودەوڵەتییەکان، سەرۆک تیم Team Leader ڕیزبەندیی دانەرەکان دیاریدەکات، ئەویش بەپێی ئاستی بەشدارییان لە توێژینەوەکە و نووسینەکەدا.

-لە گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی مەرجی هەبوونی توێژەر لە کۆدانەران (co-author) دا، ئەوەیە، کە دانەری بەشدار دەبێت لە کۆی پرۆسەی بەجێهێنانی توێژینەوەکە بەشداریی بکات، هەر

لـە کۆکردنـەوەی داتـا و سـەرچاوە و شـیکارییکردن و لێکدانـەوە و هەمـوو بەشـەکانی توێژینەوەکـە بـە پێـی ڕێککەوتنـی دانـەران و، دواجـار بڕیـار لای دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـارە بـە پەسـەندکردنی هێنـد و قەبـارەی ئـەو بەشـدارییکردنە و، نابێـت بـەدەر بێـت لـە بەشـدارییکردنی زانسـتیی توێژینەوەکـە. هـەر کەسـێکی تـری بەشـداربوو لـە توێژینەوەکـەدا، کـە مەرجەکانـی دانـەری بەشـدار نایانگرێتـەوە، ئـەوا لـە بەشـی «پێزانییـن» نـاو و نازنـاوی زانسـتیی و شـوێنی کارکـردن و کورتەیـەک لـە بەشـدارییەکەی دەنووسرێـت.

-گۆڤـاری کوردسـتانیی بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیبجیی مکـووڕە لەسـەر خاوەندارێتیـی توێژینـەوەی زانسـتیی، کـە قۆرخنەکرێـت بـۆ مەبەسـتی کەسـیی و خۆیشـایەتیی لـە تێهەڵکیشـکردنی کەسـانێک کـە بەشـدارییان لـە توێژینەوەکـەدا نییـە، کـە وەک نەریتێکـی گەندەڵیـی زانسـتیی گیراوەتەبـەر و خاوەنـە ڕاستەقینەکان دیارنیـن. بۆیـە، گۆڤـاری کوردسـتانیی لـە زۆربـەی بارەکانـدا، تەنهـا دوو دانـەر پەسـەنددەکات بـۆ هـەر توێژینەوەیـەک و، ئەگـەر توێژینەوەیـەک پسـپۆڕییەکی تـری پێویسـت بێـت جیـا لـە بابەتـی توێژییەنەوەکـە، یـان جیـاواز لـە پسـپۆڕیی دانـەر یـان دوو دانەرەکـەی تـر، ئـەوا دەکرێـت دانـەری سـێیەم زیادبکرێـت دوای پەسـەندکردنی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـار.

- دیسـانەوە بـۆ ڕێگرتـن لـە کاری سـاختەکاریی، گۆڤـاری کوردسـتانیی ئـەو توێژینەوانـە پەسـەند نـاکات، کـە پسـپۆڕییەکەی جیـاوازە لـە پسـپۆڕیی توێـژەرەکان و بـە تایبەتـی دانـەری یەکـەم.

سـوپاس بـۆ هەمـوو بەشـداربووانی پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن، خەمخۆریـی و باوەڕبوونـی ئـەو بەڕێزانـە، هاوکارێکـی سـەرەکیی پێشـکەوتنی ئـەم گۆڤـارەن.

سوپاس بۆ دەستەکانی نووسەران و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبردن.

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**دکتۆر ڕزگار ئاغـــــا**

**سکرتێری نووسین**

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.169

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕێکارەکانی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن
# لە کردەی بەرهەمهێنانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا

م. کاروان عبداللە محمد

(qi.ude.lusvinu@dammahum.nawrak)

پ. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید

( qi.ude.lusvinu@deeasamah.takazan)

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ لایەنی ئابووریی ڕاگەیاندن لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان دا، لەو سۆنگەیەوە کە باربۆکردنی ئابوورییەکی تۆکمە، مایەی هێنانەدیی و بەردەوامیی و دامەزراویی هەر دەستگایەکی ڕاگەیاندنە. ئەمەش لەڕێی لێکۆڵینەوە و پێجۆری هۆکار و گرنگییەکانی بازاڕی ڕاگەیاندنەوە، هەتا بە هۆیانەوە بتوانرێت هەلی ڕەخساوی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن مسۆگەر و بێچارە (حەتمیی) بن بۆ فەراهەمکردنی بوودجەی پێویست و بەردەوام لە سالانی دارایی دامەزراوەکەدا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە ١٠ دامەزراوەی ڕاگەیاندن و نموونەپشکنینەکەش (سامپڵ) ١٠ بەڕێوەبەری گشتیی و سەرۆکبەشەکانی کەناڵەکانە لەهەر دەستگایەکی ڕاگەیاندن. بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێکی پڕ لە پرسیار و، ڕا و بۆچوون درووستکراوە و ئاراستەیان کراوە. بۆ شیکارکردنی ڕاپرسییەکان و دیاریکردنی ڕێکارەکانی خستنەگەڕ و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ڕێبازی ڕووپێویی بەکارهێنراوە. لە گرنگترین ئامانجەکان ئەوەیە، کە تەنها سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ریکلامیی بازرگانیی (ڕاستەوخۆ) و (ناڕاستەوخۆ) یە بە ڕێژەی ٤٥٪ کە ئەمە گەورەترین گرفتە و کەمترین بەشداریی زیندەگیی حوکومەت و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. زیاتر لەمەش، هیچ ڕێکارێکیشیان بەیان نەکردووە کە حوکومەت وەک سەرچاوەی باربۆکردن چالاک بکەن. بەڵکو، ئەوەی زیاتر بۆ خاوەندارێتیی کاری لەسەر دەکرێت پاراستنی بەرژەوەندیی و ئەجێندای کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی و پاشان حزبەسیاسییەکانە کە ڕێژەی ٧٠٪ و ٣٨٪ یەک لەدوای یەک، هەرچیی متمانکردن بێت لەسەر هاوکاریی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە وەک وەرگران (٢٤٪) و کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی (١٦٪) و کۆمپانیاکان (١٦٪) زۆر کەمن و مایەی دڵنیایی بەردەوامبوون و برەوسەندن نیین. هەرچیی بەرنامە و فرۆشییەکان و بەشداریی یوتیوبی ڕێژەکانیان زۆر نزمن و ئومێدبەخش نیین. زیاتر لەوەش کە بەڕێوبەرانی دامەزراوەکان لە وەڵامی فۆرمی ڕاپرسیی دا بەیانیانکردوە، بەڕێژەی ٤٦٪ ی دامەزراوەکان ڕێکاری پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەگرنەبەر، کە ئەمە سەربەخۆیی و ئازادیی دەستگا ڕاگەیاندنەکان و پەیامەکانیان کەم دەکاتەوە. دواجار توێژینەوەکە هەتەرە لەسەر توێژینەوەی زیاتر بۆ بەتەنگەوەهاتنی ئەم کەرتە گرنگە، بۆ دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی سەر بوودجە و فەراهەمکردنیان وەک خاوەندارێتیی و بازاڕکاریی و کارکردنی کەناڵەکانی وەک یوتیوب، کە هەندێکیان لە توێژینەوەی داهاتووتری توێژەردا بەهەندوەرگیراون.

**کلیلە وشەکان: ئابووریی ڕاگەیاندن، بازاڕکاریی ڕاگەیاندن، پەیامسازیی، سەرچاوەی باربۆکردن، خاوەندارێتیی ڕاگەیاندن.**

Recieved: 30/6/2022
Accepted: 23/8/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

مشتومڕی ئابووریی ڕاگەیاندن ئەوەیە کە چۆن بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندن، سەرچاوە داراییەکانی بەردەست بەکاردەهێنن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی زانیاریی و کات بەسەربردنی وەرگرەکانیان، ئەم زانستە بەدواداچوون بۆ ئەو هۆکارانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاریی و کاڵای ڕاگەیاندن و تەرخانکردنی ئەم بەرهەمانە بۆ بەکاربردن هەیە، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ باربۆکردنی خۆیان سەرچاوەی جیاواز بەکاردەهێنن و بۆ چالاککردن و پەرەپێدانی هەرسەرچاوەیەکیش ڕێکاری جیاواز دەگرنەبەر. (محسنی، صلواتیان، ١٣٩٤ هەتاوی، ١١٧)

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیی و ڕادیۆیی و چاپەمەنیی، کار لەسەر دیجیتاڵ میدیا و کەناڵی جۆراوجۆری گەیاندن دەکەن، لەپێناوی بەدەستهینانی داهاتی زیاتر، زیاد لەمەش ڕێکارگەلێکی تر دەگرنەبەر بۆ درووستکردنی کۆمپانیای بەرهەمهێنان و درووستکردنی ڕیکلام، وابەستەیی بە کۆمپانیا بازرگانییەکان بژاردەیەکی تری بەردەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە لەپێناوی چالاککردنی سەرچاوەی باربۆکردنی بەهێز و پڕ دەرامەت. (کافی، ٢٠١٤ زاینی: ٥٢)

پرسیارگەلێکی بنەڕەتیی هەن لە باسکردنی ئابووریی ڕاگەیاندن و خستنەکاری سەرچاوەکانی باربۆکردن دا، کە هەمیشە توێژەران ئاڕاستەدەکەن. لەوانە، ئایا دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن کام ڕێکار بگرێتەبەر بۆ ئەوەی دەرگای سەرچاوەکانی باربۆکردن بە ڕوویدا بکرێنەوە، چۆن بینەرێکی زۆرتر بۆ لای خۆیاندا رابکێشێت؟ چۆن کێشە داراییەکانی چارەسەر بکات؟

گرنگە بزانرێت کامانەن ئەو ڕێکارانەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن دا دەیانگرێتەبەر بۆ چالاککردن و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردنی وەک (ریکلام، خاوەندارێتیی، فرۆشتنی بەرهەم، هاوکار کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی، هاوکاریی هاوڵاتیان ). ئەمەش بە ئامادەکردنی فۆرمێکی تایبەت و دابەشکردنی بەسەر ١٠ دامەزراوەی ڕاگەیاندن و پرکردنەوەی لەلایەن بەرێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرانی بەش و کەناڵەکانی ئەو دامەزراوانە، جگە لەوەی سەرچاوە بەکارهاتووەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەکەدا خراونەتەڕوو، ڕێکارەکانی خستنەکاری ئەو سەرچاوانەش بەیانکراون و پلەبەندییان بۆ کراوە، هەتا بزانرێت بۆ هەر سەرچاوەیەک گرنگترین ئەو ڕێکارانە کامانەن کە بۆ خستنەکاری دەگیرێنەبەر.

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە دیاریدەکات و، بەشی دووەمیش لایەنی تیۆرییە کە پێکدێت لە ناساندنی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە سەرچاوە زانستییەکان دا. بەشی سێیەمیش خستنەڕووی ئەو زانیارییانەیە کە لە ئاکامی فۆرمی تایبەت بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاند بەدەستخراون بۆ دیاریکردنی ریکارەکانی خستنەکار و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### ١. تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەکە

پێش ئەوەی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن بەدوای سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی باربۆکردنەوە بێت، پێویستە ئەو ڕێکارانە بدۆزێتەوە کە چۆن بتوانێت هەریەک لەو سەرچاوانەی کە ڕاگەیاندن دەتوانێت بۆ باربۆکردن بەکاریان بهێنیت و پەرەیان پێبدات و بیانخاتەگەڕ. سەرچاوەگەلێک لە بازاڕی ڕاگەیاندن دا هەن و ڕۆژ بەرۆژیش بەهۆی

گۆرانکارییە خێراکانەوە سەرچاوەی نوێ دێنە نێو بازاڕ، راگەیاندنەکانیش لەنێو بازاڕدا بەدوای وەرگرەوەن و خواستی خستنەکاری ئەو سەرچاوانەیان هەیە، کێشەی توێژینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە دامەزراوەیەکی راگەیاندن بۆ خستنەکاری سەرچاوەیەک پێویستیی بە رێکاری جیاواز هەیە، رێکارەکانیش زۆرن و پێویستیان بە پەی پێبردن و خستنەکار هەیە، زۆرێکیشیان لەگەڵ بەرهەمەکانی راگەیاندن پەیوەندییدارن، راگەیاندن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا پێویستە پەی بەو رێکارانە بەرێت و، گرنگە ئامانج و بایەخی توێژینەوەکە هەبن بۆ گرتنەخۆی کێشەکان، لەوانە:

+ خستنەڕووی رێکارە پێویستەکانی خستنەکار و پەرەپێدانی هەریەک لەسەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

+ ناسینی گرنگترین و کاراترین رێکار بۆ خستنەگەڕی هەریەک لەو سەرچاوانەی، کە دامەزراوەی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان پشتی پێدەبەستێت لە ئابوورییدا.

+ خستنەڕووی رادەی بەکارهێنانی ئەو رێکارانە بۆ خستنەگەڕی سەرچاوەی باربۆکردن لە دامەزراوەی راگەیاندنی لە هەرێمی کوردستان دا.

بایەخی ئەم توێژینەوەیەش لە چەند روانگەیەکەوە دەتوانرێت بخریتەڕوو، بەم شیوەیە:

+ بایەخی زانستیی: کارکردنێکی زانستییە بۆ دیاریکردنی رێکارەکانی باربۆکردن و پەرەدان بە سەرچاوەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەی راگەیاندن دا، کە لایەنێکی گرنگی ئابووریی راگەیاندن لەخۆدەگرێت. ئەم جۆرە توێژینەوانە بەزمانی کوردیی و لە ناوەندە زانستییە کوردییەکاندا کارکردن تیایاندا لە سەرەتادایە، لە نێو زانستیی راگەیاندن و زانستی ئابووریی دا، لە کاتێکدا لەڕووی ئابوورییەوە سەرچاوەکانی باربۆکردن لە گەشەداندان و رێکاری زیاتر دێنە بەردەم و کاریان لەسەر دەکرێت.

+ بایەخی پراکتیکیی: چەندە راگەیاندن بتوانێت سەرچاوەی دارایی زیاتر بخاتەگەڕ و لەبەردەستیدا بێت، هێندە لەکاری بەرهەمهێناندا بەهێزتر و تەمەن درێژتر دەبێت، بۆیە لەڕووی پراکتیکییەوە هانی دامەزراوەکانی راگەیاندن دەدات بۆ کارکردن لەسەر خستنەگەڕی سەرچاوەی نوێ و زیاتر و پەرەپێدان بەو سەرچاوانەی کە لە بازاڕی راگەیاندن دا هەن.

- بایەخی توێژینەوە بۆ دامەزراوەکانی راگەیاندن: گرنگ و بایەخدارە کە بزانرێت ئەو رێکارانە کامانەن کە سەرچاوەکان دەخەنەکار، یان سەرچاوە داریەکەی بەهیزتر دەکەن بە بەرهەمهێنانی راگەیاندن، ئەم توێژینەوەیەش کار لەسەر دەرخستن و خستنەڕووی ئەو رێکارانە دەکات کەسەرچاوەکانی باربۆکردن بۆ دامەزراوەیەکی راگەیاندن دەخەنەکار.

بەڵام ئەم کێشە و بایەخانە بە پرسیارگەلێک دێنەڕوو، کە بتوانن راپرسییەکان تاوتوێ بکەن، لەوانە:

+ ئەو رێکارانە کامانەن کە دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دەیگرنەبەر بۆ خستنەگەڕ و پەرەپێدانی هەریەک لەو سەرچاوانەی کە دەبن بە سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەکە؟

+ ئایا ئەو رێکارانەی کە لە بازاڕی راگەیاندن دا بۆ خستنەگەڕی هەر سەرچاوەیەکی باربۆکردن پێویستن و خواستی وەرگرانیان لەسەرە لە دامەزراوەی راگەیانی کوردیی دا کاریان لەسەر دەکرێت؟

+ بۆ هەریەکە لە سەرچاوەکانی باربۆکردن، بەهێزترین و کاراترین رێکاری خستنەگەڕ و پەرەپێدانی سەرچاوەی باربۆکردن کامانەن و چۆن پێویستە ئەو رێکارە بگیرێتەبەر؟

## ٢-میکانیزمی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، ئامانجی خستنەڕووی ئەو ڕێکارانەیە کە پێویستن بۆ خستنەگەڕ و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان.

هەروەها توێژەر ڕێبازی رووپێویی بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی ڕێکارەکانی خستنەگەڕ و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە وەك سەرچاوەی داهاتی خۆیان خستویانەتە گەڕ و زیاتر پشتیان پێدەبەستن بۆ دەسخستنی داهاتی پێویست. بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم دەستگا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمی تایبەت پێکهێنراوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەرپرسی بەش و کەناڵەکان وەڵامی پرسیارەکانی ناوی بدەنەوە.

لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، سنوورێک بۆ بواری مرۆیی و شوێن و کات دانراوە کە توێژژینەوەکە بایەخی پێبدات، کە بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندیی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، لە تەنها ١٠ دامەزراوەی ڕاگەیاندنی لەهەرێمی کوردستان وەرگیراوە بەجۆرێک بۆ هەر دامەزراوەیەک ١٠ کەس لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرانی بەش و کەناڵەکان وەک نموونە وەرگیراون و فۆرمی توێژینەوەکەیان پڕکردووەتەوە. لە ماوەی نێوان ٢٠٢٢/٣/١ -٢٠٢٢/٦/١٥، ئەمەش نموونەیەکی ناهەڕەمەکیی مەبەستدارە، ئەو دامەزراوانەش خاوەنی چەند کەناڵێکی پەخشن و لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان تۆمارکراون، کەبریتین لە دامەزراوەی (کوردماکس، کۆمەڵ، نالیا، رووداو، گۆڕان، سپێدە، نێت، وار، K٢٤، ئامۆژگاریی)

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەش بەم دیارییکراوییە، دەکرێت چەند هۆکارێکی هەبن وەک:

- نموونەی توێژینەوەکە هەریەکە و خاوەنی چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنن، ئەمەش زیاتر دەمانگەیەنێتە ئامانج.
- هەریەکە لە دامەزراوەکان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن کە دەبنە نموونەیەکی بچوککراوە.
- ئەم دامەزراوانەش لە رووی خاوەندارێتییەوە هەموو جۆرە خاوەندارێتییەکانی ڕاگەیاندنی کوردیی تێدا بەدیدەکرێن، وەك خاوەندارێتیی (حزبیی، سێبەر، کەسیی، کۆمپانیا، بازرگانیی)

بۆ دڵنیابوون لەدرووستیی و زانستییبوونی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی تویژینەوەکە، توێژەر (فۆرمی ڕاپرسیی) درووستکردووە و خستوویەتییە بەردەم ژمارەیەك لە شارەزا و پسپۆڕان لە بواری ڕاگەیاندن و ئابووریی[١]، دوای پێداچوونەوەی شارەزایان و پسپۆڕان بە فۆرمەکەدا سەرنج و تێبینییەکان بەهەند وەرگیراون، هەتاکو ئەو ئاستەی کە فۆرمەکە بە گونجاو زانراوە بۆ دابەشکردنی بەسەر نموونەپشکنینی توێژینەوەکەدا بە جۆرێك ڕێژەی ڕاستگۆیی (الصدق): ٩٣.٤ ٪ بوو. ئەمەش بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ڕاستی فۆرمەکە بەم شێوەیەیە:

ڕاستگۆیی فۆرمەکە = ژمارەی برگە و پرسیارە پەسەندکراوەکان ÷ ژمارەی گشتیی برگەکان × ١٠٠

کەواتە ڕاستگۆیی فۆرمەکە = ٥٧ ÷ ٦١ × ١٠٠ = ٩٣.٤

١ . پ.ی.د. ابراهیم سەعید، پسپۆڕی برواری ڕاگەیاندن ، پ.ی.د.کاروان محمد حسن، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن، د. یوهان عوسمان، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن، م. فهمی محمد عەلی، پسپۆڕی بواری ئابوری.

## ٣. توێژینەوە پێشووەکان:

- توێژینەوەی (زوهرە جقریف) ٢

اقتصاد وسائل الاعلام فى الجزائر دراسة میدانیة حول مؤسستى «الخبر» و الشروق"

توێژینەوەیەکـی مەیدانییـە لەسـەر سـەرچاوە ئابوورییـەکان و سـەرمایەی دامەزراوەکانـی ڕاگەیاندنـی جەزائیریـی، دامەزراوەکانـی «الخبـر» وە «الـشروق» ی بەنموونـە وەرگرتـووە، پرسـیاری سـەرەکیی توێژینەوەکـە خـۆی دەبینێتـەوە لـەوەی، کـە ئـەو سـەرچاوە داراییانـە چیـن کـە دامـەزراوەی ڕاگەیاندنـی جەزائیریـی بەکاریاندەهێنێـت بـۆ باربۆکـردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی داهاتـی دامەزراوەکـە و وەرگرتنـی قازانـج لـە بـازاڕی ڕاگەیانـدن دا. توێژینەوەکـە میتـۆدی وەسـفیی و ڕێبـازی شـیکاریی بەکارهێنـاوە لـەڕووی چەندێتیـی و چۆنێتییـەوە، ئامـرازی سـەرەکیی توێژینەوەکـەش چاوپێکەوتنـە لەگـەڵ بەرپرسـان و کارمەندانـی دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن و شـیکاریی ئـەو زانیاریانـەی دەسـتکەوتووە لـە چاوپێکەوتنەکانـەوە، هـاوکات شـیکاری ئـەو زانیاریانـەی لەڕێگـەی ڕاپۆرتـی ژمێریاریـی و ڕاپۆرتـە شـیکارییەکان و فـرۆش و خەرجیـی بەرهەمەکانـی ڕاگەیانـدن دەسـت توێـژەر کەوتـوون. ئامانجـی سـەرەکیی توێژینەوەکـەش بریتیـە لـە: خسـتنەڕووی سـەرچاوەی باربۆکـردنی ڕاگەیانـدن و سـەرچاوەکانی سـەرمایەی دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن و ڕێـکاری بەدەسـتهێنانی سـەرمایە و داهـات و خەرجـی بەرهەمهێنانـی ڕاگەیانـدن.

توێژینەوەکـە لـە ئەنجامەکانیـدا ئامـاژەی بـەوەداوە کـە ڕاگەیاندنـی چاپەمەنـی جەزائیریـی بـۆ سـەرچاوەی سـەرمایەگوزاریی و داهاتـی زیاتـر پشـتی بـە فرۆشـی بەرهەمەکانـی بەسـتووە، بـەو بەشـدارییەی وەرگـر هەیەتـی لـە کڕینـی بەرهەمـە چاپکـراوەکان، ئەمـەش بەهـۆی قەیرانـی کەمبوونـەوەی خوێنـەرو بەکارهێنانـی ئەنتەرنێـت و کتێـب و ڕۆژنامـەی ئەلکترۆنیـی بـوو بـە سـەرچاوەیەکی داهاتـی لاواز و کـەم، ئەمـەش وایکـردووە کـە ڕاگەیاندنـی چاپەمەنـی لـە سـەرمایەگوزارییدا بکەوێتـە قەیرانـەوە. سـەبارەت بـە تەلەفزیـۆن و بەرهەمهێنانـی بەرنامـە خۆشـڕابوێرییەکان و سەرنجڕاکێشـەکان، بەهـۆی زۆریـی بینـەرەوە بـوون بـە سـەرچاوەی داهـات لەڕێگـەی پەخشـکردنی ڕیکلامـی بازرگانییـەوە، بەمـەش ڕیکلامـی بازرگانیـی ڕێکارێکـی ئابووریـی و زیادکردنـی داهاتـی دامەزراوەکانـی ڕاگەیاندنـە.

- توێژینەوەی (سیاوش صلواتیان و مهدی محسینی)٣

مطالعـات تطبیقـی شـیوەهای تأمینـی مالـی سـازمانهای رسـانە ای رادیویـی و تلوویزیـون عمومـی و تحـت مالکیـت دولتـی در دونیـا

توێژینەوەیەکـی مەیدانییـە لەسـەر ٥٨ دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن کـە خاوەنـی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـن لـە ٤٨ وڵاتـی جیـاواز بەجێهێـنراوە. زانیارییەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە لەڕێگـەی وێبسـایتە فەرمییـەکان و ڕاپۆرتـی ژمێریاریـی و یاداشـت و ڕاپۆرتـی کاری ڕۆڵـی دامـەزراوەکان و شـیکارە پەیوەسـتدارەکان بـەو دامەزراوانـە وەرگیـراون.

میتـۆد و ڕێبازیـی توێژینەوەکـەش توێژینەوەیەکـی وەسـفیی شـکارییە و سـوود وەرگیـراوە لـە شـیکاری ڕاپۆرتـە

٢ . زوهـرة جقريـف، اقتصـاد وسـائل الاعلامـي في الجزائـر دراسـة ميدانيـة حولـة مؤسسـتي «خـبر» و الـشروق»، طۆظـاری زانسـتي (العلـوم النسـانية)، ذمـارة ٤٧، ل ١٥-٢٧، ٢٠١٧.

٣ . سـیاوش صلواتیـان و مهـدی محسـینی، مگالعـات تگبیقـی شـیوەهای تأمینـی مالـی سـازمانهای رسـانە ای رادیویـی و تلوویزیـون عمومـی و تحـت مالکیـت دولتـی در دونیـا، توێژینـەوەی ISC، گۆڤـاری زانسـتی (رسـانە ISC) سـاڵی بیـت و شەشـەم، ژمـارە ٤، ل٤٩-٧٢، ٢٠١٦

دارایـی و ژمێریارییەکانـی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن و رادیـۆ و تەلەفزیۆنەکانیـان، ئـەو شـیکارانەی پەیوەسـتن بـە دامەزراوەکانـەوە لـە وێبسـایت و راگەیاندنـەکان و لایەنـە فەرمییـەکان و کاراکتـەری پشـت سـەرچاوەکانی باربۆکردنـی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن کـە وەك نموونـەی توێژینەوەکـە وەرگیـراون.

توێژینەوەکـە چەنـد پرسـیارێکی کـردووە بـە بنەمـای کاری توێژینـەوە کـە گرنگترینیـان بریتیـن لـە (دامـەزراوە میدیاییـەکان بـۆ پارەدارکردنـی خۆیـان سـوود لـە چ سـەرچاوەیەکی باربۆکـردن وەردەگـرن؟ زۆربـەی ئـەو سـەرچاوانە کامانەنـە کـە زۆرینـەی تەلەفزیـۆن و رادیـۆکان بەکاریدەهێنـن بـۆ پارەدارکردنـی خۆیـان؟ چـۆن دامـەزراوە میدیاییـەکان دەتوانـن سـەرچاوەکانی پارەدارکردنیـان هەمەچەشـن و زیادبکـەن؟

ئامانجـی سـەرەکیی توێژینەوەکـە خـۆی دەبینێتـەوە لەناسـاندنی ئەزموونـی جیهانیـی لـە بـارەی شـێوە و رێکارەکانـی پارەدارکردنـی رادیـۆ و تەلەفزیۆنـی نیشـتیمانیی و دەوڵەتیـی لەجیهانـدا. نیشـاندان و پۆلبەندییکرنـی سـەرچاوەکانی باربۆکردنـی دامـەزراوەی راگەیانـدن بەپێـی بەکارهێنـان؟ خسـتنەڕووی رێکارەکانـی زیادکـردن و هەمەچەشـنکردنی سـەرچاوەکانی پارەدارکـردن لـە دامەزراوەکانـی راگەیاندنـدا.

توێژینەوەکـە لەمیانـی کۆکردنـەوەی زانیاریـی و شـیکاری زانیارییـەکان بـە چەنـد ئەنجامێـك گەیشـتووە، کـە گرنگترینیـان بریتییـن لـەوەی کـە (جیاوازییەکـی زۆر هەیـە لەنێـوان بەگەڕخسـتنی سـەرچاوەی باربۆکـردن لـە دامـەزراوەی راگەیاندنـی ئەورووپایـی و جگـە ئەورووپاییـەکان، بەجۆرێـك کـە رادەی بەکارهێنـان و بەگەڕخسـتی سـەرچاوەداراییەکان، لـە رووی پلەبەندیـەوە راسـت پێچەوانـەن، ئـەوەی بـە پلـەی یەکـەم لـە دامـەزراوە ئەورووپاییەکانـدا وەك سـەرچاوەیەکی دارایـی بەهێـز پشـتی پێدەبەسـتن، بـەڵام لـە جگـە ئەورووپاییـەکان بـە پلـەی کۆتایـی دێـت. بـۆ سـەرچاوەکانی باربۆکردنـی دامـەزراوەی راگەیانـدن، ١٧ جـۆر سـەرچاوە تۆمارکـراوە کـە لـە ٩ دەسـتەدا پۆلێنبەنـدی کـراوە، لـە دامەزراوەکانـی راگەیاندنـی ئەورووپاییـدا (پـارەی بەشـداریی وەرگـران) بـە پلـەی یەکـەم و پەخشـی ریکلامـی بازرگانیـی پلـەی دووەم و بودجـەی تەرخانکـراوی دەوڵـەت بـە پلـەی سـێیەم دێـن، بـەڵام لـە وڵاتانـی جگـە ئەورووپایـی پلەبەندییەکـە پێچەوانەیـە.

- توێژینەوەی (عبدالعلی علی عسکری، مهدی محسنی، سیاوش صلاواتیان) ٤

شناسایی شیوەهای نوین تأمین مالی سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران

توێژینەوەیەکـی مەیدانیـە بـە نموونەگیریـی مەبەسـتدار و رێبـازی چڕەگفتوگـۆ (focus group) سـوودی لـە را و بۆچوونـی دەسـتەبژێر وەرگرتـووە بـۆ ناسـاندنی شـێواز و رێکارە نوێیەکانی باربۆکردنـی دامـەزراوەی دەنـگ و رەنگـی جمهـوری ئیسـلامی ئێران وەك دامەزراوەیەکـی راگەیانـدن لەژێـر خاوەندارێتییـی دەوڵـەت دا.

پرسـیاری سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە خـۆی لـەوەدا بیینیووەتـەوە کـە (ئـەو رێـکارە نوێیانـە چیـن پێویسـتە دامـەزراوەی دەنـگ و رەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران وەك دامەزراوەیەکـی راگەیانـدن لـە ژێرخاوەندارێتیـی دەوڵـەت بیانگرێتەبـەر بـۆ باربۆکردنـی دامەزراوەکـە وەك سـەرچاوەی دارایـی، هەتـا لـە گرفتـی کەمیـی بودجـە رزگاری بێـت؟ چـۆن ئـەو دامەزراوەیـە دەتوانێـت ئـەو سـەرچاوانەی بـۆ باربۆکـردن دەیخاتەگـەڕ هەمەچەشـن و زیادیـان بـکات؟)

ئامانجـی سـەرەکیی توێژینەوەکـە خـۆی بینیوەتـەوە لـە ناسـاندنی شـێواز و رێکارە نوێیەکانی دابینکردنـی دارایـی و

٤ . عبدالعلـی علـی عسـکری و مهـدی محسـنی، سـیاوش صلاواتیـان، شناسـایی شـیوەهای نویـن تأمیـن مالـی سـازمان صـدا و سـیمای جمهـوری اسلامی ایـران ، گۆڤـاری زانسـتی (پژوهشـهای ارتباگـی) سـاڵی بیسـت و سـێهەم، ژمـارە ٢ ، ل ٩-٢٥ ، ٢٠١٧

پارەدارکردنی دامـەزراوەی دەنـگ و رەنگی کۆمـاری ئیسلامی ئێران، وەك دامەزراوەیەکی راگەیانـدن، خستنەڕووی ئـەو رێکارانـەی کـە دامـەزراوەی راگەیاندنـی دەنـگ و رەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران وەك دامەزراوەیەکـی راگەیانـدن بیانگرێتەبـەر بـۆ خسـتنەگەڕی سـەرچاوەی هەمەچەشـن و زیاتـری پارەدارکـردن بـە مەبەسـتی هاوکارییکردنـی دامەزراوەکـە لـە لایەنـی ئابووریـی و باربۆکـردن دا.

توێژینەوەکـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامەنجەکانی بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی درووسـت و زانسـتیی، سـوودی لـە چڕەگفتوگۆ بینیـووە لەگـەل ٥٥ کەسـی شـارەزا و دەسـتەبژێر لـە بوارەکـەدا، ئەمـەی وەك ئامـرازی سـەرەکیی کۆکردنـەوەی زانیاریـی بەکارهێنـاوە.

ئـەو ئامانجانـەی کـە توێـژەر پێـی گەیشـتووە ئەوەیە،کـە ٦٣ رێـکار و سـەرچاوەی پارەدارکردنـی دامـەزراوەی میدیایـی خسـتوەتەڕوو کـە دابەشـدەبن بەسـەر ١٣ دەسـتەی سـەرچاوەی باربۆکـردن دا، لەگـەڵ ئەمەشـدا ٤ شـێواز و رێـکاری جیـاوازی خسـتووەتەڕوو بـۆ خسـتنەگەڕی سـەرچاوەی نوێـی دارایـی و پارەدارکردنـی دامـەزراوەی راگەیانـدن.

## ٤. ناساندنی کلیلە وشەکان:

- ئابووریـی راگەیانـدن : توانـای دامەزراوەکانـی راگەیاندنـە لـە بەدەسـتهێنانی دەرامـەت و سـەرمایە لـە بـازاڕی راگەیانـدن دا بـۆ باربۆکردنـی دامەزراوەکـە و ناسـاندنی سـەرچاوەکانی باربۆکـردن، ئەمـەش بـە پێشـبینی بـازاڕی راگەیانـدن و پەخـش و بڵاوکردنـەوەی پەیامەکانـی راگەیانـدن لـەو بـازاڕەدا.

- سـەرچاوەی باربۆکـردن : هەمـوو ئـەو سـەرچاوە و رێکارانـە دەگرێتـەوە کـە دامەزراوەکانـی راگەیانـدن لەڕێگـەی بەرهەمـە جیاوازەکانـەوە سـەرمایەگوزاری دەکـەن و دەرامـەت و داهاتـی لـێ بەدەسـتدەخەن.

- بەرهەمهێنـانی راگەیانـدن: پرۆسـەیەکی کاری راگەیاندنـە و مەبەسـت لێـی هەمـوو ئـەو شـێواز و رێـکار و چوارچێوەیـە کـە دامـەزراوەی راگەیانـدن پەیامەکانـی لێـوە ئاڕاسـتەی وەرگـر دەکات، بـە بەکارهێنانـی هەریـەك لـە رەگەزەکانـی (نـاوەرۆك، زمـان، سـتایل، لایەنـی تەکنیـك و جوانکاریـی و هونـەر و تەکنەلۆژیا گەیانـدن و کەناڵـی پەخـش) کـە لـە بەرهەمهێنانـی پەیامـی راگەیانـدن و گەیانـدن دا رۆڵـی سـەرەکییان هەیـە.

- باربۆکـردن: پرۆسـە و رێکارێکـی تایبەتـە کـە لەڕێگەیـەوە بـڕی پـارە و داهاتـی پێویسـت دەگاتە دەسـت بەڕێوەبەرانی دامەزراوەیـەك، بـە مەبەسـتی کارکـردن و پشـتیوانیی لـە ئـەرك و کارەکانـی ئـەو دامەزراوەیـە، ئەمـەش بـە سـەرچاوەی باربۆکـردن نـاو دەبرێـت.

# بەشی دووەم:

## سەرچاوەکانی باربۆکردن و رێکارەکانی بەکارخستنیان لە دامەزراوەی راگەیاندن دا

سـەرچاوەکانی باربۆکـردن لـە بـازاڕی راگەیانـدن دا رۆژ بـە رۆژ لـە گەشەسـەندن و زیادبوونـدان، راگەیانـدن بـۆ پەرەپێـدان و بەکارخسـتنی هەریەکـە لـەو سـەرچاوانە رێـکاری تایبـەت و جیـاواز دەگرێتەبـەر، بـەو مانایـەی کـە هەریـەک لـە سـەرچاوەکان رێـکاری تایبـەتی خۆیـان هەیـە بـۆ خسـتنەگەڕ و پەرەپێدانیـان. لێرەدا ئـەو سـەرچاوانە باسـدەکەین کـە لـە بـازاڕی راگەیانـدن دا هـەن و دەیانخەینـەڕوو، پاشـان ئـەو رێکارانـەش کـە ئـەم سـەرچاوانە دەخەنـەکار بـۆ باربۆکـردنی دامەزراوەکـە.

### ١. بودجەی دابینکراوی حوکومەت وەک سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن

حوکومەت لەسەر بنەمای رێسا و یاساکانی کارکردن بوودجەی تایبەت بە پشتیوانی دارایی دەداتە دامەزراوەکانی راگەیاندن، بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی کە لە یاسا و رێنماییەکاندا دیاریدەکرێت و ،بە برپارێک کە دیسانەوە یاسا و رێنماییەکان رێکیدەخەن.

ئەو دامەزراوانەی کە پشتیوانی و بودجەی حوکومەت وەک سەرچاوەی باربۆکردن بەکاردەهێنن لەڕووی ستراتیژ و کار و ئامانجەوە جیاوازن، بەڵام تەریب بە یاس او رێنماییەکانی پشتیوانی دارایی کاردەکەن. (اربطانی، ١٣٨٥ هەتاوی: ٨٦)

دامەزراوەکانی راگەیاندن جیا لە تایبەتمەندیی خۆیان، بەچەندین رێکار و شێواز وابەستەی پشتیوانی دارایی حوکومەت دەبن و هاوکارییە داراییە فەرمییەکان لە حوکومەتەوە وەردەگرن، ئەو شێواز و رێکارانەی کە دامەزراوەی راگەیاندن وابەستەی پشتیوانی دارایی حوکومەت دەکات جیاواز و هەمەچەشنن، بەسەر چەندین جۆر هاوکاریی و پشتیوانیی دارایی حوکومەت و جۆری دامەزراوەی راگەیاندن دا دابەش دەبن.

- ژمارەیەک لە دامەزراوەکانی راگەیاندن لەلایەن حوکومەتەوە خاوەندارێتیی دەکرێن، تایبەتمەندیی ئەم دامەزراوانەش لەڕووی ئابوورییەوە ئەوەیە کە سەرچاوەی بنەڕەتیی باربۆکردنی ئەم دامەزراوەیە ئەو بودجەیەیە کە حکومەت بۆ ئەم دامەزراوەیەی دابیندەکات، بەرانبەر بەو ئەرک و کارانەی کە دامەزراوەکە لەپێناو هینانەدیی ئەو ئامانجانەی کە حوکومەت لەپێشچاوی گرتووە و بەو ستراتیژەی بۆی دارێژراوە کاردەکات، پاڵپشتی دارایی و باربۆکردنی حوکومەت بۆ راگەیاندن لەسەر بنەمای خاوەنداریەتیی دامەزراوەکەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت. (کاضمی، ١٣٩٥ هەتاوی: ٢٤-٢٥)

- ژمارەیەک لە دامەزراوەکانی راگەیاندن سوود لە بودجەی حوکومەت وەردەگرن وەک سەرچاوەی باربۆکردن بە رەچاوکردن و پابەندبوونی کار و پەیامسازیی دامەزراوەکە لەگەڵ ئەو یاسا و رێنماییانەی حوکومەت هەیەتی، بۆ پشتیوانیی دامەزراوەی راگەیاندن، ئەگەرچیی خاوەنداریەتیی ئەو دامەزراوەیە بۆ حوکومەت ناگەڕیتەوە، بەڵام حوکومەت لەڕێی یاساکانەوە پابەندکراوە بەوەی کە پشتیوانیی دارایی بدات بە دامەزراوەی راگەیاندن بەپێی ئەو تایبەتمەندیی و رێنماییانەی گە یاسا یان دامەزراوەی پەیوەندداریی دایڕشتووە، بۆیە جۆر و شێوازێکی تری پاڵپشتی دارایی حکومەت بۆ دامەزراوەکانی راگەیاندن پابەندی یاسایی و رێکخستنی پشتیوانیی راگەیاندنە بە یاسا و رێنماییەکان. (کاضمی، ١٣٩٥ هەتاوی: ٢٦)

- ژمارەیەک لە دامەزراوەکانی راگەیاندن سوود لە بودجەی دابینکراوی حکومەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی راگەیاندن بە هاوڵاتیان وەردەگرن بەوەی، کە لەگەڵ حوکومەتدا گرێبەستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامی خزمەتگوزاریی گشتیی پێشکەشدەکەن لەسەر خواستی حوکومەت و پێداویستیی هوشیاریی هاوڵاتیان بەرانبەر بە ئەرک و کار و رێوشوێنەکانی رووبەڕووبونەوەی هەر پێشهاتێک، کە حوکومەت بە نەبوونی هوشیاریی هاوڵاتیان بکەوێتە زیانەوە، ئەمەش جۆرێک لە سەودای دامەزراوەکانە لەگەڵ حوکومەت لەسەر بنەمای بودجەی دابینکراو بۆ خزمەتگوزاری هوشیاریی و راگەیاندن، کە لەڕێگەی دامەزراوەکانی راگەیاندنەوە دەکرێت لەپێناو خستنەگەڕی سەرچاوەی دارایی بودجەی حوکومەت. (تریلوتر، ١٣٩٨ هەتاوی: ٢٥-٢٦ )

- ژمارەیەک دامەزراوەی راگەیاندن لە رێگەی وەرگرتنی سپۆنسەری حوکومەت بۆ بەرهەمهێنانی پەیامی راگەیاندن بەهەر ژانرێک لەسەر خواستی حوکومەت، داهات لە حوکومەت وەردەگرن و لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا

خەرجی دەکەنەوە و زۆرکات سوودیشی بۆ دامەزراوەکە دەمێنێتەوە و دەچێتە پرۆسەی قازانجەوە، بەم رێگەیە حوکومەت دەکات بە سەرچاوەی باربۆکردن، یاخود بە سپۆنسەرکردنی راگەیاندنی چالاکییەکانی حوکومەت و ،رووماڵی فراوانی چالاکییەکان حوکومەت دەکات بە سەرچاوەی داهاتی خۆی بە پێی رێکەوتن و گرێبەستی تایبەت. (کافی، ٢٠١٦ زاینی: ١٥)

لە روانگەی ئەم شێوازانەی بەسەرچاوەکردنی حکومەت بۆ باربۆکردن دەتوانین رێکارەکانی خستنەکاری حکومەت وەک سەرچاوەی باربۆکردن بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

أ. خاوەندارێتیی دامەزراوەی راگەیاندن لەلایەن حوکومەتەوە.

ب. پابەندیی حوکومەت بە یاسا و ڕێنمایەکان لە دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پشتیوانیی راگەیاندن.

ج. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی بە سازکردنی پەیامی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی.

د. سپۆنسەرکردنی بەرهەمی راگەیاندن لەلایەن حوکومەتەوە بۆ چالاکیی و کارەکانی حکومەت.

هـ. فرۆشی بەرهەمەکان لەڕێگەی دامەزراوەکانی حکومەتەوە.

## ٢. خاوەندارێتیی راستەوخۆ

مەبەست لەم سەرچاوە داراییە پاڵپشتی دارایی راستەوخۆیە لەلایەن خاوەنداریی دامەزراوەکەوە بەرانبەر بە جێبەجێکردنی ستراتیژیی خاوەنی دامەزراوەکە لە پێناوی ئامانجە دیاریکراوەکەیدا. دەکرێت ئەم خاوەندارێتییە کەسی بێت یان کۆمپانیا و رێکخراو و گروپ و حیزبی سیاسیی، کە راستەوخۆ پشتیوانی دارایی دەداتە دامەزراوەکە. هەربۆیە بۆ خستنەگەڕی ئەم سەرچاوەیە بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی راگەیاندن دا پشتیوانیی تەواوی خاوەنەکەی دەکات وەک کەسایەتییەک یان گرووپ و رێکخراو و حزب. (دویل، ٢٠١٥ زاینی: ٢٣٦)

## ٣. ریکلام

لەدیدی ئابوورییەوە، ریکلام بەیانکردن و بەهادان بە ئایدیا و کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە لەرێگەی خاوەنێکەوە؛ بەهۆی ئامرازێکی گەیاندن و پەخشەوە، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی داهاتی جیاواز. لەم پێناسە کورتە دا بۆ ریکلام، چوار تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ریکلام خراونەتەڕوو: (ریکلام بۆ بەهادان بە ئایدیا و کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بەکاردێت، ریکلام بەرانبەر بە بەدەستهێنانی پارە دەکرێت، ریکلام خاوەندارێتییەکی تایبەتیی هەیە، ریکلام خودی نییە، بەو مانایەی کە ریکلام لەلایەن فرۆشیارەوە بەشێوەی راستەوخۆ لەگەڵ کڕیار جێبەجێ ناکرێت)، خەرجیی ریکلام یەکێکە لە زۆرترین خەرجییەکان لە پرۆسەی بازرگانییدا، کە دەچێتە گیرفانی دامەزراوەکانی راگەیاندن وەک بەرهەمهێنن یان پەخش و بڵاوکردنەوە. (قربانی، ابوالفضلی، روستا، ١٣٨٨ هەتاوی: ٥٢-٥٣)

دییدی ئابووریی، ریکلام وەک سەودایەکی دوولایەنە دەبینێتەوە لەنێوان خاوەن ریکلام واتە خاوەن کاڵا و ئایدیا و خزمەتگوزاریی، لەگەڵ دامەزراوەکانی راگەیاندن، کە ئامانجی هەردوو لایەنی ئەو بازاڕە بریتییە لە دەستخستنی سوود و قازانج، چ وەک پارەی نەختینە یان رەچاوکردنی بازاڕیانە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان و زیادکردنی فرۆشتن. (پردنجانی، ١٣٨٨هەتاوی: ١١)

بەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆسەی ریکلامکردندا هەن و ئەو دیدگا ئابوورییەی راگەیاندن بۆ ریکلام هەیەتی،

دامەزراوەکانی راگەیاندن دەخاتە بەردەم چەند رێکارێکی بەکارخستنی ریکلامەوە کە بریتین لە:

- دامەزراوەکانی راگەیاندنەکان بۆ سوود وەرگرتن لە ریکلامکردن و داهاتی ریکلامیی لە پرۆسەی پەیامسازیی دا، کار لەسەر سەرنجی وەرگر دەکەن، لە رووی ناوەڕۆک و ستایلی بەرنامە و سازکردنی پەیامەکانی راگەیاندن رەگەزی سەرنجگیریی گرنگیی پێدەدەن، هەتا بتوانن سەرنجی زۆرتریین وەرگر بۆخۆیان رابکێشن و، بەهەر رێگایەک بێت، بەمەش رێژەی وەرگریان زیاتر دەبێت، لە پرۆسەی ریکلامکردنیشدا خاوەنی ریکلام کار لەسەر وەرگران دەکات، هەتا رێژەی وەرگر زیاتر بێت بەهای ریکلامی ئەو دامەزراوە و کەناڵە زیاتر دەبێت. ( الباران: ١٣٩٥: ٩٦)

- دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ سوودوەرگرتن لە ریکلام، کار لەسەر پەیوەندییەکان دەکەن لە رووی راگەیاندنەوە، بۆ خستنەڕووی زانیاریی و رێکارەکانی فێرکاریی و شوناسیی بەرهەمەکانی خاوەن ریکلام لە شێوە و ستایلی گونجاوی بەرهەمهێنان و بەرنامەی تایبەتیی ریکلامیی و، کارکردن لەسەر ئامانج و ستراتیژی خاوەن کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. (بشیری، جنیدی، ١٣٨٦ هەتاوی: ٥).

- دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ خستنەگەڕی ریکلام وەک سەرچاوەی داربۆکردن لەنێو سیستەمی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکەدا، کاری بەرهەمهێنانی پەیامی ریکلام دەکەن بە بەشێکی دامەزراوەکە و بەمەش لەلایەکەوە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە داهات لە خاوەن ریکلامەکان وەردەگرن و لەلایەکی ترەوە رێژەی پەخشی ریکلامیی زیاد دەکەن. (بشیری، جنیدی، ١٣٨٦ هەتاوی: ١٢).

- راگەیاندنەکان رێکارێکی تری بەگەڕخستنی ریکلام وەک سەرچاوەی داراییی دەگرنەبەر بە سیاسەتی بەهێزکردن و بەهادارکردنی کەناڵەکانی پەخش و توانای بەدەستهێنانی متمانە لای وەرگر بە ناوەرۆکی پەیامەکان لەڕووی زانیارییەوە، بەوەی خاوەن ریکلامەکان ناچاردەکەن کە سەودایان لەگەڵدا بکەن، ئەمەش لەپێناوی دوو مەبەستی سەرەکیی: یەکەم خۆناساندن یان کاڵاناساندن لە راگەیاندنێکی بەهادار و متمانەدار، دووەم راگرتنی ئەو دامەزراوەیە لە دەستبردن بۆ هەر بابەتێکی پەیوەستدار بە متمانە و بەهای کاڵا و ئایدیا و خزمەتگوزاریی کۆمپانیایەک کە لە بەهای کەم بکاتەوە. (جقریف، ٢٠١٧زایینی: ٨٦)

## ٤. وەرگرتنی پارەی بەشدارییکردن لە پرۆگرامەکاندا

دامەزراوەکانی راگەیاندن بەرامبەر بە بەشدارییکردنی کەسایەتیی بازرگان یان کەسایەتیی مەعنەوی رێکخراو و دامەزراوەکان، لە بەرنامە و بەرهەمەکان و پەخشکردنی ئەو بەرهەمانە، پارەی دیاریکراو وەردەگرن و، لێرەدا بەشداربووان وەک سەرچاوەی داربۆکردن بەکاردەهێنرێن. ئەم رێکارە وابەستەیە بە پێگە و بەهای دامەزراوەکەوە بەگشتیی و بەرنامە یان پەیامەکەوە بەتایبەتیی، کە خاوەن داراییەکان لە پێناوی نازناو و ناساندنیان، داوای بەشدارییپێکردن لە سازکردنی ئەو پەیامە دەکەن بەرامبەر بە پارەیەکی دیاریکراو یان سپۆنسەرکردنی. (کونگ، ١٣٩٢ هەتاوی: ١٢٨).

دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ بەگەڕخستنی ئەم سەرچاوە داراییە، چەندین رێگە لە کات و شوێنی جیاوازدا دەگرنەبەر و لە پرۆسەی پەیامسازییاندا کاری لەسەر دەکەن لەوانە:

- راگەیاندنەکان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و هەڵمەتی بانگەشەدا، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو کەسانەی لەنێو پرۆسەکەدا بەشدارن بەرامبەر بە پارەی دیاریکراو بەشدارییان پێبکەن لە بەرنامە و سازکردنی پەیامەکانیان بە

هەر ستایلێک بێت. ( صلواتیان،١٣٩٤ هەتاوی: ١٩)

- لە میانی رکابەریی بازاڕ و هاتنە ناوەوەی کاڵا و براندە نوێیەکان، رکابەرانی بازرگانیی لە بازاڕدا دەخرێنە نێو بەرنامە و بابەتەکانی راگەیاندن. (دال، ١٣٨٩ هەتاوی: ١٠٨-١١٠)

- دامەزراوەی راگەیاندن لە خستنەڕووی کار و چالاکی دامەزراوە و رێکخراوە جیاوازەکاندا و، بەشدارییپێکردنیان لە بەرهەمهێنانی بەرنامە و پەیامەکاندا سوود لەو کەسایەتییە مەعنەویانە وەردەگرێت. (محسنی، صلواتیان، ١٣٩٤ هەتاوی، ٩٤)

- پێدانی بوار و مەودا و کەناڵی پەخش و بەشدارییکردنی وەرگران و کەسایەتییەکان و رێکخراو و ناوەند و دامەزراوەکان وەک خاوەن ئەژمار و پەیجی پرۆگرامیی تایبەت لە پرۆسەی گەیاندنی پەیامەکاندا.

## ٥. فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی راگەیاندن

مەبەست لەم سەرچاوەیە کە راگەیاندن بۆ باربۆکردنی خۆی دەیخاتە کار بریتییە لە فرۆشتنیی بەرهەمەکانیی بەشێوەی جۆراو جۆرو ستایلی هەمە رەنگ، وەك بەرنامە زانستیی و فێرکاریی و هەواڵییەکان، دەشێ ئەم بەرهەمە لەرێگەی دامەزراوەی حکومەتیی یان ئەهلییەوە بفرۆشرێت یان راستەو خۆ بگەیەنرێتە بینەر، هەروەها گەیاندنی خزمەتگوزاریی دامەزراوەکانی راگەیاندن وەك پەخشی ئاگایی و هوشیارییەکان. (صلواتیان ، محسنی، عسکری، ٢٠١٦ زاینی، ٢٠)

بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکان لە دامەزراوەکانی راگەیاندندا چەندین رێکار دەگیرێنەبەر کە بریتیین لە:

- فرۆشتنی راستەوخۆ، کە بەرهەمەکان لەرێگەی کتێب یان سیدی و ڤیدییەوە دەگەیەنرێتە کڕیار کە بەهەڵگری بەرهەمی ڕاگەیاندن ناسراوە، نەک خودی بەرهەم، راستەوخۆ بە وەرگر دەفرۆشرێن.

- فرۆشتنی ئەنتەرنێتی: ئەم رێکارەی کە راگەیاندن بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی دەیگرێتە بەر لەڕێگەی تەکنیکی تایبەتەوە دەبێت لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بەرانبەر بە پێدانی بڕێک پارە لە ڕێگەی حسابی بانکییەوە ڕێگە بە وەرگر دەدات کۆپیەکی بەرهەمەکە وەربگرێت.

- یەکەی کڕین، مەبەست لەم رێکارە بریتییە لە تەکنیکی بینین، بیستن، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی راگەیاندنە لەڕێگەی کڕینی یەکەی بەشداریکردن. کە وەرگر لەڕێگەی بلیتی تایبەتەوە دەتوانێت لە شوێنە تایبەتەکان لەگەڵ پەخشیی بەرهەمەکانیی راگەیاندن بەشداربێت.

ـ فرۆشتنیی مۆڵەتی پەخش: مەبەست لەم رێکارە پێدانی مۆڵەتی پەخشی بەرهەمیی دامەزراوەیەکە لەلایەن کەناڵ و دامەزراوەی ترەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بەشێوەیەکیی بەردەوام.

## ٦. باج بە شێوەی جیاواز :

لە سیستەم و یاسای هەندێك لە وڵاتاندا هەیە، خەڵکی وڵات بە پێدانیی باج بەشێوەیی جیاواز داهاتی دامەزراوەکانیی راگەیاندن دابیین بکەن، ئەمەش یان راستەوخۆ لە رێگەی وەرگرتنی یان کڕینی ئامێری وەرگرتنی کەناڵ و ئامرازەکانی گەیاندن. (حسین، ٢٠٢٠ زاینی، ٨١)

### ٧. وەرگرتنی پارە لە وەرگران (هاوڵاتیان)

بڕە پارەیەکە کە دامەزراوەیی ڕاگەیاندن بەرانبەر بە وەرگرتنیی پەیامەکانی لەلایەن خیزانەکانەوە وەریدەگرێت، ئەمەش دەشێت بە سیستمی پەخشیی تەلەفزیۆنیی یان ڕادیۆیی وەیان هاوبەشیی کردن بۆ وەرگرتنی چاپەمەنییەکان، لە سیستمی هەندێک وڵاتدا هەیە کە ئەو ماڵانەی دەزگای وەرگرتنیی تەلەفزیۆنیی هەیە لەسەریەتی مانگانە پارە بداتە دامەزراوەکە. کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەکە، بەتایبەت ئەو دەزگاو دامەزراوانەی کە بە تەلەفزیۆن یان ڕاگەیاندنی خەڵک ناسراون و بەو تایبەتمەندییشەوە ناتوانن سەرچاوەی تری دارایی بخەنە کار، وەک ریکلام و فرشیی بەرهەم و ..... هتد، بەکارخستنی ئەم سەرچاوەیە وەک سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن کاتیک دەبێت کە ئەم دامەزراوەیە هەموو دەزگاکانی پەخش بچنە نێو یاسا و ڕێنماییە دیاریکراوەکانی ڕاگەیاندنی خەڵک و پیادەی ئەو یاساو ڕێنماییە بکات و، لەو سەرچاوە و ڕێکارانەی باربۆکردن خۆی بەدوور بگرێت کە لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی خەڵکدا ڕێگەپێنەدراون. (البـاران، ١٣٩٨ هەتاوی: ١٧٣)

### ٨. یارمەتیی لە لایەن تاك و کۆمەڵگا و ڕێکخراوەکان

لەم حاڵەتەدا خەڵك و دەستەو ڕێکخراوە جیاوازەکان بەرپرسیارییەتیی پێدانی هەندێك لە تێچوونەکان دەگرنەئەستۆ بە هۆکاری جیاواز و ئامانجی جۆراوجۆر هاوکارییەکان پێشکەش بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەکەن، دامەزراوەکانیش بۆ خستنەکاری ئەم سەرچاوەداراییە ڕێکاریی جیاواز دەگرنەبەر بەتایبەت لە پرۆسەی پەیامسازییاندا. ئەو ڕێکارانەش بریتین لە: ( تریوتلر، ١٣٩٣ هەتاوی: ٩١)

- ئەو دامەزراویەیی کە هاوکاریی پشتیوانیی هاوڵاتیی و خێرخوازان دەکات بە سەرچاوەی دارایی، زیاتر پەیامەکانی پەیامی ئایینین و پشت بە کەسایەتییە ئایینییەکان دەبەستێت، یان دامەزراوەی میدیایی پەروەردەیین کە خێزان و کۆمەڵگا بە پێویستی دەزانن بۆ پەروەردەی تاک بەردەوام بن، بۆیە وەک ئەرکی سەرشانیان هاوکاریی ماددیان دەکەن بۆ مانەوەیان، ئەو هاوکارییەش دەبێت بە سەرچاوەی باربۆکردنی ئەو دامەزراوە میدیاییانە.
- دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەکارخستنی سەرچاوەی هاوکاریی و خێرخوازیی کاردەکەن لەسەر پێشکەشکردن و بەرهەمهێنانی پەیامی خزمەتگوزاریی و فێرکردن کە پێویستیی کۆمەڵگەن.

### ٩. کۆمپانیا وابەستەکانی دامەزراوەکانیی ڕاگەیاندن.

ئەو کۆمپانیایانەی کە وابەستەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنن وەک سەرچاوەی پشتیوانیی داراییی دامەزراوەکە بەکار دەهێنرێن و بەچەندین شێوە پشتیوانیی داراییی دامەزراوەی ڕاگەیاندنەکە دەکەن. وەک:

- پشتیوانیی دارایی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.
- ریکلامکردن وەک پاساوی هاوکاریی دارایی.
- پشتیوانی دابینکردنیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێداویستییەکان.

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ خستنەکاری ئەم سەرچاوەیە کاردەکەن لە بونیادنانی کار و کۆمپانیای جیاوازی وابەستە، بۆ ئەمەش ڕێکاری جیاواز دەگرنەبەر کە بریتیین لە:

- دروستکردن و بونیادنانیی هۆڵی پێشکەشکردنی سینەما و تایبەت بۆ چالاکییەکان و کاری راگەیاندن.
- بونیادنانیی کۆمپانیای دامەزراندن و پێکهێنانی ستۆدیۆی تەلەفزیۆنیی و ئامرازەکانی راگەیاندن.
- بونیادی کۆمپانیای گەیاندن و پەخش لە رێگەی فریکوێنسیی تایبەت و فرۆشتنی کاتی پەخش.
- بونیادنانی بانکیی تایبەتمەند.
- بونیادی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی راگەیاندن (فلم، ریکلام، گرافیک ....)
- بونیادنانی ئاژانسی هەواڵیی و گواستنەوەی زانیاریی
- رێکارو شێوازیی تر ....

## ١٠. بەرهەمی فێرکاریی

داهاتی بەرهەمە فێرکارییەکانیی راگەیاندن یەکێکە لەو سەرچاوە داراییانەیی کە دامەزراوەکانی راگەیاندن کاریان لەسەر دەکەن بۆ باربۆکردنی خۆیان و بەهەمەکانیان کە بەچەندین رێگە دەخرێتە بازاڕەوە، ئەم سەرچاوەیەش بەچەندیین رێکار دەخرێتەکار کە بریتیین لە: (صلواتیان، ١٣٩٤ هەتاوی: ٢١)

- بەرهەمهینانی بەرنامە فێرکارییەکان و خستنە بازاڕ و فرۆشتنیان بە رێکارەکانی فرۆشتنی بەرهەمەکان.
- بونیادنانی پەیمانگا و ناوەندی فێرکاریی بە پرۆسەی خوێندن بە شێوەی تیۆریی و پراکتیکیی.
- کردنەوەی کەناڵی فێرکاریی و بەشدارییپێکردنی وەرگران .

## ١١. ناوبانگ و متمانە

یەکێک لە سەرچاوە پڕەرامەتەکان کە دامەزراوەی راگەیاندن بەکاری دەهێنێت بۆ باربۆکردنیی خۆی، ئەو ناوبانگ و متمانەیەیە کە دامەزراوەکە پەیدای دەکات و بەدرێژایی تەمەنی کارکردنی، بونیادی دەنێت، دواجار بۆ زۆرێک لە رێکاری خستنەکاری وەک سەرچاوەی باربۆکردن بەکاری دەهێنێت. وەک ئەوەی کە بەهۆی ناوبانگەکەیەوە ناوی خۆی دەکاتە براندی جیهانیی و کاڵای تری بازاڕی بەدەستدەهێنێت، یان بەدەستهێنانی ناوبانگی کۆمەڵێک کەسایەتیی هونەریی و وەرزشیی و کاریگەر بەهۆی ناوبانگی خۆیەوە و بەکارهێنانیان لە پرۆسەکانی ریکلام و بازاڕکردندا، بوون بە سەرچاوە و بنەمای زانیاریی لە لای دامەزراوەکانیی تری ناوەوە و دەرەوە و وەرگرتنیی داهات بە گەیاندن و فرۆشتنی زانیاریی، فراوانبوونیی بەشداریی لە خولەکانی راهێنان و فێرکردن. بەدەستهێنانی خەڵات و دیاریی بەهادار لە ڤیستیڤاڵ و بۆنە تایبەتەکاندا. (بشیری، جنیدی، ١٣٨٦ هەتاوی: ٥).

بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و خستنەکاری ئەو سەرچاوەی باربۆکردنە، چەند رێکارێک دەگیرێتەبەر وەک:

- کارکردن لەسەر سەرنجی وەرگر بە بەرهەمهێنانی پەیامی سەرنجدار، بە تەکنیکی سەرنجڕاکێش.
- زانیاریی درووست و کاریگەر بڵاوبکاتەوە ـ راستگۆ و راشکاو بێت ـ لەگەڵ رووداوەکاندا بێت.
- لەڕووی چۆنێتییەوە (کواڵیتییەوە) ئاستی بەرزبێت ـ تیکەڵ بە کۆمەڵگا و خواستیان بێت.

## ١٢. ئینتەرنیت و میدیای نوێ

بە لەبەرچاوگرتنیی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و فراوانبوونیی تۆڕەکانیی ئەنتەرنێت و گەشەی بەشداربووان، دامەزراوەکانی راگەیاندن دەرگایەکی نوێ و بازاڕێکی قەرەباڵغ بە روویدا کراوەتەوە، کە ئەویش بەستەرەکانیی

ئەنتەرنێت و تەلەفۆنی زیرەکە، دامەزراوەکانی راگەیاندن بوون بە بەشدارێکی بەرهەمهێن و نێردەر لەو بەسترانەوە کە بەرهەمی نوێ و تایبەتمەند بە ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێشکەشدەکەن. ئەمەش بووە بە سەرچاوەیەکی پڕەدرامەت بە چەندیین رێکاری ، لەوانە:

- کردنەوەی بازاڕی ئینتەرنێت بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکان و گەیاندنی بۆ وەرگر بە بڕێک پارەی دیاریکراو.
- بەدەستهێنانیی زۆرترین بینەر و سەرنج، لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە کە ئەمەش دواجار لە رێکاری ترەوە دەبنەوە بە داهات بۆ دامەزراوەکە.
- بەشدارییپێکردنی وەرگر بەرێکاری ئاسانتر و فراوانتر.
- کردنەوەی خولی راهێنانی بەرفراوان بە ئاسانتر و خێراتر لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

## ١٣. کردنەوەی کەناڵی تر

دامەزراوەکانیی راگەیاندن بۆ سەودای زیاتر لەگەڵ بینەران و هەمەچەشنکردنی وەرگران، کەناڵی جۆراوجۆر و تایبەت دەکەنەوە کە دەبن بە سەرچاوەی داهاتی زیاتر بۆ ئەو دامەزراوەیە و سەودای جۆراوجۆر لەگەڵ وەرگری زیاتر دا. ئەمەش وەک کردنەوەی کەناڵی تایبەت بە فرۆشتن یان کەناڵی تایبەت کە لەڕێی کات و یەکەوە دەکرێنەوە، کە هەموو ئەمانە سەرچاوەی داراییـن بۆ دامەزراوەکە و سوودی زیاتر لە رووی ئابوورییەوە دەگەیەنن بە دامەزراوەکە.

## ١٤. یوتییوب

یەکێک لە سەرچاوە پڕەدرامەتەکان بۆ دامەزراوەکانی راگەیاندن، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە کەناڵی یوتییوب بەو تایبەتمەندیی و رێنماییەی کە کەناڵەکە هەیەتی، یوتییوب ئەگەرچیی لە رییزی ئەو سەرچاوانەدایە کە لە زۆرێک لە سەرچاوە زانستییەکاندا وەک ریکلام یان رێکاری ئینتەرنێت و راگەیاندنی نوێ باس دەکرێت، بەڵام ئەو پێشکەوتنانەی کە یوتییوب بەخۆیەوە بینییووە و ئەو سیستمە تایبەتەی کە کاری لەسەر دەکات، تایبەتمەندییەکی پێبەخشییووە کە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی باربۆکردنی تایبەت کە دامەزراوەکانیی راگەیاندن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و دەیکەن، دەکرێت بە سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەکەیان ئەژمار بکرێت.

ئەگەرچیی یوتییوب لەڕێگەی داهاتی ریکلامەوە بەرێژەی دیاریکراو سوود دەداتە دامەزراوەکان، بەڵام ئەو ریکلامە راستەوخۆ نە بۆ بەرهەمەکانی دامەزراوەکەیە نە لە کەناڵی تایبەتی دامەزراوەکەوەیە، بەڵکو باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن پرۆسەیەکە کە تەنها لەڕێگەی یوتییوبەوە بە تایبەتمەندیی خۆیەوە جێبەجێدەکرێت، کە لە پرۆسەکەدا یوتییوب دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ چالاککردنی سەرچاوەی باربۆکردنی خۆی -کە ریکلامە- دەخاتەکار. بۆ ئەمەش چالاکیی دامەزراوەکان لە یوتییوب دا بە پێدانی رێژەیەک لە داهاتی بەدەستهاتووە لەڕێگەی ئەوەوە گەشەپێدەدات، کە دەشێت بە هاندان یان پشتیوانیی داراییی ناو ببرێت بۆ بەرهەمهێنانی باشتر و سەرنجراکێشتر و پەخشی تر لەڕێگەی یوتییوبەوە. (عبدالمنعم، قعلول، ٢٠١٩ زاینی، ١١-١٣)

خستنەگەڕی یوتییوب وابەستەی چەند ریکارێکی تایبەتە، کە لەلایەکەوە ناوەڕۆک و رەگەزەکانی سەرنجگیریی پەیامی راگەیاندن دیاردەکات، لەلایەکی ترەوە ئەو رێنمایی و تایبەتمەندیی و مەرجانەی کە یوتییوب

دیاریکـردوون و ،دامـەزراوەی راگەیانـدن پێـوەی پابەنددەبێـت.

### ١٥. سەرچاوەی تر:

مەبەست لەم دەستەیە هەر سەرچاوەیەکی تر، کە لەنێو ئەوانەی پێشوودا جێ نەگرێت و باس نەکرابێت.

## بەشی سێیەم:

## رێکارەکانی خستنەکاری سـەرچاوەکانی باربۆکردنـی دامـەزراوەکان لـە پرۆسـەی پەیامسـازیی راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان

بـۆ خسـتنەرووی سـەرچاوەکانی باربۆکـردن لـە دامـەزراوەکانی راگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان توێژینەوەکـە پشـتی بەکۆکردنـەوەی زانیاریـی بەسـتووە لـە رێگـەی فۆرمێکـی تایبـەت کـە بەسـەر ١٠ لـە دامـەزراوەی راگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان، کـە نموونـەی توێژینەوەکـەن، دابەشـکراوە و بـۆ هـەر دامەزراوەیـەک ١٠ فـۆرم دابیینکـراوە، کـە لـە لایـەن بەرێوبـەری دامەزراوەکـە و بەرێوەبـەرانی بەشـەکانەوە پڕکراونەتـەوە. ئـەو سـەرچاوانەش کـە وەک سـەرچاوەی باربۆکـردن لـەو دامەزراوانـەدا بـەکار دەهێنرێـن بریتییـن لـە (٨) سـەرچاوە کـە رێـکاری خسـتنەکاریان بـۆ بەیانکـراوە بـەو ریزبەندییـەی کـە لـە خشـتەی ژمـارە (١) خراوەتـەڕوو.

خشتەی (١): خستنەڕووی رێژەی بەکارهێنان و پشتبەستن بە سەرچاوەکانی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خاوەندارێتیی دامەزراوەی راگەیاندن | ٥٠ | ٢٥ % | یەکەم |
| 2 | هاوکاریی حزبیی جگە لە حیزبی خاوەندار | ٢٠ | ١٠ % | پێنجەم |
| 3 | هاوکاریی کۆمپانیا ئەهلییەکان | ٢٠ | ١٠ % | پێنجەم |
| 4 | هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان | ٢١ | ١٠,٥ % | چوارەم |
| 5 | ریکلامیی بازرگانیی (راستەوخۆ) و (ناراستەوخۆ) | ٤٥ | ٢٢.٥% | دووەم |
| ٦ | فرۆشتنی بەرهەمەکان | ١٢ | ٦ % | شەشەم |
| ٧ | هاوکاریی هاووڵاتیی (خێرخوازی) | ٢٢ | ١١ % | سێیەم |
| ٨ | یوتیوب | ١٠ | ٥ % | هەشتەم |
| کۆی گشتیی | | ٢٠٠ | ١٠٠ % | |

### أ. رێکارەکانی خستنەکاری خاوەندارێتیی وەک سەرچاوەی باربۆکردن

ئـەو (٥٠) بەرێوبـەرەی لـە خشـتەی ژمـارە (١) ئاماژەیـان پێـدراوە و خاوەندارێتـی وەک سـەرچاوەی بنەڕەتیـی دابیینکـردنی داراییـی دامەزراوەکەیـان دەزانـن، بەجۆرێـک رێکارەکانـی پەرەپێـدانی ئـەو سـەرچاوە داراییـە دیاریدەکـەن، کـە پێیـان وایـە پشـتیوانیی ئەجێنـدا و بەرژەوەندییـەکانی خاوەنـدار و گەشـەدان بـە بەرنامـە و پـلانی سیاسـیی یـان بازرگانیـی یـان حوکومەتیـی و گشـتیی، رێـکاری گرنگـی پەرەپێـدانی ئـەو سـەرچاوە داراییـەن، وەک ئـەوەی لـە خشـتەی ژمـارە (٢) رادەی بەکارهێنـانی ئـەو رێکارانـە خراوەتـەڕوو.

خشتنەی ژمارە (٢): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری خاوەنداریێتیی وەک سەرچاوەی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی کەسیی خاوەن | ٧٠ | ٤٦.٥ % | یەکەم |
| 2 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی حیزب | ٣٨ | ٢٥.٥ % | دووەم |
| 3 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا | ٢٢ | ١٤.٥ % | سێیەم |
| 4 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت | ٠ | ٠ % | |
| 5 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراو | ١٥ | ١٠% | چوارەم |
| 6 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی گشتیی (خەڵک) | 5 | ٣.٥ % | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | | ١٥٠ | ١٠٠ % | |

پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی کەسایەتییە هەمەجۆرەکان بەڕێژەی ٤٦.٥٪ لە خستنەکاری خاوەندار وەک سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکە لە ڕێکارە هەرە دیارەکان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بتوانێت پشتیوانیی دارایی خۆی بونیادبنێت، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە دامەزراوەی ڕاگەیاندن زیاتر و بە پلەی یەکەم خاوەنداریەتییەکەیان بۆ کەسایەتییەکان دەگەڕێتەوە، چ کەسایەتیی سیاسیی یان سەرمایەدار، یا هەردووکیان، بە پلەی دووەم و بەڕێژەی ٢٥.٥٪ خاوەنداریەتیی حیزبیی و پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی حیزبی سیاسیی ڕێکاری دابینکردنی داراییە بۆ دامەزراوەی ڕاگەیاندن، بەدوای ئەم ڕێژەیەشدا بەڕێژەی ١٤.٥٪ خاوەنداریەتی کۆمپانیا بازرگانییەکان دێت کە ڕێکارەکەی خۆی لە پشتیوانی ئەجێندا و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی کۆمپانیاکە دەبینێتەوە، هەریەکە لە پشتیوانی ئەجێندای ڕیکخراو و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی لە ڕێژەیەکی وا کەمدان کەنیشاندەری ئەوەن، ئەم جۆرە لە ڕێکاری دابینکردنی دارایی نەیتوانیوە ببێت بە خاوەنداریی دامەزراوەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها حوکومەتیش نەیتوانیوە ببێتە خاوەنداری هیچ دامەزراوەیەک و هیچ ڕێکارێکیش بۆ جووڵەی حوکومەت بۆ پشتیوانی دارایی لە ئارادا نییە و، لەهەرێمی کوردستان نائامادەیی تەواوی حوکومەت لە پشتیوانی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن هەیە.

## ب. ڕێکارەکانی خستنەکاری ریکلام وەک سەرچاوەی باربۆکردن

وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا بەیانکراوە ٤٥ لە بەڕێوەبەران، ریکلام وەک سەرچاوەی بنەڕەتیی دابینکردنی دارایی دامەزراوەکەیان ئەژماردەکەن، ئەوان بۆ دیاریکردنی ڕێکارەکانی پەرەپێدانی ریکلام پێیان وایە کە هەشت ڕێکار هەن بۆ ئەوەی بتوانرێت لێیانەوە ریکلام پەرەی پێبدرێت، لەوانە ، پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگان و کارەکانیان، پەیوەندییە گشتییەکان، بەرزکردنەوەی ڕێژەی وەرگران، دەستخستنی ناوبانگ و متمانە، دامەزراندنیی کۆمپانیای تایبەت بە بازاڕگەریی و پەخش، بەرهەمهێنانیی ریکلام، بەکارهێنانیی زۆربەی ئامرازەکانیی پەخش و بڵاوکردنەوە ، پێدانی سپۆنسەری بەرهەمەکان، هەریەک لەمانە بەڕێژەی جیاواز کاری لەسەر دەکرێت، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٣) ڕادەی بەکارهێنانیی ئەو ڕێکارانە خراوەتەڕوو.

خشتنەی ژمارە (٣): خستنەڕووی رێکاری خستنەکاری ریکلام وەک سەرچاوەی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پاراستنی بەرژەوەندی بازرگان و کارەکانیان | ٤٠ | ٢٢ % | یەکەم |
| 2 | پەیوەندییە گشتییەکان | ٢٠ | ١١ % | سێیەم |
| 3 | بەرزکردنەوەی رێژەی وەرگران | ٤٠ | ٢٢ % | یەکەم |
| 4 | دەستخستنی ناوبانگ و متمانە | ٢٠ | ١١ % | سێیەم |
| 5 | دامەزراندن کۆمپانیای تایبەت بازارگەریی و پەخش | ٨ | ٤.٥% | شەشەم |
| 6 | بەرهەمهێنانی ریکلام | ١٢ | ٦.٥ % | پێنجەم |
| ٧ | بەکارهێنانی زۆربەی ئامرازەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە | ١٦ | ٩,٥٪ | چوارەم |
| ٨ | پێدانی سپۆنسەری بەرهەمەکان | ٢٤ | ١٣.٥٪ | دووەم |
| کۆی گشتیی | | ١٨٠ | ١٠٠ % | |

پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگانەکان و کارەکانیان لەگەڵ بەرزکردنەوەی رێژەی سەرنجگیریی وەرگران، ئەو دوو رێکارەن کە بە پلەی یەکەم و بە رێژەی ٢٢٪ دەبن بە رێکاری پەرەپێدانی ریکلام وەک سەرچاوەی دابینکردنی دارایی دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە دامەزراوەی راگەیاندن زیاتر و بە پلەی یەکەم کار لەسەر راگرتنی بەرژەوەندییەکانی بازرگانان و بەرزکردنەوەی رێژەی وەرگران و گرتنی سەرنجی وەرگران دەکات بۆ دەسخستنی ریکلام.

بە پلەی دووەم و بە رێژەی ١٣.٥٪ پێدانی سپۆنسەری بەرهەمەکانە بە کۆمپانیا و خاوەن کاڵاکان رێکاری خستنەکاری ریکلامە بۆ دابینکردنی دارایی دامەزراوەی راگەیاندن.

بە دوای ئەم رێژەیەشدا بە رێژەی ١١٪ دەسخستنی ناوبانگ و متمانە لەگەڵ بەکارهێنانی پەیوەندییەکان، وەک رێکاری خستنەکاری ریکلامن لە دامەزراوەی راگەیاندن دا.

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٣) نیشاندەری ئەوەن، کە لە بەسەرچاوەکردنی ریکلام وەک باربۆکاری دامەزراوەکانی راگەیاندن، دامەزراوەکان پاراستنی بەرژەوەندی خاوەن کاڵاکان و کارکردن لەسەر سەنجگیریی وەرگرانێکی زیاتر، دەبێت بە رێکاری دەسخستنی ریکلام و داهاتی زیاتر لەرێگەی ریکلامەوە.

## ج. رێکارەکانی خستنەکاری هاوکاری هاوڵاتی وەک سەرچاوەی باربۆکردن

لە کۆی (٢٢) بەڕێوەبەرە کە هاوکاری هاوڵاتییان یان وەرگران وەک سەرچاوەی بنەرەتی دارایی دامەزراوەی راگەیاندن دەزانن، ئەو رێکارانەی کە کاریان لەسەردەکەن بۆ دەسخستنی هاوکاری وەرگران، بریتیین لە چەند رێکاری جیاواز و بنەڕەتیی وەک ، پەیامسازیی بە ناوەرۆکی ئاینیی و پەیامسازیی خێرخوازیی و هاندانی وەرگران بۆ بەخشین بە دامەزراوەکە لە پێناوی بەردەوامییدا، هەروەها کارکردن لەسەر سۆز و دەروونی وەرگر، پەیامسازیی پەروەردەیی و فێرکاریی بەردەوام و خزمەتگوزارییەکانی وەرگران و پێشکەشکردنی پەیامی خزمەتگوزاریی، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٤) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٤): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری هاوکاری وەرگران

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەیامسازیی بە ناوەرۆکی ئایینی و پەخشکردنی | ١٨ | ٢٧.٢ % | دووەم |
| 2 | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن | ٦ | ٩.٣ % | چوارەم |
| 3 | پەیامسازیی و پەخشی بەرنامەی خێرخوازیی | ٢٤ | ٣٦.٢ % | یەکەم |
| 4 | هاندانی بەخشندەیی لە پێناو بەردەوامیی | ١٢ | ١٨.٣ % | سێیەم |
| 5 | پەیامسازیی پەروەردەیی | ٣ | ٤.٥% | پێنجەم |
| 6 | پەیامسازیی فێرکاریی | ٣ | ٤.٥% | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | | ٦٦ | ١٠٠ % | |

پەیامسازیی خیرخوازیی و پەخشی بەرنامە و پەیامە خێرخوازیەکان یەکێکە لەو ڕێکارانەی کە بەرێژەی ٣٦.٢٪ لە خستنەکاری هاوکاریی وەرگران وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەیەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا، وە بە یەکێکە لە ڕێکارە هەرە دیارەکانی ئەو دامەزراوانەی کە هاوکاریی خێرخوازان وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکەی بەکار دەهێنێت.

بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٧.٢٪ پەیامسازیی بە ناوەرۆکی ئایینی و پەخشی پەیامە ئایینیەکان ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی وەرگرانە بۆ دابینکردنی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن. بەدوای ئەم ڕێژەیەشدا بە ڕێژەی ١٨.٣٪ هاندانی بەخشندەیی لە پیناو بەردەوامیی، وەک ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی هاوولاتیان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن دا ئەژماردەکرێت.

هەریەکە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن و پەیامسازیی پەروەردەیی و فێرکاریی، ڕێکاری ترن کە بە ڕێژەی کەمتر دەتوانن بن بە ڕێکاری پەرەپێدان و بەکار خستنی هاوکاریی وەرگران وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن، زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٤) نیشاندەری ئەوەن، لە بەسەرچاوەکردنی هاوکارییەکانی وەرگران وەک باربۆکاردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوەکان ناچار دەکات کە پەیامەکانی ڕاگەیاندنیان لە چوارچیوەی ناوەرۆکی ئایینی و پەیامی خیرخوازیی بن، هەتا بتوانن هاوکاریی لە وەرگران وەربگرن بۆ بەردەوامییان لە کاری ڕاگەیاندن و پەیامسازیی.

## د. ڕێکارەکانی خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان وەک سەرچاوەی باربۆکردن

(٢١ ) بەرپێوەبەر کە لە خشتەی ژمارە (١)دا هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان، وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن ئەژماردەکەن، ئەو ڕێکارانەی کە کاریان لەسەردەکەن تا پەرە بە هاوکاریەکانیی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان بدەن، خۆیان دەبیننەوە لە چەند ڕێکاری جیاوازی وەک ، پشتیوانیی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆی کەسایەتیی سیاسیی یان بازرگان و سەرمایەدار، ریکلامکردن بۆ کاڵا بازرگانییەکان و بەرژەوەندییە سیاسییەکان، دابینکردنی بەرهەم و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ کەسایەتییەکان. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) ڕادەی بەکارهێنانی ئەو ڕێکارانە خراوەتەڕوو.

پشتیوانیی نا ڕاستەوخۆی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان، یەکێکە لەو ڕێکارە کاریگەریانەی کە بە ڕێژەی ٣٨٪ لە خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا، کاریگەرە بۆ ئەو دامەزراوانەی کە پشت بە هاوکاری کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان دەبەستن.

خشتنەی ژمارە (٥): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پشتیوانیی ڕاستەخۆ | ١٠ | ٢٤ % | سێیەم |
| 2 | پشتیوانیی ناڕاستەوخۆ | ١٦ | ٣٨ % | یەکەم |
| 3 | ڕیکلامکردن | ١٢ | ٢٨.٥ % | دووەم |
| 4 | پەیامسازیی و دابینکاریی | ٤ | ٩.٥% | چوارەم |
| کۆی گشتیی | | ٤٢ | ١٠٠ % | |

بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٨.٥٪ ڕیکلامکردن بۆ کاڵا بازرگانییەکان و بەرژەوەندیی و هێزی سیاسیی کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی، وەک ڕێکارێکە بۆ بەکارهێنانیان وەک سەرچاوەی دارایی، بەدوای ئەویشدا بە ڕێژەی ٢٤٪ پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانییەکان وەک ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن دا ، پەیامسازیی و بەرهەمهێنانی پەیامی ڕاگەیاندن لەگەڵ دابینکاریی ئامراز و ئامێری ڕاگەیاندن، ڕێکاری ترن بە ڕێژەی کەمتر دەتوانن ببن بە ڕێکاری خستنەگەڕی هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان.

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٥) نیشاندەری ئەوەن، لە بەسەرچاوەکردنی هاوکارییەکانی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان، وەک پارەدارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوەکان پێویستیی بەوەیە کە دامەزراوەکان لە کار و پەیامسازییاندا بەرێژەیەکی زیاد کار لەسەر پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی کەسایەتییە بازرگانیی و سیاسییەکان بکەن و، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت و پەرەیان پێبدەن.

## هـ- ڕێکارەکانی خستنەکاری هاوکاریی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانیەکان، وەک سەرچاوەی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان

ئەو (٢٠) بەڕێوەبەرەی کە هاوکاریی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان، وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی دارایی دامەزراوەکەیان دەزانن، خستنەکاری ئەم سەرچاوەیە دەبەستنەوە بە چەند ڕێکارێکی جیاوازی وەک پاراستنی بەرژەوەندی سایاسیی و ئابووریی، گەشەپێدانی ئایدیا جیاوازەکان چ لەڕووی سیاسیی و چ بازرگانیی، بانگەشەکردنی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ بۆ کار و چالاکیە سیاسیی و بازرگانییەکان، دژایەتینەکردنی کار و ئایدیای سیاسیی و بازرگانیی، بە بازاڕکردنی خواست و کاڵاکانیان. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٦) ڕادەی بەکارهێنانی ئەو ڕێکارانە خراوەتەڕوو.

خشتنەی ژمارە (٦): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی حیزب سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پاراستنی بەرژەوەندییەکان | ١٦ | ٣٠ % | یەکەم |
| 2 | گەشەپیدانی ئایدیا | ٦ | ١٠ % | پێنجەم |
| 3 | بانگەشەکردن | ١٢ | ٢٠ % | سێیەم |
| 4 | دژایەتیینەکردن | ٩ | ١٥% | چوارەم |
| ٥ | بە بازاڕکردنیی خواست و کاڵاکان | ١٥ | ٢٥% | دووەم |
| کۆی گشتیی | | ٦٠ | ١٠٠ % | |

پاراستنی بەرژەوەندیەکانی حیزبی سیاسیی یان کۆمپانیا بازرگانییەکان یەکێکە لەو رێکارە کاریگەرانەی کە بەرێژەی ٣٠٪ لە خستنەکاری هاوکاریی حیزب سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان، بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی داراییی دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا. بە پلەی دووەم و بە رێژەی ٢٥٪ بەبازارکردنی خواستی سیاسیی و بازرگانیی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان، وەک رێکارێک بۆ بەکارهێنانیان لە باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن دەگیرێتەبەر. بانگەشەکردن بۆ ئایدیا و کردە سیاسیی و کاڵا بازرگانییەکان بە رێژەی ٢٤٪ وەک رێکاری خستنەکاری هاوکاریی حیزب سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان لە دامەزراوەی راگەیاندن دا ئەژماردەکرێت.

گەشەپێدانی ئایدیا و دژایەتیینەکردنی پەیام و کردە سیاسیی و بازرگانییەکانیش بە رێژەی جیاواز و کەمتر، رێکاری ترن کە لە رێگەیانەوە دەتوانن ببنە رێکاری خستنەگەڕی هاوکاریی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان وەک سەرچاوەی داراییی دامەزراوەی راگەیاندن.

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٦) نیشاندەری ئەوەن، لە بەسەرچاوەکردنی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان وەک کەسایەتی مەعنەویی بۆ پاردارکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن، پێویستە دامەزراوەکان لە کارو پەیامسازییاندا بەرژەوەندییە سیاسیی و بازرگانییەکان بپارێزن و بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانە بکەن. لەدوای ئەوەش خواستە بازرگانیی و سیاسییەکان بە پرۆسەی بەبازارکردندا ببەن و بیخەنە بەردەست جەماوەر و بیانکەن بە پێویستیی ژیان و فەرهەنگیان تا بە قۆناغی پەسەند دەگات.

و- رێکارەکانی خستنەکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن وەک سەرچاوەی باربۆکردن

فرۆشتنی بەرهەمی راگەیاندن لە بازاڕی راگەیاندندا یەکێکە لە سەرچاوەکانی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن، (١٢) بەرپۆوبەرە کە بەرێژەی ١٦٪ فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن بە سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دەزانن، خستنەکاری ئەم سەرچاوەیە دەبەستنەوە بە چەند رێکارێکی جیاوازی وەک بەرهەمهێنانی پەیامە زانستییەکان، بەرهەمهێنانی وانە فێرکارییەکان، فلم و دراماکان، مۆسیقا و میلۆدیەکان، کتێب و چاپەمەنییەکان، خواستەکانی کڕیاران بە گشتیی. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٧) رادەی بەکارهێنانی ئەو رێکارانە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٧): خستنەڕووی رێکاری خستنەکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرهەمهێنانی پەیامە زانستییەکان | ٨ | ١٦ % | چوارەم |
| 2 | بەرهەمهێنانی وانە فێرکارییەکان | ١٢ | ٢٤ % | یەکەم |
| 3 | بەرهەمهێنانی فلم و دراماکان | ٤ | ٨ % | شەشەم |
| 4 | بەرهەمهێنانی مۆسیقاو میلۆدییەکان | ٧ | ١٤% | پێنجەم |
| ٥ | بەرهەمهێنانی کتێب و چاپەمەنییەکان | ٩ | ١٨% | سێیەم |
| ٦ | بەرهەمهێنانی خواستەکانی کڕیاران | ١٠ | ٢٠% | دووەم |
| کۆی گشتیی | | ٥٠ | ١٠٠ % | |

بەرهەمهێنانی وانە و ڤیدیۆ و نووسین و بابەتە فێرکارییەکان لە لایەن دامەزراوەکانی راگەیاندن، یەکێکە لە رێکارە دیار و کاریگەرەکان کە بەرێژەی ٢٤ ٪ و بە پلەی یەکەم دێت لە خستنەکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی داراییی، هەر دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا. بە پلەی دووەم و بە رێژەی ٢٠٪ بەرهەمهێنانی خواستەکانی کڕیار لە بازاڕی راگەیاندن وەک رێکارێک بۆ خستنەکاری

فرۆشـتنی بەرهـەم بـۆ دەستخسـتنی داهـات بەکاردەهێنرێـت.

بەرهەمـەکانی کتێـب و چاپەمەنییـە جۆراوجۆرەکانیـش بەڕێـژەی ١٨٪ وەک ڕێکاریـی خسـتنەکاری ئـەو سـەرچاوەیە ئەژماردەکرێـت، بەرهەمهێنانـی بابەتـە زانسـتییەکان و مۆسـیقا و میلـۆدی بـە ڕێـژەی جیـاواز و نزیـک لـە یەکـتر، دوو ڕێکاریـی تـری خسـتنەکاری ئـەو سـەرچاوەیەن، بـە کەمتریـن ڕێـژەش بەرهەمهێنـانی فلـم و درامـا لـە لایـەن دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان پشـتی پێدەبەسـترێت، زانیاریـەکانی خشـتەی ژمـارە (٧) نیشـاندەری ئـەوەن کـە لـە بەسـەرچاوەکردنی فرۆشـیی بەرهەمەکانیـی ڕاگەیانـدن بـۆ باربۆکـردنی دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن، پێویسـتی بەوەیـە کـە دامـەزراوەکان لـەکارو پەیامسـازییاندا کار لەسـەر بەرهەمهێنانیـی بابـەتی فێرکاریـی و خواسـتی کریـاران بکـەن هەتـا فرۆشـتنی بەرهەمەکانیـان زیاتـر بێـت.

## و- ڕێکارەکانی خستنەکاری کەناڵی یوتیوب وەک سەرچاوەی باربۆکردن

بەکارهێنـانی کەناڵـی یوتیـوب و بەشـداریکردن تیایـدا، وەک مۆدیلێکـی نوێـی کاری ڕاگەیانـدن بـووە بـە یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی باربۆکـردنی دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن، ئـەو (١٠) بەڕێوەبـەرەی کـە بـە ڕێـژەی ١٣.٣٪ یوتیـوب بـە سـەرچاوەی باربۆکردنـی دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان دەزانـن، خسـتنەکاری ئـەم سـەرچاوەیە دەبەسـتنەوە بـە چەنـد ڕێکاریکـی جیـاوازی وەک، بەشـدارییکردنی بـەردەوام و چالاکانـە، بەرهەمهێنـان لەسـەر بنەمـای سـەرنجگیریی وەرگر، کارکـردن لەسـەر ئەسـتێرەکانی هونـەر و وەرزش، بەرهەمهێنـانی پەسـەندکراوی گشـتیی، کۆکردنـەوەی بەشـداربووان، وەک ئـەوەی لـە خشـتەی ژمـارە (٨) ڕادەی بەکارهێنـانی ئـەو ڕێکارانـە خراوەتـڕوو.

خشتەی ژمارە (٨): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری کەناڵی یوتیوب وەک سەرچاوەی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەشدارییکردنی بەردەوام و چالاکانە | ١٠ | ٢٢ % | دووەم |
| 2 | بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای سەرنجگیریی وەرگر | ١٢ | ٢٦.٥ % | یەکەم |
| 3 | کارکـردن لەسـەر ئەسـتێرەکانی دونیـای ڕاگەیانـدن و سـینەماو .... | ٦ | ١٣.٥ % | پێنجەم |
| 4 | بەرهەمهێنانی پەسەنکراوی گشتیی | ٨ | %١٧.٥ | چوارەم |
| ٥ | کۆکردنەوەی بەشداربووان | ٩ | %٢٠ | سێیەم |
| کۆی گشتیی | | ٤٥ | ١٠٠ % | |

بەرهەمهێنـان لەسـەر بنەمـای سەرنجراکێشـانی وەرگـران لـە لایـەن دامـەزراوەکانی ڕاگەیاندنـەوە، یەکێکـە لـە ڕێـکارە دیـارەکان کـە بەرێـژەی ٢٦.٥ ٪ و بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە خسـتنەکاری یوتیـوب بـۆ بەدەسـتهێنانیی سـەرچاوەی دارایـی دامەزراوەیەکـی ڕاگەیانـدن. بـە پلـەی دووەم و بـە ڕێـژەی ٢٢٪ بەشـداریکردنی چالاکانـە و بەردەوام لـە یوتیـوب بـە بەرهەمـی نـوێ لـەو ڕێکارانـەن کـە خراونەتـەڕوو وەک ڕێکارێـک بـۆ خسـتنەکاری یوتیـوب بـۆ بەدەسـتهێنانی داهاتـی دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن.

زیادکـردنی ڕێـژەی بەشـداربووان بـە هـەر ڕێکارێـک بێـت، بـە ڕێـژەی ٢٠٪ وەک ڕێـکاری خسـتنەکاری یوتیـوب لـە دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن دا ئەژماردەکرێـت. کارکـردن لەسـەر ئەسـتێرەکان و بەرهەمـە پەسـەندە گشـتییەکان بەڕێـژەی جیـاواز و نزیـک لـە یەکـتر دوو، ڕێـکاری تـری خسـتنەکاری ئـەو سـەرچاوەیەن. زانیارییـەکانی خشـتەی ژمـارە (١٠)

نیشاندەری ئەوەن کە کارکردن لەسەر سەرنجی وەرگر و جەمکردنی سەرنجی وەرگران بۆ خستنەکاری یوتییوب ، پێویستی بەوەیە کە دامەزراوەکان لە کارو پەیامسازییاندا کار لەسەر سەرنجراکێشی وەرگران بکەن و، بەدوای رەگەزی سەرنجگیریی و سەرنجڕاکێشانی وەرگرانەوە بن، هەتا بتوانێت یوتیبوبێکی چالاک و پڕ بینەری هەبێت، کە ئەمەش لە بە سەرچاوەکردنی یوتییوب بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن رۆڵی گرنگ دەبینێت.

## بەشی چوارەم: ئەنجامەکان و راسپاردەکان

### ١.ئەنجامەکان

### توێژینەوەکە پاش خستنەڕووی زانیارییەکان گەشتووە بە چەند ئەنجامێک، لەوانە:

- لە گرنگترین سەرچاوەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردستان، بەپلەی یەکەم خاوەنداریێتیی دامەزراوەکانە، بەتایبەت خاوەنداریێتیی کەسایەتی سیاسیی و بازرگانیی، پاشان خاوەنداریێتیی حیزبیی، هەروەها بەپلەی دووەم ریکلام دێت بەشێوەی راستەوخۆ یان نارڕاستەوخۆ. وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت.

- حوکومەت نەیتوانییوە ببێت بە خاوەنداری هیچ دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، هیچ رێکارێکیش بۆ جوڵەی حوکومەت بۆ پشتیوانی دارایی راگەیاندنەکان لە ئارادا نییە و لەهەرێمی کوردستان نائامادەیی تەواوی حوکومەت هەیە، لە پشتیوانیی دارایی دامەزراوەی راگەیاندن دا، وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت کە هیچ یەکێک لە بەڕێوەبەران ئاماژەی بە حوکومەت نەداوە وەک سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن.

- بەسەرچاوەکردنی ریکلام بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن پەیوەست بە پاراستنی بەرژەوەندیی خاوەن کاڵاکان و کارکردن لەسەر سەرنجراکێشی وەرگرانێکی زیاتر لە پەیامسازییدا هەیە، کە پەیوەندییەکی راستەوانە لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە (٣) دا بەیانکراوە.

- ئەو دامەزراوانەی کە پشت بە هاوکاریەکانی وەرگران بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکانیان دەبەستن، پەیامەکانیان لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی ئاینیی و پەیامی خێرخوازیی دەسازێنن، هەتا بتوانن هاوکاریی لە وەرگران بەدەسبهێنن بۆ بەردەوامییان لە کاری پەیامسازیی. وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەرکەوتووە.

- هاوکارییەکانی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان وەک باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن، دامەزراوەکان پەیوەستدەکات بەوەی کە لە کارو بەرهەمەکانیاندا بە رێژەیەکی زیاتر، کار لەسەر پشتیوانیی ناراستەوخۆی کەسایەتییە بازرگانیی و سیاسییەکان بکەن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن و پەرەیان پێبدەن. وەک لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٥) دا دەرکەوتووە.

- پشتیوانی دارایی حزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ باربۆکردنی راگەیاندن، دامەزراوەکان دەخاتە بەردەم رێکاری پەیامسازیی بەجۆرێک کە بەرژەوەندیە سیاسیی و بازرگانییەکانی تیا پارێزراوبێت. وەک لە زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٦) دا وا نیشاندراوە.

- لە بەسەرچاوەکردنی فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن، پێویست بەوەیە کە دامەزراوەکان لە کار و بەرهەمەکانیاندا کار لەسەر بەرهەمهێنانی بابەتە فێرکارییەکان و خواستی کڕیاران بکەن هەتا فرۆشی بەرهەمەکانیان زیاتربێت، هەروەها چاپەمەنییش رۆڵی سنورداریی هەیە لە بە سەرچاوەکردنی

فرۆش بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن. وەک لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٧)دا بەیانکراوە
- کارکردن لەسەر سەرنجی وەرگر و گردوکۆی سەرنجی وەرگران بۆ خستنەکاری یوتیوب، وەک سەرچاوەی باربۆکردنی راگەیاندن، پێویستیی بەوەیە کە دامەزراوەکان کار لەسەر سەرنجراکێشی وەرگران بکەن و، بەدوای رەگەزی سەرنجگیریی وەرگراندا بگەرێن. وەک لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٨) دا دەرکەوتووە.

٢.پێشنیار بۆ دەزگاکان

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە، ئەم پێشنیازانە بۆ توێژەران دەخاتەڕوو
ـ توێژینەوە لەسەر (رۆڵی بەرهەمهێنانی راگەیاندن لەسەر پەرەپێدان بە سەرچاوەکانی باربۆکردن)
ـ توێژینەوە لەسەر (کاریگەریی خاوەندارێتیی لەسەر سەرچاوەکانی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان)
- توێژینەوە لەسەر (کاریگەری بازاڕی راگەیاندن لەسەر پەرەپێدان بە بەرهەمە میدیاییەکان لە کەناڵەتەلەفزیۆنییە کوردییەکان دا)
ـ توێژینەوە لەسەر (رێکارەکانی زیاترکردنی دەرامەتی راگەیاندن لە رێگەی کەناڵی یوتیووبەوە)

٣.راسپاردە بۆ توێژەران

لەسەربنەمای ئەنجامەکان، توێژینەوەکە ئەم راسپاردانە دەخاتە بەردەم دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ پەرەپێدان بە سەرچاوەکانی باربۆکردن.
- لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە کە سەرچاوەکانی باربۆکردن و رێکارەکانی خستنەکاری ئەوسەرچاوانەی بەیانکردووە، توێژینەوە بکرێت لەسەر کاریگەریی پرۆسەی پەیامسازیی لەسەر خستنەکاری سەرچاوەکانی باربۆکردن و کاریگەرێتیی سەرچاوەکانیش لەسەر پرۆسەی پەیامسازیی، کە توێژەر ئێستە لەکاردایە بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە.
- بەجێهێنانی توێژینەوە لەسەر هێز و داینەمیکیی پرۆسەی بەرهەمهێنانی راگەیاندن، بۆ گەشەی ئابووریی دامەزراوەکە و خۆژێنیی بە هێزی پەیامسازیی راگەیاندن، لە پێناوی ئەوەی دامەزراوەکانی راگەیاندن بتوانن بە بەکارخستنی ئەو هێزە لە پەیامسازییدا سەرچاوەی دارایی زیاتر بخەنە خزمەت باربۆکردنی دامەزراوەکە.
- بەجێهێنانی توێژینەوە لەسەر خستنەڕووی رێکارەکانی خستنەکاری پەیوەندیەکان لە دامەزراوەی راگەیاندن لەگەڵ دامەزراوە بازرگانییەکان، بۆ خستنەکاری ریکلام وەک سەرچاوەیەکی دارایی بەهێز لە پاڵپشتی ئابوورتی راگەیاندن دا.
- تویژینەوە لەسەر کاریگەرییەکانی پەیامی میدیایی لەسەر ئاوێتەکردنی پەیامەکانی میدیا لەگەڵ تایبەتمەندیتەکانی سۆشیاڵ میدیا، بە نموونە یوتیووب. بە بەشداریی بەردەوام و سەرنجراکێش بۆ خستنەکاری یوتیووب وەک سەرچاوەی باربۆکردن و دەستخستنی داهات.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی

- جوان صلاح حسین، کاریگەریەتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەداراییەکانی دامەزراوەکانی راگەیاند لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەری بلاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠٢٠ زاینی.

سەرچاوەی عەرەبی

ـ محمود عزت و نضال فلاح ، الادارة الاعلام واقتصادياتة، دار العصام العلمي، الاردن، عمان، طبع الاول، ٢٠١٨ ميلادي.

ـ مصطفى يوسف كافى، اقتصاديات صناعة الاعلام، دار الحامد للنشر والتوزيع، الاردن، عمان، طبع الاول، ٢٠١٥ ميلادى.

ـ زوهرة جقريف، اقتصاد وسائل الاعلامي في الجزائر دراسة ميدانية حولة مؤسستي «خبر» و الشروق»، طؤظارى زانستي (العلوم النسانية)، ذمارة ٤٧، ل ١٥-٢٧، ٢٠١٧.

### سەرچاوەی فارسی

ـ الن بی الباران، اقتصاد رسانه، ترجمه رجا نوایی، انتشار مهکامه، تهران، ایران، چاپ اول، ١٣٩٨ شمسی.

ـ طاهر روشندل اربطانی ، مدیریت رسانه ، مجله مدیرت رسانه، شماره ٤، تهران، ایران، ١٣٨٥ شمسی.

ـ لوس کونگ، مدیریت راهبردی رسانه از نقریه تا اجرا، ترجمه علی اکبر فرهنگی، علیرچا قراگزولو، مریم خگیب زاده، نشر دانژه، تهران، ایران، چاپ دوم، ١٣٩٢ شمسی.

ـ سیاوش صلواتیان، مهدی محسینی، مگالعه شیوه های تامین مالی شازمان های رسانه ای رادیو و تلویزیون عمومی تحت مالکیت دولتی در دنیا، فصلنامه رسانه، شماره ١٠١، ١٣٩٤ شمسی

ـ زینب شریف کاچمی، اقتصاد رسانه، دانشگاه جامع علمی کاربردی، ١٣٩٦ شمسی.

ـ حسن قربانی و سید ابوالفچل ابوالفچلی و حسن قربانی، بررسی نقش تعدیلکننده عدم اعتماد به اجتناب از تبلیغات اینترنتی، نشریه مدیریت فناوری اگلاعات، دوره ١ ،شماره ٢ ،بهار و تابستان

ـ نارس ام تریوتلر، اقتصاد رسانه رویکردی نقری رسانه ای، و. محمد حق شناس، مجله پیام پژوهش، سال هشتم، شماره ٩١، ١٣٩٣ ش

# اجراءات تنمية موارد التمويل في عملية الانتاج في مؤسسات اقليم كوردستان

## الملخص

يختص هذا البحث بالجانب الاقتصادي للإعلام في المؤسسات الإعلامية لإقليم كوردستان ، بمعنى أن الاقتصاد القوي هو وسيلة تحقيق واستدامة مؤسسة إعلامية، ويتم ذلك من خلال البحث وأنواع العوامل وأهمية سوق الإعلام ، بحيث تكون الفرص المتاحة للمؤسسات الإعلامية حتمية لتوفير الميزانية اللازمة والمستمرة في السنوات المالية للمؤسسة.

تؤكّد هذه الدراسة على عرض تلك التدابير والإجراءات التي توفّر مصادر إيرادات التمويل في المؤسسات

الإعلامية بإقليم كوردستان. جمعت الدراسة البيانات من خلال استمارة خاصة موزعّة بين المؤسسات الإعلامية في إقليم كوردستان، حيث ملئت الاستمارة من قبل مدراء المؤسسات و مسؤولي أقسام ومراكز تلك المؤسسات. وبحسب الترتيب المناسب وتحديد رتبة الإجراءات التشغيلية لكل المصادر التمويلية في المؤسسات الإعلامية بإقليم كوردستان، حققت الدراسة أهدافاً مهمة، أهمّها أنّه لا يوجد تمليك الدولة للمؤسسات الإعلامية في الإقليم، ولم تعمل المؤسسات الإعلامية أيّ شيء لجعل الدولة مصدراً من مصادر تمويلها. وبالمقابل كانت حماية مصالح وأجندات الشخصيات السياسية طريقاً لتمويل تلك المؤسسات من قبل هؤلاء الشخصيات السياسيّة. كما أنّ انتاج و نشر الرسالة الدينية و الخيريّة أدت إلى تمويل المؤسسات من قبل الجماهير و الأغنياء الأسخياء. بالإضافة إلى أنّ بثّ وانتاج الرسالة التعليمية و التربويّة أدّى إلى زيادة فرص البيع في السوق الإعلامي، وللاستفادة من اليوتيوب وصنع الرسائل الإعلامية المثيرة و أنشطتها في اليوتيوب، جعلت اليوتيوب مصدراً من مصادر تمويلها.

## Development of procedures for financing resources in the production process in the institutions of the Kurdistan Region

**Abstract**

The importance in the economy of media is to know the media market so that media institutions can access financial opportunities in this market, find sources of funding revenue and work on them, and the first step to working on these sources was to realize the procedures that develop those sources. The study collected data through a special form distributed among the media institutions in the Kurdistan Region, where the form was filled out by the directors of the institutions and officials of the departments and centers of those institutions. According to the appropriate arrangement and the rank of the operational procedures for all the funding sources in the media institutions in the Kurdistan Region, the study achieved important goals, the most important of which is that there is no state ownership of media institutions in the region, and the media institutions did nothing to make the state a source of their funding. On the other hand, protecting the interests and agendas of political figures was a way of financing these institutions by these political figures. The production and dissemination of the religious and charitable message led to the financing of institutions by the masses and the generous rich. In addition to the broadcasting and production of the educational message that led to an increase in sales opportunities in the media market, and to benefit from YouTube and create exciting media messages and its activities on YouTube, YouTube made YouTube a source of its funding.

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.170

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

## (پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بە نموونە)

**کرمانج ڕەسوڵ عەبدوڵا**

**بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی**

Krmanjraswl88@gmail.com

**پ ی د. کاروان محەمەد حەسەن**

**بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی**

Karwan.hasan@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بە نموونە) هەوڵێکە بۆ زانین و دەرخستنی ڕۆڵی میدیای نوێ و بە تایبەتیش پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی بازاڕداریی سیاسیی ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەودان بە حزبە سیاسییەکان و پەیام و سەرکردەکانی هەیە، حیزبە سیاسییەکانیش بۆ ئەوەی گەشەبکەن و بمێننەوە پێوەستییان بە بازاڕداریی هەیە. ئەم توێژینەوەیە جۆرێکە لە توێژینەوەی وەسفیی، بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێویی. لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێنراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی. نموونەپشکنینی (سامپڵ) توێژینەوەکەش بەشێوەی مەبەستدار سەرجەم کادرانی مەکتەبی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پێنج حیزبیی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، کە سێ لەوان لەحوکومەتدا بەشدارن وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان)، دووانی تریان ئۆپۆزسیۆنن وەك (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، لەلایەکی ترەوە پێگە ئەلکترۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان (ئەو کەناڵانەی کە بە فەرمیی سەر بەو پێنج حیزبە سیاسییەن)، بە پاساوی ئەوەی دەزگای حیزبیین و کارەکانیان پەیوەستە بە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبەکانیان. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، بە ڕێژەی (٥٩,٩٪)ی بەرتوێژان تاڕادەیەك پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان) بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا بە ڕێژەی (٢١,٨٪) کەم بەکاریدەهێنن، زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٤٧,٣٪) تا ڕادەیەك پشت دەبەستن بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕداریی سیاسیی، هەر بە پێی ئەنجامەکان بەشێوەیەکی گشتیی زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٥٤,٣٪) تا ڕادەیەك پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەرچاوەیەك دەبینن بۆ بازاڕداریی سیاسیی، بەڵام (٤٠,٧٪) ی بەرتوێژان پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەچاوەیەك دانانێن بۆ بازاڕداریی سیاسیی. هەر بەپێی ئەنجامەکان ڕێژەی (٧٢,٠٦٪)ی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی میدیای نوێ ڕۆڵی هەیە لە بازاڕداری بۆ حیزیە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها لە (١٤,٣٣٪)ی بەرتوێژان هاوڕانین. پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی)، کە بەهاکەی دەکاتە (٠,٦٣٥٪)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پەیوەندییەکی ئاماریی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی) واتە تا زیاتر حیزبە سیاسییەکان گرنگیی بە میدیای نوێ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بدەن و بە شێوەیەکی درووست بەکاریبهێنن بازاڕداریی سیاسیی سەرکەوتووتر و کاریگەرتر دەبێت.

**کلیلە وشەکان: میدیای نوێ، بازاڕداریی سیاسیی، پێگەی ئەلیکترۆنیی، کەناڵە تەلەفزیۆنەکان، حیزبە سیاسییەکان.**

Recieved: 25/7/2022
Accepted: 19/9/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

بازاڕداریی سیاسیی پرۆسەیەکە بۆ باشترکردن و گەشەپێدانی دۆخی حیزب یان دامەزراوەیەکی سیاسیی یان کاندید و کەسایەتییەکی سیاسیی، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەنگدەر و لایەنگرانیان بۆ ئەوەی پشتگیرییان بەدەست بهێنرێت، کە ئەوەش هەوڵدان و شارەزایی تەواویی پێویستە.

بازاڕداریی سیاسیی لە ڕووی مێژووییەوە تازەترە لە بازاڕداریی بازرگانیی، لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی بەرچاوی کردووە ئەوەش بەهۆی زیادبوونی پەرەسەندنی ناوەندی ڕاوێژکاریی بەبازاڕکردنیی سیاسیی و گرنگیی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەو بوارە، هەروەها زیادبوونی ئەو وتار و کتێبانەی کە لە بواری بازاڕاداریی سیاسییدا نووسراون ، هەمووی ئاماژەن بۆ داهاتووی گەشی ئەم بوارە(١).

سەرەتای بەکارهێنانی چەمکی بازاڕداریی سیاسیی دەتوانرێت بدرێتە پاڵ زانای سیاسیی «ستانلی کێلی» (Stanley Kelley) لە ساڵی ١٩٥٦، ستانلی ئەوەی بە بنەما دانا کە دەتوانرێت بنەماکانی بازاڕکردن بۆ کاری سیاسەتکردن جێبەجێبکرێت، بەڵام «مارێك» (Maarek) لە ساڵی (١٩٩٥) تێبینی ئەوە دەکات کە یەکەم دەرکەوتنی بازاڕداریی سیاسیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ هەڵمەتی بانگەشەی سەرۆکایەتی دوایت ئەیزنهاور (Dwight D. Eisenhower) ٣٤مین سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(٢).

بازاڕداریی سیاسیی لە بنەرەتدا لە ئەمریکا سەریهەڵداوە، لەبەر ئەوە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی سیستمی سیاسیی ئەمریکیی پێوە دیارە، لە ساڵی ١٩٩٦ شەش ملیار دۆلار بۆ ئەو بوارە خەرجکراوە، جگە لە ئەمریکا لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا دا لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە سەریهەڵداوە، کە تێیدا حیزبە پارێزگارەکانی بەریتانیا ئاژانسی تایبەتیان بۆ دروستکردووە، هەروەها (ماری روبنسۆن) بازاڕداریی سیاسیی بەکارهێنا بۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی «ئێرلەندا» لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، هەروەها (تۆنی بلێر) پشتی بەهەمان میکانیزم بەستووە بۆ هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا بۆ ماوەی دوو خول(٣).

هەندێک لە حیزبە سیاسییەکان کە دروستبوون و دواتر لەناوچوون ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت، کە نەیانتوانیبێت بازاڕداریی بۆخۆیان بکەن بۆ ئەوەی بمێننەوە و گەشە بکەن، بازاڕداریی سیاسیی گرنگیی خۆی هەیە بۆ حیزبە سیاسییەکان و تەنانەت بۆ سەرکردەکانیش، بۆ ئەوەی ڕەوایەتیی بۆ خۆیان دروستبکەن و توانای مانەوەیان هەبێت، لەسەر ئەو بنەمایەش توێژینەوە لە بازاڕداریی سیاسیی بۆتە پێداویستییەکی بواری توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە تایبەتیش بازاڕداریی میدیایی.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار و ڕۆڵی میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. لە سێ بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا تایبەتمەندییەکانی توێژینەوە و میکانیزمی ئەنجامدانی و هەروەها توێژینەوە پێشووەکان و دیاریکردنی چەمکەکان باسکراوە، لە بەشی دووەمدا تیۆریینامەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو کە پێکهاتووە لە چەمك و ناساندنی بازاڕداریی سیاسیی و پێکهاتە سەرەکییەکانی و، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی، هەروەها گرنگی بازاڕداریی سیاسیی بۆ حزبە سیاسییەکان، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە خستنەڕووی ئەنجامەکانی بەشی مەیدانیی و شیکارکردنیان.

# بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە

## ١-تایبەتمەندییەکانی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، مەبەستی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکی گرنگدا کۆدەبێتەوە، کە لەم دۆخەی ئێستایدا بە شێوەیکەی شیکارییانە تانوپۆیەک دیاریبکات بۆ ڕۆڵی میدیای نوێ لەڕێی پێگە ئەلکترونییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان. ئەمەش چەند ڕەهەندێک وەردەگرێت، ئایا میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە بەکاردەهێنرێت، بۆچیی و لە چ ئاستێکدایە؟ پاشان دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە پێگە ئەلکترۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان زیاتر گرنگیی پێدەدەن.

توێژیینەوەکە هەوڵدەدات، چەمکی میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی بە زانستییانە بناسێنێت و شیکردنەوەیان بۆ بکات. ئەمەش لە ڕێی وەڵامە بەدەستهاتووەکانەوە کە بتوانێت زیاتر ئاشنابێت بە چەمکەکانی میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی پەیوەندیەکانی نێوانیان دەربخات. هەوڵی دارشتنی ئاستی کاریگەریی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی و متمانەی ئەم میدیاییە، بە تایبەت بۆ حیزبە سیاسییەکان و ئەو کەسانەی کە لە بواری سیاسەتدا کاردەکەن و، هەڵسەنگاندنی کارییگەریی و تێگەیشتن و درووستبەکارهێنانی ئەم میدیایە لە پرۆسەی بە بازاڕداریی سیاسیی دا کە لایەنێکی گرنگە بۆ بەردەوامییدان بە مانەوە و گەشەکردنی خۆیان لای جەماوەر. هەروەها لە بواری زانستییدا بە تایبەت لە بواری ڕاگەیاندن گرنگیی خۆی دەبێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستیی بەکاربهێنرێت، بەتایبەت کە کەمترین توێژینەوە لە بواری بازاڕداریی سیاسیی بە زمانی کوردیی کراوە.

## ٢-میکانیزمی جێبەجێکردنی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە جۆرێکە لە توێژینەوەی «وەسفیی»، کە ئامانج لێی شیکردنەوە و وەسفکردنی دیاردەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە راستی و زانیارییەکانی تایبەت بەو دیاردەیە، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان، بە بەکارهێنانی میتۆدی «ڕووپێوی» مەبەستدار، بەوپێیەی شێوازێکی زانستییە بۆ دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاریی و پۆلێنکردنیان. ماوەی جێبەجێکردنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە (سنووری کات) لە نێوان (٢٠٢٢/٢/١ – ٢٠٢٢/٦/١) دا بووە. لەم لایەنە کرداریەدا فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێناوە لەپێناوی زانینیی ڕای کادر و ئەندامانی پێنج حیزبە سەرەکیەکەی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە (سنووری مرۆیی) پێکدێت لە کادرانی پێنج حیزبی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کەسیانیان لەحکومەتدان وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان) دوانیشیان ئۆپۆزسیۆن وەك (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، لە سنووری پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەنجە) لە هەرێمی کوردستان دا.

نموونەی پشکنینی (سامپڵ) توێژینەوەکەش بەشێوەی مەبەستدار وەرگرتنی سەرجەم کادرانی مەکتەبی

هەڵبژاردنی ئەوپارتە سیاسییانەیە کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێداون، بەپاساوی ئەوەی دەزگای حیزبیین و کارەکانیان پەیوەستە بە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبەکانیان. لەلایەکی ترەوە پێگە ئەلکترۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان (ئەو کەناڵانەی کە بە فەرمیی سەر بە پێنج حیزبە سیاسییەکەن). نموونەپشکنینەکان پێکدێت لە کادر و ئەندامانی ٥ حیزبی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بە دیاریکراویش ئەو کادرو ئەندامانەی کە لە دامەزراوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) کاردەکەن، بەو پێیەی ئەو دامەزراوانە یەکێك لە ئەرکەکانیان بازاڕداریی سیاسییە بۆ حیزبەکانیان. لە خشتەی ژمارە (١) دا تایبەتمەندیی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

خشتەی (١) تایبەتمەندیی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە رووندەکاتەوە

| تایبەتمەندیی دیمۆگرافی بەرتوێژان | | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 246 | 77.6 |
| | مێ | 71 | 22.4 |
| تەمەن | 25 – 34 ساڵ | 160 | 50.5 |
| | 35 – 44 ساڵ | 96 | 30.3 |
| | 45 – 54 ساڵ | 48 | 15.1 |
| | گەورەتر لە ٥٤ ساڵ | 13 | 4.1 |
| بڕوانامە | سەرەتایی | 2 | 0.6 |
| | ناوەندی | 18 | 5.7 |
| | ئامادەیی | 36 | 11.4 |
| | دبلۆم (پەیمانگا) | 78 | 24.6 |
| | بەکالۆریۆس | 156 | 49.2 |
| | دبلومی باڵا | 3 | 0.9 |
| | ماستەر | 21 | 6.6 |
| | دکتورا | 3 | 0.9 |
| پارێزگا | هەولێر | 59 | 18.6 |
| | سلێمانی | 222 | 70.0 |
| | دهۆک | 17 | 5.4 |
| | هەڵەبجە | 19 | 6.0 |
| کادری حیزبی | پارتی دیموکراتی کوردستان | 87 | 27.4 |
| | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 74 | 23.3 |
| | بزوتنەوەی گۆڕان | 56 | 17.7 |
| | کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | 56 | 17.7 |
| | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | 44 | 13.9 |
| | **کۆی گشتیی** | 317 | 100 |

توێژەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، دوو گریمانەی بەهەند وەرگرتووە، کە بریتیین لە:

پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕداریی سیاسیی هەیە.

جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان سامپڵی توێژینەوە لە ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بۆ بازاڕداریی سیاسیی، بەپێی (رەگەز، بڕوانامە، کادری سیاسیی حیزبەکان و پارێزگا) هەیە.

بۆ دیاریکردنی رواڵەتیی درووستیی فۆرمی راپرسییەکە، پشت بەستراوە بە حەوت پسپۆری بواری میدیا دوو پسپۆری زانستە سیاسییەکان١، دوای هەڵسەنگاندنی فۆرمەکە دەرکەوت، کە رێژەی سەدی رواڵەتیی درووستیی فۆرمەکە بریتییە لە (٩٧٪)، کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزە بۆ درووستیی فۆرمەکە.

هەروەها توێژەر تاقیکردنەوەی (مقیاس کرونباخ الفا)ی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەی بڕگەکانی ناو تەوەری راپرسییەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای جێگیریی بەشێوەیەکی گشتیی بە ریگەی (مقیاس کرونباخ الفا) دەکاتە (٠,٨٧١) کە بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جیگیریی بە رێژەیەکی باش لە بڕگە و پرسیارەکاندا.

## ٣-توێژینەوە پێشووەکان

یەکەم: عومەر ئەحمەد رەمەزان، ٢٠١٢ (رۆڵی رۆژنامەی ئەلکترۆنیی کوردی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسیی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیدا) زانکۆی سلێمانی، ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی رادەی بایەخدانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانییە بەو بابەتە سیاسییانەی لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی کوردیدا بڵاودەکرێنەوە و کاریگەرییان لەسەر پێکهاتنی ئاراستەی سیاسییان هەیە. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیی یە میتۆدی روپێویی تێدا بەکارهاتووە و داتاکانی لە رێگەی فۆرمی راپرسیی کۆکراوەتەوە، مشتەی توێژینەوەکە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانین، توێژینەوەکە گەیشتووە بەم دەرەنجامانە:

مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی تا ئاستێکی زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە کە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی کوردی رۆڵی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسییاندا هەیە، واتە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی وەك ئامرازێکی گەیاندنی جەماوەریی پێگەیەکی گرنگیی گرتووە لە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکانی پێکهاتنی ئاراستە سیاسییەکاندا لای مامۆستایانی زانکۆ. بابەتە بڵاوکراوەکانی ناو رۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، کاریگەرییان لەسەر پێکهاتنی ئاراستە سیاسییەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هەیە.

---

١ پ د. نەزاکەت حسێن حەمە سەعید، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. ئیبراهیم سەعید، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. سەلام نەسرەدین، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. عەبد عارف، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. عومەر ئەحمەد رەمەزان، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی..
پ ی د، محەمەد عەلی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. هێمن مەجید، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. یۆهان عوسمان، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی. م. کاوە عزەدین عەبدولرەحمان، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

دووەم: إسراء محمـود عيـسى البحيـصى، ٢٠١٩ (دور مواقـع التواصـل الاجتماعـي في التسـويق السـياسي للحمـلات الانتخابيـة)، زانكـۆی ئەزهـەر.(١) ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە باسـکردنی بابەتـی وێنـەی زهنـی و درووسـتکردنی رایگشـتیی لەرێگـەی پێگەکانـی میدیـای ئەلکترۆنیـی، هەروەهـا زانینـی رۆڵـی تـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان لـە بازاڕداریـی سیاسـیی بـۆ هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن، توێژینەوەیەکـی شـیکارییە و لـە گرنگتریـن ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە: تۆڕەکانـی پەیوەندیـی کۆمەلایەتـی، بـوون بـە ئامـرازی بەهێزکردنـی نارەزایـی سیاسـیی و گواسـتنەوەی کۆمەلـگای تیۆریـی بـۆ ئـەرزی واقـع.

دەرئەنجامەکانی توێژینـەوە هاوتایـە لەگـەڵ گریمانەکانـی تیـۆری پشتبەسـتن بـە ئامرازەکانـی میدیـا، کـە جەخـت لـە پشتپێبەسـتنی گەنجـان بـە فەیسـبوك دەکاتـەوە بـۆ تێگەیشـتن لـە ژینگـەی دەوروبـەر دواتـر بڕیـاری هەلبـژاردن.

سـێیەم: د. محمـد السـيد طاحـون٢٠٢١، (التسـويق السـياسي للأحـزاب السياسـية المصريـة مـن خـلال شـبكات التواصـل الاجتماعـي).(٢) ئـەم توێژینەوەیـە لـە رۆڵـی تۆرەکۆمەڵایەتییـەکان دەکۆڵێتـەوە لـە بازاڕداریـی سیاسـیی بـۆ حیزبـە سیاسـییەکانی میـسر، کێشـەی ئـەم توێژینەوەیـە لـەو چوارچێوەیـەدا دیاریکـراوە کـە حیزبـە سیاسـییەکانی میـسر تـا چەنـد توانیویانـە سـوود لـە تـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان ببینـن بـۆ بازاڕداریـی سیاسـیی و گەیشـتن بـە هاووڵاتیـان و دەنگـدەران، لـەم توێژینەوەیـەدا میتـۆدی وەسـفیی بەکارهێـنراوە و سـامپڵێك لـە ئەندامانـی حیزبەکانـی (مـصر بلـدی، الاتحـاد، مسـتقل وطـن) وەرگیـراون. لـە گرنگتریـن دەرەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە:

تـۆری کۆمەڵایەتیـی فەیسـبوك لای ئەندامانـی حیزبـە سیاسـییەکان بـە بـەراورد بـە تۆرەکانـی تـر زۆرتـر بەکاردەهێنرێـت، ئـەوان لـە رێگـەی کۆمێنتـەوە بۆچوونـە سیاسـییەکانی خۆیـان دەردەبڕن.

هەروەهـا جیـاوازی لەسـەر پێوەرەکانـی بازاڕداریـی سیاسـیی هەیـە ، لـە نێـوان حیزبەکانـی (مـصر بلـدي و مسـتقبل وطـن)، مـصر بلـدي سـەرکەوتووتر بـووە لـە بازاڕداریـی سیاسـیی، هەروەهـا لـە نێـوان (الاتحـاد و مسـتقبل وطـن) مسـتقبل وطـن سـەرکەوتووتر بـووە.

سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:

ئـەم توێژینەوەیـە توانیویەتـی سـوود لـە توێژینەوەکانـی پێشـوو وەربگرێـت لـە رووی میتـۆد و ئامـرازی توێژینـەوەکان، ئاشـنابوون بـەو هەوڵـە زانسـتیانەی کـە لـە بـواری پەیوەندیـی نێـوان میدیـا و بازاڕداریـی سیاسـیی نـراون، هەروەهـا لـە رووی تیۆریشـەوە سـەرچاوەیەکی بـاش بـوون بـۆ دەوڵەمەندکردنـی ئـەو بابەتانـەی پەیوەسـتبوون بـە پەیوەندیـی نێـوان میدیـای نـوێ و بازاڕداریـی سیاسـیی، هەروەهـا سـەرچاوەیەکی بـاش بـوون بـۆ رێکخسـتنی پلانـی توێژینەوەکـە و ئاشـنابوونی توێـژەر بـە کۆمەڵێـك سـەرچاوەی زانسـتی بـە تایبـەت لـە بـواری بازاڕداریـی سیاسـیی.

جیـاوازی نێـوان ئـەم توێژینەوەیـە لەگـەڵ توێژینەوەکانـی پێـش خـۆی ئەوەیـە کـە ئـەم توێژینەوەیـە زیاتـر رۆڵـی میدیـای نـوێ و بـە دیاریکراویـش پێگـە ئەلیکترۆنییەکانـی کەناڵـە تەلەفزیۆنییـە حیزبییـەکان دەردەخـات لـە پرۆسـەی بازاڕداریـی سیاسـیی لـە روانگـەی ئەندامانـی حیزبـە سیاسـییەکان، هەروەهـا تـەوەر و بڕگەکانـی فۆرمـی راپرسـییەکە لـە توێژینەوەکانـی پێـش خـۆی جیـاوازن.

## ٤-تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا:-

بـە مەبەسـتی بـە دەرخسـتنی رۆڵـی میدیـای نـوێ لـە بازاڕداریـی سیاسـیی بـۆ حیزبـە سیاسـییەکان، ئـەم توێژینەوەیـە بـە پشتبەسـتن بـە میتـۆدی رووپێـوی (تیـۆری پشتبەسـتن بـە ئامرازەکانـی میدیـا)ی بەکارهێنـاوە، ئـەم تیـۆرە رێبازێکـی

سیستەماتیکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر بینەران و کارلێکەکانی نێوان میدیا و بینەران و سیستەمی کۆمەڵایەتیی، کە لە لایەن هەردوو توێژەری ئەمەریکی بواری کۆمەنیکەیشن (ساندرا بال-رۆکاچ و مێلڤین دیفلیور) لە ساڵی ١٩٧٦دا ناسێنرا.(٣) تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا پابەندە بەو پەیوەندییەی میدیا و جەماوەر و سیستەمی کۆمەڵایەتیی پێکەوە گرێدەدات، لەو پشتیوانییە ئاڵوگۆڕییەدا خاوەنداریێتی چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتیی دەکات کە نیشانەکانی کۆمەڵگەی نوێ دەیسەپێنێت، جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و هێنانەدی پێداویستیەکانی پشت بە دەزگاکانی راگەیاندن دەبەستێت، واتە ئامرازەکانی میدیا سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی لە بارەی رووداوەکانی دەورووبەریان لەلایەن هاووڵاتیان پشتیان پێدەبەسترێت.(٤)

کاریگەرییەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا بۆ سێ بواری سەرەکی پۆلێن کراوە کە بریتین لە:

کاریگەریی مەعریفیی: کاریگەرییە مەعریفیەکان بریتین لە لابردن و نەهێشتنی نهێنییەکان بە تایبەت لە کاتی قەیران و جەنگدا، هەروەها پێکهێنانی رایگشتیی، ریزبەندکردنی پێداویستیەکان، فراوانکردنی پێشنیار و بیروباوەڕەکان، پاراستن و هێشتنەوەی بەهاکانی کۆمەڵ.(٥)

کاریگەریی ویژدانیی: ئەو کاریگەرییە پەیوەستە بە هەندێك کرداری ویژدانیی و زاراوەوە، وەك هەست، سۆز و لێکدانەوەی سۆزداریی و کەمتەرخەمی، ترس و دڵەراوکێ، پاڵپشتیی مادی و جیابوونەوە.(٦)

کاریگەریی رەفتاریی: کاریگەرییە رەفتارییەکانی تاك بۆ پشتبەستنی بە راگەیاندن کورت دەبێتەوە لە دوو رەفتاری بنەرەتی: ئەوانیش (چالاککردن، واتە کاتێك بینەر بەر ئامرازەکانی میدیا دەکەوێت بە شێوازی ئەرێنی یان نەرێنی)، (ناچالاك: واتە جێبەجێ نەکردنی هیچ کارێك).(٧)

گریمانەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا

بە پێی ئەم تیۆرە کۆمەڵگاکان جیاوازن بەپێی رادەی سەقامگیرییان و هەرچەند نائارامی لە کۆمەڵگەدا زیاتر بێت، ئەوا ئەندامە پشتبەستووەکانی کۆمەڵگا زیاتر پشت بە میدیاکان دەبەستن، هەرچەند سیستەمی راگەیاندنی کۆمەڵگەیەك زیاتر بتوانێت ئامانجەکانی جەماوەر لەم کۆمەڵگەیەدا بەدیبهێنێت و پێداویستیەکانیان تێر بکات، ئەوا جەماوەر زیاتر پشت بەمیدیا دەبەستن، پلەی پشت بەستن بە میدیاکان بە پێی هەلومەرج و تایبەتمەندیی و ئامانجەکانیان لە نێو جەماوەردا جیاوازە،(٨) هەروەها مرۆڤەکان پشت بە میدیاکان دەبەستن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە(٩):

تێگەیشتن: تێگەیشتنی مرۆڤ لە خودی خۆی و زانینی هەموو ئەو شتانەی لە ژینگەی دەوروبەردا دەگوزەرێت و زانین دەربارەی جیهان یان تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی، بە فێربوون و بەدەستهێنانی ئەزموونەکان.

ئاراستەکردن: میدیا لە چوارچێوەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەکی چالاك رێنیشاندەری رایگشتیی دەکات، وەك ئاراستەکردن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخێکی نوێ یان دژوار، یان ئاراستەکردنی کار، یان ئاراستەکردن بۆ جێبەجێکردنی هەندێك کردار.

کات بەسەربردن: مرۆڤ پشت بە میدیا دەبەستێت بۆ کات بەسەربردن و رزگاربوون لە فشارەکانی رۆژانە، لەوانە کات بەسەربردنی گۆشەگیری یان تەنیایی، پشوودان، جۆش و خرۆش و کات بەسەربردنی کۆمەڵایەتیی. پەیوەندیی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت دەمانەوێت بزانین پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان چۆن پشت دەبەستن بە میدیای نوێ بۆ بازاڕداریی

سیاسیی و چ کاردانەیەکی دەبێت بۆ سەر جەماوەرکەیان، بۆ ئەم مەبەستەش وەرگرێکی تایبەتمان وەرگرتووە، کەبریتییە لەکادرانی حیزبیی لەهەرێمی کوردستاندا، تا بۆمان روون بێتەوە بازارگەری سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان لەلایەن کادرانەوە چ رۆلێکی هەیە.

## ٥-پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:

لەم باسەدا گرنگترین ئەو چەمکانەی کە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون دەناسێنین و ئەو مەبەستەی کە بۆی بەکارهێنراون روونەدەکەینەوە:

رۆڵ: مەبەست لە چەمکی رۆڵ، چالاکیی و ئەرکێکە کە کاریگەریی لەسەر پرۆسە و بابەتێکی دیاریکراو دەبێت. مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەم توێژینەوەیەدا ئەو شوێنپێ و کاریگەرییەیە کە میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان درووستیدەکات.

میدیای نوێ: شێواز و چالاکیی دیجیتاڵی میدیاییە، کە توانای بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامێکی میدیایی هەیە، لە رێگەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی پەیوەست بە ئینتەرنێت، مە بەستی بەکارهێنانی چەمکی میدیای نوێ لەم توێژینەوەیەدا بە دیاریکراوی بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.

بازاڕداریی سیاسیی: مەبەست لە چەمکی بازاڕداریی سیاسیی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردنی لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی و هاوکاریی جەماوەر بۆ پارتێك یان کەسایەتییەك یان کاندیدێکی سیاسیی، بە بەکارهێنانی ستراتیژێکی بەرنامە بۆدارێژراو کە لەسەر ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەریی بووینادنرابێت و جەماوەرێکی دیاریکراو بکرێتە ئامانج.

حیزبە سیاسییەکان: یەکگرتنی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراوە لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوبەش، لە پێناو بەدیهێنانی سیاسەت و ئامانجێکی هاوبەش، مەبەست لە بەکارهێنانی حیزبە سیاسییەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە حیزبەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان).

هەرێمی کوردستان: وەك لە دەستوری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی جوگرافی و کارگێرییە لە رووی سیاسییەوە هەرێمێکی سیاسیی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا.

پێگە ئەلیکترۆنییەکان: کۆمەڵێك لاپەرەی ئەلیکترۆنیی بەیەکەوە بەستراون لە ناو تۆری ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە لەلایەن تاکەکەس یان رێکخراوێکەوە بەڕێوە دەبرێت بۆ هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو. مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەم توێژینەوەیەدا پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی (کوردستان، گەلی کوردستان، کەی ئێن ئێن، پەیام، سپێدە) یە.

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان: مەبەستی توێژەر لە بەکارهێنانی چەمکی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئەو کەناڵانەن کە بە زمانی کوردی و لە هەرێمی کوردستان پەیامەکانیان پەخش دەکەن، بە دیاریکراویش کەناڵەکانی (کوردستان، گەلی کوردستان، کەی ئێن ئێن، پەیام، سپێدە) یە، کە زمانحاڵی حیزبە سیاسییەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)ن.

## بەشی دووەم: تیۆریینامەی توێژینەوەکە

### ١-چەمك و ناساندنی بازاڕداریی سیاسیی

بازاڕداریـی سیاسـیی لـە زمانـی عەرەبیـی دا (التسـویق السیاسـی) پێدەوترێـت، لـە زمانـی ئینگلیزیشـدا بەرامبـەرە بـە (political marketing)، کـە مەبەسـت لێـی کارکردنـە لەسـەر باشـترکردنی بارودۆخـی حیزبێکـی سیاسـیی یـان کەسـایەتییەکی سیاسـیی لـە ڕێگـەی زیادکردنـی ژمـارەی ئەندامەکانیـان و گەشـەپێدانی ئینتیـمای سیاسـیی ئەندامـەکان و ڕەوایەتییـدان بـە بەرنامـە و پەیامـە سیاسـییەکانی،(١٠) هەروەهـا تێکەڵیـی و نزیکییەکـی زۆر هەیـە لـە نێوان بازاڕداریی سیاسیی و پەیوەندییکردنـی سیاسیی، بازاڕداریـی سیاسیی بـە یەکێك لـە ئـەرك و ئامانجەکانـی پەیوەندییکردنـی سیاسـیی دادەنرێـت.(١١)

زۆر پێناسـەی جیـاواز بـۆ بازاڕداریـی سیاسـیی کـراون، بـەڵام هەموویـان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە پرۆسـەیەکە بـۆ باشـترکردن و گەشـەپێدانی دۆخـی حیـزب یـان دامەزراوەیەکـی سیاسـیی یـان کاندیـد و کەسـایەتییەکی سیاسـی، هەروەهـا دروسـتکردنی پەیوەندیـی لەگـەڵ دەنگـدەر و لایەنگرانیـان بـۆ ئـەوەی پشـتگیرییان بەدەسـت بهێنرێـت. شـاما (SHAMA) پرۆفیسـۆر لـە بـواری بەڕێوەبـردن لـە ئەمریـکا، لـە سـاڵی ١٩٧٦ بازاڕداریـی سیاسـیی بـەوە پێناسـە دەکات «پرۆسـەیەکە تیایدا حیـزب و کاندیـدە سیاسـییەکان بیرۆکەکانیـان ئاراسـتەی دەنگـدەران دەکـەن، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی پشـتگیرییان.(١٢)

پێناسـەیەکی تـری بازاڕداریـی سیاسـی بریتییـە لـە بوونیادنـان و گەشـەپێدانی پەیوەندیـی لەگـەڵ دەنگـدەر بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، کـە سـوودی هەبێـت بـۆ کۆمەڵـگا و پارتـە سیاسـییەکان، لـە ڕێگـەی پابەندبـوون بـە بەڵێنـەکان.(١٣) (ئـارون ئـۆکاس) دەڵێـت بازاڕداریـی سیاسـیی بریتییـە لـە «شـیکردنەوە و پلاندانـان و جێبەجێکـردن و هەڵسـەنگاندنی بەرنامـەی سیاسـیی و هەڵبـژاردن، کـە تێیدا بەرژەوەندیـی هاوبەشـی نێـوان ڕەوتێکـی سیاسـیی یـان کاندیدێك لەلایەك و دەنگـدەرەکان لەلایەکـی تـر دیاریـدەکات، وە پارێزگاریکـردن لـەو پەیوەندییـە لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجێکـی دیاریکـراو».(١٤)

(بۆلـەر و فاریـل) پێیـان وایـە بازاڕداریـی سیاسـیی بریتییـە لـە پرۆسـەیەکی ئاڵوگۆڕکاری کاتـی هەڵبژاردنـەکان، کـە تێیـدا سیاسـییەکان هەوڵـدەدەن بازاڕداریـی بـۆ خـودی خۆیـان بکـەن لـە ڕێگـەی جێبەجێکردنـی چالاکیـی ڕیکلامـی ڕاسـتەوخۆ.(١٥)

بیتلـەر و کۆلینـس (Butler and Collins) لـە سـاڵی ١٩٩٤ ڕایانگەیانـد کـە بازاڕداریـی سیاسـیی هەمـوو ئـەو بیرۆکـە و بۆچوونانـەیە کـە پەیوەندیـی بـە بابەتێکـی گشـتیی یـان کاندیدێکـی دیاریکـراوەوە هەیـە، یـان بەشـێوە گشـتییەکەی بازاڕداریـی سیاسـیی وا دیزایـن کـراوە کـە کاریگەریـی هەبێـت لەسـەر دەنگـی خەڵـك لـە کاتـی هەڵبژاردنـدا، هەروەهـا بازاڕداریـی سیاسـیی بەڕێوەبردنـی هەندێـك تەکنیکـە بەکاردێـت بـۆ بازاڕداریـی بـۆ بەرهەمێـك (بەرنامەیەکـی سیاسـیی) لـە ڕێـگای ڕیـکلام و ئاراسـتەکردنی کۆمەڵـگە.(١٦)

هەمـوو ئـەو پێناسـانەی سـەرەوە پێـمان دەڵێـت کە بازاڕداریی سیاسیی کار لەسـەر تێرکردنـی ئارەزوو و پێداویسـتیەکانی بەکاربـەری سیاسـیی (دەنگـدەر) دەکات، بـە تێڕوانیـن بـۆ کـۆی ئـەو پێناسـانە، دەکرێـت بازاڕداریـی سیاسـیی بـەوە پێناسـە بکەیـن کـە «بریتییـە لـە پرۆسـەی پلاندانـان و جێبەجێکردنـی لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی پشـتگیریی و هاوکاریـی جەمـاوەر بـۆ دامەزراوەیـەك یـان کەسـایەتیی و کاندیدێکـی سیاسـیی، بـە بەکارهێنانـی سـتراتیژێکی بەرنامـە بۆدارێـژراو کـە لەسـەر ئامرازەکانـی پەیوەندیـی جەماوەریـی بوونیادنرابێـت و تێیـدا جەماوەرێکـی دیاریکـراو بکرێتـە ئامانـج.

## ٢-پێکهاتە سەرەکییەکانی بازاڕداریی سیاسیی

بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی بازاڕداریی سیاسیی، پێویستە چەند پێکهاتەیەك بوونی هەبێت کە بریتین لە:

بەرهەمی سیاسیی: لە بازاڕداریی سیاسییدا بەرهەمی سیاسیی بریتییە لە سیاسەتی گشتیی و رەفتاری دامەزراوە سیاسییەکان و سەرکردایەتی و نوێنەر و کاندیدەکانیان ، ئەم بەرهەمە تەنها لە کاتی هەڵبژاردندا پێشکەش ناکرێت، بەڵکو سیاسەتێکی بەردەوامی رێکخراوە سیاسییەکەیە(١٧). یان بەرهەمی سیاسیی بریتییە لەو پەیامە سیاسییانەی کە لەلایەن حکومەت و پارت و قەوارە سیاسییەکانەوە سەبارەت بە پرس و بابەتە سیاسییەکان ئاراستەی جەماوەر دەکرێت، رەنگدانەوە و خوێندنەوەی سیاسیانەیە بۆ رووداو و گۆڕانکاری و پرس و بابەتە سیاسییەکان، کە لە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای سیاسییانەوە سەرچاوەی گرتووە.(١٨)

دامەزراوەی سیاسیی: بە هەر قەوارەیەك دەوترێت کە لە پرۆسەی سیاسیدایە، گرنگیی بە چالاکییە سیاسییەکان دەدات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی کە سیستمی سیاسیی پێش بخات، لە دامەزراوەی سیاسیدا هەوڵەکان بۆ بردنەوە و بەرەوپێشبردنی پێگەی سیاسییە لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، لێرەوە دەتوانرێت بووترێت دامەزراوەی سیاسیی دەکرێت پارتێکی سیاسیی یان گروپێکی پشتیوانیی بێت کە پشتگیریی لە پاڵێوراوێك دەکات(١٩). ئەو دامەزراوانەی کە دەسەڵاتیان هەیە بەوە دەناسرێنەوە کە چەقبەستوون و هەوڵدەدەن کە وەڵامیان هەبێت بۆ سیستمی سیاسیی لە جیاتی ئەوەی کە وەڵامی داواکاری هاووڵاتیان بدەنەوە، بەڵام لە سیستمی دیموکراسی ئەو دامەزراوانە وەڵامیان هەیە بۆ داواکاری هاووڵاتیان.(٢٠)

بازاڕی سیاسیی: بازاڕی سیاسیی ئەو هاوولاتی و دەنگدەرانە دیاری دەکات کە دامەزراوە یان سەرکردە هەوڵدەدات لایەنگریان بەدەستبهێنێت. لەوانەیە ئەو لایەنگرییە سروشتێکی ئایدیۆلۆجی یان پاشخانی کۆمەلایەتی، یان کەسێتی هەبێت. پاشخانی یەکەم بە ئینتمای هاولاتی بە ئایدیۆلۆژی یان فکرێکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە کە ئاراستەی دەکات بەرەو پشتیوانیکردنی دامەزراوە یان پارتی سیاسیی یان سەرکردەکە، کە هەلگری هەمان ئایدیۆلۆژییە. بەڵام پاشخانی دووەم دەگەرێتەوە بۆ سروشتی کۆمەلایەتیی ژیان یان قازانجی چاوەروانکراو، یان پەیوەندیی خزمایەتی. وە پاشخانی سێیەم پەیوەندییدارە بە هۆکارە کەسییەکانەوە. لەوانەیە دەنگدەر دەنگ بە کاندیدێك بدات نەك لەبەرئەوەی خۆشی دەوێت، بەڵکو بۆ رێگرتن لە سەرکەوتنی کاندیدێکی تر، ئەوەش پێناسە دەکرێت بە دەنگدانی پێچەوانە، هەڵمەتەکانی بازاڕداریی سیاسیی کاتێك کاریگەر دەبێت کە توێژینەوە لەسەر بازاڕی سیاسیی بکرێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی و پاڵنەرەکانی هاووڵاتیان دیاریبکرێت، بازاڕداریی سیاسیی بە تەواویی پشت بە بەکارهێنانی توێژینەوەی تایبەت بە جەماوەر دەبەستێت.(٢١)

دابەشکردن: حیزب و سەرکردە سیاسییەکان لە رێگەی ئەرکی دابەشکردنەوە لە بازاڕداریی سیاسییدا، زانیاریی پەیوەندییدار سەبارەت بە بەرهەم و سیاسەت و بەرنامە سەرەکییەکانی حیزب بڵاودەکرێنەوە و زانیارییەکانی پەیوەست بە بەرهەمی سیاسیی بۆ دەنگدەران فەراهەم دەکەن، هەروەها دانانی کاندیدەکان لە کەناڵە درووستەکاندا، و دڵنیابوونەوە لەوەی کە کەناڵی دابەشکردن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەدا دەگونجێت.(٢٢)

## ٣-پێگە ئەلیکترۆنییەکان Websites:

پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە دوای گەشەکردن و سەرهەڵدانی ئینتەرنێت درووستبوون و بڵاوبوونەوە، کە چەندین خزمەتگوزاری میدیایی لەخۆدەگرن و زانیاریی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن.

پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان (Websites) لـە کۆمەڵێـك لاپـەرەی ئەلیکترۆنیـی لەسـەر تـۆڕی ئینتەرنێـت پێکدێـن، کـە دەتوانرێـت درووسـت بکرێـن و بپارێزرێـن، لەلایـەن تـاك یـاك گـروپ و رێکخراوێـك بەرێوەدەبرێـن بەمەبەسـتی خزمەتکـردن و بەکارهێنانـی بـۆ چەنـد مەبەسـتێك.(٢٣)

هەروەهـا فەرهەنگـی (dictionary.com) بـەم شـێوەیە پێناسـەی پێگـەی ئەلیکترۆنیـی دەکات «کۆمەڵێـك لاپـەرەی بەیەکـەوە بەسـتراون لـە نـاو تـۆری ئینتەرنێتـدا دەربـارەی بابەتێکـی دیاریکـراو، کـە لەلایـەن تاکەکـەس یـان رێکخراوێکـەوە بەرێـوە دەبرێـت، تایبەتـە بـە بابەتێکـی دیاریکـراو یـان چەنـد بابەتێکـی پەیوەندییـدار و نزیـك لـە یەکـەوە».(٢٤)

یەکـەم پێگـەی ئەلیکترۆنیـی لـە ٦ی ئۆگەسـتی سـاڵی ١٩٩١، لەلایـەن (تیـم بێرنێـرس لیـی) لـە تاقیگەیەکـی کۆمپیوتەرییـەوە لـە ناوچـەی (ئەلپـی سـویسرا)ەوە بڵاوکرایـەوە و پەخشـکرا، کـە بـە یەکـەم پێگـەی ئەلیکترۆنیـی دادەنرێـت لـە جیهانـدا، ئەگەرچـی وێنـەی یەکـەم پەخشـی نەمـاوە و هەڵنەگیـراوە، بـەڵام رووکاری پێگەکـە لـە سـاڵی ١٩٩٢ دا هەیـە و بەردەسـتە.(٢٥)

## ٤-میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی

لـەدوای گەشـەکردنی ئینتەرنێـت و دەرکەوتنـی ئامرازەکانـی میدیـای نـوێ و پێگـە کۆمەڵایەتییـەکان، حیـزب و رێکخـراو و کەسـایەتییە سیاسـییەکان گرنگیـی پێـدەدەن و بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجـە سیاسـییەکانیان، ئینتەرنێـت بەشـێوەیەکی گشـتیی و تـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان بـە تایبەتـی بوونەتـە سـەکۆیەك بەدەسـت هێـزە سیاسـییەکان بـۆ پەیوەندیـی درووسـتکردن لەگـەڵ جەمـاوەر و کاریگەریـی درووسـتکردن و جێبەجێکردنـی بەرنامـە سیاسـییەکان بەسـەریاندا.

لەگـەڵ بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت لـە بازاڕداریـی سیاسـییدا، چەمکێکـی نـوێ هاتـە کایـەوە ئەویـش «بازاڕداریـی سیاسـیی ئەلیکترۆنیی»یـە، کـە وا پێناسـە دەکرێـت « کۆمەڵێـك پرۆسـە و چالاکییـە کـە بەشـداریی لـە سـەرکەوتنی کاندیدێکـی سیاسـیی یـان سـەرکەوتنی پرۆسـەی هەڵبـژاردن دەکات بـە بەکارهێنانـی ئامـرازە ئەلیکترۆنییـەکان».(٢٦)

ئەگـەر پێشـتر هێـزە سیاسـییەکان تەنهـا راگەیاندنـی کلاسـیکییان لەبەردەسـت بوویێـت بـۆ بازاڕداریـی سیاسـیی، ئـەوا ئەمـرۆ ئینتەرنێـت بۆتـە چەکێکـی کاریگـەر بـۆ پروپاگەنـدەی سیاسـیی بـە دەسـت هێـزە سیاسـییەکانەوە، هەروەهـا بە هـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا راگەیاندنـی کلاسـیکییش خـۆی لەگـەڵ ئـەم پێشـکەوتنەدا گونجانـدووە و سـوودی لـە ئینتەرنێـت وەرگرتـووە و هـەواڵ و بابەتەکانیـان لـە پـەرە ئۆنلاینەکانیـان بـڵاو دەکەنـەوە.(٢٧)

ئامانجـی حیـزب و کەسـایەتییە سیاسـییەکان هێشـتنەوە و زیاترکردنـی دەنگـدەران و لایەنەگرانیانە بۆ ئـەوەی بەردەوامی بـە مانـەوەی خۆیـان بـدەن، سـەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان ئاسـانترین رێـگان بـۆ ئـەوەی پەیامـە سیاسـییەکانیان بـە دەنگدەرانیـان بگەیەنـن و سـەرنجیان رابکێشـن و پاڵپشـتیان بەدەسـتبهێنن، هەروەهـا لـە رێگـەی ئـەم تۆڕانـەوە حیزبە سیاسییەکان رای دەنگدەرانیـان لەسـەر پرسـە سیاسـییەکان دەزانـن و باشـتریش لـە داواکارییەکانیـان تێدەگەن.(٢٨)

میدیـای نـوێ و پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان بـەردەوام لـە گەشـەکردندان و حیزبـە سیاسـییەکانیش خۆیـان لەگـەڵ گەشـەکردنەکانی گونجانـدووە، حیـزب و کەسـایەتییە سیاسـییەکان خاوەنـی پێگـەی تایبـەت بەخۆیانـن هەمـوو ئـەو بابەتانـە بڵاودەکەنـەوە کـە پەیوەندییـان بـە چالاکیـی رۆژانـەی رێکخراوەکـەوە هەیـە، هەروەهـا ئـەو هێـز و کەسـایەتیی و رێکخـراوە سیاسـییانە ئـەو پێگـە ئەلیکترۆنییانـە بـۆ بازاڕداریـی سیاسـیی بەکاردەهێنـن بـۆ ئـەوەی ئـاگاداری رایگشـتیی و داواکارییەکانـی شـەقام بـن.(٢٩)

بەشێوەیەکی تایبەتمەند دەتوانین کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت لەسەر سیاسەت بەم شێوەیە کورت بکەینەوە (٣٠):
ئینتەرنێت تێچووی بەشداریی سیاسیی کەمدەکاتەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خۆڕایی.
ئینتەرنێت دەرفەتی هۆشیاریی سیاسیی زیاد دەکات، بە پێشکەشکردنی زۆرترین و تازەترین زانیاریی.
ئینتەرنێت کەناڵی جۆراوجۆر دەخاتە بەردەست بۆ بەشدارییکردنی سیاسیی، لەوانە گفتوگۆی گشتیی، دەنگدانی ئۆنلاین.
ئینتەرنێت پەیوەندیی و کارلێککردنی گروپە سیاسییەکان بەهێزتر دەکات.
ئینتەرنێت وا لە تاکەکان دەکات بە ئامانجی گشتیی بەیەکیانەوە ببەستێتەوە و ناسنامەیەکی گشتییان بۆ دروستبکات.

## ٥-گرنگیی بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان

وەك چـۆن کۆمپانیـا و دامـەزراوە بازرگانییـەکان، پێویسـتیان بـە بازاڕداریـی هەیـە بـۆ ئـەوەی پشـکێکی گـەورەی بـازاڕ بەدەسـت بهێنـن بەمەبەسـتی قازانجێکـی زۆر و گەورەکـردن و فراونکردنـی سـنووری کارو چالاکییەکانیـان و بەردەوامیـدان بـە مانەوەیـان، بـە هەمـان شـێوە حیزبـە سیاسـییەکانیش پێویسـتیان بـە بازاڕداریـی هەیە بـۆ ڕەوایەتییدان بـە خۆیـان و پەیـام و سـەرکردە سیاسـییەکانیان لەنـاو ئەندامـان و دەنگدەرانیانـدا.
لـە بازاڕداریـی سیاسـییدا هەمـان بنەمـا و شـێوازەکانی بازاڕداریـی بازرگانیی پەیـڕەو دەکرێـت لـە هەڵمەتە سیاسـییەکاندا، کـە لەلایـەن حیـزب و سـەرکردە سیاسییەکانەوە جێبەجێدەکرێـت، بـە چەنـد ڕێگەیـەك کـە بریتیـن لـە شـیکردنەوە بـۆ دۆخ و بـازاڕی سیاسـیی و پلاندانـان و جێبەجێکردنـی هەڵمەتـە سیاسـییەکان، هەروەهـا ئاگاداربـوون لـە خواسـت و پێویستییەکانی دەنگـدەری حیزبـە سیاسـییەکان و بەدیهێنانـی خواسـتەکانیان.(٣١)
دەکرێت گرنکی بە بازاڕکردنی سیاسیی بۆ حیزب و دامەزراوە سیاسییەکان لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە(٣٢):
یەکـەم: پرۆسـەی بازاڕداریـی سیاسـیی کاتێـك گرنگـە کـە بەشـێوەیەکی درووسـت بەڕێوەببرێـت، هەروەهـا کۆمەڵێـك زانیاریـی گرنـگ بـۆ حیزبـە سیاسـییەکان کۆدەکاتـەوە لـە بـارەی ئـەو جەمـاوەرەی کـە لەلایـەن حیزبـەکان کـراون بـە ئامانـج، ئـەوەش لـە پێنـاوی ئـەوەی کـە چـۆن بتوانرێـت کاریگەرییـان لەسـەر درووسـتبکرێت بـۆ ئـەوەی پشـتگیرییان بەدەسـتبهێنرێت.
دووەم:، ئەوانـەی کـە کاندیـدن دەکەونـە دۆخێـك کـە دەبێـت بەڵێنـی جۆراوجـۆر بـە دەنگدەرانیـان بـدەن، بـەڵام ئایا کـە دەردەچـن دەتوانـن ئـەو بەڵێنانـە جێبەجێبکـەن، یەکێـك لـە گرنگییەکانـی بازاڕداریـی سیاسیی ئەوەیـە کـە حیـزب و کاندیـدە سیاسـییەکان فێـر دەکات چـۆن وەڵامـی دەنگـدەران بدەنـەوە، چـۆن بارودۆخـەکان هەڵبسـەنگێنن و ئاراسـتەی بکە ین.
سـێیەم: لەیەکچوونێکـی زۆر هەیـە لـە نێـوان چالاکیـی سیاسـیی و چالاکیـی بازرگانییـدا، بازاڕداریـی لـە هەردووکیانـدا کۆمەڵێـك بەڵێـن لەخـۆی دەگرێـت، سیاسـەکان لـە هەڵمەتەکانـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن کۆمەڵێـك بەڵێـن دەدەن بـەو دەنگدەرانـەی کـە بـە ئامانجیـان گرتـوون، زۆر جاریـش ئـەو بەڵێنانـە دژ بـە یـەك دەردەچـن، ئەگـەر ئـەو بەڵێنانـە بەڵێنـی ڕاسـتەقینە نەبـن ئـەوا بازاڕداریـی سـەرکەوتوو نابێـت، بۆیـە بازاڕداریـی هەوڵـدەدات بزانێـت چ بەڵێنێـك بـە دەنگـدەران دەدرێـت بـۆ ئـەوەی ئـەو بەڵێنانـە بەڵێنـی واقیعـی بـن و لەگـەڵ خواسـتی هاووڵاتیانیـش یەکبگرێتـەوە.
بازاڕداریـی سیاسـیی تەنهـا لـەو چوارچێوەیـەدا خـۆی نابینێتـەوە کـە تەنهـا بـازاڕ بـۆ حیزبـە سیاسـییەکان بسـازێنێت، بەڵکـو ئـەو پرۆسـەیە لەسـەر سێ ئاسـتی جیـا جێبەجێدەکرێـت کـە بریتیـن لـە(٣٣):
یەکـەم/ بەبازاڕکردنـی حیـزب و دامـەزراوە سیاسـییەکان: چالاکییەکـە بە مەبەسـتی پێشخسـتن و گەشـەکردنی دامەزراوە

و حیزبە سیاسییەکان جێبەجێ دەکرێت، ئەوەش لەپێناو ئەوەی لایەنگرانی ئەو حیزبانە زانیاریی تەواویان هەبێت لە بارەی حیزبەکەیان و پەیام و ئامانجەکانی، بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە پشتگیریکردنی، هەروەها درووستکردنی پەیوەندیی لەنێوان حیزب و دەنگدەرەکانیدا.

دووەم/ بەبازاڕکردنی کەسیی: بریتییە لە بەبازاڕکردنی کەسێك یان سەرکردەیەکی سیاسیی یان کاندیدێك، لە پێناو نوێنەرایەتی کردنی دەزگاکانیان و خۆهەڵبژاردنیان بۆ پلە و پۆستە جیاوازەکان، بەبازاڕکردنی کەسیی بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکیی کەسیی کە لە چوارچێوەی سیاسەت و پلانی حیزبەکە جێبەجێدەکرێت، هەروەها ئامادەکردن و ڕاهێنانی ئەو کەسانەیە کە کاندید کراون بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن لە ڕێگای دابینکردنی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانیان، فێربکرێن بۆ ئەوەی چۆن کاریگەریی لەسەر هەڵوێست و سۆزیی دەنگدەران درووستبکەن.

سێیەم/ بەبازاڕکردنی فکر: بریتییە لە داگیرکردنی مەودای بیرکردنەوەی بەرامبەرەکانت و سەرنجراکێشانیان بۆ ئەو بابەتەی کە تۆ دەتەوێت لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە سیاسییەی کە هەتە وە ڕازیکردنی بەرامبەرەکانت بۆ قبووڵکردنی ئەو بەرنامەیە، بەڵام سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی بازاڕداریی بەندە بەوەی ئەو بەرهەمە سیاسییەی کە پێشکەش دەکرێت، تا چەند بەرهەمێکی باش و درووستە، ئایا ئەو بەرهەمە لەگەڵ خواست و ویستی هاووڵاتیاندا دەگونجێت، ئەگەر گونجا ئەو کاتە چالاکیی بازاڕداریی ئاسانتر دەبێت و ئەگەری سەرکەوتنیشی زیاتر دەبێت.

## بەشی سێیەم: بەشی کرداریی توێژینەوەکە

توێژەر بۆ دەرخستنی ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە سەرجەم کادرانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ٥ حیزبی سیاسیی هەرێمی کوردستانی وەرگرت، حیزبە سیاسییەکان بریتیبوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ئامارییەکان و دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی و پلەبەندکردنی برگەکان، توێژەر پرۆگرامی (SPSS) ی بەکارهێناوە.

خستنەڕووی ئەنجامەکانی بەشی مەیدانیی و شیکارکردنیان

خشتەی (٢) ئایا پێگەی ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ( وێب سایتەکان )بەکاردەهێنیت؟

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 58 | 18.3 |
| تارادەیەک | 190 | 59.9 |
| کەم | 69 | 21.8 |
| کۆی گشتیی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 2.03 | |
| لادانی پێوانەیی | 0.63 | |

ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢) پێمان دەڵێت، بە ڕێژەی (٥٩,٩٪)ی بەرتوێژان تارادەیەك پێگە ئەلیکترۆنییە

کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان) بەکاردەهێنن، هەروەها بە ڕێژەی (٢١,٨٪) بە رادەی کەم پێگەی ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان) بەکاردەهێننن، لە کاتێکدا تەنها بە ڕێژەی (١٨,٣٪) زۆر پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان) بەکاردەهێنن. هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٢,٣) و لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠,٦٣)، بەپێی (مقياس ليكارت الثلاثي) ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان کاردەکەن، لە ئاستی ناوەند دا تا ڕادەیەك پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهێنن، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی (٣) حەز دەکەیت چ بابەتێک لە پێگەی ئەلیکترۆنیەکان ( وێب سایتەکان) تەماشا بکەیت؟

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|
| موزیک و فلیم | 67 | 21.1 |
| بابەتی کۆمەڵایەتییەکان | 141 | 44.5 |
| وەرزش | 27 | 8.5 |
| ئاینیی | 19 | 6.0 |
| سیاسەت | 53 | 16.7 |
| ئابووریی | 3 | 0.9 |
| تەکنەلۆژیی | 2 | 0.6 |
| خۆشباریی و کاتبەسەربردن | 5 | 1.6 |
| کۆی گشتیی | 317 | 100 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣)، زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٤٤,٥٪) و بە دووبارەی (١٤١) حەز بە تەماشاکردنی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) دەکەن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پلەی یەکەمی گرتووە، هەروەها لە پلەی دووەمدا (موزیك و فیلم) هاتووە کە بە دووبارەی (٦٧) و بە ڕێژەی (٢١,١٪) بەرتوێژان تەماشای دەکەن، لە کاتێکدا بابەتی (سیاسەت) لە پلەی سێیەمدا هاتووە بە دووبارەی (٥٣) و بە ڕێژەی (١٦,٧٪) بەرتوێژان تەماشای دەکەن، دواتر بابەتی (ئاینیی) لە پلەی چوارەمدا هاتووە بە دووبارەی (١٩) و بە ڕێژەی (٦,٠٪)، هەروەها بە ڕێژەی (١,٦٪)ی بەرتوێژان و بە دووبارەی (٥) تەماشای بابەتاکانی پەیوەست بە (خۆشباریی و کاتبەسەربردن) دەکەن و لە پلەی پێنجەمدا هاتووە، بە دوای ئەویشدا بابەتی (ئابووریی) دێت بە ڕێژەی (٠,٩٪) و بە دووبارەی (٣) لە پلەی شەشەمدا هاتووە، لە کۆتا پلەشدا بابەتی تەکنەلۆژیی دێت کە تەنها بە دووبارەی (٢) و بە ڕێژەی (٠,٦٪) ی بەرتوێژان تەماشای دەکەن.

ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە زۆرینەی کادرانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان، حەز بە سەیرکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بە دوای ئەودا موزیك و فیلم، دواتریش بابەتی سیاسیی دێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

خشتەی (٤) ئایا پێگەی ئەلیکترۆنییەکانت کردووە بە سەرچاوەی بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانت دەربارەی سیاسەت؟

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 52 | 16.4 |
| تارادەیەک | 186 | 58.7 |
| کەم | 79 | 24.9 |
| کۆی گشتیی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 2.09 | |
| لادانی پێوانەیی | 0.64 | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤) ، زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٥٨,٧) بە رادەی (تاڕادەیەك) پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەرچاوەیەك بەکاردەهێنن بۆ زانیاریی وەرگرتن لە بارەی سیاسەت، لە کاتێکدا (٢٤,٩٪)ی بەرتوێژان و بە رادەی (کەم) پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن بۆ زانیاریی وەرگرتن لە بارەی سیاسەت، هەروەها بە رێژەی (١٦,٤٪) و بە دووبارەی (٥٢) بە رادەی (زۆر) پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٢,٩٩) و لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠,٦٤)، ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان کاردەکەن لە ئاستی بەرزدا پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت بەکاردەهێنن.

خشتەی (٥) تا چ رادەیک پشت دەبەستیت بە پێگەی ئەلیکترۆنیەکان بۆ بازاڕداریی سیاسیی؟

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 114 | 36.0 |
| تارادەیەک | 150 | 47.3 |
| کەم | 53 | 16.7 |
| کۆی گشتیی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 1.08 | |
| لادانی پێوانەیی | 0.701 | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٥)، زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٤٧,٣٪) تا رادەیەك پشت دەبەستن بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕداریی سیاسیی، هەروەها بە رێژەی (٣٦,٠٪) زۆر پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕداریی سیاسیی، لە کاتێکدا رێژەی (١٦,٧٪) ی بەرتوێژان بە رادەی کەم پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕداریی سیاسیی.

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (١,٠٨)، لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠,٧٠١)، ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان کاردەکەن لە ئاستی ناوەندیدا تا رادەیەك پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕداریی سیاسیی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

خشتەی (٦) لە هەرێمی کوردستان پێگەی ئەلیکترۆنیەکان زیاتر بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت؟

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|
| ئاراستەی هونەریی | 32 | 10.1 |
| ئاراستەی بازرگانیی | 112 | 35.3 |
| ئاراستەی سیاسیی | 145 | 45.7 |
| ئاراستەی کۆمەڵایەتیی | 24 | 7.6 |
| ئاراستەی ئاینیی | 4 | 1.3 |
| کۆی گشتیی | 317 | 100 |

بە پێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٦)، دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستان پێگە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ مەبەستی (ئاراستەی سیاسیی) بەکاردەهێنرێن بە رێژەی (٤٥,٧٪) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها بە رێژەی (٣٥,٣٪) بۆ (ئاراستەی بازرگانیی) بەکاردەهێنرێت و لە پلەی دووەمدا هاتووە، وە بە رێژەی (١٠,١٪) بۆ (ئاراستەی هونەریی) بەکاردەهێنرێن و پلەی سێیەمی گرتووە، دواتر بە رێژەی (٧,٦٪) (ئاراستەی کۆمەڵایەتیی) لە پلەی چوارەمدا هاتووە، هەروەها (ئاراستەی ئاینیی) بە بە رێژەی (١,٣٪) لە پلەی پێنجەمدا هاتووە.

خشتەی (٧) بەشێوەیەکی گشتیی پێگەی ئەلیکترۆنیەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینیت بۆ بازاڕداریی سیاسیی؟

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 16 | 5.0 |
| تارادەیەک | 172 | 54.3 |
| کەم | 129 | 40.7 |
| کۆی گشتیی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 2.36 | |
| لادانی پێوانەیی | 0.58 | |

بە پێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٧)، بەشێوەیەکی گشتیی زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٥٤,٣٪) تا رادەیەك پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەرچاوەیەك دەبینن بۆ بازاڕداریی سیاسیی، هەروەها (٤٠,٧٪) ی بەرتوێژان پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە رادەی (کەم) پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەچاوەیەك دانائین بۆ بازاڕداریی سیاسیی، لە کاتێکدا بە رێژەی (٥,٠٪)ی بەرتوێژان بە رادەی (زۆر) پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك سەرچاوەیەك دەبینن بۆ بازاڕداریی سیاسیی.

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٢,٣٦) و لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠,٥٨)، ئەو ئەنجامە دەریدەخات زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان کاردەکەن، پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ئاستی بەرزدا وەك سەرچاوەیەك دەبینن بۆ بازاڕداریی سیاسیی، بروانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی (٨) بڕگەکانی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە.

| ڕۆڵی میدیای نوێ | هیچ هاوڕا نیم ژ | هاوڕا نیم ژ | نازانم ژ | هاوڕام ژ | تەواو هاوڕام ژ | Mean ناوەندە ژمێریاری | S.D لادانی پێوانەی | % RI گرنگیی ڕێژەیی | Results ئەنجام | Sort ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | % | % | % | % | % | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابم. | 0 | 6 | 8 | 213 | 90 | 4.22 | 0.58 | 84.42 | تەواو هاوڕام | 1 |
| | 0.00 | 1.89 | 2.52 | 67.19 | 28.39 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان زانیاریم لەبارەی خواست و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان پێدەبەخشێت | 4 | 25 | 16 | 226 | 46 | 3.90 | 0.79 | 77.98 | هاوڕام | 5 |
| | 1.26 | 7.89 | 5.05 | 71.29 | 14.51 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان زانیارییەکانم دەربارەی پرسە سیاسییەکان زیاد دەکات. | 5 | 37 | 19 | 175 | 81 | 3.91 | 0.96 | 78.30 | هاوڕام | 4 |
| | 1.58 | 11.67 | 5.99 | 55.21 | 25.55 | | | | | |
| پێگە زانیاریەکان وادەکات زووتر پەیامە سیاسییەکانی حیزبەکەم بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەیەنم. | 9 | 15 | 30 | 172 | 91 | 4.01 | 0.91 | 80.25 | هاوڕام | 3 |
| | 2.84 | 4.73 | 9.46 | 54.26 | 28.71 | | | | | |
| لە بەشداریی خەڵك لەسەر پرسە سیاسییەکان لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان ڕازیم. | 52 | 87 | 49 | 108 | 21 | 2.87 | 1.23 | 57.41 | نازانم | 12 |
| | 16.40 | 27.44 | 15.46 | 34.07 | 6.62 | | | | | |
| هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لە ژێر کاریگەریی پەیامەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بڕیار دەدەن. | 6 | 54 | 55 | 123 | 79 | 3.68 | 1.08 | 73.56 | هاوڕام | 7 |
| | 1.89 | 17.03 | 17.35 | 38.80 | 24.92 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ڕەفتاری هاوڵاتیان بکەن و بێ بیرکردنەوە پەیامەکان قبوول بکەن. | 16 | 65 | 79 | 116 | 41 | 3.32 | 1.09 | 66.37 | نازانم | 10 |
| | 5.05 | 20.50 | 24.92 | 36.59 | 12.93 | | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ گوزارشت لە بۆچوونەکانم و بڵاوکردنەوەیان بۆ رایگشتیی بەکاردەهێنم. | 12 | 30 | 50 | 184 | 41 | 3.67 | 0.95 | 73.38 | هاوڕام | 8 |
| | 3.79 | 9.46 | 15.77 | 58.04 | 12.93 | | | | | |
| کاتێك فریانەکەوتم یان کاتم نەبوو بەرنامەیەك لە کەناڵێك ببینم، لە ڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنیی کەناڵە تەلەفزیۆنەکەوە سەیری دەکەم | 4 | 37 | 8 | 163 | 105 | 4.03 | 0.97 | 80.69 | هاوڕام | 3 |
| | 1.26 | 11.67 | 2.52 | 51.42 | 33.12 | | | | | |
| تایبەتمەندیی (گەڕان) لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات بەدوای زانیارییە کۆنەکاندا بگەڕێم. | 5 | 8 | 22 | 217 | 65 | 4.04 | 0.72 | 80.76 | هاوڕام | 2 |
| | 1.58 | 2.52 | 6.94 | 68.45 | 20.50 | | | | | |
| هەموو ئەو زانیاریانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بڵاودەکرێنەوە راست و درووستن. | 77 | 144 | 43 | 47 | 6 | 2.25 | 1.04 | 44.92 | هاوڕا نیم | 13 |
| | 24.29 | 45.43 | 13.56 | 14.83 | 1.89 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان وورد و راستگۆیانە زانیارییە سیاسییەکان ناگەیەنن. | 6 | 25 | 63 | 171 | 52 | 3.75 | 0.89 | 75.02 | هاوڕام | 6 |
| | 1.89 | 7.89 | 19.87 | 53.94 | 16.40 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەشداربوون لە هاندانی خەڵك بۆ بەشدارییکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. | 6 | 39 | 56 | 173 | 43 | 3.66 | 0.93 | 73.12 | هاوڕام | 9 |
| | 1.89 | 12.30 | 17.67 | 54.57 | 13.56 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان توانیویانە تێڕوانینی هاولاتیان بەرامبەر بە حیزبە سیاسییەکان بگۆڕن. | 26 | 64 | 88 | 119 | 20 | 3.14 | 1.07 | 62.71 | نازانم | 11 |
| | 8.20 | 20.19 | 27.76 | 37.54 | 6.31 | | | | | |
| کۆی گشتیی | **228** | **636** | **586** | **2207** | **781** | **٣,٦٠** | **٠,٩٤** | **٧٢,٠٦** | هاوڕام | |
| | **5.14** | **14.33** | **13.20** | **49.73** | **17.60** | | | | | |

بە پێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٨)، دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتیی دەردەکەوێت ئاستی تایبەت بە برگەکانی «رۆڵی میدیای نوێ بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان» ناوەندە ژمێرەیی

بریتییە لە (٣,٦)، ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتییە لە (هاوڕام) ، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠,٩٤) گرنگیی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٢,٠٦٪) لە کاتێکدا بەڕێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (١٧,٦٠٪)، (هاوڕام) بریتییە لە (٤٩,٧٣٪)، (نازانم) بریتییە لە (١٣,٢٠٪)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (١٤,٣٣٪)، هیچ (هیچ هاوڕانیم) بەڕێژەی (٥,١٤٪) دێت. بەو پێیەش میدیای نوێ و بە دیاریکراویش پێگە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بازاڕدارِیی سیاسی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بەرزترین ئاست تایبەت بە بڕگەکانی «ڕۆڵی میدیای نوێ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان» بڕگەی (پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابم)ە، کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی هەیە بە بەراورد بە بڕگەکانی دیکە بریتییە لە (٤,٢٢)، ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (مقایس لیکارت خماسی) بریتییە لە (تەواو هاوڕام)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە (٠,٥٨) و گرنگغی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٨٤,٤٢٪)، هەروەها نزمترین ئاستی بڕگەکانی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەی (هەموو ئەو زانیاریانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بڵاودەکرێنەوە ڕاست و درووستن)ە، دەردەکەوێت ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٢,٢٥)، ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (مقایس لیکارت خماسی) بریتییە لە (هاوڕانیم)، ، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە (١,٠٤) وە گرنگیی ڕێژەیەکەی بریتییە لە (٤٤,٩٢٪)، لە کاتێکدا بەڕێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (١,٨٩٪)، وە (هاوڕام) بریتییە لە (١٤,٨٣٪) وە (نازانم) بریتییە لە (١٣,٥٦٪)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (٤٥,٤٣٪) وە (هیچ هاوڕانیم) بەڕێژەی (٢٤,٢٩٪).

خشتەی (٩) بڕگەکانی تایبەت بە بازاڕدارِیی سیاسی بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە.

| به بازاڕگەی سیاسی | هیچ هاوڕا نیم | هاوڕا نیم | نازانم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | Mean<br>ناوەندە ژمێریاری | S.D<br>لادانی پێوانەی | % RI<br>گرنگیی ڕێژەیی | Re-sults<br>ئەنجام | Sort<br>ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | | |
| | % | % | % | % | % | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات هەنگاو و کاری داهاتووی حیزب و کەسایەتیە سیاسییەکان بزانم | 8 | 64 | 30 | 167 | 48 | 3.58 | 1.05 | 71.55 | هاوڕام | 4 |
| | 2.52 | 20.19 | 9.46 | 52.68 | 15.14 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارێکی باشن بۆ دەرخستنی ڕووی راستەقینەی کەسایەتیە سیاسییەکان. | 25 | 88 | 40 | 128 | 36 | 3.20 | 1.19 | 63.91 | نازانم | 11 |
| | 7.89 | 27.76 | 12.62 | 40.38 | 11.36 | | | | | |
| کەسایەتیە سیاسییەکان پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن. | 10 | 8 | 26 | 173 | 100 | 4.09 | 0.88 | 81.77 | هاوڕام | 1 |
| | 3.15 | 2.52 | 8.20 | 54.57 | 31.55 | | | | | |
| حیزبە سیاسییەکان توانیویانە بەشێوەیەکی درووست پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پرۆسەی بازاڕدارِیی سیاسیی بەکاربهێنن. | 20 | 92 | 55 | 109 | 41 | 3.19 | 1.17 | 63.72 | نازانم | 10 |
| | 6.31 | 29.02 | 17.35 | 34.38 | 12.93 | | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی درووست پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پرۆسەی بازاڕداریی سیاسیی بەکاربهێنن. | 21 | 58 | 64 | 133 | 41 | 3.36 | 1.12 | 67.26 | نازانم | 8 |
| | 6.62 | 18.30 | 20.19 | 41.96 | 12.93 | | | | | |
| بۆ ئاگاداربوون لە بۆچوون و زانینی رایگشتیی سەبارەت بە حیزبەکەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنم | 16 | 33 | 25 | 196 | 47 | 3.71 | 1.01 | 74.20 | هاوڕام | 5 |
| | 5.05 | 10.41 | 7.89 | 61.83 | 14.83 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان زانیاریی بەها بەرزیان سەبارەت بە کاروباری سیاسیی پێشکەشکردووە. | 11 | 111 | 71 | 109 | 15 | 3.02 | 1.01 | 60.38 | نازانم | 15 |
| | 3.47 | 35.02 | 22.40 | 34.38 | 4.73 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بە حیزبەکان پێشکەشکردووە. | 14 | 120 | 61 | 109 | 13 | 2.96 | 1.03 | 59.18 | نازانم | 16 |
| | 4.42 | 37.85 | 19.24 | 34.38 | 4.10 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هەوڵدەدەن بۆ مەرامی سیاسی تێروانینی خەڵك بۆ پرسە سیاسییەکان بەلارێدا بەرن. | 5 | 19 | 66 | 159 | 68 | 3.84 | 0.88 | 76.78 | هاوڕام | 3 |
| | 1.58 | 5.99 | 20.82 | 50.16 | 21.45 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەشداربوون لە بانگهێشتکردن و ساردکردنەوەی خەڵك بۆ بەشدارییەکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. | 9 | 96 | 64 | 114 | 34 | 3.21 | 1.08 | 64.29 | نازانم | 9 |
| | 2.84 | 30.28 | 20.19 | 35.96 | 10.73 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان رۆڵێکی کارا دەبینن لە ناساندنی کاندید و گەیاندنی پەیامی حیزبەکان لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن. | 7 | 25 | 37 | 182 | 66 | 3.87 | 0.91 | 77.35 | هاوڕام | 2 |
| | 2.21 | 7.89 | 11.67 | 57.41 | 20.82 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هیچ رۆڵێکیان نیە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ سەرکەوتنی لیست و کاندیدی قەوارە سیاسییەکان. | 64 | 162 | 39 | 29 | 23 | 2.32 | 1.12 | 46.44 | هاوڕا نیم | 19 |
| | 20.19 | 51.10 | 12.30 | 9.15 | 7.26 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان دەتوانن کۆنترۆڵی رەفتاری دەنگدەران بکەن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. | 19 | 72 | 100 | 102 | 24 | 3.13 | 1.04 | 62.52 | نازانم | 14 |
| | 5.99 | 22.71 | 31.55 | 32.18 | 7.57 | | | | | |
| حیزبە سیاسییەکان لە گرنگیی بازاڕداریی سیاسیی تێنەگەشتوون و گرنگیی پێنادەن | 14 | 89 | 70 | 117 | 27 | 3.17 | 1.07 | 63.41 | نازانم | 12 |
| | 4.42 | 28.08 | 22.08 | 36.91 | 8.52 | | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە گرنگیی بە پرۆسەی بازاڕدارییی سیاسیی بدەن، بۆ رەوایەتییدان بە خۆیان و پەیام و سەرکردە سیاسییەکانیان. | 8 | 79 | 69 | 117 | 44 | 3.35 | 1.08 | 66.94 | نازانم | 7 |
| | 2.52 | 24.92 | 21.77 | 36.91 | 13.88 | | | | | |
| پێگە ئەلیکرۆنییەکان بە ئەندازەی خودی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان رۆڵیان نییە لە بازاڕدارییی سیاسیدا بۆ حیزبە سیاسییەکان. | 21 | 107 | 50 | 112 | 27 | 3.05 | 1.14 | 61.07 | نازانم | 14 |
| | 6.62 | 33.75 | 15.77 | 35.33 | 8.52 | | | | | |
| حیزبە سیاسییەکان لە رێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەریی لەسەر ویژدان و سۆزیی دەنگدەران درووستدەکەن | 2 | 32 | 47 | 196 | 40 | 3.76 | 0.82 | 75.14 | هاوڕام | 4 |
| | 0.63 | 10.09 | 14.83 | 61.83 | 12.62 | | | | | |
| پێگەی ئەلیکترۆنیی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئاستی متمانەی حیزبە سیاسییەکانی لای هاوڵاتیان بەرزکردۆتەوە. | 17 | 111 | 96 | 73 | 20 | 2.90 | 1.02 | 57.98 | نازانم | 18 |
| | 5.36 | 35.02 | 30.28 | 23.03 | 6.31 | | | | | |
| بەهۆی هەواڵی هەڵە و چەواشەکارانەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان ئاستی متمانەی دەنگدەران بە حیزبە سیاسییەکان لاواز بووە. | 12 | 65 | 62 | 121 | 57 | 3.46 | 1.12 | 69.21 | هاوڕام | 6 |
| | 3.79 | 20.50 | 19.56 | 38.17 | 17.98 | | | | | |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشدار بوون لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی دەنگدەران و زیاتر پشت بە پەیامی حیزبەکان دەبەستن. | 29 | 106 | 71 | 76 | 35 | 2.94 | 1.18 | 58.86 | نازانم | 17 |
| | 9.15 | 33.44 | 22.40 | 23.97 | 11.04 | | | | | |
| **کۆی گشتیی** | **332** | **1537** | **1143** | **2522** | **806** | ٣,٣٠ | ١,٠٥ | ٦٦,١٠ | نازانم | |
| | **5.24** | **24.24** | **18.03** | **39.78** | **12.71** | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٩)، دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی دەردەکەوێت، ئاستی تایبەت بە برگەکانی «بازاڕدارییی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان» ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٣,٣٠) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (مقیاس لیکارت خماسی) بریتییە لە (نازانم)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١,٠٥) گرنگیی رێژەییەکەی بریتییە لە (٦٦,١٠٪) لە کاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (١٢,٧١٪)، (هاوڕام) بریتییە لە (٣٩,٧٨٪)، (نازانم) بریتییە لە (١٨,٠٣٪)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (٢٤,٢٤٪)، (هیچ هاوڕانیم) بەرێژەی (٥,٢٤٪) دێت. بەو پێیەش زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان کاردەکەن، تێگەیشتنیان بۆ زانستی بازاڕدارییی سیاسیی و رۆڵی لە بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی حیزبە سیاسییەکان نییە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە زانستی بازاڕدارییی سیاسیی بۆ هەرێمی کوردستان تارادەیەك نوێیە و حیزبە سیاسییەکان بەش یان دامەزراوەیەکی تایبەت بە بازاڕدارییی سیاسییان نییە.

سەبارەت بە برگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە برگەکانی بازاڕدارییی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان برگەی (کەسایەتییە سیاسییەکان پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن)ە کە لە پلەی یەکەمدا دێت، ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتییە لە(٤,٠٩) ئەو

ئەنجامەش بە گوێرەی (مقايس ليكارت خماسى) بریتییە لە (هاوڕام)، وە لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠,٨٨)، هەروەها گرنگیی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٨١,٧٧٪)، لەکاتێکدا بەڕێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (٣١,٥٥٪)، وە (هاوڕام) بریتییە لە (٥٤,٥٧٪) وە (نازانم) بریتییە لە (٨,٢٠٪)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (٢,٥٢٪) وە (هیچ هاوڕانیم) بەڕێژەی (٣,١٥٪). هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە بڕگەکانی «بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان» بڕگەی (پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ سەرکەوتنی لیست و کاندیدی قەوارە سیاسییەکان)ە، کە ناوەندە ژمێرەیی بریتییە (٢,٣٢) ئەو ئەنجامە بریتییە لە (هاوڕانیم)، لادانی پێوانەیی بریتییە (١,١٢) وە گرنگیی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٤٦,٤٤٪) لە کاتێکدا بەڕێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (٧,٢٦٪)، وە (هاوڕام) بریتییە لە (٩,١٥٪) وە (نازانم) بریتییە لە (١٢,٣٪)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (٥١,١٪) وە (هیچ هاوڕانیم) بەڕێژەی (٢٠,١٩٪).

خشتەی (١٠) داخڵکردنی داتا و بڕگەکان بۆ ناو پرۆگرامی (SPSS) و پێوانەی لیکەرتی پێنجی ڕووندەکاتەوە.

| Code | پێوەر | ناوەندە ژمێرەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ١ | هیچ هاوڕانیم | 1.79 – 1.0 | هیچ هاوڕانیم |
| ٢ | هاوڕانیم | 2.59 – 1.80 | هاوڕانیم |
| ٣ | نازانم | 3.39 – 2.60 | نازانم |
| ٤ | هاوڕام | 4.19 – 3.40 | هاوڕام |
| ٥ | تەواو هاوڕام | 5.0 – 4.20 | تەواو هاوڕام |

خشتەی (١٠) ڕوونیدەکاتەوە، لە خشتەکانی ژمارە ٨ و ٩ (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بەکارهێنراوە، بۆ داخڵکردنی داتا و بڕگەکانیش بۆ ناو پرۆگرامی (SPSS)، (هیچ هاوڕانیم) کۆدی ژمارە (١)ی پێدراوە، (هاوڕانیم) کۆدی ژمارە (٢)ی پیدراوە، (نازانم) کۆدی ژمارە (٣)ی پیدراوە، (هاوڕام) کۆدی ژمارە (٤)ی پیدراوە، (تەواو هاوڕام) کۆدی ژمارە (٤)ی پیدراوە. بە گوێرەی (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) (لە ١-١,٧٩ = هیچ هاوڕانیم)، (لە ١,٨٠-٢,٥٩ = هاوڕانیم)، (لە ٢,٦٠ – ٣,٣٩ = نازانم)، (٣,٤٠ – ٤,١٩ = هاوڕام)، (لە ٤,٢٠ – ٥,٠ = تەواو هاوڕام).

سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوە

گریمانەی یەکەم:پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕداریی سیاسیی هەیە.

خشتەی (١١) پەیوەندیی نێوان میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە.

| گۆڕاوەکان | بازاڕداریی سیاسیی | |
|---|---|---|
| | پەیوەندیی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری ( الدالة الاحصائية (P-value) ) |
| میدیای نوێ | 0.635 | 0.000 |

خشتەی (١١) پەیوەندیی نێوان میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە: دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕداریی

سیاسیی)، کە بەهاکەی دەکاتە (٠,٦٣٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پەیوەندییەکی ئاماریی راستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕداریی سیاسیی)، هەروەها پەیوەندییەکی بەڵگەدارە، لەبەرئەوەی (ئاستی بەڵگەداریP-value ) بچوکترە لە بەهای (٠,٠٥)، بۆ تێگەیشتن لە بەهای پەیوەندیی گۆڕاوەکان(قيمة معامل الارتباط) بە خشتەیەک لە خوارەوە روونکراوەتەوە بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢). لەسەر ئەو بنەمایەش پەیوەندیی ئامارەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕداریی سیاسیی، تا زیاتر حیزبە سیاسییەکان گرنگیی بە میدیای نوێ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بدەن و بە شێوەیەکی درووست بەکاری بهێنن بازاڕداریی سیاسیی سەرکەوتووتر و کاریگەرتر دەبێت.

خشتەی (١٢) بەهای پەیوەندی گۆڕاوەکان (قيمة معامل الارتباط) روونده‌کاته‌وه

| بةهاي ثةيوةندي | ئةنجام ثةيوةندي | بةهاي ثةيوةندي | ئةنجام ثةيوةندي |
|---|---|---|---|
| ٠,١ بۆ ٠,٥ | ثةيوةنديةكي راستةوانةي لاوازة | -٠,١ بۆ -٠,٥ | ثةيوةنديةكي ثيَضةوانةي لاوازة |
| ٠,٥ بۆ ٠,٩ | ثةيوةنديةكي راستةوانةي بةهيَزة | -٠,٥ بۆ -٠,٩ | ثةيوةنديةكي ثيَضةوانةي بةهيَزة |

خشتەی (١٣) رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ڕوونده‌کاته‌وه

| نموذج Model | المعلمات | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحديد | (ANOVA Table (F-test | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | درجه الحريه | بەهای تاقیکردنەوەی ف | |
| | B | T (اختبار) T-test | (الدلاله) .Sig | $R^2$ | D.F | قيمة F | |
| جێگیر (ثابت) | 1.343 | 9.931 | 0.000 | 0.404 | 1 | 213.288 | |
| میدیای نوێ | 0.545 | 14.604 | 0.000 | | 315 | 0.000 | (الدلاله) .Sig |

خشتەی (١٣) رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان روون دەکاتەوە لە رێگەی مۆدێلی (Regression Model)، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test): روونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (٠,٠٥).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (میدیای نوێ) دەکاتە (١٤,٦٠٤) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٠) دەردەکەوێت )میدیای نوێ( رۆڵی هەیە لە (بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (٠,٠٥) ، کەواتە میدیای نوێ رۆڵی هەیە لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحديد R2-) کە دەکاتە (٠,٤٠٤) واتە بەرێژەی (٤٠,٤٪) رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕەنگ دەداتەوە، بەواتایەکی تر میدیای نوێ (٤٠,٤٪) رۆڵی هەیە لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ١٠٠ - ٤٠,٤٪ = (٥٩,٦٪)٪ واتە بەرێژەی (٣٦,٩٪) بۆ هۆکاریتر دەگەڕێتەوە کە رۆڵیان هەیە لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.

## دەرەنجام

ئـەو کەسـانەی لـە دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و راگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کاردەکـەن، بـە رێـژەی (٥٩,٩٪) تـا رادەیـەك پێگـە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵـە تەلەفزیۆنییـەکان بەکاردەهێنـن.

سـەیرکردنی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لای کادرانـی هەڵبـژاردن و راگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان بـە رێـژەی (٤٤,٥٪) لـە پلـەی یەکەمـدا دێـت، بـە دوای ئـەودا موزیـك و فیلـم، دواتریـش بابەتـی سیاسـیی دێـت.

زۆرینـەی ئـەو کەسـانەی لـە دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و راگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کاردەکـەن بـە رێـژەی (٥٨,٧٪) پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان وەك سـەرچاوەیەك بـۆ دەوڵەمەندکردنـی زانیارییەکانیـان دەربـارەی سیاسـەت بەکاردەهێنـن.

بـە رێـژەی (٤٧,٣٪) ئـەو کەسـانەی لـە دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و راگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کاردەکـەن تـا رادەیـەك پشـت بـە پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان دەبەسـتن بـۆ بازاڕداریـی سیاسـیی.

لـە هەرێمـی کوردسـتان بەکارهێنانـی پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان بـۆ مەبەسـتی (ئاراسـتەی سیاسـیی) بـە رێـژەی (٤٥,٧٪) لە پلـەی یەکەمـدا دێـت، دواتـر ئاراسـتەی (ئاراسـتەی بازرگانیـی) ، پاشـان (ئاراسـتەی هونەریـی) بەدوایـدا ئاراسـتەکانی (کۆمەڵایەتیـی) و (ئایینیـی) دێـت.

زۆرینـەی ئـەو کەسـانەی کـە لـە دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و راگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کاردەکـەن، بـە رێـژەی (٥٤,٣٪) پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان وەك سـەرچاوەیەك دەبینـن بـۆ بازاڕداریـی سیاسـیی.

رێـژەی (٧٢,٠٦٪)ی بەرتوێـژان، هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی میدیـای نـوێ و بـە دیاریکراویـش پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان لـە ئاسـتێکی بـەرزدا رۆڵیـان هەیـە لـە بازاڕداریـی سیاسـیی بـۆ حیزبـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان.

رێـژەی (٦٦,١٠٪) ئـەو کەسـانەی لـە دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و راگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کاردەکـەن، تێگەیشـتنیان بـۆ زانسـتی بازاڕداریـی سیاسـیی و رۆڵـی لە بەرەوپێشـبردن و گەشـەکردنی حیزبە سیاسـییەکان نییە .

پەیوەندییەکـی ئامـاریی بەڵگـەداری هەیـە لـە نێـوان (میدیـای نـوێ و بازاڕداریـی سیاسـیی)، کـە بەهاکـەی دەکاتـە (٠,٦٣٥)، لەسـەر ئـەو بنەمایـەش تـا زیاتـر حیزبـە سیاسـییەکان گرنگیـی بـە میدیـای نـوێ پێگـە ئەلیکترۆنییەکانـی کەناڵـە تەلەفزیۆنیـەکان بـدەن و بـە شـێوەیەکی درووسـت بـەکاری بهێنـن بازاڕداریـی سیاسـیی سـەرکەوتوتر و کاریگەرتـر دەبێـت.

میدیـای نـوێ و پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان بـە رێـژەی (٤٠,٤٪) رۆڵـی هەیـە لـە بازاڕداریی سیاسـیی بـۆ حیزبە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، بەرێـژەی (٣٦,٩٪) بـۆ هـۆکاری تـر دەگەڕێتـەوە کـە رۆڵیـان هەیە لـە بازاڕداریی سیاسـیی.

دووەم/ پێشنیار و راسپاردەکان

دوای خسـتنەڕووی دیارتریـن دەرەنجامەکانـی توێژینـەوە، توێـژەر بە پێویسـتی دەزانێت چەند پێشـنیار و راسـپاردەیەك بخاتـەڕوو، تاوەکـو حیزبـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و توێژەرانـی بـواری میدیا و سیاسـەت سـوودی لێببینن:

جێبەجێکردنـی توێژینـەوە لەسـەر تەکنیـك و شـێوازی بازاڕداریـی سیاسـیی لـە ڕێگـەی میدیـاوە لەلایـەن حیزبـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان.

کردنـەوە و دامەزراندنـی بەشـی تایبـەت بـە بازاڕداریـی سیاسیی لەلایـەن حیزبـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، لـە پێنـاو بـرەودان بـە خۆیـان و پەیـام و سـەرکردە سیاسـییەکانیان.

ئاشـناکردنی کادرانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و ڕاگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان بـە بازاڕداریـی سیاسـیی و تەکنیکەکانـی، چونکـە بەپێـی ئەنجامەکانـی ئـەم توێژنیەوەیـە زیاتـر لـە نیـوەی ئـەو کەسـانەی لـە دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە هەڵبـژاردن و ڕاگەیاندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کاردەکـەن، تێگەیشـتنیان بـۆ زانسـتی بازاڕداریـی سیاسـیی و ڕۆڵـی لـە بەرەوپێشـبردن و گەشـەکردنی حیزبـە سیاسـییەکان نییـە.

بەکارهێنـان و جێبەجێکردنـی سـتراتیژ و تەکنیکەکانـی بازاڕداریـی سیاسـیی لـە کاتـی هەڵمەتەکانـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن لەلایـەن حیزبـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان.

# The role of new media in political marketing for political parties in the Kurdistan Region

## (Websites of television channels as a case study)


**Abstract**

This study aims to reveal the role of new media in political marketing for political parties in the Kurdistan Region and to determine the extent of the use of electronic websites in political marketing among political parties in the Kurdistan Region. This research is a type of "Analysis" research, using the "survey" method, in this research we have used an intake survey to collect data. We purposely concentrated on cadres of the electoral and media bureau of all five main political parties in the Kurdistan Region, such as the Kurdistan Democratic Party (KDP), the patriotic Union Kurdistan (PUK) and the Gorran Movement (GM), also the other two opposition parties, such as Kurdistan Justice body, and Kurdistan Islamic Union. As they are political bodies and their work is derived from political marketing they conduct for their political parties. Our study concluded that more than half of those working in divisions related to elections and media agencies of a political party do not have a high or adequate understanding of political marketing and its role in the promotion and development of political parties. New media, especially digital Websites play a significant role in political marketing for political parties in the Kurdistan Region.


**Keywords: New media, political marketing, websites, TV channels, political parties.**

# دور الإعلام الجديد في التسويق السياسي للأحزاب السياسية في إقليم كوردستان (مواقع القنوات التلفزيونية،دراسة حالة)


## ملخص البحث

تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن دور اعلام الجديد في تسويق السياسي للأحزاب السياسية في إقليم كوردستان وتحديد مدى استخدام المواقع الإلكترونية في مجال التسويق السياسي لدى الأحزاب السياسية في إقليم كوردستان. هذا البحث نوع من «البحث تحليلي»، عن طريق استخدام منهج «المسح»، وقد تم استخدام نماذج استبياني لجمع المعلومات. وعينة البحث عمداً يشمل كوادر المكتب الانتخابي والإعلامي لجميع الأطراف الرئيسية الخمسة في إقليم كوردستان مثل حيزب الديمقراطي الكردستاني وحيزب اتحاد الوطني الكردستاني وحركة كوران. وحيزبين معارضين كل من جماعة عدل الكردستاني واتحاد اسلامي كوردستاني. من ناحية أخرى المواقع الالكترونية للقنوات الفضائية التابعة للأحزاب السياسية الخمسة. مبررا أنها مؤسسات حيزبية وعملها مبنية على التسويق السياسي لأحزابها. استنتج الدراسة أن أكثر من نصف العاملين في المؤسسات الانتخابية والاعلامية للاحزاب السياسية ليس لديهم فهم كاف للتسويق السياسي ودورها في تعزيز وتطوير الأحزاب السياسية، وخاصة المواقع الالكترونية الجديدة الخاصة بها تلعب دورا مهما في التسويق السياسي للأحزاب السياسية في إقليم كوردستان.



الكلمات المفتاحية: الإعلام الجديد ، التسويق السياسي ، المواقع الإلكترونية ، القنوات التلفزيونية ، الأحزاب السياسية.


## لیستی سەرچاوەکان


بازاريابى سياسى، اهداف بازاريابى سياسى، ابرازهاى بازاريابى سياسى. https://www.newslaw.net/بازاريابى-سياسيى-اهداف-بازاريابى-سياسيى-ابزارهاى-بازاريابى-سياسى.a٢٧٣٤١٨

Harris, Phil, Perrin, David, Phiri, Simenti, The Americanisation of Southern African Political Campaigns: A Comparative Study of Malawi and South Africa General Elections, Journal of Marketing Development and Competitiveness, ٨(١),٢٠١٥, P٧٤-٧٥.

د.راسم محمد الجمال و د.خيرت معوض عياد، التسويق السياسى والاعلام الاصلاح السياسى فى مصر، الدار المصرية اللوبنانية، القاهرة ، مصر، ٢٠٠٥، ص١٨-١٩.

رەمەزان، عومەر ئەحمەد، رۆڵی رۆژنامەی ئەلکترۆنیی کوردی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسیی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، ٢٠١٢.

البحيصى، إسراء محمود عيسى ، دور مواقع التواصل الاجتماعي في التسويق السياسي للحملات الانتخابية، رسالة ماجستير، (جامعة الازهر- غزة، كلية الاداب والعلم الانسانية، قسم العلوم السياسية)، ٢٠١٩. http://www.alazhar.edu.ps/arabic/He/archive_masterstd.asp?stdno=٢٠١٦٠٢٥٦

السيد طاحون، محمد ، التسويق السياسي للأحزاب السياسية المصرية من خلال شبكات التواصل الاجتماعي، المجلة العلمية لبحوث العلاقات العامة و الإعلان، العدد ٢١، ٢٠٢١. https://journals.ekb.eg/article_١٧٧٧٦٩.html

Yang lin, https://www.britannica.com/topic/media-dependency-theory , in ٢٠٢١/٩/١٤

أبو أصبح، صالح خليل ، الإتصال و الاعلام فى المجتمعات المعاصرة، ط٥، عمان، دار مجدلاوى للنشر و التوزيع،

٢٠٠٤، ص١٦٤.

مكاوی، حسن عماد و العبد، عاطف عدلی ، نظريات الاعلام، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٤١٢-٤١٣.

المقصود، نها عبد ، نظرية الاعتماد على وسائل الإعلام: الأسس والمنطلقات، المعهد المصرى للدراسات، ٢٠١٨، ص٤.

بن مساعد المحيا، أسامة ، نظريات التأثير الاعلامية، ١٤٣٣هـ، ص٣٢.

Melvin ، l. Defleur ، sandarac ، J. Ball Rokeach ، " Theories of Mass communication " ، (U. S. A: N. y ، ) .٢٤٠ ،p (١٩٨٩ ، Th Ed ٥ ، long man

مـكاوی، حسـن عـماد، و السـيد، ليـلى حسـين ، الإتصـال ونظرياتـة المعـاصرة، ط٥ (القاهـرة، دار المصريـة اللبنانيـة، ٢٠٠٦)، ص٣٢٠.

Alsadie, Qasim, Political Marketing Strategy in Electoral Competition (A Study of the Tactics of p٦٠.٢٠١٩ :(٤).No ,(٢٧).President Donald Trump), Journal of University of Babylon for Humanities, Vol

ئەحمەد، بەهادیـن ، پەیوەندیکردنـی سیاسـیی و راگەیاندنـی کـوردی، دەزگای چـاپ و پەخشـی ناریـن، چ١، ٢٠١٧، ل٧٠.

Dabula, Nandi, The influence of social media political marketing on trust, loyalty and voting intention .of youth voters in South Africa, P٤٦

الحمد، مناف، التسويق السياسى النظرية والممارسة بين العالمين، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ٢٠١٨، ص٣.

الجـمال، راسـم محمـد و عيـاد، خـيرت معـوض ، التسـويق السـياسى والاعـلام الاصـلاح السـياسى فى مـصر، القاهـرة، الـدار المصريـة اللوبنانيـة، ٢٠٠٥، ص٢٢.

الجمال، راسم محمد و عياد، خيرت معوض ، هەمان سەرچاوە، ل٢١.

BIGI, ALESSANDRO, political Marketing: Understanding and Managing Stance and Brand Positioning, .pg٢٣ ,٢٠١٦ ,Stockholm, Sweden

Political Marketing and British Political Parties: The Party's Just Begun. (٢٠٠١) .Lees-Marshment, J .Manchester University Press.p٢٢

ئەحمەد, بەهادین ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

A Theoretical Approach to Political Marketing. Global Journal (٢٠١٥) Durmaz, Yakup & Direkçi, Emre .p٣٤ ,١٥ of Management and Business Research: E Marketing

الجواد، مجدي عبد، التسويق السياسى: المفهوم والمكونات، المعهد مصرى للدراسات، ٢٠١٩، ص٢٣.

الجواد، مجدي عبد، التسويق السياسى: المفهوم والمكونات، هەمان سەرچاوە، ل٢٨.

Nazar, Muhammad Suhail, Scope of Political Marketing in the Context of Pakistani Political Environment, in http://www.aabri.com/LV٢٠١٠Manuscripts/ ,P٣ ,٢٠١٠ ,The Islamia University of Bahawalpur pdf.LV١٠٠١٦

website/٥٤١١/What Does Website Mean? In: https://www.techopedia.com/definition

the definition of website. [online] Available at: https://www.dictionary. .(٢٠٢١) .www.dictionary.com .[٢٠٢١ .Oct ٢٠ com/browse/website [Accessed

ئەحمەد، بەرهەم خالید ، رۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی درووستکردنی بڕیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن، ٢٠٢١، ل٥٥.

الطائي، يوسف حجيم و العبادي، هاشم فوزي: التسويق الالكتروني، عمان: مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، ٢٠٠٩،ص٣٩٨.

مآريك، فيليب: الحملة الاعلامية و التسويق السياسي، ت: عبد الحكم احمد الخزامى، القاهرة - مصر، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص٤٣.

سلام، أسامة محمد: التسويق السياسى كأداة حديثة لإدارة الحملات الانتخابية، دراسة تطبيقية أثناء انتخابات مجلس الشيوخ فى جمهورية مصر العربية ٢٠٢٠، ص١٨ pdf.٤٩٦٥٦٦٥٧٧d٦٩d٦c٥٧ca٧٠٦٢ea٣٧e٣٠٧١_١٦٢١٧٨_https://caf.journals.ekb.eg/article

محد، فاطمة عبد الكاظم، و صاحب، حنان حيدر: التسويق السياسي وتشكيل اجتاهات الراي العام يف مواقع التواصل الاجتماعي، دراسة تحليلية لصفحتى رئيسى الوزراء ومجلس النواب العراقى فى الفيس بوك (بحث مستل)، كلية الاعلام، جامعة بغداد، مجلة الباحث الاعلامى،٢٠١٨، العدد ٣٩،ص١٨٩. https://abaa.uobaghdad.edu.iq/index.php/abaa/article/view/٧٩

ئەحمەد، ئاراز رەمەزان ، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی، رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٩، ل٧٠.

فهدالسارى، عبدالكريم ، الألوسى، سؤدد فؤاد: الإعلام والتسويق السياسى والانتخابى، عمان، الاردن، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢١٠٣، ص

محمود، عبداللة جاد ، عبدالغنى، أمين سعيد ، الهلالى، احمد الهلالى الشربينى ، استخدام الفيسبوك فى التسويق السياسى لمرشحى الانتخابات الرئاسية، بحث مستل من رسالة ماجستير، مجلة بحوث التربية النوعية - جامعة المنصورة، عدد ٢٣، ٢٠١٤، ص ٨٩٢. html.١٤٣٥٥٠_https://journals.ekb.eg/article

جبير، على سعدى عبدالزهرة ، التسويق السياسى: المفهوم والأبعاد، مجلة مدرات للعلوم والإنسانية تصدر عن المركز الجامعى غليزان – الجزائر، العدد ٠٣، ٢٠٢٠، ص٦١٦. ١٤٥٧٤٢/https://www.asjp.cerist.dz/en/article

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.171

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕوانگەیەکی پێشنیارکراو بە پێی قوتابخانەی هەست بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن لای خوێندکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکان

**پێشرەو حسێن**

بەشی پەروەردەی هونەر/ کۆلێجی هونەر/ زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان/ عێراق.

Peshraw47.langcenter@ univsul.edu.iq

## پوختە

هەتا ئێستا لە کوردستان ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکیی وەک میتۆدی خوێندنی بابەتی نواندن لە پەیمانگاکانی هەرێم، بەشی شانۆ، بۆ قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم پەیڕەو دەکرێت، ئەم توێژینەوەیە بە لێکدانەوە و ناسینی بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکیی و بە مەبەستی هەنگاونانی پراکتیکیی و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە کۆپیکردنەوەی میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکیی بەبێ نوێکردنەوە و داهێنانی ئیتۆدی گونجاو، ناتوانێت جۆرە خوێندکار یان شانۆکارێکی داهێنەر بەرهەم بهێنێ و لە ڕێگەی ناساندنی ستێلا ئادلەر وەک پەیڕەوێکی قوتابخانەکەی ستانیسلاڤسکیی کە بە ئیتۆدی نوێ، کارایی ئەم سیستەمەی گەشە پێداوە و بە پشتبەستن بەو باوەڕەی ستانیسلاڤسکیی کە خوێنەر لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ڕێبازەکەی ئازادە، بە دارشتن و پیشنیارکردنی چەند ئیتۆدێک هەوڵی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکاری ئەم بەشە و دواتر ڕاهێنەر و شانۆکارەکان، دەخەینە بەردەست. هەوڵی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ دەرگا بە ڕووی نوێبوونەوەی وانەی نواندندا دەکاتەوە و هانی ڕاهێنەرەکانی ئەم بوارە و خوێندکاران دەدات سڵ لە دارشتنی ئیتۆدی نوێی پەیوەست بە ڕێبازی ڕیالیزمییانەی نواندن نەکەنەوە و بەم هۆیەوە ببینە خاوەن ئیتۆدی نوێ.

**کلیلە وشەکان: هونەرەجوانەکان، ریبازی ستانیسلاڤسکیی، شانۆی موخات، ئیتۆدی نواندن، ئەفراندنی شانۆیی**

Recieved: 29/7/2022
Accepted: 19/9/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

قوتابخانەی هەست کە ڕێبازێکی شانۆییە و ستانیسلاڤسکی وەک ڕێکاری زانستی کاری نواندن لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی کۆی بەرهەمە زانستییەکانی لەساڵی ١٩٣٧ (کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لەمیانەی کاریگەری وەرگرتندا) بناغەی دادەڕێژێت، بە یەکەم میتۆدی زانستیانەی بواری نواندن ئەژمار دەکرێن.(پالیکوا / ٢٠١٧/ ٢٢)

لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کوردستانیش بەشی شانۆ خوێندنی ئەم ڕێبازەی وەک بنەڕەتی فێربوونی هونەری نواندن دەستنیشانکردووە کە بەدڵنیاییەوە ئەمە پێویستی بەوەیە راهێنەر و خوێندکارانی ئەو بەشە بنەما بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێبازە شانۆییە بناسن، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاماژەدان بەم باوەڕی ستانیسلاڤسکی کە دەنووسێت: بە هیچ شێوەیەک، بانگەشەی ئەوە ناکەم ئەمانە بەرهەمی زانستی بن، ئامانجم گواستنەوەی سەرجەم هەوڵ و کۆششەکانی ساڵانی ئەزموونی هونەریی خۆمە لە بواری دەرهێنان و نواندنی شانۆدا.. یەکێک لەو ئامانجە گشتیانەی «سیستم» دوای کەوتووە بریتییە لە وروژاندنی ئۆرگانیزمی سرووشتی هونەر، لە ڕێگەی نەستەوە. (اسکوئی/ ٢٠١٥/ ١٩)

دیارە بەپێی ئەم قسەیەی ستانیسلاڤسکی، کۆی بەرهەمەکانی ئەم دەرهێنەر و ئەکتەرەی بواری شانۆ، کۆکردنەوەی کارکردن و ئاکامەکانی کارکردنیەتی لە بواری شانۆ و خۆی بانگەشەی ئەوە ناکات، کە ئەم بەرهەمانە تاکە ڕێگەی ئەفراندنی شانۆییانەن، بەڵکو ئەمانە دەرئەنجامی کارکردنی گروپێکی شانۆییە لە جوگرافیایەکی جیاواز و سەردەمێکی جیاواز هەربۆیە دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی پێویستە خۆمان لە کۆپیکردنەوەی ئەو ڕێبازە بپارێزین، بەڵکو بە پشتبەستن بەو ئازادییەی ستانیسلاڤسکی دەیبەخشێتە خوێنەر، بگەینە ئەو باوەڕەی کە نوێکردنەوەی ئیتۆدەکانی، یان دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ، لە ڕێگای هەوڵدانی راهێنەر و خوێندکار و خوێنەری کۆی بەرهەمە زانستییەکانی ستانیسلاڤسکی و لە چوارچێوەی میتۆدە بنەڕەتییەکانی ڕێبازەکەی، وەک چۆن ستێلا ئادلەر لە ئەمریکا ئەزموونی دەکات، ببێتە بەردەبازێک بۆ دروستکردنی خوێندکار یان ئەکتەری ئەفرێنەر. کەواتە لە چوارچێوەی ئەو باوەڕەی کە پاش تێگەیشتن لە بنەماکانی قوتابخانەی هەست، وەک چۆن لە ئەمریکا ستێلا ئادلەر پەیرەوی کردوە، کارکردن لەسەر ئیتۆدی نوێ، هاوشان لەگەڵ ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی دەتوانێت پەرە بە لێهاتوویەکانی ئەکتەر بدات بە پێشنیارکردنی ئیتۆدەکانی (کاریزما، بەهرە، ئەفراندن) مەبەستمانە ڕێگا بۆ راهێنەر و ئەکتەرەکان بکەینەوە تا ئەوانیش بەپێی کات و شوێنی نمایشەکانیان سوود لەم ئیتۆدانە ببینن و بۆخۆشیان ببنە داهێنەری ئیتۆدی گونجاو لەتەک نمایشەکانیان. لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ئیتۆدی تایبەت بە کەمکردنەوەی کەموکوورییە تەکنیکییەکانی نواندن، بە مەبەستی گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر، هۆکاری سەرەکی بونیادنانی نمایشێکی ئاکادیمی و ئەفرێنەرانەن.

کەواتە ئەم توێژینەوەیە بە ناساندی بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤکی دەست پێ دەکات و لەڕێگەی شیکردنەوەی رەهەندەکانی ئەم ڕێبازەوە وەک قوتابخانەیەک کە هەست دەکاتە بنەمای نواندن ڕێگە بۆ ئەو بۆچوونە جیاوازانە دەکاتەوە کە دەربارەی گوتراون بۆ ئەوەی ئەمە دەرگا بە رووی ئەو هەوڵانەی ستێلا ئادلەر بکاتەوە کە ئەم توێژینەوەیە نموونەی ئیتۆدەکانی بە هەند وەردەگرێت و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئیتۆدی نوێ دابڕێژێت تا ئەمە ببێتە ڕێگەیەک بۆ خوێندکار و راهێنەرانی وانەی نواندن خۆیان لە پابەندبوونی رەها بپارێزن و ئیتۆدی هاوشێوە دابڕێژن.

## پێناسەی زاراوەکان

### روانگە:

ئەلف: پێناسەی (عباس، ماهیار/ ٢٠١٩)

جۆرە نیگایەکی واقیگەرایانەیە دەکرێت بەدەست بهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، یان بریتییە لە دەربڕینێکی روونی چارەنووس و داهاتووی سیستم یان بابەتێکی دیاریکراو. روانگە هونەری بینینی ئەو شتەیە کە دیاریکراو نییە.(ماهیار/٢٠١٩/ ٢٨)

ب: پێناسەی (ایرناریما، مکاریک/ ٢٠١٨)

توانای وێناکردنی داهاتوویەکی روون کە شایستەی تێگەیشتن و درکپێکردنە، رێکارێکی هەژێنەر کە بتوانێت تاکەکان بەمەبەستی بەشداریی چالاکانە هانبدات. دیدنمایەکی گشتگیرە کە خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەسازێنێت. لە راستیدا روانگە پێویستە قابیلی وێناکردن، خوازراو، قابیلی جێبجێکردن و روون و دیاریکراو و شایانی گواستنەوە بێت.(مهاجر/٢٠١٨/ ١٤٢)

### قوتابخانەی هەست:

قوتابخانەی هەست کە رێبازێکی شانۆییە و ستانیسلاڤسکیی وەک رێکاری زانستیی کاری نواندن لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی کۆی بەرهەمە زانستییەکانی لەساڵی ١٩٣٧ (کارکردنی شانۆکار لەسەر خۆی، لەمیانەی کاریگەری وەرگرتندا) بناغەی دادەڕێژێت، بە یەکەم میتۆدی زانستییانەی بواری نواندن ئەژمار دەکرێت و لەوێدا دەنووسێت: «هەڵبەتە، لە هەمووی باشتر ئەوەیە لە ناخی خۆمانەوە دەستپێبکەین. ئەگەر ناتوانن راستەوخۆ هەست بەمە بکەن بەڵکو بە رێگا ناڕاستەوخۆکەدا بۆی بچن. بۆ ئەمەش قولاپی زۆرتان لە بەردەستدایە، لەوانەش؛ خەیاڵاندن، ئامانج و بابەتەکان، کە دەتوانن بۆ هەژاندنی هەستەکانتان، بەکاریانبهێنن. هەست، هەرگیز بە بێ ئەنگێزە و خۆڕسکانە، لە حەشارگەکەی دەرناچێت، بەڵکو کلیلەکەی بە دەست خەیاڵدانمانەوەیە. لەم روانگەوەیە، باوەڕمان بەوە هەیە، کە هونەرمەندی پەیڕەوی قوتابخانەی هەست، هونەرمەندێکی بیرمەند و زانایە.» (استانیسلاڤسکیی/٢٠٠٥/ ٦٣٣)

### هونەری نواندن:

ئەلف: پێناسەی (فردریش هگل/ ٢٠١٩)

بوون، روخسار، جەستە و دەنگی شانۆکار ، نواندن دەخولقێنێت. نواندن بەرجەستەکردنی دەنگ، شێوەی ئاخافتن، دۆخەکان، شێوەکان و پاشانیش سەرتاپای کردەوە و ئەندێشەکانی کارەکتەرێکە، هەرچەند زیندووە کەچی شانۆکار ناچار دەبێت بوونی خۆی فەرامۆش بکات تا بتوانێت هەستێکی جیاواز بنوێنێت، واتا وێنای مرۆڤێکیتر بنوێنێتەوە.. شانۆکار ، چەشنی هەموو مرۆڤێکی زیندوو، خاوەن دەنگ و رواڵەت و شێوە و بارێکی تایبەتە کە چیتر سروشتی مرۆڤە و ئاوێتە و تایبەتە بەو. شانۆکار بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەو رۆڵە بگونجێنێ کە لەئەستۆیدایە، دەبێت هەموو ئەمانە بگۆڕێت».  (آقا ابراهیمی/ ٢٠١٩/ ٦٢)

ب: پێناسەی (کنستانتین استانیسلاوسکی/ ٢٠١٨)
شانۆکار ئەو کەسەیە کە توانای دەربڕینی بیروبۆچونی ئەوانیتری هەیە. دەتوانێت بەتەواوەتی خۆی ببەخشێتە هەژانەکانی کەسێکیتر و هەڵسوکەوتی کەسانیتر بەشێوەیەک بنوێنێت وەک ئەوەی خۆیەتی بەوجۆرە هەڵسوکەوت دەکات. (حسینی مهر، اسکوئی/ ٢٠١٨/ ٧٥)

ج: پێناسەی (جیمز روز.اونز/٢٠٠٧)
ئەلکسەندەر تایرۆف دەڵێت؛ نواندن پێکهاتێکە لە هەست و شێوەی بەرهەمهاتووی ئەندێشە و خەیاڵاندنی ئەفرێنەرانەی شانۆکار (اسلامیە/ ٢٠٠٧/ ١٣٢). لێهاتوویی توانای جێبەجێکردنی کارەکانە بە باشی، لە ماوەیەکی دیاریکراو، بە تێچوویەکی گونجاو و چالاکییەکی گونجاو. کاتێک دەڵێین کەسێک لە بوارەکەیدا لێهاتووە، مەبەستمانە بڵێین ئەو کەسە لە کارەکەیدا شارەزایە. شانۆکار ی شارەزا، لە بەرجەستەکردنی هەموو چەشنە کارەکتەرێک لێهاتووە، شانۆکار ی لێهاتووش هەمان ئەو کەسەیە کە توانای کۆنترۆڵکرنی دەنگ و جەستەی هەیە و شارەزای کار و پیشەکەی خۆیەتی.

**ئیتۆد:**
مانای ئەم وشەیە کە بە فەرەنسی بەم شێوەیە دەنووسرێت (Etode) بەتایبەت لە بواری شانۆدا بریتییە لەو بڕگانەی راهێنان کە ئامانج لە جێبەجێکردنیان بەرزکردنەوەی ئاستی نواندنی شانۆکار و بنەبڕکردنی کەموکووڕیی تایبەت بە کاری نواندنە. (برناردی/ ٢٠٠٩/ لا ١٣٢)

## بەشی یەکەم: بەشی تیۆریی و پێداچوونەوەی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکیی

### تەوەرەی یەکەم: ناسینێکی ستانیسلاڤسکیی

ناوی (کۆنستانتین ئەلکسیەف) ە و لەساڵی ١٨٦٣ لە مۆسکۆ لەدایکبووە. لە (٥)ی ئەیلولی ١٨٧٧ - دا بۆ یەکەم جار بەشداری نمایشێکی خێزانی کردووە؛ پاشان وردە وردە هەوادارانی شانۆ لە دەوری کۆبوونەوتەوە و گروپێکیان بە ناوی «ئەنجومەنی ئەلکسیەف» دامەزراندوە. لە ساڵی ١٨٨٥، ئەلکسیەف ناوی خوازراوی ستانیسلاڤسکیی بۆ خۆی هەڵبژارد. ستانیسلاڤسکیی سەرەتا هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا لاسایی هونەرمەندە گەورەکان بکاتەوە و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام دواتر لەوە تێگەیشت، کە نواندن دەبێت جۆرە کارکردنێکی داهێنەرانەی لە پشت بێت. بەردەوام تێڕوانینێکی تەواو رەخنەگرانەی بەرامبەر بە بەرهەمەکانی خۆی هەبوو، هەروەها لەوباوەڕەدابوو «پێویستە شانۆکار شرۆڤەکاری بڵندترین هەستە مرۆییەکان و رابەر و راهێنەری بینەران بێت.» لەساڵی ١٩٠٠دا، بەهۆی چێخەفەوە گۆرکی دەناسێت و بەرهەمی ئەم یەکترناسینەش دوو شانۆنامەی (وردە بۆرژواکان) و (زەلکاو) بوو. لە ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ دا، ستانیسلاڤسکیی لەوکاتەدا، لەیادی سییەمین ساڵیادی دامەزراندنی مخات١، تووشی جەڵدەی دڵ دەبێت. بە ناچار دەست لەکاری نواندن هەڵدەگرێت و سەرجەم کاتەکانی بۆ کاری دەرهێنان و فێرکاریی تەرخان دەکات و هەرگیز دەستی لە هەوڵ

١ . شانۆی موخات یان شانۆی هونەری ئەکادیمیایی مۆسکۆ، لەساڵی ١٨٩٧، نمیرۆڤیچ دانچنکۆ دەناسێت و پێکەوە دەکەونە هەوڵدان لەبارەی دۆزینەوەی رێگەیەک بۆ دامەزراندنی شانۆی مخات. ئەم شانۆیە لە ١٤ ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٧ دا دادەمەزرێت و، تراژیدیای مێژوویی (تزارفیودۆرایوانۆیچ)ی بەرهەمی (تۆڵستۆی) وەک بەرنامەی کردنەوەی ئەو شانۆیە پێشکەش دەکرێت، کە ماوەیەکی زۆربوو کەوتبووە ژێر تیغی سانسۆرەوە.

و ماندووبوون لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگای نوێی هونەری نواندن هەڵنەگرت. لە سییەکاندا، ستانیسلاڤسکیی لەبەردەم دۆزینەوەیەکی نوێی خولقاندنی ڕۆڵ و نمایشدا، کە ناونرا «میتۆدی کارکردی جەستەیی»، پەرژایە سەر کاری ستۆدیۆیی و تاقیگەیی و ئەزموونیی. چالاکییە بەردەوامەکانی ستانیسلاڤسکیی و سیستەمەکەی بوون بە هۆی گۆڕانکاریی جۆراوجۆر لە بواری شانۆدا و ،کاریگەرییەکی بنچینەیی و گرنگی لەسەر گەشەسەندنی هونەری شانۆی سەدەی بیستەمی جیهان بەجێهێشت.

کۆی بەرهەمە زانستی و ئەدەبییەکانی ستانیسلاڤسکیی هەشت بەرگە ئەمانیش بریتین لە: (ژیانی هونەرییم، ١٩٢٦)، (کارکردنی شانۆکار لەسەرخۆی لە قۆناغە جیاوازەکاندا، دوو بەرگ)، (کارکردنی شانۆکار لەسەر ڕۆڵ)، (گوتارەکان، کۆڕەکان، لێکدانەوە و نامەکان، چوار بەرگ)؛ (نامەکان، لەساڵی ١٨٨٧ەوە تا ١٩٣٨). ستانیسلاڤسکیی لە ساڵی ١٩٣٨ [لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا] کۆچی دواییکرد. (اسکوئی مهین/ ٢٠١٥/ ١٢)

## تەوەرەی دووەم: شرۆڤەی ڕەهەندەکانی ڕێبازی ستانیسلاڤسکیی

لە ڕاستیدا سیستەمەکەی ستانیسلاڤسکیی بریتییە لە سیستەمی شیکردنەوەی بناغە و بنەمای تیۆریی هونەری کارتێکەرە شانۆییەکان و توخمەکانی تەکنیکی ناوەکیی و دەرەکیی نواندن و شرۆڤەکردنی ناوەخنی بنەڕەتی کارکردنی شانۆکار لەسەر ڕۆڵ کە شێوەی ئەفراندنی سیمای شانۆییانەیە. وەک چۆن ئەم سیستەمە جەخت لەوە دەکاتەوە کە شانۆکار بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەی پێویستە بە باشی سەرجەم ڕەهەند و مەوداکانی بناسێت بەشێوەیەک بە ڕۆح ئاوێتەی کارەکتەرەکەی ببێت، بە واتایەکی تر، شانۆکار بینەر ناچار بکات وەکو ئەو بیربکاتەوە و بەشێوەیەکی ناوەکیی و دەروونیی کاریگەریی لەسەر دابنێت.

بۆ ناسینی ئەم سیستەمە ستانیسلاڤسکیی سێ بەرهەمی تایبەت بە هونەری نواندنی نووسیویە و لە کتێبی کارکردنی شانۆکار لەسەر خۆی لە میانەی کاریگەریی وەرگرتن و کارکردنی شانۆکار لەسەر خۆی لەمیانەی بەرجەستەکردندا، شانۆکار بۆ ناسینی درووست و تێگەیشتن لە هونەری شانۆ ئامادە دەکات و فێری شێوە جیاوازەکانی شارەزایی و باوەڕی شانۆییانەی دەکات. هەروەها لە کتێبی سێیەم دا کە دوای مردنی چاپ و بڵاودەکرێتەوە تەنیا قسە لەسەر ڕەوتی ئەفرێنەرانەی خولقاندنی نمایش و کارەکتەر دەکات، هەمان ئەو کارە ئەفرێنەرانەی سیستمی لەپێناودا دامەزراوە.

گرنگیی ناسینی بنەماکانی ئەم سیستەمە بۆ ڕاهێنەر و خوێندکار و دواتریش شانۆکارەکانی بواری شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بناغانەی ستانیسلاڤسکیی بۆ بونیادنانی کارەکتەر و ڕۆڵ دەیانخاتەڕوو. ئەم سیستەمە خوێنەری لێکۆڵەر لەو ڕاستییە ئاگادار دەکاتەوە کە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە خوێنەر لە هەوادارەوە دەگۆڕێت بە کەسێکی پیشەگەر.

ستانیسلاڤسکیی خوێنەری لێکۆڵەر بەرەو ئەو ئانجامە ڕێنوێنی دەکات کە شانۆکار چەندە خاوەن بەهرە و چەندە یەکەم نمایشی لەسەر شانۆ سەرنجبەر و جێگەی سەرنج بێت، هێشتا هەر ئاماتۆرە و تا ئەوکاتەی بەوپەڕی بوونیەوە هەست بە بایەخ و گرنگی کۆنترۆڵکردنی بنەما و یاسا هونەرییەکانی هەست نەکات، دەکرێت تەنیا پێی بوترێت هەوادار و لایەنگری هونەر، نەوەک پسپۆڕ و کارناسی هونەر. (افشاری اصل/ ٢٠١٧/ لا ١٥)

٢- ١: ناسینی دەق: ئـەم ڕێبـازە ناسـینی دەق و لێکدانـەوەی دەق بـە یەکـەم هەنگاوی بەرجەسـتەکردنی کارەکتـەر هەژمـار دەکات، ئەوەتـا ستانیسلاڤسـکیی لەکاتـی لێکدانـەوە و شـیکاری شـێوازی کارکـردن لەسـەر دەق لـە شـانۆی ڕوسـیای سـەدەی نۆزدەیەمـدا ئەمـە دەنووسـێت:

سـەرەتا یـەک جـار دەقەکـە بـۆ گروپەکـە دەخوێنرێتـەوە و پاشـان ڕۆڵـەکان، کـە پێشـتر تایبـەت بـە شـانۆکارە جیاوازەکان نـووسراون، لـە نێوانیانـدا بـەش دەکرێـت و دیسـانەوە دەقەکـە بـە پێـی ئـەو دابەشـکارییە دەخوێنرێتـەوە. هەندێـک جـار، لـە کاتـی خوێندنـەوەی شـانۆنامەکەدا، شـانۆکارەکان ڕووبـەڕووی هەندێـک پرسـیار دەکرانـەوە کـە لەمـەڕ ڕۆشنگەریی ئەندێشـە و پەیامـی نووسـەر گرنـگ بـوون. بـەڵام بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو چەشـنە پرسـیارانە کاتـی پێویسـت لەبەردەسـتدا نەبـوو، شـانۆکار ناچاربـوو خـۆی بەتەنیـا ئـەو پرسانە شرۆڤـە بـکات، کە نووسـەری شـانۆنامەکە پێشکەشـی کردبـوو (استانیسلاوسـکی/ ١٩٩٨/ ٩). هەروەهـا دەربـارەی کارکردنـی ستانیسلاڤسـکیی لەسـەر دەق لـە پێشـەکی کتێبـی (کارکردنـی شـانۆکار لەسـەر ڕۆڵ) گ. کریسـتی دەنووسـێت: « ستانیسلاڤسـکیی و دانچنکـۆ لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی چالاکییـە هونەریەکانیانـدا شـێوازی لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی وردی سـەرجەم شـانۆنامەکەیان لـە ڕێگـەی دەرهێنـەرەوە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان بەکارهێنـا. ئـەو شـێوازەی شوناسـی ناوەکیی و ئەندێشـەی شـانۆنامەکە دەپشـکنێ و زۆر بـە وردیـی فۆڕمـی دەرەکیی بەرجەسـتەبوونی شـانۆییانەی نمایـش دادەڕێژێـت. (استانیسلاوسـکی/ ١٩٩٨/ ١٦)

دەتوانیـن بڵێیـن لـە دوا سـاڵەکانی کار کردنـی بـاس لـە جـۆرە مامەڵەیەکـی هەسـتەوەرانە لەگـەڵ دەق دەکات و دەڵێـت: «کار کـردن لەسـەر دەق نـەک تەنیـا بـە لۆژیـک و ئەقـڵ بەڵکـو بەهـۆی سـەرجەم ئۆرگانەکانـی هەسـتی شـانۆکارەوە دەخرێتـە بـەر شرۆڤـە و لێکدانـەوە و ئـەم هەڵسـەنگاندنەی کارەکتـەر لەمیانـەی خـودی کرداردا، شـانۆکار لـە چاودێرێکـەوە دەگۆڕێـت بـە کارەکتەرێکـی کاریگـەر و چـالاک. (اسکوئی/ ١٩٩٨/ لا ١٧٦). ئـەم جـۆرە مامەڵەکردنە، توخمـە ناوەکـی و دەرەکییەکانـی خـۆ هەسـت پـێ کردنـی شـانۆکار بـەرەو ئەفرانـدن هـان دەدات و کەشـێکی وەهـا دەخاتـەوە کـە دواتـر ستانیسلاڤسـکیی نـاوی دەنێـت هەسـت کـردن بـە دەق و کارەکتـەر. بـە بـاوەڕی ئـەو، ئەمـە باشـترین پرۆسـە و گونجاوتریـن زەمینـەی بەرهەمهێنانـی سیمایەکـی زینـدووی شـانۆییە.

ستانیسلاڤسـکیی هـاوکات و هاوشـانی شـێوەی کلاسـیکی نوانـدن، شـێوەی جیاوازیتریـش پێشـکەش دەکات و وەک تـەواوکاری کـردارەکان و قووڵـی شـێوەی بنەڕەتـی کلاسـیک سـودی لـێ وەردەگرێـت. بـۆ نموونـە پیشـنیار دەکات کار کـردن لەسـەر دەق بەپێـی پێناسـە و شـیکار و دۆزینـەوەی پەیامەکـەی بێـت یـان بەپێـی دیـاری کردنـی بەسـەرهاتە گشـتییەکان و ڕەوشـی کـردار و ڕوداوە گرنگـەکان:

«تراژیدیـای ئۆتێلـۆ بەبـێ کام شـتە ناکرێـت بوونـی هەبـێ؟» ستانیسلاڤسـکیی دەڵێـت «بەبـێ عەشـقی ئۆتێلـۆ بـۆ دێزدەمونـا، بەبـێ پیلانەکانـی یاگـۆ، بـە بـێ متمانـەی ئۆتێلـۆ، بەبـێ جیاوازیـی نەتەوەیـی نێـوان ئۆتێلـۆ و خانەدانـە ڤێنیزییـەکان، بەبـێ هێرشـی کەشـتی گەلـی تورکـە قوبرسـییەکان بـۆ دورگەکـە و ... .» (اسـکوئی/ ١٩٩٨/ لا ١٧٣)

دیـارە ناسـینی دەق وەک بنەمایەکـی گرنگـی مامەڵـە کردنـی شـێوازەکەی ستانیسلاڤسـکیی بـە چەشـنێکە کـە ستانیسلاڤسـکیی داوا لـە شـانۆکار دەکات خـۆی لـە وڕێنـەی ئامێرئاسـای دەق بپارێزێـت و لـە مامەڵـە کردنـی لەتـەک دیالۆگـەکان؛ وشـە و ڕسـتە نامـۆ و نەناسـەکان بگۆڕێـت بـۆ کـردار و قسـەی خـودی خـۆی. لـە پرۆسـەی کار کـردن لەسـەر کارەکتـەر، هونەرمەنـد بـە درێژایـی کات بـە هەلومەرجـی گریمانـی نـوێ و نـوێ تـر دەوڵەمەنـد دەبێـت. ئـەو هەلومەرجانـەی دەبنـە هـۆی قووڵتربوونـەوەی لۆژیکـی کـردار و ڕەفتـاری شـانۆکار و سـیمای ڕووناکـتر و بەرجەسـتەتر و دیارتـر دەکـەن.

بەڵام ئەگەر ئامانجی کۆبوونەوەی شانۆکاران لە دەوری مێز و شیکار و شرۆڤەکردن، هەست بێت، دەبێت بڵێین ئەوەی لەم شیکار و شرۆڤەکردنەی هەست دەیچننەوە، لە رووگەی بەکارهێنانەوە سوودی نییە، بەڵام گەر بۆ زیندووکردنەوەی ژیانی جەستەیی کارەکتەرە سوود لە شرۆڤەکردنەکان وەرگرن، ئەوسا ئەوەی لەمە دەستمان دەکەوێت، کاراییەکی گرنگ و کاریگەریی لە روانگەی گەشەی دەق و کارەکتەرەکەمانەوە دەبێت.

هەروەها سەبارەت بە ناسینی دەق لە رێگەی رووداوەکانەوە ستانیسلاڤسکیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: «بە تێگەیشتنی درووست لە رێکەوتە بنەڕەتییەکانی ژیانی شانۆیی – رووداوەکانی شانۆنامەکە- شانۆکار راستەوخۆ خۆی لە پێگەیەکی پتەو و سەقامگیردا دەبینێتەوە کە رەفتار و کردار و پێگەی درووستی ئەو وەک شانۆکار لە نمایشەکەدا دەستنیشان دەکەن. ئەو، واتا شانۆکار، بەناو بابەت، رێکەوت و رووداوەکانی دەقدا تێدەپەڕێت و ژیان و چەمکە فرەڕەنگەکانی؛ واتا نەتەوە و چین و مێژووی کارەکتەرەکەی دەناسێت و بەریان دەکەوێت. (روز/ ٢٠٠٧/ ٥١).

راهاتنی ورد و درووست لەگەڵ مەودای مێژوویی و گەل و نەتەوە و باری کۆمەڵایەتیی، کە رووداوە ورد و گەورەکانی شانۆنامەکە بەناچاریی لەناویاندا دەکەونەوە، شانۆکار دەگەیەنێتە تێگەیشتنێکی قووڵ و ئاشکرا هەتا بەم هۆیەوە سەرجەم هەڵسەناگاندنی درووست بۆ رێکەوت و رووداوەکانی شانۆنامەکە بکات.

تیۆری دابەشکردن و توێژینەوەی شانۆنامەکە بۆ سەر ئاست و مەودای چەمکە جیاوازەکان، کە خۆی پێویستی بە کونجکۆڵی و خوێندنەوەی هەمەلایەنە و قووڵیی بەرهەمەکە و بە ناسینی ئەو قۆناغ و ساڵ و چاخانەوە هەیە، کە لە بەرهەمەکەدا دەخرێنەڕوو، لە هەمان کاتدا پێویستی بە ناسینی بۆنە و شێوەی ژیان و بەسەرهات و دەروونناسیی کارەکتەرەکان واتە ناسینی سەرجەم هەل و مەرجە گریمانییەکانی شانۆنامەکە هەیە..

٢- ٢: ناسینی کارەکتەر: ستانیسلاڤسکیی بایەخێکی زۆر بە یەکەمین ئاشنابوونی شانۆکار بە رۆڵەکەی دەدات و بە ژوانی ئەو دڵدارانەی بەراورد دەکات کە بڕیارە لە داهاتوودا هاوسەرگیریی بکەن. لەم روانگەیەوە، ئەو کاریگەرییە بێدەربەستانەی لە یەکەمین قۆناغی ئاشنابوونی بە شانۆنامەکە کار لە شانۆکار دەکەن باشترین ئەنگێزەی رێبەرایەتی ئەفراندنن، هەروەها رۆڵێکی چارەنوسسازیشیان لە رەفتار و کۆی بەرهەمهێنانی نمایشدا هەیە. لە خوێندنەوەی دەوری مێزدا، دەرهێنەر و شانۆکارەکان زۆر بە قووڵی شیکردنەوەیان بۆ شانۆنەماکە دەکرد، دەرک و تێگەیشتن و ئەندێشە و بیرۆکەی بنەڕەتی نووسەریان دیاری دەکرد و دۆخی ژیانی کارەکتەرە سەرەکیەکانیان دەخستە روو. دەرهێنەر پەیکەری گشتی شانۆنامەکە و میزانسێنەکانی نمایشی بە شانۆکارەکان دەناساند. «دەربارەی چەندوچوونی بەرهەمەکانی نووسەر یان شانۆنامەنووس و هەروەها سەردەمی رووداوەکانی چیرۆک و بەسەرهاتەکان، گفتۆگۆ و مشتومڕ و شیکردنەوە رێکدەخرا، شانۆکار هاندەدرا بکەوێتە کۆکردنەوەی کەرەستەکانی ناسین و شیکردنەوەی شانۆنامەکە و خوێندنەوەی چۆنیەتی ژیان و جۆری ئەندێشەی خەڵکی ئەو سەردەمە.» (پالیاکووا/٢٠١٧/٥٤)

شێوازی کارکردنی زانستی شانۆکار لەسەر کارەکتەر و کارکردنی دەرهێنەر لەسەر دەق بەمەبەستی دووبارەبینی و ئامادە و رێکخستنی بۆ نمایش، بەدرێژایی چەندین ساڵ کاتی ستانیسلاڤسکییان گرتووە. لە یاداشتە کۆنەکانییدا دەربارەی کارکردنی شانۆکار، شێوازی کارکردن لەسەر کارەکتەر، هێشتا وەک دوو چەمک و بابەتی جوودا قسەی نەکردووە «سەرەتا بابەتە گشتییەکانی ئەفراندن سەرنجیان راکێشاوە: پرسی حەقیقەت و ئەفراندنی هونەریی، سروشتی توانای ئەفرێنەرانە، گەرموگوڕیی، هەست، ئیرادەی هونەریی، پرس و مەودای کۆمەڵایەتی شانۆکار،

مـوڕاڵ و ڕەفتـار و کـرداری شـانۆیی. (پالیاکـووا/٢٠١٧/٩٢)

لەمیانەی ئەم ڕێبازەدا قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی ڕەوتی ئاوێتەبوونی شانۆکار و کارەکتەر دەبینین:
«هەمـوو شـانۆکارێک بەرپرسـە لـەوەی بەباشـی لـە بەرهەمەکانی نووسـەر تێبگات و دواجـار لەچوارچێوەی کاریگەریی سـەر بینـەر، لـە ئەنگێـزە ڕۆحییەکانـی ئەفرێنـەر لەپێنـاو ئاوێتەبوونـی کارەکتـەر و ژیـان هەروەهـا ئاوێتەبوونـی کارەکتـەر و هەسـتی بەرجەسـتەبوونی سیما بکۆڵێتـەوە» (ڕوز/٢٠٠٧/٢٦). لـە میانـەی بونیادنانـی ژیانـی کارەکتـەردا، بایەخێکی زۆر بـە خەیاڵـە هونەرییـەکان دەدات و لـە پاساو دۆزینـەوە و گیان بەبەرداکردنـی وشـەکانی شانۆنامەکە، بەهایەکـی گشـتی بـۆ خەیاڵـە سـەرنجبەرەکان دادەنێـت.
ستانیسلاڤـسکیی لـە پرۆسـەی شـیکردنەوە و شرۆڤـەی کارەکتـەردا، بـە چەشـنێک شـانۆکار بـەرەو دەرک و تێگەیشـتن لـە بیرۆکـە و ڕەوگـەی سەرتاسـەری کارەکتەرەکـەی ڕێنوێنـی دەکات کـە ئاسـتی ڕۆچونـی شـانۆکار بـۆ نـاو شـانۆنامەکە قووڵـتر و بەرجەسـتەتر دەکات. ئـەو قسـە لەسـەر سێ ئاسـتی ڕۆچوونـی شـانۆکار دەکات بۆنـاو کارەکتـەر و لـە کاتـی پرۆڤـە و نمایشـدا، ئامۆژگاریـمان دەکات کـە پێویسـتە پێـش هەمووشـتێک شـانۆکار بچوکتریـن و لاوەکیترین پـرس و کـرداری پەیوەسـت بـە کارەکتەرەکـەی کـە لـە دەقـەوە سـەرچاوە دەگـرن لەگـەڵ ئەندیشـە و خەیاڵانـدن و دونیـای خـۆی ئاوێتـە بـکات و سـەرلەنوێ زینـدووی بکاتـەوە. (ستانیسلاوسـکی/ ١٩٩٨/ ٨٧)
بـۆ گەیشـتن بـە ئەفراندنـی شـانۆییانە ستانیسلاڤـسکیی کۆمەڵێـک ڕێـکار وەک بنەمـای ئەفراندنـی ئۆرگانیکـی پێشـنیاردەکات: شرۆڤەکردنـی کارەکتـەر بـۆ بڕگـە و ئامانجـەکان؛ لەنـاو هـەر بڕگەیەکـدا گـەڕان بـەدوای ویسـت و تێڕوانینـی کارەکتـەر، ناسـینی ناوکـی کارەکتـەر؛ دۆزینـەوەی پێکهاتـی هەسـت و .. . هەندێـک ناونیشـانی نـوێ و نابـاو دەخرێتـە بەردەسـتی شـانۆکارەکان: بازنـەی سـەرنج، هەسـتی بەرچـاو، تەنیایـی نـاو کۆمـەڵ، خۆهەسـتپێکردنی شـانۆیی، سـازگاریی، بابەتـی سـەرنج، پنتـی بابـەت، کـرداری دانەبـڕاو و چەندانـی تریـش. (ستانیسلاوسـکی/ ١٩٩٨/٦٧)

## تەوەرەی سێیەم: بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکیی

٣-١کارکردن لە شانۆی موخات و گەشەی ڕۆشنبیریی
بـۆ خوێندکارانـی لقـی نواندنـی بەشـی شـانۆی پەیمانـگای هونـەرە جوانـەکان گرنگـە لـە کۆتاییەکانـی قۆناغـی سـێیەمی خوێنـدن پـاش سـێ سـاڵ لـە خوێندنـی میتۆدەکانـی ستانیسلاڤسکیی بۆچوونـە جیاوازەکانـی خـودی ستانیسلاڤسکیی دەربـارەی سیسـتمەکەی و ئـەو خاوەن تیۆرانـە بناسـن کـە پـاش ستانیسلاڤـسکیی ڕێبـاز و تەکنیکـی نوێیـان پێشـکەش بـە دونیـای نمایـش و نوانـدن کـردووە، دەبێـت ئامـاژە بـەوە بـدەم کـە لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی کارکردنـی شـانۆی موخاتـدا، دیکتاتۆریەتـی ستانیسلاڤـسکیی بیانـوو و بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگری خۆیـان هەبـووە: ئـەو لاوانـەی لـە شـانۆی موخـات دەسـتیان بـەکاری هونـەری دەکـرد، بـۆ تێگەیشـتن و ڕاپەڕاندنـی ئامانجـە گـەورە هونەرییـەکان ئامـادە نەبـوون و ستانیسلاڤـسکیی بـە ناچاریـی بـە هـۆی شـارەزاییەکانی لـە بـواری دەرهێنانـدا، بـێ پێزیـی و تازەکاریـی ئـەو شـانۆکارانەی پەردەپـۆش دەکـرد. بـەڵام دواتـر کـە ستانیسلاڤسکیی بینـی ئـەم ئامادەکاریانـە دەبێتـە ڕێگـر لـە بـەردەم گەشـەی ڕۆشـنبیریی و تێگەیشـتنی شـانۆکاری شـانۆی موخـات، ئـەم شـێوازەی بەتەواوەتـی ڕەتکـردەوە.

کەواتـە لـە پێـش هەمووانـەوە خـودی ستانیسلاڤـسکیی بنەماکانـی بونیادنانـی کارەکتـەر و میکانیزمـی ئەفراندنـی ئۆرگانیکـی بەرجەسـتەکردنی کارەکتـەر دەخاتـە بـەر ڕەخنـە. «ستانیسلاڤـسکیی ڕایگەیانـد مامەڵـەی پێشـووتری لەتـەک

کارەکتـەر – کـە بەشـێوەیەکی بەرفـراوان پـەرەی سـەندبوو – تـەواو نییـە و مەترسـی ئـەوەی هەیـە شـوێنی ژیانـی ئەندامـی کـرداره دەرکییەکانـی سـیما بگرێتـەوە و ببێتـە هـۆی کۆپـی کردنـەوەی کارەکتـەر لەسـەر تایبەتمەندییـە بـاوەکان» (استانیسلاوسـکی/ ١٩٩٨/٨٤). سـەبارەت بـە کاردانـەوەی هاوچەرخەکانـی بەرامبـەر بـە ڕێبازەکـەی ستانیسلاڤسـکیی: مەیێرهۆڵـد دەڵێـت: پێویسـت نـاکات مـرۆڤ لەسـەر شـانۆ هەوڵ بـدات ببێتـە خولقێنـەری مرۆڤێکیتر بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە دەبێـت لـە ڕێگـەی هونەرەکەیـەوە دونیایەکـی سـەرنجبەر درووسـت بـکات کـە بینـەر لـەو دونیایـەدا هـەم فێـر ببێـت هـەم سـەرقاڵ بێـت. (پیچـز/٢٠١٢/ ٢٧)

دیـاره هـەوڵ و گەڕانەکانـی ستانیسلاڤسـکیی هەتـا دوا سـاڵەکانی کارکردنـی بـەردەوام بـووە و لـە دواهەمیـن بەرهەمی ئـەم خـاوەن ڕێبـازەی شـانۆدا، پرسـی جەسـتە وەک ڕێکارێکـی فەرامۆشـکراوی بەرهەمهێنانـی نوانـدن دەکەوێتـە نـاو بەرنامـەی کارەکانیـەوە: نمایشـەکان هێشـتا خـاوەن شـێوازێکی تایبـەت نەبـوون کـە بـە وردی ئەزمـوون و تاقـی کرابێتـەوە و ئەمـەش بـۆ خـۆی ڕێگـر بـوو لـە گشـتاندن و کارکـردی سیسـتم لـە ژیانـدا و دواجـار دڵسـاردبوونەوە بەناوبانگەکـەی شـانۆی موخاتـی بەرامبـەر بـە نوێگەرییەکانـی ستانیسلاڤسـکیی لێکەوتـەوە. سـەرنەکەوتنی لـەم قۆناغـەدا ستانیسلاڤسـکیی لـە کارکـردن رانەگـرت، بەپێچەوانـەوە بـە هێزێکـی گەرموگورتـرەوە کەوتـە کارکـردن و لێکدانـەوەی سیسـتم، بەتایبـەت لەسـەر ئـەو بەشـەی پەیوەنـدی بـە کارکردنـی شـانۆکارەوە هەبـوو لەسـەر ڕۆڵ. (توپورکـوف/٢٠١٧/٧٢)

وەک ئاشـکرایە قوتابخانـەی هەسـت کـە بەناوەکەیـدا دیـارە هەسـت دەکاتـە بناغەی ئەفراندنـی نوانـدن، بـەڵام بۆچوونە جیـاوازەکان سـەبارەت بـەم ڕێـکارە دەڵێـن: سـەرباری پێگـەی ئـەم شـێوازە، نەیتوانیـوە ڕەزامەنـدی ستانیسلاڤسـکیی دەسـتەبەر بـکات، لەبەرئـەوەی هەسـت وەک بنـەڕەت و بنەمـای ئـەم شـێوازە، توخمێکـی نـا روون و نـا بەردەسـت و ناپایـەدار و نادڵنیاییـە. (پیچـز/٢٠١٢/٢٨)
لـە پـاش تیۆرەکانـی ستانیسلاڤسـکییەوە چەنـد تیۆرێکـی تریـش لـە بـواری نوانـدن پێشکەشـکراون، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام گەڕانـەوەی تیـۆره نوێیـەکان بـۆ بنەماکانـی ستانیسلاڤسـکیی لـە دونیـای نمایـش و نواندنـدا بـە ئاشـکرا دەبینیـن: ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە پێگـەی بنەماکانـی ستانیسلاڤسـکیی لـە دونیـای نمایشـدا گونجانـی ئـەو بنەمایانەیـە لەتـەک ناوەخـن و زاتـی نوانـدن خـۆی، کـە ئەمـەش پەیوەسـتە بـە سـەرنجبەریی کار و پیشـەی شـانۆکاریی لـەلای خـۆدی شـانۆکارەکان (برشـت/ ٢٠١٥/ ٣٦). بەوپێیـەی شـانۆکار هەمیشـە لەهەوڵـی ئەوەدایـە بـاوەڕ بـە کارەکتەرەکـەی بهێنێـت و بەچەشـنێک پێشکەشـی بـکات کـە لەبـەردەم بینەرانیـش ببێتـە جێگای بـاوەڕ و قبوڵـی بـکات ئەوسـا شـانۆکار خـۆی بەسـەرکەوتوو دەبینێتـەوە کـە ڕۆڵەکـەی ببێتـە جێـگای بـاوەڕ. بـەڵام یەکێـک لـەو ڕێـبازە نمایشـییانەی کـە سـەبارەت بـە نوانـدن بۆچوونـی جیـاواز پێشـکەش دەکات ڕێبازەکـەی برێختـە: ئـەو فۆڕمـە جیـاوازەی نوانـدن کـە بەرامبـەر بـەم تیـۆره دەوەسـتێتەوە کـە ئەویـش لەپـاش جەنگـی جیهانـی دووەم و لەسـەرەدەمی برێختـەوە دەسـت پـێ دەکات ئـەوە نواندنەیـە کـە شـانۆکار لـە میانەیـدا پێویسـتە بـەردەوام هەسـتوسـۆزەکانی خـۆی تاڕادەیـەک بـەدوور لـە کارەکتەرەکـەی ڕابگرێـت و تەنانـەت زۆرجـار ڕەنگـە کاری شـانۆکار دروسـتکراو و پیشەسـازانە دەربکەوێـت. (بندتـی/ ٢٠١٣/٢٤)

هەندێـک لـەو پرسـیارانەی سـەبارەت بـە ئەفراندنـی شـانۆیی دەکرێـت و ستانیسلاڤسـکیی بەنیازبووە وەڵامیان بداتەوە

بـە نهێنـی مانـەوە؛ هەندێکیـان بەشـێوەیەکی رووکـەش پێشکەشـکراون و بـە کورتـی باسـکراون. ستانیسلاڤسـکیی هەندێجـار یـەک پەیامـی لەچەندیـن بابەتـی جیـاوازدا پێشـکەش کـردووە و بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی لەسـەر هیـچ یەکیـان نـەداوە. تەواونەکردنی فـۆرم و ناوەڕۆکـی دەستنووسـە چاپکراوەکان، لـە کەموکوڕییـە بـێ چارەسـەرەکانی دوا سـەرنجەکانی ستانیسلاڤسـکیین دەربـارەی هونـەری نوانـدن. (ناظـران/٢٠١٥/ لا: ٤٧)

٢.٣ ناسینی ستێلا ئادلەر و ئیتۆدەکانی

هـاوکات لەگـەڵ گرنگـی ناسـینی بنەماکانـی ستانیسلاڤسکیی بـۆ خوێندکارانـی بەشـی نوانـدن، ناسـینی ئـەو کەسـانەی لـە میانـەی ئـەم چوارچێـوە هونەرییـەدا، ئیتـۆدی نوێیـان بەپێـی هەلومەرجـی جیـاوازی شـوێن و کات پێشـکەش بـە دونیـای نوانـدن کـردووە گرنگـی خـۆی هەیـە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەتوانیـن ئاماژە بـۆ سـتێلا ئادلـەر بکەیـن، ئەوێـک لەنـاو خێزانێکـی نـاوداری شـانۆکار لەدایکبـووە، قوتابـی و پەیـڕەوی (کۆنسـتانتین ستانیسلاڤسـکیی) بـووە، هونـەری نواندنـی خـۆی لەسـەر شـێوازی نـاسراوی میتـۆد بنیاتنـاوە. لـە سـاڵی ١٩٤٩ سـتۆدیۆی نواندنـی تایبـەت بـە خـۆی دامەزرانـد کـە هەنوکـە بـە (سـتێلا ئادلـەر کۆنسـێرواتواری ئواکتیـک) ناودەبرێـت. ئـەم کۆنسرواتـوارە، کـە ناوبـراو لـەوێ وانـەی دەوتـەوە، یەکێکـە لـە ناودارتریـن ئیتۆدەکانـی دونیـای نوانـدن (روتـە/٢٠١٩/٢٥). لێرەدا بـۆ ئاشـنابوونی زیاتـر بـە شـێوەی کارکردنـی سـتێلا ئـەم پیشـەکیەی مارلـۆن برانـدۆ بـە نموونـە وەردەگریـن کـە بـۆ کتێبـی هونـەری نواندنـی سـتێلا ئادلـەر نووسـیویەتی: بـە بۆچوونـی مـن (سـتێلا ئادلـر) بـە تەنیـا مامۆسـتای نوانـدن نییـە، ئـەو لـە ڕێگای کارەکەیـەوە چەندیـن زانیـاری زۆر بەنـرخ دەخاتـە بەردەسـتمان، ئـەوەی کـە چـۆن شـێوازی کار و کاردانـەوە سـۆزدارییەکانی خۆمـان و هەروەهـا دەوروبەرمـان بدۆزینـەوە. پێچەوانـەی هەنـدێ کەسـی بەناوبانـگ کـە بـە درێژکـەرەوەی شـێوازی بـە نـاو نواندنـی (میتـۆد) نـاسراون، خـۆی نەداوەتـە دەسـت کاری زۆر و بـۆر. ئـەو ئەگـەر تاکـە کەسـێک نەبێـت ئـەوا یەکێکـە لـەو کەسـە دەگمەنانـەی کـە چـووە پاریـس تـا لـە لای (کۆنسـتانتین ستانیسلاڤسـکیی) وەک بینـەری لێزانـی هەڵسـووکەوتی مرۆڤانـە و کەسـایەتی گـەورەی شـانۆی روسـیا دەسـت بـە خوێنـدن بـکات، بەرهەمـی ئـەم سـەفەرەی فێربوونـی هونـەری (ستانیسلاڤسـکیی) بـوو کـە ناوبـراو لـە کاتـی گەرانـەوەیـدا گواسـتیەوە بـۆ ئەمریـکا و لـە وانەوتنەوەکانیـدا بەکاریدەهێنـا (آدلـر/٢٠١٧/ ٣٢).

دیارە کارکردنـی ئـەو تەکنیکـەی کـە لـە کتێبـی هونـەری نوانـدن لەلایـەن ئادلـەرەوە پێشـکەش دەکرێـت سـەرباری ئـەو پەیوەندییـە ئۆرگانییـەی کـە بـە ڕێبازەکـەی ستانیسلاڤسـکییەوە هەیەتـی. دەکرێـت بڵێیـن دۆزینـەوەی ڕێـکار و ئیتـۆدی جیـاوازە بـۆ گەیشـتن بـە هەمـان مەبەسـت کـە ئەویـش نواندێکـی سروشـتییە: کاری فێرکـردن پێویسـتە لەسـەر بنەمایەکـی فـراوان بنیاتبنرێـت. شـێوازی فێرکردنـی مـن نـەک تەنیـا لەسـەر بیروبـاوەڕی ستانیسلاڤسـکیی، بەڵکو لەسـەر سیسـتمێکی سرووشـتیی بنیاتـنراوە. شـانۆکاریی پیشـەیەکی سەربەسـت و سـەربەخۆیە و پێویسـتی بـە هۆشـیاریی و کاری دژوارە. نـەک لەبەرئـەوەی ئـەم کارە تایبەتـە بـە بلیمەتـەکان؟ ئـەم کارە بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە هەنـگاو بـە هەنـگاو کاردەکـەن و بەرەوپێشـەوە دەچـن، لەگـەڵ ئـەوەی کـە هیـچ بەرنامەڕێژییـەک بـۆ شـانۆکاریی نییـە (روتـە/٢٠١٩/٥٣). لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە دەرەوەی ئیتۆدەکانـی ستانیسلاڤسـکیی و لـە کتێبـی هونـەری نواندنـدا چەنـد ئیتۆدێـک دەخاتـەڕوو کـە هەرچەنـد هەمـان مەبەسـتی ستانیسلاڤسـکیی لەپشـتە بـۆ گەیشـتن بـە نواندێکـی ریالیزمییانـە بـەڵام بەتەواوەتـی ئیتـۆدی نوێـن، بـۆ نموونـە سـەبارەت بـە وزەی دەنگـی شـانۆکار وەک بنیاتنەرێکـی سـەرەکیی نوانـدن ئـەم ئیتـۆدە (وزەی دەنـگ) دەخاتـەڕوو:

١- هەمـوو رۆژێک سەروتاری رۆژنامەیەک بەدەنگی بەرز بخوێنەرەوە.

٢- لەدووری دە، تا پەنجا یا سەد پێ بابەتێک بۆ کەسێک بخوێنەرەوە یا قسەی لەگەڵ بکە، بۆ ئەوەی بڕستی راستەقینەی دەنگی خۆت بزانی.

٣- بەشێوەیەک بابەتەکە بیخوێنەرەوە کە گوێی بیسەر لەو سەری مێزەکەوە یان لەوسەری ژوورەکەوە یان لەوسەری شەقامەکەوە تێیبگات.

کاتی راهێنانی رۆژانە کە بەدەنگێکی بەرز دەخوێنیتەوە، ئەبێت خۆت، گوێت لە خوێندنەوەی خوت بێت. کاتێک سەرگەرمی خوێندنەوەی هەموو ئەوخاڵ و فاریزانە، دانێ کە نەت بینیوون. ئەو هێمایانەی کە لە نوسیندا بە کاردێن دەبنە هۆی کێشە لە بەردەم سروشتی قسەکردندا. خۆت بۆ خۆت نیشانە یاخود هێما دابنێ (ئادلەر/٢٠٠٨/٢١). دەکرێت هەر جۆرە ئیتۆدێک تایبەت بە کەمکردنەوەی کەموکوڕییە تەکنیکییەکانی نواندن یان بە مەبەستی گەشەپێدانی دەربڕینی شانۆکار لە لایەن راهێنەرانی وانەی نواندنەوە دابرێژرێت. هەروەها بەپێی سیستمی نواندنی هەر نمایشێک دەکرێت ئیتۆدی تایبەت بەو نمایشە دابڕێژرێت کە زۆرجار لە نمایشەکاندا دەرهێنەر یان یاریدەرەکانی تایبەت بە نواندن ئەم ئیتۆدانە بە پێی داوای نمایشەکە دادەڕێژن. دیارە بابەتی ئیتۆد پەیوەندی راستەوخۆی بە کرادر و پراکتیکەوە هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش بەتایبەت لە دوا قۆناغەکانی کارکردنی ستانیسلاڤسکیی دا دەبینین چیتر شانۆکار هەست دەکات چالاکی ئەقڵ و ئەندێشە و کردە خەیاڵییەکانی تەنیا بەس نییە، هەربۆیە باوەڕبوون بە پێشکەشکردنی (ئیتۆد) بەپێی رووداوەکانی شانۆنامەکە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

لە رێگەی تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکیی سەبارەت بە کارایی جەستە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم کاراییە پێویستی بە کارکردنی شانۆکار لەسەر جەستەی هەیە وەک ئەندامێکی گرنگ و بنەڕەتیی نواندنی ئەفرێنەرانە: ستانیسلاڤسکیی سەرنجی شانۆکاری بۆ واقیعی بوونی کردارەکان رادەکێشا و هەروەها جەختی دەکردەوە کە شانۆکار لە رێگەی هەستکردن بە حەقیقەتی بچووکترین کردەی ساکاری جەستەیی لەسەر شانۆ، ئەوە فێردەبێت کە چۆن خۆ هەستپێکردنی سرووشتیی ئەفرێنەر لەخۆیدا بەهەژێنێت (ارجمند/٢٠٠٢/ لا ٤٦). کردارە جەستەییەکان لەبری ئەوەی دەربڕینی دەرەکی شوناسی ناوەکیی رەفتاری شانۆیی شانۆکار بن زیاتر رۆڵێکی لاوەکیان هەبووە. هەر بۆیە دواجار ستانیسلاڤسکیی زیاتر بایەخ بە گرنگیی و کارایی پراکتیکی ئەم شێوازە دەدات و بە «کارکردن لەسەر روی دەرەوە» ناوی دەبات، کە ئەم پراکتیککردنە پێویستی بە کارکردنی شانۆکار هەیە لەسەر ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ کارەکتەرەکەی: ئیتۆدەکان یارمەتی شانۆکار دەدەن بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی لەناو پرۆسەی ئەفراندندا بهەژێت (هوشمندی/ ٢٠١٧/ لا: ٣٣)، لەبەر ئەمەشە بە جیاواز لە کارکردنی قوتابخانەی هەست کە لە بنەڕەتەوە بۆ بەرجەستە کردنی کارەکتەر پێشنیاری ئەوە دەکات شانۆکار لە هەستەوە دەستپێبکات، ستانیسلاڤسکیی باس لە کارایی جەستە دەکات وەک بنەڕەتی کارکردنی شانۆکار، ئەوەتا لەبری پرۆسەی ناوەکی کردار، باس لەوە دەکرێت کە کردارە جەستەییەکان بیناوترن لە ململانێ دەروونییەکان و بەردەستترن لە کونجە ناوەکییەکان. رێکخستنی کرداری جەستەیی ئاسانترە، بیناوە، خانەیی و بەرجەستە و دەربڕینی دەرەکی رۆحە. کردارە جەستەییەکان بەردەوام لەگەڵ توخمەکانی تر لە پەیوەندیدان. لەم بارەیەوە ئەو جەخت دەکاتەوە: لە راستیدا هیچ کردەیەکی جەستەیی بەبێ ویست و ئیرادە دەرناکەوێت. بەبێ هەوڵ و ئامانج، بەبێ ئاراستەی ناوەکیی هەست، هیچ ئەندیشەیەکی خەیاڵاوی گەر بە کردار نەسەلمێنرێت ناکرێت بوونی هەبێت (کشتگر/ ١٩٧٦/ لا ٦٧). جەستەی شانۆکار وەک بنەڕەتێکی گرنگیی نواندن بۆ راهاتن و

بەرزکردنەوەی ئاستی گوزارشەکانی پێویستی بە راهێنان هەیە، لێرەدا وەک دەرککردنی ستێلا ئادلەر بە گرنگی توانای کۆنترۆڵکرنی جەستە، نموونەی ئەم ئیتۆدە پێشکەشدەکەم کە وەک بەشێک لە جەستە تایبەت بە ئەژنۆ دەیخاتەڕوو:

ئەژنۆتان بەشێوەیەک دابنێن کە نانوشتێتەوە، ئەم ئەژنۆ وشکبوونە بەشێوەیەک کۆنترۆڵ بکەن کە نەهێڵن هییچ بەشێکی تری جەستەتان توند ببێت.

١- بەو ئەژنۆ وشک بووەوە بەناو ژووره کەدا هەنگاو بنێ.

٢- هەربەو شێوەیە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەون.

٣- هەربەو شێوەیە جلوبەرگ لەبەربکەن.

٤- هەربەو شێوەیە سەربازییانە بەڕێوەبڕۆن.

٥- هەربەو شێوەیە سەما بکەن.

٦- هەربەو شێوەیە بژین.

(ئادلەر/٢٠٠٨/٢٥)

هەروەها هەرچەندە دەستکەوتەکانی ستانیسلاڤسکیی وەک شانۆکار و دەرهێنەر گەلێک گەورە بووە، بەڵام گرنگترین بەشداریی ئەو لە دونیای نمایشدا، لەبەر ئەو تیشکەیە کە دەیپرژێنێتە سەر تەکنیکی نواندن. نواندنی سیستم کە ئەو داهێنەریەتی لەسەر بنەمای راهێنانی گونجاو لەتەک پێداویستییەکانی نەتەوە جیاوازەکان گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینییەوە، وەک نموونەش باسمان لە چۆنیەتی کار کردنی ستێلا ئادلەر کرد لەسەر ئەو رێبازە، هەر بۆیە لێرەدا بە مەبەستی گەشەدان بە لێهاتووییەکانی خوێندکاری بەشی نواندن و بە مەبەستی جەخت کردنەوە لەو راستییەی جەستەی شانۆکار وەک هەستەکانی پێویستی بە راهێنان هەیە، چەند ئیتۆدێکی گونجاو لەگەڵ کارکردی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکیی دەخەینە روو.

## بەشی دووەم: بەشی کرداریی

### تەوەرەی یەکەم: ئیتۆدی پێشنیارکراو و کاریزمای نواندن

١.١گرنگییەکانی کاریزما و کاریگەریی لەسەر نواندن

کاریزما بۆ بواری نواندن زۆر گرنگە. دیارە ئەوەمان بیستووە زۆرجار دەوترێت فلانە شانۆکار کاریزمای هەیە. بۆ بواری نواندن کاریزما کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئارەزومەندی بینەر بۆ شانۆکار هەیە. ناتوانین پێناسەیەکی روون بۆ بابەتی کاریزما بکەین لە بورای نواندندا رەنگە باشترین پێناسە ئەمە بێت کە: چۆنیەتییەکی ناوەکییە و ئەو کەسەی خاوەنیەتی دەتوانێت بە ئامادەبوونی خۆی رەسەنایەتی کات و شوێن بگۆڕێت. ئەوانەی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن، هەستی ئامانجداریی و ئاسایش و هاوڕێیەتیمان بۆ دەگوێزنەوە و سەرنجمان بۆ خۆیان بەکێش دەکەن. دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە بۆ نیو دونیای نواندن بگوێزینەوە و کار لەسەر درووستکردنی بکەین.

ئەگەر وەک شانۆکار خاوەن کاریزما بووی دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرە هونەرییەکان و مەیلی هاوکاریکردنیان بۆ ئەو جۆرە شانۆکارە. ئەم جۆرە کاریزمایە خودیی و بۆماوەیی نییە و شانۆکار دەتوانێت بە راهێنان بەدەستی بێنێت؛ هەرچەندە ئەمە چۆنایەتییەکی ناوەکییە و پەیوەندی قووڵی بە

هەست و ناوخنی مرۆڤەوە هەیە، کەچی هەندێکیتر بەپێی هەلومەرجی ژیان و ژینگەی خێزانی بە خۆڕسکانە، تاڕادەیەک هەڵگری ئەم چۆنایەتی و تایبەتمەندییە ناوەکییەن. هەندێک لەو باوەڕەدان کاریزما بەهەرەیەکی خودایی و سرووشێکی ئاسمانییە بەڵام هەندێکیش لەو باوەڕەن کاریزما بابەتێکی زانستییە و هەموو شانۆکارێک پێویستە ئەزموونی بکات.

ئامادەیی و دانەبڕان ئەم دۆخە بریتییە لەوەی کە هەنگاوت نایە ژورەکەوە هەموو نیگاکان دواتبکەون، ئامادەیی و دانەبڕان پەیوەستە بە نیگا، دۆخ، دەنگ و قووڵبینی کەسەکەوە. مەبەست لەمەش جۆرێکی درووستکراوی متمانەیە و خۆنواندن نییە و زیاتر مەبەست لە هێزێکی راستگۆیە. ئەو هێزەی دەتوانێت بیسەلمێنێ نەک شایستەی ئەوەن رۆڵتان هەبێت بەڵکو ئەو متمانەیە دروست بکات کە دەتوانن رۆڵی جیاوازتریش بەرجەستە بکەن.

دوا ئیتۆدیش بریتییە لە نواندنی جۆرە تیشکێکی تایبەت کە گوازرشت بێت لە میهرەبانی، بەسۆزیی و ئەویتر قبووڵکردن. یان بە واتایەکی سادەتر دەبێت دەربڕی جۆرە گەرمایی و ئێنێرژییەکی تایبەت بن.

١.٢ چۆن دەبیتە خاوەن کاریزمای نواندن:

متمانەت بە خۆ بێت: شانۆکار نابێتە خاوەن ئەم کاریزمایە گەر بەتەواوەتی متمانەی بە خۆی نەبێت یان گەر هەست بە ئاسایش نەکات. لەبەرئەوەی بەبێ متمانەبەخۆبوون دەکەونە ژێر کاریگەریی بڕیاری ئەوانیتر بەرامبەر بە خود. گرنگە بزانین کە لێرەدا چیتر نواندنی رۆڵی کەسێک کە متمانەی بە خۆی هەیە ئاشکراو بێسوودە. نابێت بە ویستی خۆمان هێزی خۆمان نمایش بکەین. ئامادەیی سروشتی و دادپەروەرانە و راستگۆیانەیە. دەبێت متمانەبەخۆبوون بەشێک بێت لە کارەکتەری ئێوە نەک رۆڵی ئەو دۆخە بنوێنن.

ئاسوودە بە بەوپەڕەیی ئاسودەیی رەفتار بکە. گەلێ کات شانۆکار گیرۆدەی ئەم بابەتە دەبێتەوە کە ئایا ئەوانیتر چۆن بیرمان لێدەکەنەوە؟! تەنانەت لە ژیانی ئاساییمان خۆمان کۆنتڕۆڵ دەکەین و هەست دەکەین هەمووان سەیرمان دەکەن. کەواتە با من ئاسودەتان بکەم: ئەوانیتر هەر ئاگاشیان لێت نییە. دیارە خەڵکی خۆیان دەردیسەرییان کەم نییە تا خەیاڵیان لای تۆ بێت تەنانەت گەر لەو سەرجادەیە بمری. کەواتە بەوپەڕیی ئاسودەیی رەفتار بکە و بژی. هیچ شتێک روونادات.

خۆت بە ئەوانەی لەناخەوە ئاسودە نین بەردەوام گیرۆدەی ئەوەن چۆن خۆیان نمایش بکەن. ئەمانە گرنگە بۆیان بەشێوەیەک ببینرێن کە بەرگێکی گونجاویان پۆشییوە، بەدروستی قسەدەکەن، رەفتاریان گونجاوە، لەشوێنی گونجاو لەگەڵ خەڵکی شایستە و گونجاون. هیچ بۆچوونێکیان لەسەر خۆیان نییە چونکە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە بۆچوونی ئەوانی ترە. ئەم جۆرە خەڵکە کاریزمایان نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بیزانین بریتییە لەوەی کاریزمای نواندن شتێک نییە ئەوانی تر بتوانن بە تۆی ببەخشن.

هێمن و سەنگیین بە گەر بتوانین کاریزما پێناسە بکەین، ئەوا بەشێک لە پێناسەکەی بریتی دەبێت لە هەستکردن بە ئاسودەیی ناوەکی. کەسی خاوەن کاریزما هەرگیز هەڵەشە نابینرێت. بەشێوە گشتییەکەی تووڕەبوون هەڵچونێکی کاتییە و کەسی خاوەن کاریزما کاتی خۆی بە تورەبوونەوە بەفیڕۆ نادات. خەڵکانی کاریزماتیک لەڕادەبەدەر هێمن و سەلار و سەنگینن، پێویستیان بەهاتوهاوار نییە.

بە زمانی جەستە گوزارشت بکە ئەوکەسەی لە دانیشتنەکاندا دورەپەرێزە و سەرنەویی و بەدەنگی نزم دەدەوێ، خاوەن کاریزما نییە و ناتوانێت سەرنجی هەمووان بۆ خۆی رابکێشێت، لەکاتی پێویست نەبێ بەردەوام بە

سەری بڵند و دەنگی ڕەسا و سەرنجبەر؛ بەچەشنێک بەرامبەر ئارەزوو بکات بەردەوام لەبەر دیدە و دڵان بیت و قسەی بۆ بکەی. دەبێت بەچەشنێک مامەڵە بکەی هەمووان حەزبکەن هاوکاریت بکەن. ( نە زۆر لەخۆبایی و نە بێباک)

بە درووستی هەنگاو بنێ سەرنجی ڕۆشتنی خۆتان بدەن. گرنگە بزانین شێوە و ژێستی جەستە پەیوەندی بە هەستی ناوەکیی مرۆڤەکانەوە هەیە. لەڕاستیدا مەبەست ئەوەیە بە متمانە و دڵنیاییەوە هەنگاو بنێن بۆئەوەی هەستی متمانەبەخۆبوون لە ناختاندا لەدایک ببێت. کاریزمای نواندن پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جوڵەی شانۆکارەوە هەیە لەسەر شانۆ. هەر ئێستا ئەمە بکە: گەر لە ماڵی یان لەسەر جادەی بە شان داکەوتووی هەنگاوبنێ و دەستەکانت بخە گیرفانتەوە و سەرت نەوی بکە. چ هەستێکت دەبێت؟ ئێستا شانت ڕاستبکەرەوە، سەرتان کەمێک بڵندتر لە نەوەد پلە بەرزبکەنەوە و نەزۆر خێرا و نە ئەوەندەش خاو بەڵکو پتەو وبەهێز هەنگاو بنێن. چ هەستێکت دەبێت؟!

بە چاو پەیوەندیی درووست بکە: بەشێکی گەورەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ بەرامبەر پەیوەستە بە شێوەی گوێلێگرتن و سەرنج و نیگاکانمان بۆ بەرامبەر. خانمەکان بە بێباکیی بەرامبەرەکانیان وەڕس دەبن و ڕێگای ڕەواندنەوەی ئەم هەستەش بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندیی نیگاکان. ئەم پەیوەندییە ئاماژەیە بۆ متمانەبەخۆبوونتان و دەبێتە هۆی سەرنجبەریی.

لێبڕاو بە: مرۆڤ هەمیشە لێبڕاو نییە. زۆرجار هەندێک شت دەڵێینەوە کە زۆر گرنگ نین و بڕیاری لێبڕاوانە و یەکجاریی نین، زۆرجار جەخت لە هەندێ بابەت دەکەینەوە زۆر گرنگ و سەرنجبەر نین و دەبنە هۆی لاوازدەرکەوتنی کەسێتییتان. بەتایبەت بۆ خانمان. لەبەر ئەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئێمە تا ڕادەیەکی بەرچاو متمانەبەخۆبوونی خانمێکی لاوازکردووە. تا ئەو ئاستەی کە هەمیشە بە ترس و شەرمەوە ئەپاڕێتەوە.. لەکاتێکا ئەوەی دەیڵێ دەربڕی هەناوی نییە. قسەی دڵی ئەو نییە نەمبیستووە بڵێ بە ڕای من جەنابت هەڵەی. کەواتە ئاگاداربە کەسایەتیی کلۆڵ و ملکەچ جێگەی سەرنج نییە!!

ڕێکپۆش بە: وەک شانۆکارێکی کاریزماتیک هەوڵبدە لە چاوپێکەوتنە پیشەییەکان و لە ناو بەرهەمە هونەرییەکاندا بە بەرگ و ڕوویەکی گەشەوە دەربکەویت. مەبەستم نییە تەنیا بە چاکەت و پانتۆڵەوە یان هەر بەرگێکی دیاریکراوەوە، تەنها مەبەستمە بڵێم پاک و خاوێن بە و هیچی تر.. ئەم پاک و خاوێنییەی ڕواڵەت کاریگەریی زۆر جێدەهێڵێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەمیشە لەبەردڵان بن.

هەندێجار بێدەنگ بە: زۆرجار بێدەنگیی دەکەوێتە نێوان ئەوانەی گفتوگۆیانە. لە دۆخێکی ئاساییدا ئێمەین هەوڵدەدەین بە پرسینەوە لە حاڵی بەرامبەرەکەمان ئەو بێدەنگییە بشکێنین. چییتر ئەمە مەکەن. بڕیار نییە هەرچۆنێک بووە دەبێ قسەیەکی گرنگ بکەن. بڕیار نییە هەموو ئەو ماوەیە قسەبکەن. هەندێکجار بێدەنگ بە. بێدەنگی گورتان پێدەبەخشێتەوە.. بێدەنگی بەویقاریی و سەنگینییە.

بە ڕوونیی بدوێ: یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بواری کاریزمای نواندن بریتییە لەوەی دەبێ ئەوەی لەدەمی شانۆکار دەردەچێ ڕوون بێ و بگاتە گوێ. ڕێگە مەدە دەربڕینت تەنها بۆڵە و ناڵە و نرکە بێت. گەر متمانەت بە قسەکانی خۆت هەیە، پێویست بەم پاڕانەوە و نزایە ناکات. بەڕوونیی بدوێ با بە جوانیی گوێیان لێت بێ. پێویست بە پاڕانەوە ناکات.. ڕوون و ڕەوان قسەی دڵت بکە. بە تایبەت گەر بتوانی ئەمە بە شێوەزارێکی جیاواز پێشکەش بکەی. لێرەدا گرنگە بزانین خەڵکانی کاریزماتیک حیکایەتبێژی بیرتیژن.. لە کاتی گفتوگۆدا ئەو هەستەت پێ دەبەخشن کە تەنها لەگەڵ تۆیانە. جگە لەمانەش، ئەوان دەتوانن ڕێگە نەدەن خەیاڵت پەرت

بێ و ئەو هەستەت پێ دەبەخشن کە تەنها تۆ گرنگی.

## تەوەرەی دووەم: ئیتۆدی بەهرە:

ڕاهێنانی یەکەم پاش جێبەجێکردن و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کاریزمای نواندن و کۆ کردنەوەی ڕای هاوپیشەکانتان لەسەر درووستبوونی کاریزما لە خۆتان بکۆڵنەوە.

ڕاهێنانی دووەم کە دەچیتە پیاسە بە چاو پەیوەندیی لەگەڵ ڕێبواران درووستبکە. چاو لەچاویان ببڕە (لێرەدا بەرامبەر بە چاوبڕینی چاوی خانمان هیچ گرنتییەکم نابێت) هەوڵ بدە بەوپەڕی متمانەوە لە خەڵکە نامۆکان ورد ببیتەوە. بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبی بە بزەیەکی نەرم کۆتایی بە نیگاکانت بهێنە. هەوڵ بدە بە نیگا هەستێکی بۆ بگوێزیتەوە. بە دڵنیاییەوە هەستێکی باش.. (بەڵێ زۆر جوانە) یان لە خۆت بپرسی ئایا توانیت ئەو هەستەی پێ ببەخشی.. ئەویش بزەی بۆ کردیتەوە؟!

ئیتۆدی ئەفراندن: نواندنی ئەفرێنەرانە ڕابەری دڵ و زەین و دیدەی شانۆکارە لەکاتێکدا ئەوە جەستە و دەنگی شانۆکارە وشەکان زیندووەدەکەنەوە. ئەفرێنەریی پێویستی هەموو شانۆکارێکە. شانۆکار بۆ وێناکردنی ڕۆڵی سەرنجبەر و لەیادنەکراو پێویستی بە ئەفراندنە و ئەوە زەینێکی ئەفرێنەرە یارمەتی شانۆکار دەدات کەسایەتیەکان زیندوو بکاتەوە.

ئەفراندنی شانۆکار: ئەفراندن تەنها تایبەت نییە بە شانۆکارەکان. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئەفراندن لە ژیان، بازرگانی، پەیوەندی و لەوەدا کە ئامانجیەتی، کاریگەرتر بێت. ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کە ئەفراندن نەک بە تەنها نیشانەی خەیاڵێکی بەهێزە بەڵکو ئاماژەیە بۆ هەبوونی هۆش و بیرێکی بەرز. لە خوارەوە هەندێک شێوازی پەرەپێدانی ئەفراندنی نواندن پێشان دەدەم:

ئامادەکردنی کەش: لەناو ماڵەکەی خۆت شوێنێک وەک «شوێنی ئەفرێنەرانە» دیاریبکە و لەوێ سەرجەم پرۆژە، خەون و ئامانجەکانت کۆبکەرەوە. ئێمەی مرۆڤ زوو لەگەڵ شتەکان ڕادێین؛ ئەو شوێنەی وەک شوێنی ئەفراندن خۆمان لەسەر ڕاهێناوە، یارمەتیمان دەدات ئەودەمەی دەچینە ئەو شوێنەوە بەرەو ئەفراندنی نواندن پێشکەوین. (زۆربەی شانۆکارەکان لە ماڵەکانیاندا شوێنێکیان بۆ پرۆڤە و کارکردن لەسەر ڕۆڵ تەرخانکردووە).

بنووسە: تێگەیشتن لە ئامانجی نووسەر و چۆنیەتی دۆزینەوە و داڕشتنی بیرۆکەکانی نووسەر بۆ شانۆکار لە ئەرکە بنەڕەتیەکانن. شانۆکار تا زیاتر لە بنەماکانی چیرۆکبێژیی تێبگات، ئەوا توانای چیرۆکبێژیی و بونیادنانی کەسایەتی گەشە دەکات و ئەفرێنەرانە و کاریگەرتر دەبێت. هەروەها نووسین دەبێتە هۆی ئەوەی شانۆکار پەیوەندیی لەگەڵ پەیام و ناوەخنی کەسایەتییەکان درووستبکات و ئەمەش یارمەتی دەدات بیر و هەستەکانی خۆی دەربارەی بابەتە گرنگەکان ڕوونبکاتەوە.

بخەوە: هەندێک شەو، ئێوە ناچاردەبن کە بەخەبەر بن بەڵام ئەوە بزانن بە شێوە گشتییەکەی کەمخەویی زیان بە مێشک دەگەیەنێت. بە شێوە زانستییەکەی کەمخەویی دەبێتە هۆی ئەوەی شەپۆلەکانی مێشک لە کاتی خەوتندا زۆر لەو شەپۆلانە بچن کە مێشک لەکاتی قووڵبوونەوە لە بابەتێک یان لەکاتی بیرکردنەوە لە بەخەبەریدا پیشانیدەدات. خەو دەبێتە هۆی ئەوەی بەمەبەستی کاری داهێنەرانە مێشکێکی ئامادە و حەساوەترتان هەبێت.

فێرخواز بە: کە دەڵێم فێرخواز بە مەبەستم ئەوە نییە ببیت بە خوێندکاری زانکۆ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بەردەوام بەدوای زانستی نواندن دا بگەڕێی. دەست بکە بە خوێندنەوە لەسەر ئەو شانۆکارانەی دەیانناسی،

خوێندنـەوەی شـانۆنامە و فیلمنامـە. دەسـتبکە بـە خوێندنـەوە لەسـەر بـواری تیۆریـی نوانـدن. ئـەو وتـار و لێکۆڵینەوانە بخوێنـەرەوە کـە سـەبارەت بـە تەکنیـک و شـێوازی نواندنـی شـانۆکارە جیـاوازەکان بڵاودەکرێنـەوە. ئەمـە دەبێـت بـە هـۆی ئـەوەی بـەردەوام بابەتـی نـوێ بدۆزیتـەوە. بـۆ ئـەوەی لـە بـواری نوانـدن شـانۆکارێکی سـەرکەوتوو دیاربیـت، پێویسـتت بەوەیـە پشـت بەخۆبەسـتوو بیـت و خـاوەن خوێنەواریـی و پیشـەیی بیـت. وەک شـانۆکارێک پێویسـتە بزانێـت لەسـەر کام لێهاتوویـی خـۆت کار دەکەیـت و ئـەم فێرخوازبوونـە یارمەتیـت دەدات روونـتر لـەم پیشـەیە تێبگەیـت و ئەفرێنەرتـر بیـت.

وەرزش بکـە: لێکۆڵینـەوەکان ئاشـکرایان کـردووە کـە وەرزش کـردن بۆمـاوەی پانـزە خولـەک، کارایـی بیرەوەریـی (زەیـن) و بیر دەگەشـێنێتەوە. زیاترکردنـی راهێنانـی بەیانیـان بـۆ رۆژەکـەت یـان پیاسـەکردنێکی کـورت پێـش پرۆڤـەی رۆژانـە، یارمەتـی شـانۆکار دەدات بتوانێـت زیاتـر لـە رۆڵەکـەی قـووڵ ببێتـەوە و دەرفەتـی ئەفراندنی بخاتە بەردەسـت. ئـەم وەرزشـە لـە کەشـێکی کـراوە و لەنـاو سرووشـت بکرێـت باشـترە.

ئیشـی دەسـت: ئیشـی دەسـتی بکـە، ئـەم کارە دەرفەتـی ئـەوە دەبەخشـێت بـە شـانۆکار بەشـێوەیەکی جیـاواز گوزارشـت لـە خـۆی بـکات. وێنەکێشـان، دیزایـن، پەیکەرتاشـیی، دروسـتکردنی کەرسـەتەکانی خۆڕازاندنـەوە، دەتوانێـت زەینـی شـانۆکار لـە قاڵبـە بـاوەکان رزگار بـکات و ، ببێـت بـە هانـدەری ئەفرانـدن. خۆتـان دەرگیـری ململانـێ بکـەن. وێنـەی خۆتـان بکێشـن.

خەیاڵانـدن: ئـەو دەمـەی بـە قورسـی کاردەکەیـت و ناگەیـت بـە هیـچ، خەیاڵانـدن دەتوانێـت سـەرنجت لـە کارەکـەت دووربخاتـەوە، ئەمـە یارمەتیـت دەدا بیرۆکـەی نـوێ بدۆزیتـەوە. بەوپـەڕی ئاسـودەییەوە خەیاڵـت ئـازاد بکـە.

سرووش وەربگـرە: دەسـت بـە خوێندنـەوە بکـە لەسـەر بـوارە جیاوازەکانـی ژینگـەی نوانـدن، لەسـەر ئەندازیـاری، بیناسـازیی، فەلسـەفە، زانسـت و هـەر شـتێکی نـوێ بخوێنـەرەوە. سـەردانی مۆزەخانـە، باخچـە، باخچـەی ئـاژەڵان و بینـا مێژووییـەکان بکـە. (هـەوڵ بـدە ژینگـە و ژیانـی خەڵکانـی ئـەو سـەردەمانە وێنـا بکەیـت).

رامێنـە: رامـان لـە بابەتـەکان دڵەڕاوکـێ کـەم دەکاتـەوە، دەبێتـە هـۆی گەشـەپێدانی قووڵبوونـەوە و سـەرنج و توانایـی شـانۆکار بـۆ کۆنترۆڵکردنـی خەیـاڵ رۆشـتن و وەک راهێنانێکـی بەهێزکردنـی مێشـک ئەژمـار دەکرێـت. رامـان و چاودێرییکردنـی رۆژانـە یارمەتـی شـانۆکار دەدات کێشـەکان چارەسـەر بـکات و، بیـری ئەفرێنەرانـەی پێشـکەش بـکات و هەتـا ئاسـتێکی بەرچـاو پـەرە بـە کارایـی شـانۆکار دەدات.

جیـاواز بـە: یەکێـک لـە ئەرکـە بنەڕەتیەکانـی شـانۆکار ئەوەیـە نابـاو و جیـاواز بێـت. باشـتر وایـە بـە پێچەوانـەی رەوتـی رووبارەکـەوە مەلـە بکـەی. بەرامبـەر بەوانـەی لـە خولـە گرانەکانـی نوانـدن بەشـدارییدەکەن کەسـانێک هـەن بـە پشـت بەخۆبەسـتن و تەنهـا لـە رێگـەی زانیارییەکانـی نـاو مۆبایلەکانیانـەوە توانیـان لێهاتـووی خۆیـان بسـەلمێنن و، بۆخۆیـان بینـەر و وەرگـری زۆر کۆبکەنـەوە و ببینرێـن. لێـرەدا مەبەسـتم ئـەو کەسـانە نییـە کـە بـە پەرژانەسـەر کاری بێبەهـا ناوبانـگ پەیدادەکـەن، مەبەسـتم لـە مامەڵەکردنـە لەگـەڵ دونیـای ئینتەرنێـت بـۆ سـوودوەرگرتن و فێربوونـی پیشـەی شـانۆکاریی. خۆتـان فیلمەکـەی خۆتـان وێنەبگـرن و خۆتـان نواندنـی تیابکـەن.

## دەرئەنجامەکان

١. ناسینی بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی هەست دەبێتە بنەمای گەشەپێدانی لێهاتوویەکانی نواندن.

٢. هیـچ رێبازێکـی هونەریـی تایبـەت بـە نوانـدن، رێکارێکـی چەقبەسـتوو نییـە کـە نەکرێـت بـە پێـی شـوێن و کات

گۆڕانکاریـی تێـدا بکەیـن.
٣. شـانۆکار لەهـەر رەگـەز و نەتەوەیـەک بـوو پێویـستیی بـە جەسـتە و دەنگێکـی ئامـادە هەیـە و، بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەتوانێـت ئیتـۆدی گونجـاو دابڕێژێـت.
٤. دارِشـتنی ئیتـۆدی نـوێ دەرگا بـە رووی نوێبوونـەوەی وانـەی نوانـدن دا دەکاتـەوە و، هانـی راهێنەرەکانـی ئـەم بـوارە دەدات سـڵ لـە دارِشـتنی ئیتـۆدی نوێـی پەیوەسـت بـە رێبـازی ریالیزمییانـەی نوانـدن نەکەنـەوە و بـەم هۆیـەوە ببینـە خـاوەن ئیتـۆدی نـوێ.
٥. لەپـاڵ دارِشـتنی ئیتـۆدی نـوێ شـانۆکار پێویـستیی بـە کۆکردنـەوەی زانیارییـە لەسـەر بـواری ئـەدەب و فەلسـەفە و پڕکردنـەوەی بـاری ماریفـەی نمایشییانە، خوێنـدکاری بەشـی شـانۆ ناچـارە بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی پەیوەندیـی نێـوان ئـەو بـوارە و بـواری پراکتیکیـی و کردەیـی نوانـدن و نمایـش، بـەردەوام لـە راهێنـان و خۆئامادەکردنـدا بێـت
٦. کاریگەریـی ئـەم ئیتۆدانـە کاتێـک دەردەکەوێـت کـە شـانۆکار بـەردەوام کاری لەسـەر بـکات. گـەر ئـەم بەردەوامییـە و پەیوەندیـی نێـوان سـەرجەم ئیتـۆدەکان بپارێزێـت دەتوانێـت بـێ دابـڕان لـە جیهانـی کارەکتەرەکـەی لـە دەمـی پرۆڤـە و نمایـش رۆڵەکـەی بـە شـێوەیەکی راسـتگۆیانە بەرجەسـتە بـکات.

## خلاصه:

تـا بـه امـروز در اسـنتیتوهای هـنری اقلیـم کردسـتان و در دپارتمـان هـای تئاتـر، روش استانیسلاوسـکی بـه عنـوان روش آمـوزش بازیگـری، بـرای پایـه هـای اول، دوم و سـوم، بـه عنـوان برنامـه درسـی دنبـال مـی شـود. ایـن پژوهـش بـه تحلیل اصـول رویکـرد استانیسلاوسـکی مـی پـردازد و گام هـای عملـی بـرای تبییـن ایـن واقعیـت برداشـته اسـت کـه کپـی بـرداری از روش استانیسلاوسـکی بـدون تجدیـد و ابـداع روش هـای مناسـب نمـی توانـد دانـش آمـوز یـا بازیگـری خـلاق ایجـاد کنـد. ایـن پژوهـش همچنـان از طریـق معرفـی اسـتلا آدلـر بـه عنـوان یکـی از پیـروان مکتـب استانیسلاوسـکی کـه کارایـی ایـن سیسـتم را بـا اتودهـای جدیـد توسـعه داده اسـت و بـر اسـاس اعتقـاد استانیسلاوسـکی مبنـی بـر اینکـه خواننـده در عملـی کـردن رویکـرد خـود آزاد اسـت، بـا طراحـی و پیشـنهاد چندیـن روش سـعی خواهـد کـرد مهـارت هـای بازیگـری هنرجویـان ایـن دپارتمـان و سـپس مربیـان و بازیگـران را توسـعه دهـد. .بـا معرفـی اسـتلا آدلـر بـه عنـوان پیـرو مکتـب استانیسلاوسـکی، کارایـی ایـن سیسـتم را بـا اتودهـای جدیـد توسـعه داد. تـلاش بـرای یافـتن روش‌هـای جدیـد، دریچـه‌ای را بـه روی تجدیـد دروس بازیگـری بـاز می‌کنـد و مربیـان و هنرجویـان را تشـویق می‌کنـد کـه در توسـعه روش‌هـای جدیـد مرتبـط بـا رویکـرد واقع‌بینانـه بـه بازیگـری تردیـد نداشـته باشـند و در نتیجـه صاحـب روش‌هـای جدیـد شـوند.

## A suggested perspective in the context of the office of passion to strengthen the acting skills of students in institutes of fine Arts

Department of Art Education, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract: Acting lesson is one of the basic lessons as the main elements of building a show that is related to the skill and proficiency of the actor and related to the level of information In addition to those who receive a degree in acting; directors at the Institute of Fine Arts are even studying for five years. According to the ٢٠٠٣ conference of the General Directorate of Institutes, Stanislavsky's approach in Kurdistan is still being followed as a method of studying performance subjects at regional institutes and in the theatre department for the first, second and third stages, So analyzing and recognizing the principles of Stanislavsky's approach, as well as identifying the objectives of acting lessons in the Theatre Department of the Institute of Fine Arts, the characteristics of this lesson, and finding similar etudes, to develop the skills of acting for the students of this lesson.  Sections, coaches, and actors will be the basis of this research.

## سەرچاوەکان

★ ئادلەر، ستێلا، محیەدین، سەروەر، عەباس بەدری، شوان (هونەری نواندن) چاپخانەی حمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، لاپەڕە: ٢١، ٢٥، ٣٢.

★ ستانیسلاڤسکیی، کۆنستانتین، حسێن، پێشڕەو (کارکردنی شانۆکار لەسەر خۆی لە میانەی کاریگەری وەرگرتندا)، چاپخانەی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠٠٥، لاپەڕە: ١٢، ٦٣٣.

★ استانیسلاوسکی، کنستانتین، اسکوئی، مهین (کار هنرپیشە رووی نقش)، چاپخانەی سروش، تهران، چاپی یەکەم ١٩٩٨، لاپەڕە: ٩، ١٦، ١٩، ٦٧، ٨٤

★ استانیسلاوسکی، کنستانتین، حسینی مهر، ناصر، اسکوئی، مهین (آخرین درس بازیگری) چاپخانەی نگاه، تهران، ٢٠١٨، لاپەڕە ٧٥.

★ استانیسلاوسکی، کنستانتین، کشتگر، علی (زندگی من در هنر) چاپخانەی امیر کبیر، ١٩٧٦/ لاپەڕە ٦٧.

★ افشاری اصل، ایرج (مبانی بازیگری) چاپخانەی نظری، تهران، ٢٠١٧، لاپەڕە ١٥.

★ برناردی، فیلیپ، ساعی دیباور، سارا (آغازگران بداهە) چاپخانەی شورآفرین، تهران ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٣.

★ بریشت، برتولد، فرهودی، سعید (هنر بازیگری، حرفە بازیگری، تئاتر اپیک و...) چاپخانەی قطرە، تهران، ٢٠١٥، لاپەڕە ٣٦.

★ بندتی، رابرت، دامود، احمد (کار عملی بازیگر) چاپخانەی سمت، تهران، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢٤.

★ پالیاکووا، یلناایوانوونا، پارسا نژاد، فریدون (استانیسلاوسکی: زندگی و دستاورد کارگردان بزرگ تئاتر)، چاپخانەی قطرە، تهران، چاپی یەکەم ٢٠١٧، لاپەڕە: ٢٢، ٥٤، ٩٢.

★ پیچز، جاناتان، مستوفی، الهام (وزولود میرهولد) چاپخانەی قطرە، تهران، ٢٠١٢، لاپەڕە: ٢٧، ٢٨.

★ توپورکـوف، واسیلیاوسـیپوویچ، ممـودی، نوشـید، خضرایـی، مسـتوره (استانیسلاوسـکی سر تمرین تئاتـر؛ آخریـن سـال‌ها) چاپخانـەی قطـره، تهـران، ٢٠١١، لاپـەڕە ٧٢.

★ چخوف، میخاییل، ناظران، کیاسا (بازیگری) چاپخانەی قطره، تهران، ٢٠١٥، لاپەڕە ٤٧.

★ روتە، جوانا، ارجمند، مهدی (کلاسهای بازیگری استلا ادلر) چاپخانەی نقش و نگار، ٢٠١٩، لاپەڕە: ٢٥، ٥٣.

★ روز، جیمـز، اسـلامیە، مصطفـی (تئاتـر تجربـی از ستانیسلاوسـکی تـا پیـتر بـروک)، چاپخانـەی سروش، تهـران، ٢٠٠٧، لاپـەڕە: ٢٦، ١٣٢.

★ ستراس برگ، لی، ارجمند، مهدی (بازیگری بە شیوه متد) چاپخانەی نقش و نگار، تهران، لاپەڕە: ٤٦.

★ ماهیار، عباس، (مرجع شناسی ادبی و روش تحقیق)، چاپخانەی قطره، تهران، چاپی یەکەم ٢٠١٩، لاپەڕە: ٢٨.

★ مکاریـک، ایرناریـما، مهاجـر، مهـران، نبـوی، محمـد (دانشـنامەی نظریەهـای ادبـی معـاصر)، چاپخانـەی آگاه، تهـران، چاپـی یەکـەم ٢٠١٨، لاپـەڕە: ١٤٢.

★ هاج، الیسون، هوشمندی، هاجر (آموزش بازیگری در قرن بیستم) چاپخانەی نقد افکار، ٢٠٢٠، لاپەڕە: ٣٣.

★ هگل، فریدریش، آقا ابراهیمی، نیلوفر (فلسفه هنر)، چاپخانەی علم، تهران، ٢٠١٩، لاپەڕە: ٦٢.

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.172

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی دا

مستەفا حەمە عەبدولڕەحمان

qi.ude.lusvinu@fooram.rabajludba

پ عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

qi.ude.lusvinu@namharladba.afatsum

بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی- هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە بنەما و پێشینەی بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژییانە بخرێتەڕوو. لە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکاندا توێژینەوەکە خۆی بە پرۆسەی لێکدان و ئەو ئەنجامانەوە خەریککردووە، کە لە پرۆسەی لێکدانەوە دەکەونەوە، بەوەش خودی لێکدان (Compounding) دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی لێکدراو (Compound) لە مۆرفۆلۆژییدا، هەروەها هەمان بنەما بۆ لێکدانی سینتاکسییش خراونەتەگەڕ. بەوەش زانیاریی ناو لێکدانەکە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییش دەبێت. سنووری توێژینەوەکە بۆ لێکدانە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییە هاوپایە (Coordinate)و ناهاوپایەکان (Non coordinate)ە، بە جۆرێک تویژینەوەکە بە دوای بنەمای دروستبوو و بەرهەمهاتنیان دەگەڕێت و لێکچوون و جیاوازییان دەخاتەڕوو. دەستنیشانەکردنی پێڕەوبەندانەی لێکدان لە هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا بە گرفت زانراون بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە لە کارو توێژینەوەکانی پێشوودا توخم (element)ی بەرهەمهێنەری فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بە تایبەت لێکدان نەکراوەتە پێوەری دۆزینەوەی وشەی لێکدراو. هەنگاوەکانی تویژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی جێبەجێکراوە. لە رووی تیۆرییشەوە زۆربەی کارەکە بۆ دروستە و بەرهەمهێنانی دروستەییە، کەمەکیی، کار بە بنەمای واتا کراوە. کەرەستە و داتای تویژینەوەکە لە کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانیی وەرگیراوە. لە ئەنجامدا ئەوە دەرخراوە، کە بنەماکانی لێکدان پێشینەیەکی فەرهەنگییان هەیە، لە فەرهەنگەوە بارگە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی لێکدراوی وشەیی و سینتاکسیی دەخرێت. هەروەها گریمانەی ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە، کە پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکان لە ئاستی لێکدراودا پڕۆژەی فەرهەنگ و توخمێکی فەرهەنگیین. لێکدانەکە بە بنەمای لێکسیمبوون و واتاو فۆنۆلۆژییەوە، هەبوونی مۆرفۆلۆژیی پەیوەست بە لێکدراوەوە، هەروەها لێکدانی سینتاکسییش دەسەلمێنێت. بەگشتی گرنگیی توێژینەوەکە، خستنەڕووی پێواژۆ و بنەماکانی لێکدان و جێبەجێکردنی هەنگاوە یەکلەدوایەکەکانیەتی لە چەند قۆناغێکی جیادا، تا لەو ڕێگەیەوە دروستەو جۆرە جیاوازەکانی لێکدان پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی کوردییەوە، جیابکرێنەوەو سنوری نێوانیان دەستنیشانبکرێت، ئەمەش ئەو ئەنجامە دەستدەخات، کە دروستە بەرهەمهاتووە لێکدراوەکان لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، وابەستەی ئەو زانیارییانەن، کە لە فەرهەنگدا بۆ بەرهەمهێنانی ئەو دروستانە، هەڵگیراون/ گەنجکراون.

**کلیلە وشەکان: ئێکسباڕ، بەرێزمانبوون، فەرهەنگ، تەکخراو، لێکدان.**

Recieved: 10/8/2022
Accepted: 28/8/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

زمانی کوردیی لە زمانە لکاوەکانە، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەربڕینەکانی ناسادەن، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردییەوە، زۆربەی ناو و کردارەکان پەیوەست بە وشەی لێکدراوەوە، لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار، یان زیاتر لە فەرهەنگی کوردیی دا پەیدابوون. وشەی لێکدراو ئەو وشە ناسادەیەیە، کە لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار، یان زیاتر پێکدێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت، وەك: (چاوکاڵ، بەردەنوێژ). (ڕۆژان نوری عەبدوڵا : ٢٠١٣ : ١٥٥).

ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەربارەی وشەی لێکدراو دەڵێت: «وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە کەوا بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت». (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ : ١٠٢).

هەر لەم ڕووەوە، لێکدان ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی وشە و زاراوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشەوە وشەیەکی نوێ دێتەکایەوە، ئەم لێکدانەش بە دوو شێوە جێبەجێ دەکرێت، هەندێکیان بە مۆرفیمی لێکدەر ئەوانی تریش بەبێ ئامرازی لێکدەر دەکرێن وەک: (دەستنوێژ، ڕەشماڵ، شاهەنگ، مارماسی، ....... هتد) . ئەوانی تر بە هەندێك ئامرازی لێکدەر لێکدەدرێن وەک: (ە، و، ەو، او، ان، بە ..... هتد). وەک: (گوڵەباخ، ڕەنگاوڕەنگ، بانەوبان). (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ٦٦). ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە بە وردیی تیشکی بخرێتەسەر، (پرۆسەی لێکدان) ە. پەیوەست بەمەوە، وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیی و لە زۆربەی زمانەکانی دونیاشدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان. لێکدان ڕێگایەکی گرنگی بەبەرهەمی گەشەپێدانی فەرهەنگی زمانە، مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیی، بەگشتیی لە ڕووی پرۆسەی لێکدانەوە بەبەرهەمە و لە گشت پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)دا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکات. (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٩ : ٩٥).

ئەم توێژینەوەیە لە چەند بەشێک پێک دێن، لە بەشی یەکەم دا چوارچێوەی توێژینەوەکەیە و، بەشی دووەم و سێیەم تەرخانە بۆ میکانیزمی کردەی لێکدان و تەکخراو و دواتر ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە (لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی دا)یە، مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، نیشاندانی پرۆسەی لێکدان و بنەماکانی لێکدانە لە زمانی کوردییڤدا. کاری ئەم توێژینەوەیە لە سنوری کرمانجیی ناوەڕاستدایە، کەرەستە و داتای توێژینەوەکە لە زمانی ستانداردی کوردیی وەرگیراوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیرەوکراوەو بە شێوەیەکی زانستیی نموونەکان شیکارکراون. دەستنیشانەکردنی پێڕەوبەندانەی لێکدان لە هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا بە گرفت زانراون بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە. هەروەها گرفتی دیارینەکردنی چەشنی دروستەیی لێکدان بەگشتیی و وشەی لێکدراو، هۆکارێکی تری لەدایکبوونی ئەم توێژینەوەیەیە.

تویژینەوەکە بەسەر چەند پار و وەچەپارێکدا دابەشکراوە. لێکدان وەک پێواژۆیەکی گشتیی پاشان قۆناغی پێش_ مۆرفۆلۆژیی و بنەماکانی لێکدان و چەشن و جۆرەکانی لێکدان لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و پەیوەست بە ئازاد و نائازادەوە خراونەتەڕوو و شیکراونەتەوە، لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتووی ناو پار و وەچەپارەکان خراونەتەڕوو.

# بەشی دووەم:

## «لێکدان»ی توخمە فەرهەنگییەکان

١.سەرەتا

لێکدان پرۆسەیەکە، کە تێیدا توخمێکی فەرهەنگیی (X٠) پەیوەست بە ناوەخنە فەرهەنگییەکەیەوە لە پرۆسەی بەرێزمانبووندا دەبێتە فۆرمێکی لێکدراو و پاش ئەوەی پێداویستییە فەرهەنگیی و رێزمانییەکانی دەستەبەردەبن، بۆیە لێرەدا پەیوەست بەرێزمانبوونەوە (Grammaticalization) لێکدان دەخرێتەڕوو، کە ئەویش بە قۆناغێکی پاش فەرهەنگیی، یان نێوان فەرهەنگیی و رێزمانیی دەخرێتەڕوو، یان ڕووندەکرێتەوە، بۆیە لێکدان compounding) نواندنێکی ویستی نادیاری توخمە فەرهەنگییەکان (X)ەکانە، بۆیە دەبێت لەم نێوەندەدا پەیوەست بەرێزمانبوونەوە، کە بۆ لێکدان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش دەگرێتەوە، زانیارییەکان بخرێنەڕوو، بە چەشنێک بۆ مۆرفۆلۆژیی وشەی لێکدراو و بۆ سینتاکسیش بە هەمان توخمەوە دروستەیەکی ئازاد بەرهەمدەهێنێت. لە راستییدا لێکدان پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی_سینتاکسییە و دەشێت زانیارییەکان بۆ ئەو پێواژۆیە وەکیەک، یان لەیەکەوە نزیک بن. بڕوانە پارەکانی داهاتوو، بشڕوانە: (https://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo-٩٧٨٠١٩٩٧٧٢٨١٠/obo-٩٧٨٠١٩٩٧٧٢٨١٠-٠٠٦٠.xml)

٢. قۆناغی پێش_مۆرفۆلۆژیی (pre morphological):

لەم قۆناغەدا باس لەوە دەکرێت ، کە مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی زمانە هەروەک چۆن سینتاکس پێکهاتەیەکی زمانە، ئەگەر سینتاکس بۆ بەرهەمهێنان بێت، واتە رستە بەرهەمبێنێت، هی ئەوەیە کە کۆمەڵێک بنەما و یاسای دیاریکراوی هەیە، لەسەر ئەم بنەمایانە دەرکردەی سینتاکسیی زۆردەبێت، فرێزەکانی زمانی کوردیی و ڕستەکانی زمانی کوردیی، لە دەرکردەکەدا بێکۆتایین، ئەگەرنا لە یاسا و دروستەکانیاندا سنووردارن، بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان لەلایەن توخمی فەرهەنگیی_مۆرفۆلۆژییەوە بەرهەمبهێنرێن، نەک دروستبکرێن، راستە قۆناغی بەرهەمهێنانەکەی زیاتر لە تیۆری ئێکسباڕدا دەردەکەوێت، کە ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژیانەیە، چونکە لە ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژییانەدا ئەو توخمەی، کە پرۆژەسازدەرە و لە سینتاکسدا جیاکراوەتەوە، بۆیە دەشێت ئەو توخمەشی کە لە مۆرفۆلۆژییشدا پرۆژەسازدەرە، هەر دەستنیشانکراوبێت، بۆ نموونە چۆن لێرەدا (ناو و ئاوەڵناو و کردارو پێشناو و دیارخەر و .... هتد )، ئەمانە کراون بە سەر بۆ بەرهەمهێنانی فرێز، ئەوانەش لە مۆرفۆلۆژیی دا هەر دەبن بە «سەر» بۆ بەرهەمهێنان، واتە ئەگەر ئێمە لێرەوە بچین بۆ قۆناغی لێکدان، لە راستیدا لە نێوانی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی دا قۆناغێک هەیە، کە قۆناغی لێکدانە، قۆناغی لێکدانەکە ئەوەیە، کە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە (Sub categorization)، یان دروستەی ئارگۆمێنتی وشەکە بەدەستدێت Bralich (١٩٩١:٧٥-٨٠)، واتە بۆ نموونە ئەو کەرەستە کۆکردنەوەیە، پێش ئەوەی ببێت بە مۆرفۆلۆژیی، بەوەش قۆناغێک هەیە قۆناغی پێش بوون بە مۆرفۆلۆژییە، ئەویش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکانە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو. پێشبینیی بوون بە لێکدراوی لێکدان پشت بە بەلێکسیمبوونیان دەبەستێت، ئەگەرنا بە پرۆسێسێکی لێکدان دەمێننەوە. <میوەفرۆش> پەیوەست بە فۆڕمەکانی{خەیار فرۆش، کۆمپیوتەر فرۆش ... هتد }ەوە لە نێوان بەلێکسیمبوون و بەلێکسیمنەبوونیانەوە، چونکە هەریەکە لەوانە پرۆژەی (X٠/V٠)ن. کەواتە لە لێکدان دا، کە قۆناغێکی پێش دروستەی مۆرفۆلۆژییە، ئەوەی کە ڕوودەدات پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیە، بۆ نموونە سەرەتا توخمەکە (ئاوەڵناو)ە، ئاوەڵناوەکە لەناو مۆرفێمەکاندا لە سەربەخۆ و فەرهەنگییەکاندایە، کەواتە لەفەرهەنگەوە توخمێک وەردەگرێت، بۆئەوەی فرێز یان وشەی لێکدراو بەرهەمبهێنێت، بڕوانە بەرهەمە سینتاکسییەکان <جوان>، لە {چاوی جوان، کچی جوان، گوڵی جوان، ....} هەروەها بەرهەمە مۆرفۆلۆژییەکانی (جوان) لە: (چاوجوان و جوانەمەرگ و جوانەگا .... هتد )، واتە کە پۆلەڕەگەزەکە دێتە رێزمانەوە پرۆسەکە لە نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا ساغدەبێتەوە،

سەرەڕای ئەوەی خودی پۆلەڕەگەزەکان بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییانە دەهێنرێنە ڕێزمانەوە، کەواتە دەبێت، توخمە پرۆژەسازدەرەکان کە خۆیان لە فەرهەنگەوە زانیارییان بۆ پرۆژەی سینتاکسیی یان مۆرفۆلۆژیی تێدا گەنجکراوە، بۆ نموونە ئاوەڵناوو کردارەکان خۆیان لە بەرێزمانبووندا پرۆژەسازدەدەن، واتا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە بە مەرج و بنەمای نوێوە، توخمەکان بکرێن بە پرۆژەسازدەر/(X۰). دەکرێت، پرۆسەیەکی لەو چەشنە ناوبنرێت: پریدیکات درووستکردن/ (X۰)دروستکردن. بۆ نموونە <مار ، گا> لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزی ناون، کەچیی بە بنەمای فۆنۆلۆژیی و واتایی دەکرێنە (A۰)، بڕوانە:<مارماسیی> و <گابەرد>، کە <مار ، گا> تیاندا بووەتە (A۰)و حوکمی واتایی و درووستەییان هەیە.

٣. لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان:

لێکدانی مۆرفۆلۆژیی لە قۆناغی بەرێزمانبوونی توخمە فەرهەنگییەکاندایە، مۆرفۆلۆژیی یەکێکە لەو وێستگانەی، کە فۆڕمی نوێ بۆ واتای نوێ دروستدەکات. جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان جا چ لێکدان بن، یان هەڵگواستن، لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە بەرهەمدەهێنرێن، یان دروستدەکرێن؟ بەوەش وەڵامی ئەوەمان دەستدەکەوێت، کە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان لە هەر ئاستێکدا بن (ئاستەکان مەبەستمان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە)، یان لە هەر نواندنێکی مۆرفۆلۆژیی دا بن، پرۆسەیەکی فەرهەنگیین. یان ئاخێوەری زمان تەنها مامەڵە لەگەڵ دیوی دەرەوەی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی لێکدراو، یان هەڵگوێزراودا دەکات؟ بۆ ئەمە دەبێت قۆناغی فەرهەنگیی و قۆناغی پاش فەرهەنگیی ( post-lexical ) پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە لەیەکجیابکرێتەوە. ئاراستەی توێژینەوەکە بەو ڕێچکەیەدا دەڕوات، کە ئاخێوەری زمانی کوردیی لە پاڵ زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیدا زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانیشی لەناو فەرهەنگیی ئاوەزیی دا هەڵگیراون، بەوەش دەبێت مۆرفۆلۆژیی هاوشێوەی سینتاکس هەمان بنەمای هەبێت. بنەماکەش لە خوارەوە دەخرێتەڕوو.

٤. بنەماکانی لێکدان (compounding principles):

٤-١بنەمای فۆنۆلۆژیی:

لێرەوە ئەو بنەمایە لە چێوەی درووستەیەکی مۆرفۆلۆژییدا تاقیبکرێتەوە، چونکە لێکدراو دەرهاویشتەیەکی لێکدانە و مەرجی تایبەتیی بەو جێکەوتەیە جێبەجێدەکات، کە بۆی دەگەڕێتەوە (واتا فەرهەنگ)، نەک ئەو مەرجەی، کە لە لێکدان دا بەسەریدا دەسەپێنرێت، چونکە ئەوەی ناو لێکدان بۆ دروستکردنی فۆڕمێکی بێ کەموکوورییە بۆ ناو لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی. بەوپێیەی لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی، دەبێتە لێکسیمی سەربەخۆ و دەگەڕێتەوە بۆ ناو فەرهەنگ، دەبێت لەو ڕوانگەیەوە درووستە مۆرفۆلۆژییەکە پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە بلۆککردنێکی فەرهەنگیی هەبێت.

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بۆ لایەنی ناکەرتیی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی تاقیبکرێتەوە، دەبێت ئەو پرۆسەیە لە فەرهەنگەوە جڵەوبیگیرێت و مەرجەکە فەرهەنگ دایبنێت. بۆئەوەش فۆڕمە سادەکانی ناو فەرهەنگ جڵەوی ئەو فۆنۆلۆژییە دەگرن، کە لە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی بەلێکسیمبوودا هەبێت، واتا یەکێک لە مەرجەکانی گەڕانەوەی فۆڕمێکی لێکدراو، ئەو فۆنۆلۆژییەیە، کە لە فەرهەنگدا بۆ توخمەکان پەیڕەویدەکرێت، بەمەش فۆنۆلۆژیی بەلێکسیمبووی مۆرفۆلۆژیی لە لێکدراودا لە فۆڕمی لێکدانی مۆرفۆلۆژیی جیادەبێتەوە.

یەکێک لە پێوەرەکانی فۆنۆلۆژیی لێکدان، هێز (stress)ە، ئەو فۆنێمە ناکەرتییەی، کە تەرزێکی فەرهەنگیی_ ڕێزمانی هەیە. لە فەرهەنگدا چەسپیوە و لە ڕێزماندا ئازادانەیە، بڕوانە (دڵشاد محەمەد غەریب: ٢٠١٩ ). تا ئەو کاتەی لە ڕێزماندا دەبێتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بڕوانە هێڵکاریی (١)، کە تێیدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، دوو هێز لە پرۆسەکەدا جێبەجێدەبن، ئەوانیش هێزێکی فەرهەنگیی و هێزێکی ڕێزمانیی. سنوری ئەم پارەی ئێمە بۆ مۆرفۆلۆژیی ناو پێکهاتەی ڕێزمان بەکاردەهێنرێت، واتا لەناو ڕێزماندا مۆرفۆلۆژیی تاقیدەکرێتەوە (بۆ سینتاکس بڕوانە پارەکانی دواتر)، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەنگاوەکانی

پێشوودا لێکدان کرا بە پرۆسەیەکی پێش مۆرفۆلۆژیی، بۆیە هێزی ناو ئەو درووستە نێوەندییە ڕێزمانیی دەبێت، ئەوەی لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا ڕوودەدات، دەبێت پەیکاڵی ئەوەی فەرهەنگ بێت، چونکە دەبێتەوە بە مۆرفۆلۆژیی و توخمێکی فەرهەنگیی درووستکراو. بڕوانە هاوکێشەی (١).

هێلکاریی ژمارە (١).




هاوکێشەی ژمارە (١)

| فەرهەنگ | لێکدان | لێکدراو |
| --- | --- | --- |
| هێزی کۆتایی | هێزی سەرەتایی | هێزی کۆتایی |

هاوکێشەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە پێوەری بەوشەبوونی مۆرفۆلۆژیی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە هێز کۆتاییە، وەک لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکە قۆناغی بەڕێزمانبوونی هێزەکە دەبێت، کە بۆ (آ) بەسەرکردن و بەپریدیکاتکردن بۆ ڕەخساندنی ئەو پۆلەڕەگەزانەی، کە خۆیان (X٠) نین، یان توانای پرۆژەسازدانیان نییە، (ب) بۆ بونیاتنانی درووستەی لێکدان تا بنەمای فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی پێ بەرهەمبهێنرێت، بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (٢).

هاوکێشەی ژمارە (٢)

| فەرهەنگ | لێکدان | فۆرمی مۆرفۆلۆژیی |
| --- | --- | --- |
| $X^0$ | [ y ]ı $X^0$ | $X^0$ |

فەرهەنگیی، توخمێکی سادەی یەک لێکسیمییە، لە لێکدان دا هەڵاوێری (y) و بۆ بەوشەبوون/ بۆ بە لێکسێمبوون دەچێتە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە. بەوەش (X٠)ی ناو مۆرفۆلۆژیی، وشەیەکی ناسادە/ لێکسیمێکی مۆرفۆلۆژیی دەبێت. هێز لە قۆناغی لێکدان دا لەسەر (X٠) دەبێت، کە لە سەرەتای هەڵاوێرکردنەکەدایە، ئەمەش بۆئەوەی جیاکاریی

درووستەیی و تایبەتمەندیی (X٠) بدات بە پۆلەڕەگەزەکان. لەبەرئەوەی (X٠) ەکان کردار و ئاوەڵناو و ناوی ئاوەڵناویین، بۆیە (آ) ئاوەڵناوەکان و کردارەکان خۆیان پرۆژەسازدەر و پریدیکاتن، بەڵام ناوی ئاوەڵناویی بە سترێس (stress) لە ناوەکان درووستدەکرێن و دەکرێنە ئاوەڵناویی. (ب) ئاوەڵناو و کردارەکان جیاکەرەوەیین و لە جێکەوتەی سەرەتادا بە هێز واتای تایبەتیی ناو مۆرفۆلۆژییان پێدەدرێت. بڕوانە هاوکێشەکە لە ژمارە (٣)دا.

هاوکێشەی ژمارە (٣)

| فەرهەنگ | لێکدان | مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|---|
| $A^0$ مار | $[N^-]$، $A^0$ مار | $N^-$ ، $A^0$<br>مارماسی |

<مار> لە نواندنە فەرهەنگیەکەیدا (N٠)ە، لە لێکدان دا توانای ئاوەڵناوی دەدرێتێ، بەوەش دەبێتە «سەر»ی وشەکە، واتا دەبێت بە (X٠)، کەواتە سەرباری ئەوەی پریدیکاتی فەرهەنگیی هەیە، کە کردار و ئاوەڵناون، ناوی ئاوەڵناوییش دەبێتە پریدیکاتێکی پاش فەرهەنگیی و جۆری سیستەمی پریدیکاتەکان دەستەبەردەبێت، کە فۆنۆلۆژیی رۆڵی گرنگی لە درووستکردنیدا هەیە.

٤-٢بنەمای واتایی:

زۆربەی پێناسەکان بۆ مۆرفۆلۆژیی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە مۆرفۆلۆژیی بۆ درووستکردنی فۆرمی نوێیە بۆ واتای نوێ. لەوەشەوە پێناسەکە دوو روانگە لەخۆدەگرێت، کە لایەنی فۆرمیی بۆ درووستەی وشە لێکدراوەکەیە ، بەڵام لایەنی واتاییش لە درووستبوویەکی مۆرفۆلۆژیی دا شتێکی ناچارییە (حەتمیە). فەرهەنگ بۆ گەنجکردنی زانیارییەکانە، زانیارییەکانی ناو فەرهەنگ لە توخمە گەنجکراوەکاندا هەڵگیراون. زانیارییە فەرهەنگییەکان پەیوەستبوون بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و سیمانتیکەوە. زانیارییە سیمانتکییەکان بەشێکی کۆی مۆدێلی رێزمانیین. بڕوانە خشتەی (١)، بەوپێیە واتا لە کۆی پێکهاتەکانی رێزماندا بوونی هەیەو هەریەک لەو پێکهاتانە بە مەوداو تەرزی تایبەت بە خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکەن. لەبەرئەوەی توخمی سەرەکیی فەرهەنگ لێکسێم/ وشەیە، لێکسێمیش بە واتاو رکێفێکی واتایی خۆیەوە لە فەرهەنگدا کەسێتیی هەیە. کەسێتیی واتایی لێکسێم لە ئاستی فەرهەنگدا بۆ واتای فەرهەنگیی تاکە لێکسێماکان دەگەڕێتەوە، بۆیە لە بەرێزمانبووندا/ بەمۆرفۆلۆژییبووندا دەبێت واتایەکی نوێ بەرهەمبهێنرێت/ بەرهەمهاتبێت، بەوپێیەش واتایەکی بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژیی (بە هەڵگوێزراو و لێکدراو)یشەوە دەبێت لە واتای تاک لێکسێمەکە جیابێت، بۆیە لەوەوە دەبێت واتا لە ئاست/ لیڤڵی فەرهەنگیی و ئاستی مۆرفۆلۆژیی دا لێک جیابن، ئەگەرنا واتای درووستەیەکی مۆرفۆلۆژیی، واتا فەرهەنگییەکە بلۆکدەکات (pdf.https://hkotek.com/Erlewine-Kotek-slides-blocking-lsa٢٠١٤). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢) بۆ نواندنی واتایی لە ئاستی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییدا و جێبەجێکردنەکەی لە هێڵکاریی ژمارە (٣)دا.

خشتەی (١).

| | |
|---|---|
| فەرهەنگ | واتا |
| فۆنۆلۆژیی | |
| مۆرفۆلۆژیی | |
| سینتاکس | |

هێڵکاریی (٣).




هێلکاری (٢)




بەپێـی هێڵکارییەکـە و ڕوونکردنەوەکـەی سـەرەوە، ئـەوە ڕوونـدەبێتـەوە، کـە بنەمـای گۆڕینـی واتـا، یـان واتـای نـوێ لـە دروسـتبوویەکی مۆرفۆلۆژیـی دا جگـە لـە دەرئەنجامـی درووسـتەیی (بـوون بـە لێکـدراو، بڕوانـە پـاری دواتـر)، دەبێـت دەرئەنجامی واتاییـش هەبێـت https://www.academia.edu/١٠٢١٦٣٨٢/Morphology_and_meaning_An_overview. لـە نموونەکانـی < بەفرمـاڵ، مێشـکوژ >دا، ئەگەرچیـی لـە ئاسـت/ لیقڵـی فەرهەنگیـی دا واتـای ئامێـر نییـە، کەچیـی لـە ئاسـتە مۆرفۆلۆژییەکـەدا دەرکـردە و درووسـتبووە مۆرفۆلۆژییەکـە واتـای نـوێ/ ئامێـر بەرهەمهاتـووە.

٤-٣ بنەمای درووستەیی:

زۆربەی سـەرچاوەکان لەسـەر ئەوە کۆکن، کە لێکدان پرۆسـەیەکی مۆرفۆلۆژییە و وشـەی لێکدراویش، لە دوو توخمی سەربەخۆی فەرهەنگیـی پێکدێـت (https://oxfordre.com/linguistics/linguistics/view/١٠,١٠٩٣/acrefore/٩٧٨٠١٩٩٣٨٤٦٥٥,٠٠١,٠٠٠١/acrefore-٩٧٨٠١٩٩٣٨٤٦٥٥-e-٢٥١). هەڵبژاردنـی توخمـی فەرهەنگیـی بـۆ نـاو پرۆسـەیەکی مۆرفۆلۆژیـی لـەو چەشـنە، بەپێـی ئـەو زانیارییـە مۆرفۆلۆژییانـە دێـت، کـە لەنـاو فەرهەنگـدا و لـە توخمـە مۆرفۆلۆژییەکانـدا هەڵگیـراون. بنەمـای درووسـتەیی بـۆ بونیادنانـی لێکدانـی مۆرفۆلۆژییانـە، مەرجـدارە و کۆتوبەنـدی درووسـتەیی خـۆی هەیـە. وەک پێشـتر لـە بەشـی یەکەمـدا لـە (X-Bar)ی مۆرفۆلۆژییانـەدا باسـی لێوەکـرا، توخمـە پرۆژەسـازدەرەکانی نـاو پێکهاتـەی مۆرفۆلۆژیـی، ئەوانـەن کـە دەسـەڵاتی

هەڵبژاردن و هەڵاوێرکردنیان هەیە، بۆیە بنەمای دروستەیی وشەیەکی لێکدراو، بە مۆدێلی (X , Y)و (X , X) تاقیدەکرێتەوە، کە باکگراوندێکی سینتاکسیی هەیە و ناوکۆیی دروستەیی نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەردەخات (https://www.italian-journal-linguistics.com/app/uploads/٢٠٢١/٠٥/٨_Sanfelici.pdf). بۆ جێبەجێکردنی ئەو مۆدێلە دروستەییانە، بڕوانە پارەکانی دواتر!

## بەشی سێیەم:

١-چەشنەکانی لێکدان:

بەپێی دەسەڵات و زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، دروستەی لێکدان بەرهەمدێت، واتا زانیارییەکان و چەشنی توخمەکە چەشنی لێکدانەکە دەهێنێتەبەرهەم، کە ئەویش لەنێوان ئەگەری بوون بە وشەی لێکدراو، یان مانەوەی پێواژۆکە بە لێکدان، چونکە دەشێت لێکدان بۆ پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش بێت، لە پارەکانی داهاتوودا چەشن و جۆرەکان دەخرێنەڕوو.

٢- تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانە/ هاوپایە (Coordinate):

ئەمجۆرەی تەکخستن بە یەکگرتنی توخمەکانی (X + X) دێتەبەرهەم «پێکەوەبەستن Conjoin: پێواژۆی پێکەوەبەستن/ لینککردنی دوو پێکهاتە، یان زیاترە، کە بەهۆی کۆنجەکشنی تەکخستن (Coordination Conjunction)ەوە ڕوودەدات، بەمەرجێک هەردوو پێکهاتە تەکخراوەکە، هاوجۆربن» (سەعید: ٢٠٢٠: ١٤٢).

«زۆر لەسەر لێکدان و تەکخراو نوسراوە لە سەرچاوە کوردییەکاندا بەشێوەی سەربەخۆ لە رووی پێکهاتە و کەرتەکانەوە، بەڵام دەکرێت چەمکی ئەم دوو زاراوەیە لەزماندا فراوان و گشتگیر بکرێت، چونکە ( کردەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لە هەڵکەوت و سروشتدا هەریەکن و بە سێ هەنگاودا دەڕۆن، هەڵبژاردنی کەرەستەی بەجێ و لێکدانی کەرەستە هەڵبژێراوەکان[ ریزکردن و ڕێکخستنیان بەپێی دەستور و یاسای زمانەکە] و تێبینیکردنی ئەو گۆرانانەی لە ئەنجامی ئەم لێکدان و یەکگرتنەدا دێنە کایەوە» (محمدامین: ٢٠٠٩: ٨٤).

« لێکدراوی تەکخراو وەك هەموو لێکدراوێکی تر خاوەنی چەند تایبەتی و خاسیەتێکە، کە لە وشەی سادەو داڕێژراو جیایدەکاتەوە. هەموو لێکدراوێک لە هەر جۆرێک بێت لە دوو وشەی سادە، یان زیاتر پێکهاتوون، وشەکانی جێگۆرکێ ناکەن و لەیەکتری دوور ناکەونەوە و فراوان ناکرێن و بەهەموو وشەکان تاکە هێزێکی سەرەکی وەردەگرن، کە لە کوردییدا لەسەر دوا برگەی بەهێزە لە رۆنانەکەدا» (فەتاح: ٢٠١٠: ٢٨٠).

«لە تەکخراوی هاوپایەکاندا کەرتی یەکەم نابێتە دیارخەر بۆ کەرتی دووەم بە واتایەکی روونتر، پەیوەندیی نێوان دوو بنجەکە دیارخەر و دیارخراو نییە، لەجیاتی ئەوە، هەردووکیان هەمان نرخ و بەهایان هەیە. نموونە بۆ تەکخراوی هاوپایە «(محەمەد: ٢٠١٩ :١١٩).

لەبەرئەوەی لە تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەدا دروستەو بنەمای (x + x) جێبەجێدەبێت، دەبێت دیوی فەرهەنگیی/ پرۆژەی پێش_مۆرفۆلۆژیی ئەو دروستەیە دەستنیشانبکرێت، چونکە لەوەی پێشتردا لێکدراو دیوی مۆرفۆلۆژییانەی (X٠)ەکان بوو، بەڵام لەمەدا بوون بە دوو (X٠) دەمانخاتە بەردەم بنەمایەکی جیاوازەوە. بەپێی ئەو گریمانەیەی، کە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیش لە هەر ئاستێکدابن پرۆژەیەکی فەرهەنگین، دەبێت تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەش هاوشێوەی لێکدراوی مۆرفۆلۆژییانە بنەما و بنەچەیەکی فەرهەنگیی و پاش فەرهەنگییان هەبێت، کە لێکدان بوو، لەم پارەشدا هەر جێبەجێدەبێت، بۆیە بۆئەوەش هەنگاوەکانی فەرهەنگ - لێکدان – تەکخستن تاقیبکرێتەوە، بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (٤).

هاوکێشەی ژمارە (٤).

| فەرهەنگ | لێکدان | مۆرفۆلۆژیی تەکخستن |
|---|---|---|
| $X^0$ | $[X^0]$ ، $X^0$ | $X^0$ |

قۆناغی لێکدان لە هاوکێشەکەی سەرەوەدا، کە بنەمای درووستبوونی تەکخستنی مۆرفۆلۆژییە، دوو (X)ی وەک بنەمای پۆلەرەگەزدیاریکردن و بارگەخستنی لێکدان پێشنیازکردووە، کە ئەمەش پەیوەست بە درووستەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیشەوە، دەبێت توخمی دەسەڵاتداری داواکار (پریدیکات) و توخمی داوکراو (ئارگومێنت) هەبێت، هەرچەندە هۆکاری ناونانی ئەو درووستانە بە هاوپایە لەوەوە دێت، کە هەر دوو توخمەکە پەیوەست بەپۆلەرەگەزەوە هەمان پایەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشیان هەن، ئەگەر لەگەڵ ئەم بۆ چوونەدا برۆین، هاوکێشەکە درووستە و تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانە بنەمایەکی فەرهەنگیی و بنەمایەکی لێکدانی نابێت. واتە خودی تەکخراوی مۆرفۆلۆژیی، تەنیا هاوشێوەی فرێزی تەکخراوە، کە لە سینتاکسدا دروستدەبێت، بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٠) درووستەی فرێز، کە پێیوایە، فرێزی تەکخستن لە سینتاکسدا درووستدەبێت و بنەچەی فەرهەنگیی نییە. ئەمیش درووستەیەکە لەناو مۆرفۆلۆژییدا دروستدەبێت و ئەوکاتە هاوکێشەکە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت.

نەبوونی بنەچەی فەرهەنگیی ئەوە دەگەیەنێت، کە هەم لێکدراوێکی مۆرفۆلۆژیی و هەم لێکدراوێکی سینتاکسیی لە هەمان لێکدانەوە بێت، بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (٥)، بەوەش دەکەوینە ناو دوو بیرۆکەی جیاوازەوە، کە ئایا لێکدراوی تەکخراو بە لێکسیمبوویەکی مۆرفۆلۆژییانەیە، یان سینتاکسییانەیە؟ ئەگەر پرۆسەکە بە لێکسیمبوونێکی ناو مۆرفۆلۆژیی بێت، ئەوە دەبێت توخمی پرۆژەسازەری ناو مۆرفۆلۆژیی بدۆزرێتەوە، ئەگەر وانەبێت، ئەوا بەلێکسیمبوونێکی سینتاکسییە و هەریەک لە نموونە و هێڵکاریی (٤) لە پێشدا فرێزێکی تەکخراو بوون، ئینجا بوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ. نموونەی ژمارە (١).

هاو کێشەی ژمارە (٥)

| فەرهەنگ | مۆرفۆلۆژیی تەکخستن |
|---|---|
| $X^0$ . $X^0$ | $X^0 = X^0$ ، $X^0$ |

١) (سەروپێ، دەموچاو، هێلکەوڕۆن، قاچوقول، دەمولوت، کەڕولاڵ، قسەوباس، گەنموجۆ، دەنگوباس، ........ هتد ). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٤).

هێلکاری ژمارە ( ٤ ).




نموونەو هێڵکارییەکەی سەرەوە، ئەوە نیشاندەدات، کە پرۆژەی وشەی تەکخراو بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی نییە، بەڵکو سینتاکسییەکی بەلێکسیمبووە، چونکە نموونەکان لە سینتاکسدا بە (فریزیی) دروستەیەکی ئازادیان هەیە، پاشان بە مەرجی بەلێکسیمبوون، کە مەرجێکی فۆنۆلۆژیی و واتاییە، دەبنە لێکسیمێک، یان وشەیەکی سەربەخۆ، بەڵام توێژینەوەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە مۆرفیمی /-و- /، پرۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژیی بێت، ‹‹ئەوەی شایەنی تێبینییە لەم جۆرەی لێکدراوانەدا ئەوەیە، کە ڕەفتاری مۆرفیمی تەکخستن /- و-/ ڕەفتارێکی ئاسایی مۆرفیمی (حروف العطف)ی نییە،ەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە، کە کەرەستەی وشەی لێکدراو و ئیدیەم زۆرجار واز لە هەندێك تایبەتمەندیی خۆیان دەهێنن و دەگۆڕێن لەپێناو بەدەستهێنانی دانەیەکی ڕێزمانی نوێ›› (فەتاح: ٢٠١٠: ٢٩٢ ). ئەگەر پێشنیازی پرۆژەسازدەربوونی /- و-/ بکەین، دەبێت ئەوە «سەر»ی وشەی تەکخراو بێت، ‹‹پرۆژەکە بەپێی بنەماکانی تیۆری (x-bar) پێویستی بە هەبوونی سەرێکی ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرە، کە مۆرفیمی تەکخستن، دەبێتە «سەر»ی ڕێزمانی بۆ بونیاتانی درووستەی ئەم جۆرە لێکدراوە›› (سەعید: ٢٠٢٠: ١٤٣). بەوەش وشەی تەکخراو نابێتە پرۆسەیەکی دوو «سەر». بشڕوانە (Bistto and Scalise :٢٠٠٥: ٣٢٧). هەروەها بشڕوانە (کەرەمی: ١٣٩٦- ٢٠١٧ :١٨٥ ). ‹‹ لێکدراوی تەکخراو (جووتە وشە یان لێکدراوی سەربەخۆ)، ئەو جۆرە لێکدراوەیە، کە بەزۆری بە مۆرفیمی /- و-/ تەکیەک دەخرێن، ئەو دوو وشە پێکهاتووە وشەکان جیگۆڕکێ ناکەن و لەیەکتر دوور ناکەونەوە و فراوان ناکرێن لەزمانی کوردیی دا پەیوەندیی واتایی نێوان کەرتەکان، یان هاوواتایە یان دژواتایە

یـان دووبارەیـە، بەنموونـە ( شـۆخ وشـەنگ، سـەروپێ، سـاردوگەرم، شـەورۆژ، دەمـاودەم)›› محمەدەمیـن: ٢٠٠٩؛ ٩١). پـرۆژەی لێکـدراوی تەکخـراو، ‹‹خسـتنەتەکیەکی گشـت ئـەو وشـانەن، کـە لەهەمـان کەتیگۆرییـەوە هەڵگوێـزراون›› (مەعـروف: ٢٠٠٩: ٦٧). لێـرەوە بـۆ ئـەم پـارە و پارەکـەی پێشـووتریش، پێشـنیازی لێکـدراوی دارێـژرا و دارێـژراوی لێکـدراو/ لێکـرژاو، بەجۆرێـک لێکـدراوی دارێـژراو لێکدانـە لەنـاو دارێـژراودا، بـەڵام دارێـژراوی لێکـدراو دارێـژراوە لەنـاو لێکـدان دا. پێشـنیازەکە بـۆ تەکخسـتن ئەوەیـە، کـە زمانـی کوردیـی مامەڵـە لەگـەڵ دارێژراوێکـی نائـازاددا دەکات، چونکـە تەکخسـتن لـە سـنووری دارێژراویەکەیـدا بـە یاسـای [ y + و ] + x٠ بەرهەمدێـت.

X٠ + [ و + y ]

دارێژراوی نائازاد

بۆ روونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، بروانە هێڵکاریی ژمارە (٥) لە خوارەوە.

**هێڵکاریی ژمارە (٥).**




١)- یاسای دارێژراوی نائازاد ١-y + x = پشتاو، دەماو، رووەو....

٣-تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەی دووهێندە Morphological (-doubling Coordinate):

هـەروەک لەپـاری پێشـوودا بـاس لـە تەکخـراوی مۆرفۆلۆژییانـەی هاوپایەکـرا، لـەم پارەشـدا باسـەکە دەربـارە دووهێندەیـی وەک جۆرێکـی تەکخـراوی مۆرفۆلۆژیـی دەکرێـت، کـە ئەویـش یەکێکـە لـە پرۆسـەکانی بەرهەمهێنانـی وشـە لـە مۆرفۆلۆژیـی دا. کەواتـە دەتوانییـن بڵێیـن، یەکێـک لـە پرۆسـە مۆرفۆلۆژییـەکانی زمانـی کوردیـی، دووهێندەیـی (Doubling)ە، مەبەسـت لـەم پرۆسـەیە ئەوەیـە، کـە وشـەکە بەتەواویـی، یـان بەشـێک لـە وشـەکە دووبارەدەبێتـەوە، بەوپێیـەش بێـت دووبارەبووەکـە، یـان دوو هێندەکراوەکـە سـەر بەهامـان پۆلەرەگـەز دەبێـت، بـەوەش دروسـتەکەی (X + X) دەبێـت، .https://www.researchgate net/publication/٣١٤٠٢١٨٨٧_Doubling_as_a_Sign_of_Morphology_A_Typological_Perspective، بۆیـە پرۆسـەکە هەڵسـوکەوتی وشـەی تەکخـراو دەکات، چونکـە مەرجـی دروسـتەیی وەکیەکـە و هـەردوو پرۆسـەکە دەبنـە وەچـەی یەکتـر و

هاوشێوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی تر، دەرکردەی مۆرفۆلۆژیی و واتایی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە، کە ئەمیش بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی هەژماربکرێت. کەواتە درووستەی دووهێندەیی لەسەر بنەمای هاوپایەی هەمان جۆری پۆلەڕەگەزییە، نەک تەنها هەمان پۆلەڕەگەزی بونیات بنرێت، واتە ئەگەر وشەی تەکخراو هەمان پۆلەڕەگەز لە درووستەکەیدا دووبارەببێتەوە بە بێ ئەوەی هەمان نیشانەیان هەبێت، واتە هاوئاماژە نەبن (non co reference)، ئەوە لە تەکخراوی دووهێندەییدا وشە تەکخراوەکان هاوئاماژە (Co reference)ن. بڕوانە یاساکانیان لە (٢) دا.

یاسای ژمارە (٢)

٢)- أ. تەکخراو

X + X

هەمان پۆلەڕەگەز هەمان پۆلەڕەگەز

ب. تەکخراوی دووهێندەیی

X + X

هەمان پۆلەڕەگەز هەمان پۆلەڕەگەز

(X) هاوئاماژەنین (X) (non co reference) هاوئاماژەن(co reference).

هەرچەندە درووستەی تەکخراوی دووهێندەیی وەك پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانە ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام دەکرێت پرۆسەکە لە روانگەی چەسپاویی و دەرکردەی واتاییەوە بە سینتاکسیی بناسێنرێت، ئەویش بەوپێیەی مۆرفۆلۆژیی لە فۆرم و واتای نوێ دەکۆڵێتەوە، بۆیە لەو روانگەیەوە دەبێت پرۆسەی بەلێکسیمبوونی، واتە بەوشەبوونی تەکخراوی دووهێندەیی شیبیکرێتەوە، چونکە وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدراوە، درووستەیەکی مۆرفۆلۆژییش لە ئەگەری بەلێکسیمبوون و بەلێکسیمنەبووندایە، چونکە ئەگەری هەیە درووستەیەکی مۆرفۆلۆژییش نواندنێکی ئازادانە و تاک لایەنانەی هەبێت، بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠٢٠ : ١٦٦)، کە مەبەست لێی هەمان درووستەی دووهێندەیی، رەنگە دیویکی ئازاد و نائازاد و دیوێکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی هەبێت.

٤-دووهێندەیی تەکخراوی نائازاد:-

ئەم جۆرەیان لە دوو روانگەوە لە درووستەکەی دەڕوانرێت، کە هەرچەندە هەمان یاسا و بنەمای دووهێندەیی هەیە، بەڵام بە تەنها بەکارنایەت/ ئازاد نییە، بەڵکو دەکەوێتە ناو درووستەیەکی مۆرفۆلۆژیی ترەوە تا بە کۆی پرۆسەکە ببێتە پرۆسەیەکی تری مۆرفۆلۆژیی/ واتە پرۆسەیەک لەناو پرۆسەیەکی تردا دەشکێتەوە، بەوەش دەرکردەکەی دەبێتە درووستەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئازاد، واتە دووهێندەییەکە نائازادە و درووستەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەیکاتە لێکسیمی سەربەخۆ، بڕوانە یاسا و هێڵکارییەکەی لە (٣) و (٦)دا، لەگەڵ جێبەجێکردنەکەی لە (٢) دا.

٣) یاساکە: دووهێندەیی (doubling) + پاشگر(Suffix) = ناو

هێڵکاریی ژمارە (٦)




٢). (خاڵخاڵۆکە، حەتحەتۆکە، قومقومۆکە، جاڵجاڵۆکە، .......) .

بەپێی درووستەو یاسا و نموونەکان، دەرکردەی ئەو نواندنە بەرهەمهێنانی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژییە و درووستەکە بەرهەمی مۆرفیمێکی دارشتنە، بەوەش دەرکردەکە دەبێت بە لێکرژاو، بەوەشدا، کە دووهێندەییەکە بووەتە بناغەی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی، بۆیە بە تەکخراوی دووهێندەیی نائازاد هەژماردەکرێت و لەناو مۆرفۆلۆژییدا ناودەنرێت و پۆلێندەکرێت. بناغەکە لە رێگای مۆرفیمێکی دارشتنەوە دەکرێتە لێکسیم، وەك لە هێڵکاریی و نموونەکانی سەرەوەدا ئەوە روونکرایەوە.

٥- دووهێندەیی تەکخراوی ئازاد:-

ئەگەرچی ئەم جۆرەشیان پێرەوی هەمان یاسای جۆرە نائازادەکە دەکات، بەڵام ئەم بەتەنها وەک پرۆسەیەکی بەلێکسێمبوو بە هەردوو مەرجی فۆنۆلۆژیی و واتایی دەبێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، یاساکەی ئەمیش (X + X) بە دوو توخمی هاوپۆلەرەگەزی هاوئاماژەیش، لەبەرئەوەی درووستەی ئەم جۆرەیان بە تەنهایە و لەناو پرۆسەیەکی تری مۆرفۆلۆژییدا نەشکاوەتەوە، سترێسەکەی هاوشێوەی هەموو وشەیەکی تری بەلێکسێمبووی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی لە کۆتاییدایە، بەوەش مەرجی فۆنۆلۆژیی جێبەجێدەکات و ئازادیی خۆی هەیە و، لە رووی واتاییشەوە دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکەی واتایەکی ناو مۆرفۆلۆژیی دەبێت، ئەگەر سەرنجی نموونەی درووستەکانی خوارەوە بدرێت، ئەوە دەردەکەوێت، کە: (أ) درووستەکە هاوشێوەی وشەی تەکخراوە و پرۆسەیەکی دارشتن لەناو پرۆسە دووهێندەییەکەدا شکاوەتەوە. (ب) دەرکردەی واتایی پرۆسەکە جگە لە بەرهەمهێنانی واتای چۆنێتیی، پۆلەرەگەزی ئاوەڵناو بەرهەمدێنێت، بروانە یاسای ژمارە (٤) و جێبەجێکردنەی لە نموونەکانی (٣) دا.

٤) دووهێندەیی ⟵ وشەی مۆرفۆلۆژیی . بڕوانە نموونەکانی لە (٣)دا.

| X | X |
|---|---|
| پشتاو | پشت ⟵ پشتاوپشت |
| دەماو | دەم |
| گەرماو | گەرم |
| سەران | سەر |
| دەستاو | دەست |
| شاخەو | شاخ |
| ماڵەو | ماڵ |

٣)- ( پشتاوپشت، دەماودەم، گەرماوگەرم، سەرانسەر، دەستاودەست، شاخەوشاخ، ماڵەوماڵ، ........ هتد).

نموونەکانی سەرەوە بەپێی یاسای ژمارە (٥) بەرهەمهاتوون، کە لە خوارەوە دەخرێتەڕوو.

یاسای ژمارە (٥)

٥)- [ پشت + او + ] پشت

نموونە و یاساکەی سەرەوە ئەوە دەردەخات، کە بەپێی پەیوەندیی هەڕەمیی درووستەکە لەم جۆرەی دووهێندەیی دا، هاوشێوەی وشەی تەکخراو درووستەیەکی، یان پرۆسەیەکی دارشتن لەناو درووستەکەدا دەشکێتەوە، بەوەش درووستەکە بە هاوپایەیی نامێنێتەوە، راستە توخمی دووهێندەیی هاوئامازەن و لەسەر بنەمای هاوئامازەییش دەبنە دووهێندەیی، بەڵام ناهاوپایەیەکی دوو درووستەیی بەرهەمدێت، چونکە ناوبەندەکە (X-1) یەکە و دارشتنە ناوەکییەکەی بەرهەمهێناوە تا ببێت بە دارشتنێکی نائازاد و پێویست بە هاتنی درووستەی توخمی دووەم بکات، بڕوانە نموونە و یاسا و هێڵکاریی تەکخستن لە پاری پێشوودا و بەراوردی بکە لەگەڵ نموونە و یاسا و هێڵکارییەکەی خوارەوەدا.

٦)- [ $y + X^{-1}$ ] + X

[ گەرم + او + ] گەرم

بەپێـی یاسـاکە درووسـتەی دووهێندەیـی، پرۆسـەیەکی لەناویـەک شـکاوەیە و بـە لێکـدان و بـە داڕێـژراو بەرهەمدێـت، جیاوازییەکـەی لەگـەڵ تەکخسـتندا لـە پرۆسـەدا نییـە، بەڵکـو لـە توخمـە بەرهەمهێنەرەکەیدایـە، کـە ناوبەنـد (interfix)ە .بڕوانـە هێڵکاریـی ژمـارە (٧).

٦- دووهێندەیی سینتاکسیی:-

هێلکاریی ژمارە (٧)




ئـەم چەشـنەی دووهێندەیـی، پەیوەسـتە بـە درووسـتە و بنەمـای دووهێندەکـردن لـە پرۆسـەیەکی ناوخۆیـی/ هاوسـێییدا ( بڕوانـە: بژوێـن یەحیـا محەمـەد: ٢٠١٦)، کـە مەبەسـت لێـی دانانـی دوو توخمـە لـە هەمـان دەوروبـەردا، بەمـەش هـەر دەچنـەوە سـەر دووهێندەیـی مۆرفۆلۆژییانـە –morphological doubling، کـە پێشـبینیدەکرێت جیاوازییەکـەی جگـە لـە فۆنۆلۆژیـی و واتـا، بـە دەقـی مۆرفۆلۆژیـی و دەقـی سینتاکسـییەوە پەیوەسـتبێت، چونکـە هەردووکیـان ناوخۆییەکـە/ هاوسـێییەکەیان لـە دوو دەقـەدا جیادەبنـەوە، ئەگـەر لەڕوانگـەی یاسـاو درووسـتەکانیانەوە لێیانبڕوانیـن، دەبینییـن، کـە توخمەکانیـان هەمـان پۆلەڕەگـەز و هاوئامازەییـن، بـەڵام لـە ڕوانگـەی فۆنۆلۆژییـەوە ئـەوە دەگرێتـەوە، کـە ئایا چووەتـە سـنوری بەلێکسـێمبوونەوە، واتـە مەرجـی فۆنۆلۆژیـی بەوشـەبوونی جێبەجێکـردووە، یـان سترێسـێکی ئازادانەیـە؟ چونکـە سترێسـیش وەک بنەمایەکـی بەلێکسـێمبوونی مۆرفۆلۆژییانـە دەبێـت کۆتایـی بگرێـت، بـەڵام گـەر سینتاکسـییانە بـوو، دەشـێت ئازادانـە بێـت. پەیوەسـت بـە واتاکەشـیەوە، واتاکـەی دەربـڕی چۆنێتییەکـی بـە پۆلەڕەگەزنەبـووە (نەبـووە بـە نـاو، یـان ئاوەڵنـاو)، بـۆ نموونـە لـە زمانـی کوردییـدا خـودی دووبارەکردنـەوە بـۆ گەیاندنـی نیشـانەی چۆنێتیـی دەبێـت، ئەویـش بـۆ جێگرتنـەوەی فـۆڕم دارشـتنە بـۆ نیشـانەی [+ چۆنێتیـی]، بڕوانـە نموونـەکان لـە (٤) دا.

٤)- ( پۆل پۆل، دەستە دەستە، خوێندکار خوێندکار، جوان جوان، کوڕ کوڕ، دوو دوو، کەم کەم، ....... هتد).

بەپێـی نموونەکانـی سـەرەوە درووسـتەکە بـۆ پڕکردنـەوەی کەرەسـتەکان لەبەردەم ئاخێـوەری زمانـی کوردیـی دا ئازادانەیە، چونکە لـە سینتاکسـدا ئاخێـوەر دەتوانێـت بـێ کۆتایـی لـەو درووسـتەیە و لـەو جـۆرە دووهێندەییانـە بەرهەمبێنێـت، ئـەوەش بەڵگەیـە بـۆ (١) بەسینتاکسـیبوونی پرۆسـەکە، واتـە پرۆسـەکە لـە سینتاکسـدا روودەدات و پرۆسـەیەکی سینتاکسـییە، (٢) بەفرێزبوونـی،

بۆیە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، ئەم دووهێندەییە، کە بەبێ (یاریدە)یە، بە سترێس دووهێندەییەکە بەرهەمهاتبێت. لە نموونەکانی ژمارە (٤) دا بەبێ ( یاریدە) بوون، کە وەك ئاماژەیپێدرا سترێس ڕۆڵی لە تەکخستنەکەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بروانرێتە نموونەکانی ژمارە (٥) لە خوارەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە لە دووهێندەییە سینتاکسییەکەشدا تەرزی/ مۆدێلی ناهاوپایەی درووستەیی پێشبینیلێکراون، ئەویش لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی نائازاد لەناو درووستەکەدا شکاوەتەوە، لەبەرئەوەی دووهێندەییەکە سینتاکسییە، پێشبینیدەکرێت فرێزێکی پێشناوی (P-) لەناو درووستەکەدا هەبێت.

٥)- ( شار بەشار، دێ بەدێ، کۆڵان بەکۆڵان، گەڕەک بەگەڕەک، وڵات بەوڵات، دانە بەدانە، ماڵ بەماڵ، موو بەموو، چۆک بەچۆک، بست بە بست، .....)، بەڵام لەبەرئەوەی لە نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت و پێشنیازی ئەوە کرا، کە ناوبەندەکە لە چەشنی پێشناو بێت، بۆیە درووستەکەی بەو جۆرە دەبێت، کە پێشناوەکە لەگەڵ کەرتی دووەمی درووستەکەدا بێت، بەوەش هێلکارییەکە بەوجۆرەی خوارەوەی لێدێت، بروانە هێلکاریی و یاسای ژمارە (٨) و (٧).

هێلکاریی ژمارە (٨)




٧)- [ X + P + y ] بروانە نموونەکانی سەرەوە و جێبەجێکردنەکەی لە خوارەوە.

کۆڵان + [ بە + کۆڵان ]

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە ئەو نموونانەی لە (٤)دا ئاماژەیان پێدرا، بروانە هێڵکاریی (٩_ ا ، ب)

هێلکاریی ژمارە (٩)




دووهێندەیی لەم جۆرەیاندا لەبەرئەوەی سینتاکسییە، بەرهەمهێنەری جۆرێک لە فریزی نائازادە لە بەکارهێناندا، کە بۆ جێکەوتەی ئاوەڵکردارییی ئامادە دەکرێت. جگە لەوەی، کە لە پاری پێشوودا ئاماژەپێدرا، بەهۆی تەرز/ مۆدێلی مۆرفۆلۆژییەوە، کە ڕێگایەکی دووهێندەکردنی ناوخۆیی/ هاوسێییبوو بۆ بەرهەمهێنانی وشە و گەیاندنی واتای چۆنێتیی، ‹‹بەهۆی سینتاکسیشەوە بە هەمان تەرزی پێشووتر بەرهەمدەهێنرێت، واتا ئەم ڕێگایەش لە ڕووی واتاوە هاوشێوەی لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی، هەر بۆگەیاندنی واتای چۆنێتییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادانەیە بەرهەمدارترە و فۆرمی زۆرتری پەیوەست بە چۆنێتییەوە لێ دروستدەکرێت، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی بۆ دروستکردنی فریزە، کە جێکەوتەی ئاوەڵکردارئاساکان پەیوەست بە چۆنێتییەوە دەیسەپێنێت، چونکە لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکرداری چۆنێتیی نییە، بۆیە هاوشێوەی ئەو فۆرمانەی، کە بە ئاوەڵناو دارێژراون، چۆنێتیی دەگەیەنن، دەبێت بۆ هەمان ئەوجێکەوتەیەی، کە ئاوەڵکردارییە بە ئازادانە فۆرم دابڕێژرێت، کە پێشبینیی دەکرێت لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە زۆرترین کەرەستەی بکەوێتە بەردەست›› (محەمەد: ٢٠١٦:٤٥). بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٦).

٦)- أ. * کوڕەکان پۆل چوون بۆ سەیران.

ب. کوڕەکان پۆل پۆل چوون بۆ سەیران.

ت. * ئەوان خوێندکار چوون بۆ پۆلەکە.

پ. ئەوان خوێندکار خوێندکار چوون بۆ پۆلەکە.

ج. نەسرین جوان ماڵەکەی پاککردەوە.

چ. نەسرین جوان جوان ماڵەکەی پاککردەوە.

ئەو نموونانەی لە (٦)دا ئاماژەیان پێدرا، ئەوەیان روونکردووەتەوە، کە سینتاکسیش رێگایەکە بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەی ئاوەڵکردار و گەیاندنی واتای چۆنێتیی لە رێگەی پرۆسەی دووهێندەییەوە، لەنموونەی (٦-أ)دا وشەی /پۆل/ هاتووە، بەتەنها نەیتوانیوە جێکەوتە، کە جێکەوتەی ئاوەڵکردارە، پڕبکاتەوە و واتای چۆنێتیی بگەیەنێت، چونکە بەتەنها هەڵگری نیشانەی واتایی چۆنێتیی نییە، بۆیە رێگاپێنەدراوە، بەڵام لە رستەی (٦-ب)دا دەربڕاوی /پۆل پۆل/ دووهێندەکراوە و جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی گرتووەو بووە بە ئاوەڵکردارئاسا و ردەی دەستنیشانکردووە، چونکە بەهۆی دووهێندەییکردنەوە توانی ببێت بە هەڵگری نیشانەی [+ چۆنێتیی]، بەهەمان شێوەی نموونەکانی (٦-أوب)، نموونەکانی (٦-ت وپ)یش، بەهۆی دووهێندەکردنەوە توانیویانە ببن بە هەڵگری نیشانەی [ + چۆنێتیی] و جێکەوتەی ئاوەڵکردار پڕبکەنەوە. ‹‹جگە لەو فۆرمانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، کە دووبارەکردنەوەی ناوێک بەبێ یاریدە بوو، بەیاریدەش وەک /پۆلاوپۆل، کوڕاوکوڕ، سەرانسەر، ماڵ بەماڵ، دێ بە دێ، شارەوشار، ......../، جگە لەوەی لەناویاندەخات، نیشانەی چۆنێتییش بە درووستەکە دەدات و فۆرمێکی لێکدراو بۆ ئاوەڵکرداری چۆنێتیی دروستدەکات. وەک لە (٧)دا دەردەکەوێت، بەهۆی هەبوونی ئەو نیشانەیەوە، فۆرمە لێکدراوەکە دەتوانێت لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی دا دەربکەوێت، بڕوانە پێچەوانە رێگاپێنەدراوەکەی لە (٨)دا. هەندێک جاریش لە رێی دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناوەکانەوە، وەك /ورد ورد، جوان جوان، خێرا خێرا/، نیشانەی زیاتر بە ئاوەڵناوە چۆنێتییەکان دەدرێت و بە واتا و ناوەڕۆکی نوێوە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی پڕدەکەنەوە›› (مەعروف: ٢٠٢٠ : ٢٢٠). بڕوانە نموونەکان لە (٩)دا.

٧) أ. منداڵەکان دوودوو چوونە باخچەکەوە.

ب. کوڕەکان پۆل پۆل هاتنە ژوورەوە.

پ. بەڕێوەبەرەکە ژووراو ژوور دەگەڕا.

ت. خێرەکەیان ماڵەوماڵ دابەشکرد.

٨) أ.* منداڵەکان دوو چوونە باخچەکەوە.

ب.* کوڕەکان پۆل هاتنە ژوورەوە.

پ.* بەڕێوەبەرەکە ژوور دەگەڕا.

ت.* خێرەکە ماڵ دابەشکرا.

٩) أ. سەیران ورد ورد دەڕۆیشت.

ب. تریفە جوان جوان ماڵەکەی پاککردەوە.

ئەنجام

بنەماکانی لێکدان پێشینەیەکی فەرهەنگییان هەیە، بارگەختستنێکە بۆ بەرهەمهێنانی درووستەی لێکدراوی وشەیی و سینتاکسیی. لێکدانەکە بە بنەمای لێکسیمبوون و واتا و فۆنۆلۆژییەوە، هەبوونە مۆرفۆلۆژیی پەیوەست بە لێکدراوەوە، هەروەها لێکدانی سینتاکسییش دەسەلمێنێت.

ئەگەرچیی لێکدراوی تەکخراو بنەمایەکی هاوپایەی هەیە و لە توخمی فەرهەنگیی (X + X) بەرهەمدێت، بەڵام لەناو خۆیدا داڕێژراوێکی نائازاد دەشکێتەوە و مۆرفیمی تەکخستنی /و/ دەبێتە «سەر»ی لێکدراوەکە، بەوەش هەڵگوێزراوێکی نائازاد لەناو درووستەکەدا دەشکێتەوە.

تەکخراوی دووهێندەیی، پرۆژەیەکی مۆرفۆلۆژیی_سینتاکسییە، روانگەی تەکخراویی لە دووهێندەیی دا بۆ هەبوونی دوو (X + X) دەگەڕێتەوە، بەڵام لە تەکخراوی دووهێندەیی دا (X)ەکان هاوئاماژەن و لە نواندنە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانیشیاندا بۆ واتای چۆنێتیین.

تەکخراوی دوو هێندەیی دەرکردەیەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییانەی هەیە، سینتاکسیی پرۆسەکە هەمیشە ئازادانەیە و لەسەر هەمان مۆدێلی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکەی هەیە، بەڵام نەبووە بە لێکسیمی سەربەخۆ، ئاخێوەری زمانی کوردیی بۆ بەرهەمهێنانی واتای ئاوەڵکرداری چۆنێتیی، دەریدەبڕێت.

سەرەڕای ئەوەی دووهێندەیی لە تەرزە سینتاکسییەکەیدا نائازادە و لە ئەگەری بە لێکسیمبوونیدا دەبێتە مۆرفۆلۆژیی/ وشە، بەڵام زۆرجار لە پێواژۆیەکی شکانەوەدا دەبێتە لێکسیمی سەربەخۆ، بەوەش دووهێندەییەکە لەناو پێواژۆی هەڵگواستن دا دەشکێتەوە.

# التركيب المورفولوجي في اللغة الكردية

## الملخص

عنوان البحث خُصّص لـ (التركيب المورفولوجي في اللغة الكردية)، وهو محاولة لعرض أسس الإنتاج المورفولوجي، وإهتم البحث في الإنتاج المورفولوجي بعملية التركيب المورفولوجي والنتائج المحصّلة لها، والتركيب المورفولوجي بذاته تؤدي إلى إيجاد الإنتاج المركب المورفولوجي. وتناول البحث أيضاً الأسس التركيب النحوي بنفس الطريقة ، قبذلك شمل البحث عرض معلومات الإنتاج المورفولوجي والنحوي، وبذلك حدود البحث يكون للتركيب المورفولوجي والنحوي المنسقة وغير المنسقة، بحيث حاول البحث عرض أسس الصحيحة والناتجة للتركيب المورفولوجي وتحديد أوجه التشابه والإختلاف بينهما.واعتمد البحث على المنهج الوصفي في استخدام النماذج والشواهد المستخدمة، أما في الجانب النظري فحاول البحث إنتاج الكلمات ذات الدلالة الصحيحة صرفياً ونحوياً .ووسائل وإحصائيات البحث مأخوذة من اللهجة الكرمانجية الوسطى في اللغة الكردية.

# The Morphological Compounding of the Kurdish Language

## Abstract

This research addresses (The morphological compounding of the Kurdish language), which attempted to illustrate the foundation and background of morphological production. Focusing on morphological products, the study dealt with compounding processes and their products which are the outcome of these processes, consequently, the compounding itself results in producing compounds in morphology. Based on the same principle, compounding is also illustrated. This way, the information obtained through compounding is used to produce morphological and syntactic structures. The study is limited to the coordinate and non-coordinate morphological and syntactic compounds in which it searches for structured and production principles and demonstrates their similarities and differences. The study's investigation procedures were conducted via a descriptive-analytical approach. In terms of theoretical background, most of the work was to gain well-formedness and produce well-formed structures, a little focus has been given to semantic principles. Research subjects and data were taken from the middle dialect of the Kurdish language.

**Keywords: compounding, coordinate, lexicon, Grammaticalization, X-Bar**

## سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بەزمانی کوردیی:

١_ حاجی مارف، ئەورەحمانی (٢٠١٤)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢_محەمـەد، بژوێـن یەحیـا (٢٠١٦)، نواندنـی فەرهەنگیـی لـە زمانـی کوردییـدا، نامـەی ماسـتەر،کۆلێژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.

٣- محەمەد، حاتەم ولیا ( ٢٠١٩)، مۆرفۆلۆژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی؟؟؟، هەولێر.

٤_ غەریـب، دڵشـاد محەمـەد (٢٠١٩)، هێـز و ئەکسـێنت لـە شـێوەزاری کەرکووکـدا، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سلێمانی.

٥_ عەبـدوڵا، ڕۆژان نـوری (٢٠١٣)، فەرهەنگـی زمـان و زاراوەسـازی کـوردی، چاپـی دووهـەم، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی.

٦_ سـەعید، سـازان زاهیـر (٢٠٢٠)، نواندنـی سینتاکسـی لـە زمانـی کوردییـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ناوەنـدی سـارا بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، سـلێمانی.

٧_ کەرەمـی، سـەعید ( ١٣٩٦-٢٠١٧)، وشەناسـی زمانـی کوردیـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی زانسـتگای کوردسـتان.

٨_ مەعـروف، عەبدولجەبـار مستەفا (٢٠٠٩)، درووسـتەی ڕستەی ئاڵـۆز لـە زمانـی کوردییـدا، نامـەی دکتۆرا، کۆلێـژی زمـان، زانکۆی سـلێمانی.

٩- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)، درووستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم سلێمانی.

١٠- مەعـروف، عەبدولجەبـار مسـتەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینـەوە لـە فەرهەنـگ و سینتاکسـی کوردیـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـارا.

١١_ دزەیی، عبدالواحید موشیر (٢٠١٤)، لێکسیکۆلۆژیی، چاپی دووهەم.

١٢_أمیـن، میدیـا مـوراد محمـد (٢٠٠٩)، لێکـدان و خسـتەنەپاڵ لـە زمانـی کوردییـدا لێکۆڵینەوەیەکـی لێکسـیکۆلۆژییە، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر.

١٣- فەتـاح، محەمـەد مەعـروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینـەوە زمانەوانییـەکان، کۆکردنـەوەی شـێروان حسـێن و شـێرزاد قـادر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.

١٤_ئەحمـەد، نەرمیـن عومـەر (٢٠٠٩)، بەبەرهەمیـی لـە مۆرفۆلۆژیـی کوردییـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی.

## سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:

سەرچاوەی نوسراو:

١٥- Bistto and s.Scalise : ٢٠٠٥, classification of compounds, linguage, linguaggioz pp.

Bralich, Philip Andrew, X-bar theory and morphological juncture, university of Hawaii, ١٩٩١.

## سەرچاوەی ئینتەرنێت:


-obo/٩٧٨٠١٩٩٧٧٢٨١٠-https://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo) .(xml.٠٠٦٠-٩٧٨٠١٩٩٧٧٢٨١٠

.(pdf.https://hkotek.com/Erlewine-Kotek-slides-blocking-lsa٢٠١٤)

https://) Morphology_and_meaning_An_overvw/١٠٢١٦٣٨٢/https://www.academia.edu /٩٧٨٠١٩٩٣٨٤٦٥٥,٠٠١,٠٠٠١/acrefore/١٠,١٠٩٣/oxfordre.com/linguistics/linguistics/view .(٢٥١-e-٩٧٨٠١٩٩٣٨٤٦٥٥-acrefore

.(Sanfelici.pdf_٨/٠٥/٢٠٢١/https://www.italian-journal-linguistics.com/app/uploads)

Doubling_as_a_Sign_of__٣١٤٠٢١٨٨٧/https://www.researchgate.net/publication ،Morphology_A_Typological_Perspective

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.173
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دەقئاوێزانی کولتووریی لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب دا

**سنوور قادر فەرەج**
snur.faraj@univsul.edu.iq

**پ. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد**
Abdulqader.mohammed@univsul.edu.iq

بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی شیکارییانەیە بۆ تیشکخستنەسەر پەیوەندی و کاریگەریی دەقئاوێزانی کولتووریی لەناو چیرۆکی «لە خەوما»ی جەمیل سائیب دا. لەم گۆشەیەوە هەوڵدراوە بە پاڵپشتی هەندێک لە تیۆرییەکانی میتۆدی دەقئاوێزان، باسی دەقئاوێزانی کولتووریی و کاریگەرییەکانی گوتاری ئایینی بە گشتیی و قورئانی پیرۆز و دەربڕاوی باو و زیندووی ئایینیی تر کە لەگەڵ خۆیدا هێناوێتی بخەینەڕوو. ئەمە جگە لەوەی ئاوڕێکی زانستییش لەسەر پێوەندیی دەقئاوێزان و گوتاری ئەفسانە و پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ و ڕوودانی ڕووداوە جیاجیاکانی سەردەمی «لە خەوما» تاوتوێکراوە. هەموو ئەمانەش لەپێناوی دەرخستنی تەواوی ڕەگەزەکانی چیرۆک لەو سەردەمەدا و لایەنە فەرهەنگیی و کەلەپوورییەکان کە «لە خەوما»دا بەکارهێنراون، دیارە ئەمەش بە پاڵپشتی کۆزانینێکی دەقئاوێزانییانە، لێکدانەوە و شیکار بۆ دەقەکە کراوە و بەهای پرنسیپەکانی دەقئاوێزانمان پێوەست بە ڕووداو و پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکییانە و جوانناسییەکانی ناو چیرۆکەکە خراوەتە بەر ڕۆشنایی و لێکدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبیی. توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە دەقئاوێزانیی هونەرێکی وردی باڵا نییە تایبەت بێت بە لێهاتوویی و بەرزیی ئەدەبیی لای دەستەبژێرێک، بەڵکو گوفتار و دەربڕینی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییە لە هەر ئاست و تەمەنێکدا بن. ئەم ئاوێتەبوونەی بیرکردنەوە و ڕەفتار بەهۆی دەقئاوێزانی کلتووریی و ئایینیی خەسڵەتێکی دیاری کەسێتیی ئەو سەردەمە و دواتری ڕۆژگاری نووسینی چیرۆکی «لە خەوما»یە، بەهۆیەوە دەتوانرێت ساغکردنەوەی وتە و گێڕانەوە و سەرگوزەشتە و شیعر و ڕووداوەمێژووییە تۆمارکراوەکان بکات بە پێوانە. بایەخی ئەم تەرزە توێژینەوانە زۆر زیاترن لەوەی تەنها ڕاگوزەرێک بن بەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانەی -کورد دەوڵەمەندە لەم کەلەپوورە-جئەو سەردەمانە و پێویستە ئیشی وردی زمانەوانیی و کەلتووریی و فەرهەنگیی تیایاندا بکرێت.

**کلیلە وشەکان: دەقئاوێزان، دەقئاوێزانی کولتووریی، لە خەوما، گێڕانەوەی جیرۆکییانە.**

Recieved: 20/7/2022
Accepted: 28/8/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

زاراوەی دەقئاوێزان « Intertextuality»، زاراوەیەکی ئەدەبییە و بۆ یەکەمجار جولیا کریستیڤا بەکارهێناوە و وەك داهێنانی ئەو ناوبراوە، ئەم داهێنانەشی پشت بەستبوو بە پرنسیپی گفتوگۆی باختین. لە رەخنەی عەرەبی دا بە زاراوەی (التناص) بەکارهێنراوە . لای کوردیش، بۆ یەکەمجار (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) لەساڵی (١٩٩٧) دا وشەی (دەقلێکئالان- دەقئاوێزان)ی بەکارهێناوە و لە ئێستادا زاراوەکانی دەقئاوێزان، نێواندەقی بۆ ئەم چەمکە چەسپاون و خودی زاراوەکەش لە رەخنەی نوێدا، واتا مەزراندنی دەقەکانی داهاتوو، رێزگرتن لە بنەمای بونیادی دەقە رەسەنەکانی داهاتوو، یاخود درووستکردن و پێکهێنانی دەقەکانە، لە دەقی ترەوە. هاوکات پێش ئەوەی، کە ئینتەرتێکستوالێتی وەکو میتۆدێکی لێکۆڵینەوە پەیدابێت، گەلێک شاعیر و زانا ئەم بیرەیان بەخەیاڵدا هاتووە و لێی دوواون، بۆ نموونە (ت.س. ئەلیوت) لەساڵی (١٩١٩) دا کاتێک دەڵێت: ماناو ناوەرۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێک، یان کاری هونەریی هیچ دانەرێک، بەتەواوی هیی خۆی نییە و نرخاندنی ئەو لە پێوەندیی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندە مردووەکاندا دیاریدەکرێت (محەمەد: ٢٠٠٦، ٩)، بەڵام لە راستیدا مەرج نییە هەر شاعیرە مردووەکان بێت، بەڵکو شاعیرە زیندوو و هاوچەرخەکانیش پێکهێنەری دەقئاوێزانن. (فردیناند دوو سوسێر)یش لە بواری زمانەوانیی دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە وشە هەر خۆی بەتەنیا نییە! (تودۆرۆف: ١٩٨٩، ١٠٣)، ئەم وتەیەش بنەمایەکی لە زاراوەی دەقئاوێزاندا هەیە، کە دواتر لای شێوازگەرە رووسەکان و بەتایبەتی لەلای (شکلۆفسکیی) دەبینرێت، کاتێک دەڵێت: کاری هونەریی لە رێگەی پێوەندی بەکاری هونەری ترەوە دەستپێدەکات و بەتایبەتیی بەو پێوەندییانەی لە نێوانیاندا دەبەسترێت. بۆیە شکلۆفسکیی بە یەکەمین کەس دادەنرێت، کە ئاماژەی بە مانای دەقئاوێزان کردبێت لەنێو رووسەکان دا. (العزامی: ١٩٨٥، ٣٢١).

چیرۆکی (لە خەوما) بە یەکەمین بەرهەمی کوردیی دادەنرێت، کە دژی سەرکردەیەکی کورد و دەسەڵاتێکی کوردیی نووسرابێت. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی چیرۆکەکەشدا، سەرەتای تێڕوانینی تاک لایەنانە و سرووشتی تاکڕەوییانەی گێڕەرەوە هەم لەچیرۆکەکەدا و دواجار لە ئەدەبی کوردییشدا دەستپێدەکات. بەمەش مۆرکی سرووشتیی تاکەکەس، وردە وردە دەچێتە سەر بیر و بۆچون و راستییەکانی ناو ئەدەبی کوردیی و، سەرەنجام ئەم هەنگاوەش وەک ژانرێکی گرنگ، بۆوە بە وەرچەرخان لە ئەدەبی کوردیی دا، هەروەک ئەم دیدە تازەکاریانەی سائیب، هەتا ئەمڕۆش وەک لاساییکردنەوەی واقیع و ئاراستەی ئەقڵ و خۆ گونجاندن و تەبایی باوە.

چیرۆکەکە، باس لە ململانێیەکی توند دەکات، لە نێوان تاکی کورد و دەسەڵاتێکی عەشیرەتگەریی کوردیی دا. زۆرانبازییەکی تراژیدییە لەنێوان ئەو دەسەڵاتە و پیاوێکی بەلەنگازدا، کە هیوای بەوەیە لەسایەی ئەو حکومەتە کوردییەدا، کارێک بۆ خۆی پەیدا بکات، هەتا بتوانێت ماڵ و منداڵەکانی پێ بەخێو بکات. کەچیی بێ ئەوەی هیچ گوناهێکی کردبێت، هەموو ئومێد و ئارەزووەکانی خۆی هەتا هەتایە لەناو زیندانێکدا دەدۆزێتەوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم دا، کە بەشێکی تیۆرییە باس لە چەمک و پێناسەی دەقئاوێزان کردووە، لەگەڵ دەقئاوێزانی کولتووریی و دەقئاوێزان لەقورئان و گوتاریی ئایینیی

دا. هەرچی بەشی دووەمیشە، پراکتیکییە و تیایدا تیشک خراوەتە سەر دەقئاوێزانی ئەفسانەیی، دەقئاوێزانی پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ.

## بەشی یەکەم:

### -چەمک و پێناسەی دەقئاوێزان

دەستەواژەکە لە رەخنەی نوێی ئەدەبیی دا، بە مانای کارلێکردنی نێوان دەقەکان دێت، یان درووستبوونی دەقێکە لەسەر خودی دەقی سەرەتا و بنەمای دەقی پێشوو. (تۆدۆرۆف: ١٩٨٩، ٩٨) خودی زاراوەکە لە چەرخی نوێدا سەریهەڵداوە، لەزمانی ئینگلیزییشدا (Intertext uality)و لە زمانی فەرەنساییدا (Intertext)ی بۆ دانراوە. (الزغبي، ١٩٩٥، ١١). زاراوەکە نوێیە و یاخییە لە فەرهەنگی کۆن، بەتایبەت ئەو زاراوانەی کۆنن و چەمکەکانیان پێکهێناوە.

خودی مێژووی چەمکی دەقئاوێزان بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکارەکان (ئەدەبی بەراوردکاریی) دەگەڕێتەوە، لەوانەشە زۆر پێش ئەو بوبێت. بەراوردکارەکان، ئەم چەمکەیان وەکو ئامرازێکی شیکاریی لەژێر ناوی پێوەندیی (کاریگەریی و کارتێکەریی) بەکارهێناوە. بایەخدانی ئەوان تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی بابەتە هاوبەشەکانی نێوان دەقی لێتێگەیشتنیان. (وهبة، ١٩٧٤، ٥٦٦).

لەسادەترین پێناسەشدا، دەقئاوێزان (دەقێکی ئەدەبیی چەند دەقی پێش خۆی لەشێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن و ئاماژە لە خۆدەگرێت)، ئەمانەش لەگەڵ باکگراوندی دانەر و دەقە رەسەنەکەیدا تێکەڵدەبن و پێکەوە دەقێکی تازە بەرهەمدێنن، (الزغبي. ١٩٩٥، ٩). بە واتایەکی تر، دەقئاوێزان باس لە پێوەندییەک دەکات کە لەنێوان دوو دەق یان چەند دەقێکی تردا هەیە.

ئەم پەیوەندییەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر چۆنێتیی تێگەیشتن لەدەقە نوێیەکە. چونکە گرنگترین هۆکار لەپرۆسەی دەقئاوێزاندا هەمان ئەو پێوەندییەیە، کە لەنێوان دوو دەقدا هەیە، بوونی ئەم پێوەندییانە دەبێت بە هۆی ماناداربوونی دەقێک و دەقێکی نوێ لەدەقە کۆنەکان لەدایک دەبێت. (کریستیڤا) لەم بارەیەوە پێیوایە هەموو دەقێک پێوەندی لێکچوون و (وەک یەک)ی لەگەڵ دەقی تردا هەیە و، یان رەنگدانەوەیان لەنێواندا هەیە، واتا کۆکردنەوەی دوو وتەی جیاواز، یەکێکیان دەبێتە رەنگدانەوەی ئەویتر و وەکو ئاوێنەیەک دەبێت بۆی. بەمەش دەکرێت دەقی نوێ ببێت بە ئاوێنەیەک، سیمای دەقە کۆنەکانی تێدا ببینرێ. (کریستیڤا، ١٩٩٧، ٤٤).

### دەقئاوێزانی کولتووریی

دەقئاوێزانی کولتووری بریتییە لەوەی، کە نووسەر دەق و دیمەنە جیاوازە کولتوورییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دەقەکەیدا بەکاردەهێنێت و جیان دەکاتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی داب و نەریتەکان و پرەنسیپەکان لە نەستەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە بە بەشێکی گرنگی دەقی هاوچەرخ دادەنرێت. (حلبی: ٢٠٠٧، ١٢٢). کولتوور مەودایەکی بەرفراوانە، یەکێك لە بەشەکانی فۆلکلۆرە، ئەلیوت لە بارەی فۆلکلۆرە دەڵێت: (تێگەیشتن لە فۆلکلۆر، پێویستی بە هۆشی مێژوویی هەیە، کە ناتوانرێت لابدرێت بۆ ئەو کەس و کارەکتەرەش، کە دەیەوێت بمێنێتەوە تا دوای چەند ساڵێکیش، چونکە گرەنتی زانیین

و مانەوە و هەستپێکردنی دەکات، نەك رابردوو بە تەنیا، بەڵکو بۆ ئێستا و داهاتووش. (البادی: ٢٠٠٩، ٥١-٥٢).

واتا، لەگەڵ خستنەڕووی کارەکتەر و رووداوەکاندا، جۆرێك لە تایبەتمەندیی کەسێتی رووداوەکان پیشاندەدرێت. تەنانەت گەر کۆی رووداو و کارەکتەرەکانیش روانگەیەکی فەنتازییان هەبێت، کەم تا زۆر پێویستە روویەکی ئەو واقیعە لە بەرچاوبگرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاستی تێگەیشتنی لە بەرامبەر ریالیزمی جادوویانە هەبێت و بابەتەکان نەکەونە دەرەوەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ. (باییز: ٢٠١٣، ٣٢٥).

دەقئاوێزانی کولتووریی، هەموو ئەوشتانە لەخۆدەگرێت، کە فۆرمێکی تایبەت بەژیانی کۆمەڵایەتیی و مرۆیی دەبەخشێت و پەیوەندییەکان و میکانیزمە دەرونییەکانی رێکدەخات. کەواتە، ئەدەب بەهەموو ژانرەکانییەوە، بە فەلسەفە و زانست و دینیشەوە هەر ئەوەندە توخمی کولتوورین، کە شێوەی هەڵسوکەوت و نانخواردن و جۆری خواردنەکان، بە توخمی کولتوور هەژمار دەکرێن. واتا هەر کولتوورێک، فۆرمێکە لەژیانی کۆمەڵایەتیی و شێوەی بیرکردنەوە و دەربڕینی ئەندێشەکان، هەروەک لە چیرۆکی لە خەومادا، گێڕەرەوە، ژیانی کۆمەڵایەتیی و کەلتوور و ئارای ئەو سەردەمە و هەڵسوکەتی دەسەڵات و کردەوەکانی لێپرسراوان و داب و نەریتی تایبەتی ژیانیان، دەقئاوێز دەکات.

بابەتەکانی کەلەپووریش، وەك بەشێکی گرنگ لە کەلتووریی جیهانیی، بووە بە جێی بایەخی لێکۆڵەرانی بواری گێڕانەوە لە جیهاندا، وەك: ڤلادمیر پرۆپ، باختین، رۆلان بارت، جیرار جنێت و چەندین نووسەری دیاری عەرەبیش، وەك: د. حسێن خەمدی، سەعید یەقتین، محەمەد ڕیاز و.... هتد، هەریەکەیان بایەخدان و سەرنجیان هەبووە لە بارەی داستان و ئەفسانە و حیکایەت و نووسینەکانیشیان، ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بۆ ئەوەی لە دەقئاوێزانی کولتووریدا، باسی چۆنییەتی دروستبوونی پەیوەندی نێوان رۆمان و چیرۆك و شیعرو تەواوی بابەتە جیاوازەکانی تردا بکرێت.

## دەقئاوێزان لەقورئان و گوتاریی ئایینیی دا

دەقئاوێزانی ئایینیی بریتییە لەوەی نووسەر دەقێکی ئایینیی: فەرمووده، قورئان، ئینجیل، تەورات... یان هەر شتێك کە لەچوارچێوەی ئاییندا جێگەی بێتەوە، بە مەبەستی بەهێزکردن یان جوانکردن و رازاندنەوەی دەقەکەی دەهێنێتەوە. یاخود زۆرجار کارەکتەری ناو گێڕانەوەکە لەناخەوە پێویستی بەهاوکاری یەزدان هەیە، وەك پشتگیرییەکی مەعنەوی بۆ سەرکەوتنی لەکارەکانیدا، بۆیە بە دەربڕینی ئایینیی گوزارشتی لێدەکات.

ئایین چ لە ئێستا و رابردووشدا، رۆڵی گرنگ و دیاری هەیە لە بونیادی کۆمەڵگادا و بەشێکی وابەستە و دانەبڕاوی کولتووریی کۆمەڵگایە، رووبەڕووبونەوەی لەگەڵ باوەڕە جۆربەجۆرەکاندا هەیە و هەمیشە بە پەیوەندیی و پێوەستبوونی یاخود بەرهەڵستی بوویێت لە چوارچێوە و بازنە ئەدەبییەکان و گوتارە جۆراوجۆرەکانی خۆی بەرجەستەکردووە.

لە چیرۆکی (لە خەوما)دا، گوتاری ئایینیی رۆڵی گرنگی هەیە، جەمیل سائیبی نووسەر زۆر جوان ئەو دەق و تێکستە ئایینییەی خستۆتە بەردەم خوێنەر و تیایدا دەقە ئایینیی و باوەڕە ئایینییەکان

دەرکەوتوون. خودی دەقئاوێزان بەتەنها لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام بەرجەستە نەبووە. بەڵکو تایبەتمەندیی دەقئاوێزانی ئایینیی و گوتاری ئایینیی لای جەمیل سائیب، لەو چیرۆکەدا بەرجەستە بووە. نەتەوەی کورد، هەڵقوڵاوی ئەو ئایینەیە (ئایینی ئیسلام)، کە تا ئێستاش کاریگەریی بەسەر تەواوی ئایینەکانی تری وەکو ئێزدی، یارسان و ڕێوڕەسمە ئایینیی و ئایینزاکانی کورد و هتد.. ماوە. هەروەکو چۆن مهابات ئازاد دەڵێت: (ڕۆشنبیر، لە دەقی سەرەتایی یاخود دەرکەوتنی توانای ڕۆشنبیربوون لەخۆیدا پشت بە وزە ناوەکییەکانی خۆی دەبەستێت، ئەو وزەیەش بە حاڵەتێکی ئایینیی میللیی پشتبەستە و وەکو ئەفسانەیەك لەناوەوەیدا بوونی هەیە، واتە مەسەلەی مردن و ژیان و خودا و شەیتان و زیندووبونەوە و باوەڕبوون بەپیاوچاك و شوێنی پیرۆز و هەندێك چیرۆکی تری ئایینیی، لە قاڵبە میللییەکەیدا، کە سەرچاوەی بەراوردکردنییەتی، تێکەڵی کۆمەڵێك خەیاڵ و فەنتازیای تری دەکات و، دنیای تایبەتی ناوەکیی ئەو دیاریدەکات)، (محمد: ٢٠١٠، ٣١٢-٣١٤).

ئایین و میراتی ئایینیی، سەرچاوەیەکی گرنگن لەو سەرچاوانەی، کە شاعیرانی هاوچەرخ و نوێ لەتاقیکردنەوە شیعرییەکانیاندا سوودیان لێبینیوە، لەڕووی پێبەخشینی سیفەتی بەردەوامی و مانەوە و بەدەستهێنانی هێز و کاریگەریی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئامادەییە بەهێزەی ئایینەوەیە کە لەلای کۆی خەڵکیی هەیە. سەرباری ئەوەی ئایین لەبەر دەوڵەمەندی لەڕووی مەعریفە و دەستوور و ئادابیی و شەریعەتەوە، هەروەها لەڕووی پێکهاتەی دەقەوە نموونەی ئەدەبیی باش بە شاعیران دەبەخشێت، کە لەوانەیە لە سەرچاوەکانی ترەوە دەستیان نەکەوێت.

شوێنی جوگرافیایی، ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر دیاریکردنی سنووری ئایینیی لەلای تاك، واتە بەپێی شوێنی جوگرافیایی و ژینگە لەژێر کاریگەری ئاینێکدایە، واتە باوەڕداریی یاخود بێباوەڕیی لەژێر کاریگەریی ئاینێکدایە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ئاگاییەوە یان نائاگاییەوە بێت. هەروەکو چۆن وێنەی شیعری لەقورئان یان کتێبە پیرۆزەکانی تردا، جۆگەیەکی گرنگی وێنەی شیعرییە لە جۆگەلەکانی شیعری نوێ، سرووش و خواستن دەبەخشن، بۆ گەیشتن بەدانانی شیعرێکی ڕەوان، بەهرە و ئیلهامی لێوەردەگرن. (وەحیدی: ٢٠٠٦، ١٦). مەرجیش نییە هەمووکات نووسەر باوەڕێکی بەهێزی هەبێت، بەو هۆکارەی، کە وەکو پەیوەستبوون پەنا بباتە بەر ئایین.

بەرجەستەکردنی ئایین لەشیعردا، وەکو ڕۆمان یاخود چیرۆك نییە، بەڵکو جودا و جیاوازە لەوەی نووسەر خودی خۆی سۆفی یان سەلەفی بێت، نووسەری مۆدێرنە و هاوچەرخ، لە بەکارهێنانی سیمبوولی ئاییندا بە ئەقڵییەتی ئایینەوە بیرناکاتەوە. بەڵکو بەپێی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی بیردەکاتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. هەر نەتەوەیەك بەپێی تایبەتمەندی خۆی پەیڕەوکەری ئاینێکە و زۆرجار لە ئاینێك زیاتریشی تێدایە. لەناو کوردیشدا گەلێك ئایین هەن، وەك: زەردەشتی، کاکەیی، مەسیحی، ئێزیدی، جولەکە، ئیسلام بە هەردوو ئاینزای سوننەو شیعەوە. جگە لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکانی وەك: قادری و نەقشبەندی و نووربەخشی کە لەناو کورددا، شوێنکەوتووی زۆریان هەن.

لەچیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، چەند دەقێکی ئایینیی بەرچاو دەکەوێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، هاتوونەتە ناو چیرۆکەکەوە. واتە ئەم جۆرە لە کەلتوور تێکەڵاوبوون و بە یەکداچوونی خودی تێکست و ڕووداوی ناو چیرۆکەکەیە لەگەڵ ڕۆشنبیری ئایینیی و قورئانی پیرۆز

بەتایبەتیی، چونکە رێژەکەی زۆر زیاترە لەتەواوی کتێبە ئایینییە ئاسمانییەکانی تر، ئەمەش کارگەلێکی ئاساییە بۆ جەمیل سائیب. لە چیرۆکەکەدا، کارەکتەرەکە لەچەند جێگەیەکدا (العیاذباللە) بەکاردێنێت، بە مانای خودا پەنام بدات، کە دەربڕینێکی بڕوادارانە:

((گەردەلولێکە (العیاذباللە) منیش ئاو لە تەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە، لەبەری پێمەوە ئەچۆڕێتەوە، لەرزە لەرزی بەدەنم، قرچ و هۆری ددان ئەهات))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا، تا ڕادەیەك بێ مەبەست وەکو وشەی بەکارهێنراوی رۆژانەی لەسەر زار، نووسەر بۆ نیشاندانی کەسێتیەکەی بەکاریهێناوە، ڕاستەوخۆ نووسەر دەمانباتەوە سەر ئەوەی نزیکایەتیی ئایینیی هەیە و بەدەسەڵاتی خودای گەورە باوەڕدارە. ئەو سەردەمەش، هەڵقوڵاوی ئەو نەفرەت و لۆمەیەیە کە (نووسەر) چیرۆکنووس دژی دەسەڵاتی زۆرداریی و ستەمکاریی ئەوکاتە وەستاوەتەوە.

یاخود لەلایەکی ترەوە، دەستەواژەی (عباداللە)ی بەکارهێناوە، بۆ خودی ئەو کەسەی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە: ((هیچ لەوە ناترسن، کە لێیان بپرسن، ئایا ئێوە بەچ هەقو سەلاحییەتێك وا لەم عباداللەیە دەکەن..)). (سائیب: ١٩٧٥، ٤٥).

ئاشکرایە چیرۆکنووس، لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی دا گەورە بووە، کە بەپیرۆزییەکانی پەروەردە کراوە، بۆیە لێرە و لەوێ ئەو دەستەواژانە لە لایەن کارەکتەری سەرەکییەوە بەکاردێن کە خەڵکانی ئاسایی شوێنکەوتەی ئایینەکە بەکاری دەهێنن، چونکە ئەمانە زۆر ئاسایی و رۆژانە لەسەر زارن و بووە بەکەلتووری کورد. واتە کۆمەڵێك ئاماژە و بەکارهێنانی دەستەواژەی ئایینیی و ناوبردنی رەمزیی ئایینیی بەشێکن لەو دەقئاوێزانەی، کە بەدەقئاوێزانی ئایینی ناودەبرێت. وەکو باسمان لێوەکرد لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، بۆ نموونە بەدبەختی و چارەڕەشیی چیرۆکنووس لەگێڕانەوەی ئەو رووداوەی بەسەریدا هاتووە، هەمان ئەو چارەنووس و بەختە نییە، کە لە کۆن و سەرەتاوە بە مرۆڤەوە وابەستە کراوە.

بەڵکو لەچیرۆکەکەدا، گرێدراوی ئەو رووداوەیە کە دووچاری چیرۆکنووس بووە و کاتێك لەکەرکووکەوە هاتە سلێمانی، بە مەبەستی پەیداکردنی بژێویی خۆی و خێزانی، بەڵام نەهامەتی و دەستبەسەرکردن بوو بە چارەنووسی نووسەر، کە خودی خۆی خاوەن ئەزموون بوو، لەئاستی چیرۆکی «لە خەوما»ی ئەو سەردەمی پڕ لەکێشمەکێشەی سیاسیی و دژواری کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمە. هەروەك چۆن خودی خۆی وەك نووسەر و کارەکتەرێك، ئازادانە بێ زۆر لەخۆکردن، توانیویەتی رۆڵێکی ئەکتیڤی تێدا بگێڕێت.

جەمیل سائیب، لە چیرۆکەکەدا چەندین دەستەواژەی وەکو بەکارهێنانی سوبحانەڵلا و پاڕانەوە و تکا و دوعاکردن و شێوازی سواڵکردن بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە، بەکارهێناوە. هەموو ئەمانە گوزارشتی ئایینیین لەسەر زاری خەڵکی رۆژانەن و لەسەر زاری ئەوانەوە گواستراوەتەوە:

((دنیا لەپاش نیوەڕۆوە بوو بەهەور و هەڵلا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆکە تنۆکە دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین. ئەڵێین لەسەر خوا...)) (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا چیرۆکنووس پەنا بۆ خودا دەبات و بەپشتیوانی خودا دەڕوات بەرێگادا و دەست بەهەنگاوەکانی

دەکات. لە چەندین شوێنی چیرۆکەکەشدا نووسەر بە کارامەیی و بە بەرکاهێنانی ئەو دەستەواژە ئایینیانە، کە وەک بەشێك لەگوتاری ئایینیی و دەقئاوێزانی ئایینیی دادەنرێن، لە بیری خوێنەردا ئەو وێناو دیمەنانە درووست دەکات، کە لە چ دۆخ و حاڵێکدایە. هەر وەک بەکارهێنانی دەستەواژەی قیامەت، ئەگەرچی دەستەواژە و ئاماژەیەکی گرنگی ئایینییە، بەڵام لێرەدا زۆرتر نووسەر، لەپێناو دروستکردنی وێنای ئەو دیمەنانەدا بەکاریهێناوە، کە دۆخەکە هێندە نالەبار و دژوارە، هیچ کەسێک ناپەرژێتە سەر ئەوی تر و هەرکەس بۆ خۆی و حاڵی خۆی تێدەکۆشێ. هەروەک چیرۆکەکەدا هاتووە: ((وردە وردە بیریشم لەحاڵی خۆم ئەکردەوە، چونکە لە عومراتی خۆم سەفەری واناڕەحەتم نەکردبوو، پەشیمانیم حاصل کرد، لەم ناوەدا و لەو قیامەتەدا دیسانەوە لە دوو سێ جێگەی تر جەردە هاتنە سەر ڕێگامان و کوڕە مەڕۆن روتەوەبن...))، (سائیب، ١٩٧٥، ٣٢).

بە گشتیی پەیوەندی ئایین و ئەدەبیات پەیوەندییەکی لەمێژینەی دوولایەنە، لەلایەك کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئایین لە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بە روونی بەدیدەکرێت، بێگومان ئەم کاریگەرییەش هەندێکجار نەرێنیی و زۆرجاریش ئەرێنیی بووە. لە دونیای مەسیحییەتدا رۆمان زۆر گەشەیکردووە، ئەمە لەکاتێکدا لەجیهانی ئیسلامیدا رۆڵ و کاریگەری بیروباوەڕە ئایینییەکان لە گەشە و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی عیرفانییدا بەدیدەکرێت و ئاشکرا دیارە. (محمدی، ١٣٩٣، ٤).

لەدەقئاوێزانی ئایین دا، مەرج نییە شاعیر یان چیرۆکنووس وەکو کەسایەتییەکی پەیوەست بەئایینەوە پەنابەرێتە بەر ئایین، بەرجەستەکردنی ئایین جیاوازە لە شیعر و چیرۆك دا لای کەسی باوەڕدار، یان بێباوەڕ، چونکە نووسەر و ئەدیبی هاوچەرخ لەبەکارهێنانی رەمزی ئاییندا، بە ئەقڵییەتی ئایین بیرناکاتەوە. (المعاصر، ١٩٩٨، ١٩٧). بەڵام جەمیل سائیب، لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەیدا و بۆ نیشاندانی ئەو زوڵمەی بەرامبەری کراوە و، هاوکات بۆ موخاتەبەکردنی ئەقڵی خوێنەر و کۆمەڵ، لەسات و کاتەدا و لە بەشێکی تری چیرۆکەکەیدا، وەک باوەڕدارێکی ئایینیی و لەزمانی گێڕەوەوە، وەکو دەقئاوێزانێکی ئایینیی و بەکارهێنانی دەستەواژە ئایینییەکە و نزیك لە قورئانی پیرۆز و بە پاڕانەوە، داوای لێپرسینەوە لەو هەموو زوڵم و زۆرەی زۆرداران دەکات و دەڵێت: ((ای خالق، ای منتقم ای قهار، ای عالم الغیوب...) تۆچی لەمانە دەکەیت، ئەمانە لە رۆژی خۆیدا چۆن حسابیان دەبینیت، تۆ لەحەقی ئەمانە چی دەکەیت؟!)) (سائیب، ١٩٧٥، ٥٧).

هەرچەند ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو دەق و دەستەواژانەی بەکاریدەهێنێت، هاوار و هانایەتی بۆ لای خوا کە بەدەمییەوە بێت و مەرج نییە چیرۆکنووس بیروباوەڕی بەهێزی ئایینیی هەبێت. لەوانەشە گەر ئەگەر و هاوارەکانی بەدیهات، ئەوا رەنگە سوجدە یان تکا و نزای تر بکات و داوا بکات.

لەقورئانی پیرۆزیشدا، بە پایەی سەرەکیی ژیان هەژمار دەکرێت، ژیانی تاك و کۆمەڵگەی موسڵمانان بە درێژایی مێژوو پشتی بە بنەماکانی قورئان و یاساو رێسا و پەندە قورئانییەکان بەستووە، دەرکەوتنی رووناکی (وەحی) بۆ مرۆڤەکان هەر لەسەرەتاوە هەناسەیەکی تازە بوو بۆ رۆحە مردووەکان، ژیانێکی تازەی بەدیاری هێنا، ئەم تێکەڵاوییەی رۆحی مرۆڤ و قورئان و بەخشینی ژیانێکی نوێ، بەرەو قۆناغێکی قوڵتر و فراوانتری ئاوێتەبوون هەنگاوینا و زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی ژیانی رۆحیی و بەرجەستەی مرۆڤی لەخۆگرت.

بەجۆرێک، ناتوانرێ لایەنێك بەدیبکرێ، کە قورئان کاریگەریی لەسەری نەنواندبێت، قورئانی پیرۆز، توانی ببێتە جێگای سەرنج و کارگەرییەکی لەڕادەبەدەر بخاتە سەر تەواوی لایەنەکانی ژیان بە ئەدەبیشەوە، کە هەمیشە رۆڵێکی بەرچاو و بەهێز و کاریگەری هەبووە بەهۆی بوونی لایەنە رەوانبێژییەکان و چەندین ناوەرۆکی تازە و توانیوەتی شاعیر و نووسەران بەرەو خۆی کێشبکات. ئەمەش لە رێگەی دەقئاوێزان و سوود وەرگرتن لەناوەرۆکی قورئانییەوە، ئەنجامدەدرێت. جا چ بەڕێگایەکی راستەوخۆ و ئاشکرا یان بە ڕێگایەکی شاراوە و رەمزەوە بێت. (خلیل: ٢٠١٩، ٤٦-٤٧). بونی درکە و هونەرەکانی تری رەوانبێژی لەقورئان دا و ئاڵۆزیی و فرە مانایی ئایەتەکانی قورئان، شاردنەوەی وتەی خودا لەبەندەکانی نییە. بەڵکو بەمەبەستی بەخشیینی کاریگەریی جوانکارییە بە قسەی پەروەردگار، بەشێوەیەك، کە بیسەر و خوێنەری قورئان بەرە و قسەی خوا، کەمەندکێش ببێت و بە دوای نهێنیی ئەو مانا شاراوانەدا بگەڕێت. (ارتاو، پور: ١٣٩٤، ٧٣-٧٤).

بە حکومی بوونی زانیاریی و رۆشنبیریی ئایینیی لەنێو مزگەوت و حوجرەکاندا نووسەر و شاعیرانمان شارەزای باشیان لە ئاوێزانکردنی ئایینیی و دەق و فەرمودەکاندا هەبووە. بە گشتیی مەبەستی نووسەر و ئەدیبانمان لە دەقئاوێزانکردنی ئایەتەکانی قورئان، پاڵپشتییکردنی لایەنێکی چاکە یاخود رەتکردنەوەی لایەنێکی خراپ و نەخوازراوە. (رضایی، مبین: ١٣٨٨، ١٩)، کە ئەمەش پەیامی قورئانە و رێنماییکردنی مرۆڤ بەرەو چاکە و دوورکەوتنەوەی لە خراپە. قورئان بۆ موسڵمانان هەم زمانی دڵە و هەم زمانی بیروباوەڕیانە. واتە ئاسودەیی و ئارامی دڵەکانە و لەهەمان کاتیشدا شکۆمەندییە. بۆیە زۆرینەی شاعیر و چیرۆکنووسان بە مەبەستی بەردەوامیی خود و زیندووڕاگرتن و بەردەوامییدان بە بیروباوەڕەکەیان، دەقی ئایینییان دەقئاوێزانی شیعرەکانیان کردووە. میللەتی کوردیش، هەمیشە ئایینی ئیسلامیان لە ناخ و دەروونەوە قبوڵبووە و بەردەوام بەتاسەوە پێشوازییان لە فەرهەنگی ئەو ئایینە کردووە و، لەگەڵ کولتووری خۆیاندا گونجاوندوویانە و لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا بە گشتیی و ئەدەبیان بەتایبەت رەنگیداوەتەوە. چونکە هەر ئەدەبیاتە، دەبێتە بەرهەمی هزر و بیر و بۆچوون و نەریت و ئایینی گەلانە.

راستەوخۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی قورئانیی، لەسنووری دەقئاوێزانی دەستەواژەییدا دادەنرێت و خوێنەر گەر لەحاڵەتێکدا لێهاتوویی لەبارەی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆزیشەوە نەبێت، بەڵام هەست بەئاوێزانەکەی دەکات، کە لە بازنەی دەقئاوێزانی جوینەوە زیاتر کاری لەسەر دەکرێت. بەزۆری دەستەواژە ئایینیی و قورئانییەکان زیاتر بەهۆی سوودوەرگرتن لەم جۆرە ئاوێزانبوونە، خزاونەتە ناو ئەدەبیاتەوە.

دەقئاوێزانی دەرەکیی و هێنانی چەندین دەستەواژەی ئایینیی و قورئانیی بەزەقی دیارە، لە سەرەتای چیرۆکەکە بەوە دەستپێدەکات ((خوا بەخێری بگێرێ....))، ئاماژەیە جارێکی تر بۆ هاوار و نزاکردن بۆ خودا و پەنابردن بۆ هەموو ئەو دەستەواژە قورئانییانە، یان لە هەمان سەرەتادا، نووسەر دەڵێت ((یاڕەببی چی بکەم، چۆن هەوڵێك بدەم شتێکم دەستبکەوێت، ئیدارەی خۆم و ماڵو منداڵیشی پێ رێکبخەم و لەژێر باری قەرز و نەبوونیدا دەربچم.....))، (سائیب: ١٩٧٥، ٢٩)، تیایدا خوای گەورە و قورئان پەناو پەناگەن بۆ نووسەر، بە جۆرێك هەموو ماڵ و منالێشی رادەستی خودا دەکات، تا

دەگەڕێتەوە بژێوی ژیانی لەشار و پەناگەیەکی تر دەستدەخات.
قورئانی پیرۆز، ناوەندێکی گرنگی نووسەران و شاعیر و ئەدیبانە، لەگەڵ ئەوەی بە شێکی زۆری ئایەت و سەرنجەکانی جێگەی تێڕامان و چیرۆك و باسی بە هێزبوون و پێشەنگی و وانەی ئەمڕۆ و نەوە دوای نەوەیە. زیاتریش لەوە بەهایەکی فکریی بەهێز و سۆنگە و قورسایی بووە و بۆتە دەستورێکی رێپێدراوی گونجاو و یاسایی بۆ پرۆگرامی ژیانی رۆژانە، بۆ نموونەش لەزمانی عەرەبیی دا دەقە قورئانییەکان، تاجێکی بەرز و خاوەن سەنگ و بابەتیی بوون وەک بیرۆکە بۆ بیرمەندان و، لەسەر ئەوە چیرۆك و بەرنامەی خوێندنیان داناوە. (إبراهیم: ١٩٦٩، ٦). بەشێکی زۆریش لەوانە دەقئاوێزانیان بردۆتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان و شیعر و چیرۆکەکانیانەوە. جگە لەوە هێنانەکایەی ناوی (وڵاتی ئیسلامیی) ئاماژەیەکی دیارە، پەیوەندی بە نەتەوەی کورد و ئایینیانەوە هەیە، بۆیە لەقسە و باسەکاندا هێنانی ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، خۆی لەخۆیدا بیرتیژییە بۆ نووسەر و لەلایەکی تریشەوە خوێنەر..
((منداڵەکانم لەو مەملەکەتە بەجێهێشت بۆ خوا، خۆشم ناوی خوام لێهێنا و هەڵسام رووم‌کرد بۆ بەرەو ژوور، وتم وڵاتی ئیسلامە.. لەو سەرەوە ئیسلام و پیاوچاك زۆرن، یاریدەی یەکتر دەدەن، منیش موسڵمانم ئەچم بەڵکو لەوێ بەهەر نەوعێك بێت، ئیدارەی ئەم زستانە تأمین بکەم و بیهێنمەوە بۆ منداڵەکانم...))، (سائیب، ١٩٧٥، ٢٩).
بەرزو پیرۆزیی ئایینی ئیسلام و پاکی و بێگەردی لەرەفتار و گوفتاری چاکەکار و باوەڕداری موسڵماندا، وا کاریگەرە، کە بەجۆرێ ئەوە دەردەخات نووسەر هێندە دڵخۆشە بە بونی لەو مەملەکەتەی بۆی دەچێت و جێگەی متمانەی مرۆڤن و دەتوانن لەژێر سایە و سێبەری ئیسلام و ئایینەکەدا دڵئەمین و دڵخۆشبن. هەر لە سۆنگەی دەقئاوێزانی ئایینی و ئایەتی قورئانییەوە، چیرۆکنووس دەڵێت:
((ئەپارامەوە، ئەڵڵامەوە... بۆخوا، بۆ پێغەمبەر...، توئەسحابان، تو مەلائیکان، توچاکانو ئەولیا، تو قورئان، تو قەبری باوکت، هاوار، داد، هاوار....))، (سائیب: ١٩٧٥، ٤٠) .
ئەمەش بەشێکی تری چیرۆکەکەیە، کە دەقئاوێزانی ئایینیی تیادا کراوە و تیشك دەخاتە سەر لایەنی چاکە و چاکەخوازیی ئایینی ئیسلام و پاڕانەوەی تیادا دەکات، تا خوای گەورە بەدەم هاوار و ناڵەیەوە بێت .

## بەشی دووەم

### دەقئاوێزانی ئەفسانەیی

ئەفسانە بریتیە لە هەموو ئەوشتانەی بە واقع ناکۆکە، هەموو ئەوانەی لەسەر مرۆڤ دەوترێت بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، یان نەبیراو بەئەفسانە دادەنرێت (ئیلیاد، ٢٠٠٧، ٥٨).
ئەفسانە رەگەزێکی ئەدەبی کۆنی مرۆڤایەتییە و کۆنترین سەرچاوەی هەموو زانستەکانی مرۆڤایەتییە، وشەی ئەفسانە (Mythe) لە بنەڕەتدا، هەمیشە پەیوەستبووە بە سەرەتاکانی گەشەی مرۆڤایەتییەوە، پێشئەوەی مرۆڤ پیادەی فاڵگرتنەوە بکات، کە جۆرێکی سەرەتای مەعریفەیە. (السلام: ٢٠١٠، ٣٢٥).
هەر بۆیەش (زمان یەکەم فۆرمی هێمایی بابەتییە)، کە مرۆڤ دایهێناوە و تاوانی وەرگرتنی زۆریشی

لە میانەی پێکهاتنی چەمکەکاندا دۆزیوەتەوە لە رێگەی وشەکانەوە دەریدەخات. (السواح: ٢٠٠١، ٢٠).
- جیهانی ئەفسانە، جیهانێکی ناڕوون و دژوارە. ئەفسانەکان لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دژ و ناکۆکن، نووسەری عەرەب (عیزەدین ئیسماعیل) ئاماژە بە ئاڵۆزی مانای ئەفسانە و جیاوازی چەمکەکان دەکات و دەیگێڕێتەوە بۆ دەلالەتی وەرگیراوی یەکەم واژە (Mythos) و گەشیی زمانەکەشی لای رۆژئاواییەکان لە (Mythos)ەوە بۆ (Epos) و دواتر بۆ (Logs) دەگێڕێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، وشەکە بە مانای پێکهاتەی رووداوێکی زەمەنییە و شێوازێکە لە بەهای ئەقڵانیی. (وعدالله: ٢٠٠٥، ٢٠٤).
هەروەها نەبیلە ئیبراهیم، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەفسانە تایبەتمەندە بە سەرکێشییەکانی خواکان و مێژوو و خواپەرستان، کە ئەفسانە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی گەردوونە و بنەڕەتی وشەی (Myth) یان (Mythosk) لای یۆنانییەکان، بە واتای وشەیەکی گۆکراوە (قسە)، دواتر بە مانای چیرۆك هاتووە، کە تایبەتمەندە بە خواکان و کردەوەکانیان. (إبراهیم: ٢٠١٠، ١٠).
هەر بۆیە ئەفسانە، سەرچاوەی سرووشتیی زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانە و خاوەن توانایەکی زۆری دەربڕینە و بە زمانی سادە و راستەوخۆ نایەتەدیی، چونکە مەودایەکی ئەندێشەیی فراوانی گشتگیریی مرۆڤایەتییە، ئەویش لە میانەی پەیوەستبوونی ئێستا بە زەمەنی رابردووەوە و پەیوەستکردنی بە یادەوەری گشتیی مرۆڤایەتیی، لە میانەی ئامادەکردنی نموونەی سەرەتایی پاك و بێگەرد، هەر بۆیە شاعیران و نووسەران پەنایان بۆ بردووە، تا کۆتایی بهێنن بە حاڵەتی ئازار و مەینەتییەکانی واقیع.
لە دەستپێکی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، (کاکینە؛ خوا بەخێری بگێڕێ)، لە دیالۆگێکی گیانییدا زەمینەیەکی ئاڵۆزی خوێندنەوەی لە چیرۆکەکەدا رەخساندووە، چەندین دەقی نائامادە لەشێوەی جیاوازی ئیدیۆمییدا زامنکردووە و بونیاتی دەقی ئامادەی پێکهێناوە و زۆری هێمای تیادا بەدیدەکرێت.
بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەدا جەختدەکەینەوە سەر چۆنێتیی دەقئاوێزان، لەگەڵ جۆرەکانی ئەفسانەدا، ئەویش بەهۆی میکانیزمەکانی دەقئاوێزانی جۆراوجۆر.

### أ-ئەفسانەی دەست سپیی - میکانیزمی هەڵمژین

ئەم میکانیزمە یان ئەم دەقئاوێزانە، هەروەك تێبینی دەکرێت، لە دەقی چیرۆکەکەی جەمیل سائیب دا، لە سەرەتادا ناڕاستەوخۆ بە وێنایەکی خەیاڵیی فەنتازیی هەتا رادەی ئەفسانە، پەیوەستە. چونکە نووسەران کەم تا زۆر سوودیان لە ئەفسانە وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی ئەفسانە پێوەندیی و سەرەداوی لەگەڵ خەیاڵ و حیکایەت و رووداوی مێژوویی، فەلسەفە، ئایین و زانست دا هەیە و، زۆرجار رووداوەکانیش دەبن بە ئەفسانە و لەچوارچێوەی فۆلکلۆردا دەردەکەون. هەروەکو (مەولوود ئیبراهیم) ئاماژە بە خاڵێک دەکات، کە خودی ئەفسانە چەند پشت بەهێز و کارە ئەفسانەییەکان دەبەستێت، هێندەش پشت بە کارەکانی واقیع دەبەستێ، جا چ ئەو واقیعە بگۆڕێ و رێکیبخات، چ بەشێوەی خۆی سوودی لێ وەربگرێت. (حەسەن: ٢٠٠٧، ١٦٦).
هەربۆیە دوای هەڵوەشاندنەوەی کرۆکی ئەفسانە و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دەقئاوێزان تەنیا ئامادەکردنی هێمای ئەفسانە نییە، بەڵکو ئامادەکردنی نائاگایی هێمای

خودی ئەفسانەیە لەناو تۆڕی پەیوەندییەکانی دەق دا، هەروەك دەقەکە دەیگێڕێتەوە: (لەدنیادا گیرم خواردووە.. ساحێب کولفەت و منداڵ و بێ پول و و پارە و دەست سپیی بوومایە)، (جەمیل سائیب: ١٩٧٥، ٢٥).

لێرەدا، چیرۆك لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی دەقی نائامادە لە دەقئاوێزانێکی دەرەکیی دا، پرسیارەکان ئاڕاستە دەکات و بە بێ چارەسەر ماوەتەوە، بارودۆخی ساتەوەختی خێزانیی هەڵدەسەنگێنێ لە دەقی ئامادەدا، تاکە بژاردەش بۆ بژێویی ژیانی خۆی و خێزانی، بڕیاردانی سەفەرە. ئەفسانەی (دەست و پێ سپیی) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەی (جەمشید پاشا)، کە ڕۆژێ بڕیاریدا جلوبەرگی کرێکار لەبەر بکات، بچێ بزانێت خەڵك گوزەرانی چۆنە؟ چووە لای سەرتاشێك بۆ ئەوەی (ڕیشی بتاشێت)...

- بەربەرەکە هێشتا بەتەواوی سابوونی لە ردێنی کرێکارەکە (پاشا) نەدابوو، کابرایەکی دەوڵەمەند هات.

- بەربەرەکە ئەمری بە کرێکارەکە (پاشا) کرد و وتی:

-هەستە چاوەڕێ بکە، با جارێ ڕیشی ئەم ئاغایە بتاشم.

- کرێکارەکە (پاشا) گوتی: ئاخر تۆ سابوونت لەریشی من داوە!

- چ قەیدییە، با سابوونیشم لێدابێ، یەکەمجار ریشی ئەم ئاغایە دەتاشم، ئینجا ریشی تۆ.

- ئای دنیا چیی بەسەرهاتووە؟! ئەگەر جەمیشد پاشاش بیت، مادام پارەت نەبێ، نرخت نییە. (ئۆردیخان جەلیل و جەلیلەی جەلیل: ٢٠١٠، ٢٥٣). لێرەوەیە ئەفسانەی (دەست و پێ سپیی) بەو مانایە دێت، کە (هیچ پیشەیەك نازانی، کە پێی بژی). (عەلی: ١٩٨٢، ٢٠٢).

کەواتە لێرەوە دەقی ئامادە، دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقی ئەفسانەی ئامادە (دەست و پێ سپیی)، کە ئەمەش جەخت لەو مانایە دەکاتەوە، کە پیشەیەکت نەبێت، کارت نابێ و نرخت نابێ. بەمشێوەیەش لە ڕێگای میکانیزمی (هەڵمژین)ەوە ئەنجامەکەی دەرکەوتووە و لەگەڵ (شوێن و کات)ی فەزای دەق دا بە یەکداچووە. چونکە (خود) چوێنراوە بەو ناچارییەی بەرەو وڵاتێکی تر سەفەر بکات و، پەیوەندییەکی دەروونیی خراپ لەگەڵ (شوێن) و (کات)دا، خۆی خزاندۆتە ناو جەستەی دەقی ئامادە. هەروەك گێڕەرەوە دەربڕینی (بێ پوول و پارە) دووبارە دەکاتەوە. بەم پێیە دەق (سرووشتی ناواخنی دەقی پێشوو، یان مەغزایەکی فکرەکەیە، کە جارێکی تر ئەم دەربڕین و مەغزا و فکرەیە، لە فۆرمێکی نوێدا، دوای هەڵمژین بەرجەستە بووە بەبێ ئەوەی، کە دەقی نوێ، ئامادەبوونێکی زارەکیی روونی هەبێت، یان ناوی دەقی پێشووی بردبێت). (حلبی: ٢٠٠٧، ١٩١).

لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا، لە چەندین شوێندا گێڕەرەوە باسی سارد و سەرما و بەستەڵەک بەجۆرێك دەکات، کە هەتا ڕادەیەك خەیاڵ و فەنتازییایە، چونکە ئەو کاتە لە دەمە دەمی زستاندا بەو جۆرە بەستەڵەك و زوقمە، لە سەرەتای زستاندا بەو شێوازە روونادات، هەربۆیە ئەمە جۆرێك لە خەیاڵی فەنتازیی لای خوێنەر درووستدەکات، کە چۆن ئاو دەیبەستێ و ئەوانیش کۆمەڵێك رێبوار و قافڵەچین و بەسەر ئاوی بەستوودا رێدەکەن!

((دنیا لەپاش نیوەڕۆوە بو بە هەور و هەڵڵا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆك تنۆك دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین، ئەڵێین لەسەر خوا،

هەرچۆنێك بێت هەر بڕۆین چاکە، خێرا لێمان خوڕیی هاتیین بەڕێوە، بارانیش هەتا بێت زیاد دەکات، منیش لە سەرمانا وەختە زییڕە بکەم...))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا، دەقئاوێزان لەگەڵ وێنای خەیاڵ و فەنتازی تا رادەی ئەفسانە دەبینین، بەوەی کاتێک خوێنەر چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، راستەوخۆ هەست و درك بەو وێنا فەنتازییە دەکات، کە گێڕەرەوە دەڵێت: (تۆفان و بارانێکە ناتوانین رێ بکەین). لێرەدا وێنایەکی جۆریی، فروانتر لە وێنای خەیاڵ و، بگرە وێنا و دیمەنی ئەفسانەیی لە هزر و دەروونی خوێنەردا دروستدەکات، کە چۆن بەو تۆفانە لە وڵاتێك بەپێ و بەو شێوەیە بەرەو وڵاتێکی تر رێدەکەن، بەتایبەت کە دەشڵێت: ((کەس بەر پێی خۆی نەئەبینی، ترس و لەرز، سەرما و باران، زەندەقەدار زەندەقی دەچوو، بارانیش وەك کوندەی سەرە و ژێر دێتە خوارەوە، شەستە و رەهێڵە، کڵاوبەسەر ئەبارێ... لەملا و لەو لاوە ئاو هەڵساوە، بە باوە باران ئەهێنێ، ئەیدات بەسەروچاوی ئینساندا...))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

ئیدۆمەکانی (کڵاوبەسەر ئەبارێ.... ئاو لەتەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە) لە چیرۆکەکەدا، دەربڕینێکن یارمەتی تێڕوانین و هەستی خوێنەر دەدەن بۆ دروستکردنی خەیاڵ و ئەو وێنا فەنتازیی ئەفسانییەی، کە ئەو شتە چۆن و کەی، بەتایبەت لەو کاتەی ساڵدا و بەشێوەیە روودەدات؟! کە لە بنەڕەتدا ئەم وێنایانە تەنها لەچوارچێوەی ئەفسانەدا دەیبینینەوە، کە نووسەر مەبەستی بووە، لە رێگەی ئەو ئیدیۆمانەوە، ئەو وێنا و دیمەنانە وەک ئەفسانە لە بیری خوێنەردا درووست بکات.

## دەقئاوێزانی پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ

پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ، یەکێکن لەو بابەتانەی بوون بە بەشێك لەچیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، کە دەلالەتی توانایی و کارامەیی و لێهاتوویی چیرۆکنووس و چۆنییەتی بەکاربردنیان لەسەر ئاستی جیاوازی دەق دەخاتەڕوو، بە پێی زەمەن و شوێن، مەبەست و بۆچوونەکانی چیرۆکنووس لەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و ئاشکرا و نهێنیی دەبینرێن، هەموو ئەمانە بە گشتیی بوونەتە باکگراوندێکی بەهێزی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ناواخنی سەرچاوەی دەقئاوێزان، کە هەڵقوڵاوی ژیانی مرۆڤەکانە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی لەکۆمەڵگەی تری جیادەکاتەوە. وەك کلیلێکی سەرەکیی بۆ دۆزینەوەی کەسێتییەکان و بەرهەمی کۆمەڵگە و ئەزموونەکەی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، لە شێوەی دەربڕینێکی کورت و زمانێکی چڕیی سرووشتی بە ناواخنی دەلالیی و هزرییەوە دەخرێتەڕوو، کەس و مرۆڤەکانیش بەشێوەی جیاواز لە یاد و بۆنەکاندا پەیڕەوییان دەکەن.

پەند و وتەکان، بە سرووشتی کورتی خۆیان لەڕووی زارەکیی و ماناوە، بەسەر زاری خەڵك بڵاوبونەتەوە و چیرۆکنووس لەبەر گرنگیی ئەدەبیات، بە ئاشکرا و نهێنیی لە بونیاتی چیرۆکدا بە مەبەستی دۆزینەوەی رەوشتی کەسەکان و بۆچوونی چینایەتیی و فیکریی، لە وێنەی مەنەلۆگی خودیی، یان شێوازی دیالۆگ، لەگەڵ خۆی و کەسانی تر، بەجێیدەهێنن. بۆیە لێرەوە پەندەکان هۆکارێکی حەواڵەن بۆ رەگ و ریشە و بۆچوون و رونکردنەوەی کەسایەتییەکان. (موکریان: ٢٠٠٩ ،٤٠١).

لەڕێگەی دیالۆگ و قسەکردندا، کە دەوڵەمەندن بە ئاماژەی کولتوریی و دەلالەتی هێمایی، یان لەڕێگەی وێناکردنی جوڵەکانیان لە ژینگەدا، هەر بۆیە ئەم پەندانە لە نەریت و کولتوری رۆژانەدا

بەكاردەبرێـن و، چیرۆكنـووس لەپێنـاوی كێشـە و گرفتەكانـی خەڵكدا دەیانگونجێنـێ و، لەگـەڵ بونیاتـی چیرۆكـدا لـە قۆناغێكـی مێژوویـدا دەخاتـەڕوو، بـە شـێوەی دەربڕینێكـی تـەواو یـان لەشـێوەی بەشـێكیدا ئامـاژەی پێـدەكات.

## ١- یاخوا دوشمنی ئیمانت بێ

وتـەی یاخـوا (هـەر دوشـمنتان ببینـێ) ئاراسـتەی دوژمـن دەكرێـت و، وەک پەنـد و ئیدیۆمێـک لـە دوای بارودۆخێكـی هێمـن دێـت، كـە باڵـی كێشـاوە بەسـەر ناوچەیەكـدا یـان بەسـەر مرۆڤەكانـدا و، لەپـڕ جـۆرە دۆخێكـی ترسـناك روودەدات، كـە بـە ویسـتی ئـەوان نەبـووە و هەموویـان لـە ترسـاندا تووشـی سەسـوورمان و تۆقییـن دەبـن و نازانـن روو بـەرەو كـوێ بكـەن؟ یەكترییـش بەئـاگا دەهێننـەوە لـەو حاڵەتـە چاوەڕواننەكـراوە، بۆیـە گێـرەرەوەی چیـرۆك لەمیانـەی گێڕانـەوەدا، دووجـار بـە فۆرمـی جیـاواز پەندەكـەی بەكارهێنـاوە، وەك لەسـەرەوە دەیبینیـن، كـە لـە رووی مانـاوە گۆڕانكارییـان بەسـەردا نەهاتـووە و هەمـان مانـای تـرس و تۆقاندنیـان تێدایـە، وەك لـە دەقەكـەدا دەبینرێـت: ((ئـەو شـەو و رۆژە، بـە رەحەتـی بـێ قـۆرت و ئـەم بـەرە و ئەوبـەر هاتیـن بەڕێـوە، هیـچ سـەغڵەتییمان نەدیـی، لەپـاش شـەو و رۆژێـك، ئیـتر گەیشـتینە حـدودی ئـەو وڵاتـەی كـە بـۆی دەچیـن، یاخـوا (دوشـمنی ئیمانـت بـێ)، ئـەو رۆژە لـە سـێ چـوار لاوە جـەردە و ئەشـقیا هاتنـە سـەر رێگەمـان، بـوو بـە تـەق و تـۆق و هـوڕی تەفەنـگ و شـە ڕو هـەرا، فەقـەت كاروانەكـەی ئێمـە قەڵەباڵـغ بـوون و هەمـوو تفەنگیـان پـێ بـوو، لـە بەرئـەوە جـەردەكان هیچیـان زۆریـان بەسـەریاندا نەئەشـكا نەگەڕانـەوە. شـەو لـە مەنـزڵ ماینـەوە، سـبحەینێ كەوتینـەڕێ، یاخـوا (هەردوشـمنتان ببینـێ) لـە پەنـا گـرد و لـەو كوردەرە و شـییوە هـەر فـڕكان فڕكانـی تەریـدە و جەردەبـوو)، (سـائیب: ١٩٧٥، ٣٠).

بـەو واتایـەی ئـەو رۆژە ل ەسـێ چـوار لاوە جـەردە و ئەشـقیا هاتنـە سـەر رێگەكەمـان، بـووە بـە تەقـە و هـوڕی تفەنـگ و شـەڕو هـەرا، واتـە حـدودی ئـەو وڵاتـەی گێـڕەرەوە، نـاوی دەهێنـێ، كـە وڵاتـی ئیسـلامە، مەبەسـتی ئەوەیـە، لـە كەركوكـەوە بـەرە و سـلێمانی چـووە، كـە خێرخـوا زۆرە و وڵاتـی ئیسـلامە، بـەڵام بـە گەیشـتنی حـدودی ئـەو وڵاتـە جـەردە و تاڵانبـەر هاتوونەتـە سـەر رێیـان. كـە مەبەسـتی ناوچـەی هەمەوەنـدە لـەو وڵاتـەدا، واتـە جـەردە و چەتەكانـی هەمەوەنـد رێگەیـان لێگرتـوون، كـە بوونـە هـۆی نائارامـی وڵاتـی ئیسـلام، كـە مەبەسـتی سـلێمانییە. بەئاگاهێنانـەوەی هـەردوو پەندەكـەش لێـرەدا ئەوەیـە چەنـد خـۆت بـەدوور بگریـت، ئەوەنـدە باشـترە. ئەمـە گەورەیـی پەنـدەكان دەردەخـەن و كەسـانی بـە حیكمـەت تێدەگـەن، واتـا چیرۆكنـووس بـە مەبەسـت و ئاگاییـەوە خزاندوویەتییـە نـاو دەقـی چیرۆكەكـەوە و، دەبـن بـە ئاماژەیەكـی سـەرچاوەیی بـۆ هەوێنـی بونیاتنانـی دەقـی چیـرۆك و بەرهەمهێنانـی پرۆسـەی دەقئاوێـزان، كـە هـەردوو پەندەكـە هاوتەریـبن لەگـەڵ واقیعـی ناتەندرووسـتی چەتەگەریـی ناوچەكـە، واتـە واقیـع و ناواخنـی پەندەكـە یەكدەگرنـەوە.

دەقـی نائامـادە (یاخـوا دوشـمنی ئیمانـت بـێ)، بـە ئاراسـتەی پرۆسـەی دەقئاوێـزان دەچێـت، كـە گێـرەرەوە لـە زمانـی كەسـی یەكەمـەوە دیالـۆگ لەگـەڵ بەرامبەرەكـەی (كەسـی سـێیەمی كـۆ) دەكات، كـە وەك یاسـایەك لەیاسـاكانی دەقئاوێـزان ناودەبرێـت، یاسـاكە پێیوایـە دەقـی نائامـادە سـەیر نـاكات، بەڵكـو

بەگوێرەی پێداویستییە مێژووییەکان دادەڕێژرێتەوە، کە یاسای دیالۆگ بەرزترین ئاستی خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، کە تیایدا دەقە سەرەکییەکە دیاردە نامۆکان تێکدەشکێنێ و دەقی نائامادە هەڵدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تیادا دەکات، هەروەك گێڕەرەوە گۆڕینی لەدەقەکەدا کردووە بۆ (یاخوا هەر دووشمنتان ببینێ) واتە لە دۆخێکی سەقامگیرەوە بۆ دۆخێکی جوڵاو.
بەگشتی دەلالەتی پرۆسەی دەقئاوێزان رەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارەیە، کە ئارامی ناوچەکەی تێکداوە، لەلایەکەوە پێشنیازی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسیی دەکات بۆ ئەو قەوارە مێژوییەی ئەو سەردەمە، کە جۆرێك لە ئاگاییە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییانە لەدوارۆژدا.

## ٢- تاریکەشەوە گەلالی لەناو

شەویش هات بەسەردا تاریك و نووتەك (تاریکەشەوە گەلالی لەناو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١)، لێرەدا چیرۆکنووس مەبەستی ئەوەیە دز و جەردە بوونی هەیە، هەروەها (شەو بوو تاریك و ئەموستە چاو)، وەک (جەلال مەحمود) شرۆڤەی دەکات مەبەستەکە ئەوەیە، کە: (زۆر تاریکەو چاو چاو نابینێ و ئەموست بە چاودا دەچێت)، (عەلی: ١٩٨٢، ٥١).
بە گشتیی ئەمجۆرە دەربڕینە، تاریك و نووتەك و ئەموستەچاو، پەندی (دەزووی وشك لە بەدەنما دانم بوو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١)، زەمینەیان خۆشکردووە بۆ روونکردنەوەی مانای پەندەکە (تاریکەشەو گەلالی لەناو)، چونکە تاریکیی و سەرما و باران، ئەگەری هۆکاری دز و جەردەیە لەم جۆرە شەوانەدا و زۆر بەکەمییش هاتووچۆ و سەفەر دەکرێت.
دەقی ئامادە، چەندین دەقی نا ئامادەی هێناوەتە ناو دەقی سەرچاوەوە، کە زۆرجار وا رێدەکەوێ لە رووی لۆژیکییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بونیاتی دەقی ئامادەیان پێکهێناوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم تەوەرە سەرەکییە بەکاربراون و بەگەڕخراون و لەگەڵ وێنە و رستەکاندا گونجێنراون و لەبەرژەوەندی تەوەری سەرەکیین. بەهۆی یاسای جوینەوە، کە بریتیە لەدووبارەبونەوەی دەقی نائامادە بەبێ گۆڕانکاریی و دیالۆگ لەگەڵیدا. (ناهم: ٢٠١٠ ، ٤٣).
هەروەها ئەم یاسایە، بەشدارە لەتێکدان و شێواندنی دەقی نائامادە لەبەرئەوەی دیالۆگی لەگەڵدا کردووە و، تەنها دووبارەبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکی زۆر کەم، چیرۆکنووس هەر بۆ مەبەستی نائارامیی و بارودخی ناوچەکە ئاماژەی بە پەندەکە داوە (تاریکەشەو گەلالی لەناو)، لەدەقی سەرچاوە زۆر دوور نەکەوتۆتەوە، جوینەوەی پێوە دیارە، لە رێگای دەقی چیرۆکەوە پرۆسەی دەقئاوێزانی درووست و ئامادەکردووە و، لەگەڵ دەقی نائامادەدا بەیەکداچوون و ئاوێزانبوون و ساتی بە یەکداچوونی پرۆسەکەی راگەیاندووە، واتە بەهۆی یاساکەوە بەبێ دەستکاریی دەقی نائامادە گواستراوەتەوە بۆ ناو دەقی ئامادە، ئەویش بەوەرگرتنی (تاریکەشەو گەلالی لەناو) جەوهەری باسەکەش ئەوەندە نەگۆڕاوە، بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.
دیاردەی دووبارەکردنەوە هۆکاری گونجاندنی دەلالەتی گشتیی مانایە، لەلایەکی تریش خودی چیرۆکنووس، خۆی لەبەردەم بارودۆخی نالەباردا دەبینێتەوە، ئەویش نامۆیی و کەم توانایی و نائارامیی خودی خۆی و سەفەرەکەیەتی، کە بەرەو قۆناغێکی نادیاری دەبات، هەم خۆی کەوتۆتە بەر ترس و تۆقاندن و هەم سەفەرەکەی بێ ئەنجام بووە، کە لەبنەڕەتدا رەنگدانەوەی کۆمەڵگە و داب و نەریتییەتی.

## ٣- دار پوازی لەخۆی نەبێت ناقڵیشێت

(ئەوانەی تۆ هەڵترشتن، هەموو درۆ و فیشاڵ بوون، بە خوا تۆ هەر بۆ کوشتن چاکی، ئەویش وتی: قوربان بە چییت باوەڕە ئەوانەی عەرزم کردیت، هەموو راست بوون و هیچیان درۆ نەبوون، بەڵام من بڵێم چی، مەسەلەی مەشهورە، ئەڵێ: (دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ)، لە پاش من هەر لە قەومەکانی خۆمان چوون ئیشکەیان لێ تێکداین)، (سائیب: ١٩٧٥، ٤٨).

(دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ)، پەندێکی بڵاو و باوی ناو کوردەوارییە، چیرۆکنووس بەئاگاییەوە خستوویەتیە ناو دەقەکە- چیرۆکەکەی و بووە بە هەوێنی بونیاتنانی دەقی چیرۆك و، وەکو خۆی لە چیرۆکەکەدا ئامادەیکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا میکانیزمی جویینەوەی لە دەقەکەدا پێ جێبەجێکردووە و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، تەنها جویینەوەی سەرچاوەکەیە و پرۆسەی بە یەکداچوون و ئاوێزانبوونیان تیادا بەجێهێنراوە. لەسەر ئاستی دەلالەتی گشتیی چیرۆکەکە، مەبەستی لە خیانەتی کەسێکە لە کۆمەڵگا و میللەتەکەی خۆی، کە بەو هۆیەوە میللەتەکەی توشی شکستخواردوون بووە بەرامبەر بە دوژمنان، بەم پێیە پێکهاتە و دەلالەتی گشتیی دەقی چیرۆك لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا لە مەبەست و مەغزای گشتییدا یەکدەگرنەوە، لەلایەك چیرۆکنووس دەیەوێت پەردە لەسەر مێژووی کورد لابدات و کاریگەریی پەندەکە وەك: مۆرك و شوناس بخاتەڕوو، لەئاست میللەتانی تری سەر رووی جیهان پێی بناسرێتەوە.

## ٤- بۆ ریش هاتم، سمێڵیشم نایە بان

وەك لە دەقەکەدا بەدیدەکرێت و گێڕەرەوە دەڵێت: (هەرچەند سەرم هێنا و سەرم برد، چارەسەرێکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە، وتم فلانی تۆ خۆت ئەزانی، کە من هیچم نییە بیاندەمێ و خۆمان لە شەڕیان لادەین، کە ئەوان ئەیڵێن... منیش بە جارێك سەری دنیام لێهاتبووەوە یەك، ئەمووت یا ڕەبی چیی بکەم (بۆ ریش هاتم، سمێڵیشم نایە بان)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لەم دەقەی سەرەوەدا، گێرەرەوە لە دوو ئاستی جیاوازدا، پەندەکەی بەکارهێناوە، کە لە مەغزای گشتییدا یەکدەگرێتەوە و لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەلالەتی ماناکەی ئەوەیە، کە (یەکێك بۆ جێبەجێکردنی کارێك دەچێت و بەهۆکاری تایبەت بێ ئەنجام دەبێت و ئەوی تریش لەدەست ئەدەیت و زەرەرمەندی هەردوولای)، وەك لە دەقی چیرۆکەکەدا بە دیدەکرێت و دەڵێت (فلانی، تۆ خۆت ئەزانی، کە من هیچم نییە و لەبنەڕەتدا لەبەر بێ پارەیی سەفەرم کردووە)، لەلایەکی تریش (لە ژورێکدایە نازانێ زیندانە، حەپسخانەیە، توشی ئەو دەعبا بێ ئینسافانە بووم)، واتا توشی ترس و تۆقاندن بووە، بۆیە لە هەردوو حاڵەتدا دەڵێت (بۆ ریش هاتم، سمێڵیشم نایە بان)، واتا چیرۆکنووس بە ئاگایی و هۆشیارییەکی زۆر هێواشەوە مامەڵەی لەگەڵ دەقی نائامادە دەکات، بەو مانایە نییە، کە دەقێکی داهێنەرانەی بێ کۆتایێت، تەنها ئەوە نەبێت هەندێجار جیاوازیی لە رووکەشی دەرەوەی جیا لە بونیاتی گشتیی پێکهێنانی دەقەکەدا دەکات. لە ئەنجامدا وا لە دەقی نائامادە دەکات، کە نموونەیەکی جێگیر و تەواو دەبێت لەگەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیدا، بەئاگاییەکی هێواشەوەیە. بنەڕەتی دەقی نائامادە (پەندە کوردییەکە) بەمشێوەیەیە:

(بـۆ ریش هاتـم، سمێڵیشـم دانـا)، بـەڵام چیرۆكنـووس كەمێـك گۆڕانكاریـی لـە بونیاتنانـی رووكەشـی پەندەكـەدا كـردووە، ئەویـش بـە ئیزافەكردنـی هـەردوو ئامـرازی پەیوەندیـی (كـە) و ئامـرازی پرسـیاری (چیـی) بـۆ سـەرەتای رستەی دووەم، هەروەهـا گۆڕینـی كـرداری (دانـان) بـۆ (نایەبـان) بۆسـەر كۆتایـی رسـتەكە، یـان پەندەكـە، كـە بەهیـچ شـێوەیەك كارناكاتـە سـەر ئاسـتی مانـا و ناوەرۆكـی پەندەكـە.
بۆیـە دەقـی چیرۆكـی (لـە خەومـا)ی جەمیـل سـائیب، لەگـەڵ دەقـی نائامـادە یـان پەندەكـەدا بەیەكداچووە و دەقئاوێـزان تێـدا روویـداوە، ئەویـش بـەوەی ناوەرۆكـی پەندەكـەی خسـتۆتە نـاو دەقـی چیرۆكـەوە. لـە هـەردوو حاڵەتەكـەدا، كـە چـۆن توشـی تـرس و تۆقانـدن و سـەرقەبڵاندن بۆتـەوە، بۆیـە دەقەكـە جوویینەوەیەكـی گشـتیی پەندەكەیـە و كەمتـر نەشـونمای هونەریـی تیـادا كـردووە، هەمـان ناوەرۆكـە و دوور نەكەوتۆتـەوە لـە دەقـی سـەرچاوە و بەئاگایـی و راسـتەوخۆ مامەڵـەی لەگەڵـدا سـازداوە.

## ٥- وا ئەزانی سەری دونیا بە پووش گیراوە

(وا ئەزانـی سـەری دونیـا بـە پـووش گیـراوە) (سـائیب: ١٩٧٥، ٣٨)، مانـای پەندەكـە ئـەوە دەگەینـێ، كـە دنیـا بەرەڵایـی نییـە، هەركـەس بـە ئـارەزووی خـۆی بـكات و گـوێ نەداتـە كـەس، یـان هیـچ لێپرسـینەوەیەك نەبـێ.
سـائیب، لـە زمانـی گێـڕەرەوە دەڵێـت: (كـوڕە وتـم پیـاوی چاكـبن، رەحـم و موسـڵمانەتییتان بـێ، بەخـوا هییچـم بـە بـەرەوە نییـە، ئەمـە چەنـد رۆژە بـەم بـاران و سـەرمایە هاتـووم بـە رێـدا، وازم لـێ بێنـن و ئەزیەتـم مـەدەن، هـەر ئەوەنـدەم زانـی یەكێكـی تریـان لەپشـتەوە زرم و هـوڕ دامییـە بـەر پـێ لەقـەو شـەپازلله، وتـی: یاڵڵا پێشـمان كـەوە، وا ئەزانـی (سـەری دونیـا بـە پـووش گیـراوە)، ئەوی تریشـیان لێـم هاتە پێشـەوە، بـە پاڵەپەسـتۆ بـە هەرسـێكیان دایانگرتـم (عەیـب نەبـێ) بـە شـەق و زلـلە و لێـدان سەروسـەكوت كوتاندنـەوە پێـش خۆیانـدام)، (سـائیب: ١٩٧٥، ٣٨).
ئـەم دەقـە، چەنـد دەقێكـی نائامـادەی لەخۆگرتـووە لـە (وتـە، دەق، پەنـد) بـە بـێ ئـەوەی هیـچ پەیوەندیـی لۆژیكـی لـە نێوانیانـدا هەبێـت، یـان بەبـێ ئـەوەی پەیوەندیـی بـە یەكیانـەوە ببەسـتێتەوە، بـەڵام هەمـوو ئەمانـە لەدەقـی نـوێ دا، تێكدەشـكێن و زیاتـر دەق لەسـەر بنەمـای پەندێكـی كولتـووری درووسـتبووە، وەك سـەرچاوەیەك كاریكردۆتـە سـەر دەقـی نـوێ (داهاتـوو). ئـەوەی گرنـگ بێـت (سـەری دنیـا بـە پـووش نەگیـراوە) پرۆسـەی دەقئاوێزانـی تیـادا بەرهەمهاتـووە، بەبـێ ئـەوەی گۆڕانكاریـی تیـادا بـكات و وەك خـۆی مامەڵـەی لەگەڵـدا كـردووە، واتـە چیرۆكنـووس دەقـی نائامادەیـی (پەندەكـە) بەبـێ هییـچ كـەم و زیادێـك دووبارەكردۆتـەوە، پرۆسـەی دەقئاوێزانیـش، كەوتۆتـە بـەر یاسـای جوویینـەوە (الاجـترار)، كـە جۆرێكـی وەسـتاوە و لەدەقـی سـەرچاوەدا (جوڵـە و بزووتـن)ی هونـەری تیـادا ناڕەخسـێت، تەنهـا هێنانـی دەقـی سـەرچاوەكەیە، كـە جوڵـە و بزووتـن لەدەقـی چیرۆكنووسـدا درووسـت نـاكات.
پێكهاتـە و دەلالەتـی گشـتیی دەق، لەگـەڵ خـودی پەندەكـەدا و لەمەبەسـت و مەغـزای گشـتییدا یەكدەگرنـەوە، بەڵـێ دنیایەكـی بەرەڵڵا یـان سـەردەمێكی بـێ خـاوەن و بكـوژ و ببـڕ هـەر خۆیـان بـوون، بۆیـە دەقـی چیـرۆك پێشـنیازی سـەردەمێكی باشـتر یـان ئەلتەرناتیـڤ لـە پێنـاوی گۆڕینـی قـەوارەی ئـەو سـەردەمەی وڵاتـی كـوردان، دەكات.

## ئەنجامەکان

١- چیرۆکی (لە خەوما) رۆڵێکی گرنگی بینییوە لە بواری گەشەی ئەدەبی کوردیی دا، بەتایبەتی لە نێو مەیدانی رۆژنامەگەریی و گۆڤارەکاندا جێگەی هەبووە. بە نموونەی ئەوەی بە زنجیرە و تاسوقی خوێنەرانی ئەو دەمەی لەمێژووی (١٩٢٥\٧\١١) لەژمارە (١)ی ئەو رۆژنامەیە، تا ژمارەی (٢٦) لە (١٩٢٦\٧\٢٩) بڵاوکراوەتەوە.

٢- دەقئاوێزانی کولتووریی، لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، لە ناواخندا بە یەکداچوونێکی جیاوازی کولتووریی لەخۆگرتووە، لە پێناوی ئاگاییەکی نوێ، کە هێماکانی لە ئایین و ئەدەب و مێژوو... تد، درووستکردووە. بە ئومێدی دەقێکی داهێنەرانەی نوێ. لەم چوارچێوەیەدا دەقئاوێزان لەسەر بنەما و راو بۆ چوونەکانی جولیا کریستیڤایە و، گەشەی فرە-دەنگیی یان دیالۆگی رەخنەگری رووس میخائیل باختین، سوود وەرگیراوە لە رای رەخنەگرانی وەک (رۆلان بارت، تۆدۆرۆڤ، جیرارد جینێت).

٣- توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە، کە گێڕەرەوە زاراوەی سادەی بەکارهێناوە لە وەسفی شتەکاندا و پەنای بردۆتە بەر زمانی سادەی رۆژانە و پەیوەستی کردووە بە واقیعەوە، وێنەیەکی واقیعی بارودۆخەکەی درووستکردووە.

٤-دەقئاوێزان بەوە ئەژمار دەکرێت، کە پەیوەستە و پەیوەندیی بە کەلتوورەوە هەیە و، سەرلەنوێ کۆن زیندوودەکاتەوە و دەبێت بە دەقێکی نوێگەر نەک بەکاربەر.

## الملخص

هذا البحث بعنوان (التناص المعرفي في قصة لەخەوما ) ل (جميل صائب. هذا البحث اعتمد شكل اساسي على النظريات التناصية ومحاولة تحليلة من اجل إلقاء الضوء على الصلة التأثير مع التناص المعرفي، في هذه القصة، ومن هذه الزاوية حاولنا ان نعتمد على بعض من النظريات التي تتحدث عن التناص المعرفي، وصلة هذا النوع من التناص مع الخطاب الديني بصورة عامة والقرآن الكريم بصورة خاصةمن آجل إظهار تلك التعابير.

كما إننا ركزنا على الجانب العلمي من حيث علاقة التناص مع الخطاب الأسطوري و الأمثال والحكم وعرض، من خلالهم تلك الاحداث والوقائع التى كانت تحدث في ذلك الزمن، وكل ذلك كان من آجل بيان جميع العناصر القصصية والجانب الثقافي والمعرفي في هذا النص الآدبي. وهذا الأمر اعتمد على معرفة تناصية وتحليل النص حسب المقايس التناصية، بالإعتماد على الآحداث وسير العملية السردية والفنية في داخل القصة.

**الكلمات المفتاحية: التناص المعرفي/الثقافي، التناص الثقافة، القصة، لەخەوما**

# Cultural Intertextuality in the Story of “Le Xewma” by Jamil Saib

## Abstract

This research is titled, Cultural Intertextuality in the Story of “Le Xewma” by Jamil Saib. This research, supported by the principles of the intertextual method, is an analytic attempt to shed light on the relation and effect of cultural intertextuality in the story of “Le Xewma” by Jamil Saeeb. In this aspect, depending on certain theories of the method, we have attempted to discuss the cultural intertextuality and similar relation with the religious discourse in general, the holly Quran and the religious expressions it has brought with itself. In addition to this, we have scientifically focused on the relation between intertextuality, mythology discourse, proverbs, precious sayings and different contemporary events. All of these are done for the sake of fully depicting the elements of the story and aspects of culture and heritage employed in Jamil Saib’s “Le Xewma”. It is known we have interpreted and analyzed the text depending on an intertextual understanding.  Through scientific analysis, we have attempted to illuminate the values of intertextual principles related to events, chronology and aesthetics found within the story.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی

١- ئیبراهیم، سەعید (٢٠١١) کلتور و کۆمەڵگە، و:عەبدوڵڵا مەحمەد زەنگەنە، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

٢- بایز، هەڵمەت (٢٠١٣)، دەقئاویزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی، هەولێر، مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٣- جەلیل و جەلیل، ئۆردیخان جەلیل و جەلیلەی جەلیل، (٢٠١٠)، ئەفسانەی کوردی، و: عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر، خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی گەنج.

٤- سائیب، جەمیل (١٩٧٥)، لەخەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٥- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو ئەدەب، زانیاری، بەغداد، چاپخانەی معارف.

٦- عارف، حسین (١٩٧٧)، چیرۆکی هونەری کوردی، بغداد، دەزگای ڕۆشبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٧- عەلی، جەلال مەحمود (١٩٨٢)، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، بەغداد، وەزارەتی ڕۆشبیری و راگەیاندنی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کەلەپوور.

٨- محمد، ئەنوەر قادر (٢٠٠٦)، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوگۆزی، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٨، بەشی ، ٢٠٠٦.

٩- وحیدی، حسین (٢٠٠٦)، سروودو گاتاکانی زەردەشت، و:وریا قانع، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

## سەرچاوەی عەرەبی

١- ابراهيم، محمد اسماعيل (١٩٦٩)، معجم الالفاظ و الاعلام القرآنية، القاهرة، دار الفكر العربي.

٢- البادي، حصة (٢٠٠٩)، التناص في الشعر العربي الحديث- البرغوثي نموذجآ، الطبعة الاولى، دار الكنوز المعرفة.

٣- البخلي، كريستيانن (١٩٨٩)، ت: ناجى مصطفى، الطبعة الاولى، الدار البيضاء، منشورات الحوار الاكاديمي و الجامعي.

٤- تودروف و اخرون (١٩٨٩)، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ت: احمد المديني، ط٢، دار الشؤون الثقافية العامة.

٥- تودوروف، شعرية السرد و النحو السردي عند تزيفتيتان، مجلة اتحاد الكتاب العرب، المجلد ٣٥، العدد ٤٣٤ (٣٠ يونيو/حزيران ٢٠٠٧)، - https://search.emarefa.net/ar/detail/BIM-١٨٣١٤٤

٦- توماشفسكى (١٩٨٢)، نظرية المنهج الشكلي النصوص الشكلانين الروس، نظرية الاعتراض، ت: ابراهيم الخطيب، بيروت، موسسة الابحاث العربية.

٧- حلبي، احمد طعمة (٢٠٠٧)، التناص بين النظرية و التطبيق، شعر البياتي نموذجآ، دمشق، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب.

٨- الزغبي (د)، احمد (١٩٩٥)، نظرياً وتطبيقاً، الطبعة الاولى، الأردن، مكتبة الكتابي.

٩- الساعدي، خالد سهر محي (١٩٨٩)، البناء الفني في الرواية التآريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، رسالة ماجستير، كلية الاداب- جامعة بغداد.

١٠- سلام، سعيد (٢٠١٠)، التناص التراثي، الرواية الجزائرية انموذجا، الطبعة الاولى، الاردن، عالم الكتب الحديث.

١١- السواح، فرانس (٢٠٠١)، الاسطورة والمعنى، دراسات في الميثولوجيا و الديانات المشرقية، الطبعة الاولى، دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمة.

١٢- شراد، شلتاغ عبود (١٩٩٨)، مدخل الى النقد الادبي الحديث، الطبعة الاولى، عمان، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع.

١٣- العزامي، عبدالله(١٩٨٥)، الخطيئة والتكفير (من البنيوية الى التشريحية)، ط١، السعودية، كتاب النادي الثقافي.

١٤- القمري، بشير (١٩٩١) شعرية النص الروائي (قراءة تناصية في كتاب التجليات)، الطبعة الاولى، الرباط شركة بيادر للنشر و التوزيع.

١٥- كريستيفا (جوليا)، (١٩٩٧)، علم النص، ت: فريد الزاهي، بغداد، دار تويكال.

١٦- ناهم، احمد (٢٠٠٤)، التناص في شعر الرواد، الطبعة الاولى، العراق- بغداد، دار الشوون الثقافة العامة.

١٧- وعداللة، ليديا (٢٠٠٥) التناص المعرفي في شعر عذالدين المعاصرة، الطبعة الاولى، دار مجدلاوي للنشر و التوذيع.

١٨- وهبة، مجدي (د)، (١٩٧٤)، معجم المصطلحات الادبي، بيروت، مكتبة لبنان.

١٩- وورد، ديفيد (١٩٩٩)، الوجود والزمان والمكان (فلسفة بول ريكود)، ت: سعيد الغانمي، الطبعة الاولى، بيروت، المركز الثقافي العربي.

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.174
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێك لە نوێگەرییەکانی وانەوتنەوە لە بابەتە مێژووییەکان لە سەر بەدەستهێنانی خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتیی

**نەرمین علی محمد بەرزنجەیی**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت /
زانکۆی سلێمانی
narminali425@gmail.com

**پ.علی عبدالرحمن جمعه**
بەشی کیمیا / کۆلێژ ی پەروەردە / زانکۆی سلێمانی
qi.ude.lusvinu@aamuj .ila

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی کاریگەریی ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی نوێی وانەوتنەوەیە لە بەدەستهێنانی خوێندنی بابەتی مێژوو لە قۆناغی بنەڕەتیی دا. میتۆدی توێژینەوەکە نیمچە ئەزمونگەرییە بۆ دوو گرووپی هاوتا و سەربەخۆ بە تاقیکردنەوەی کۆتایی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیی لە قوتابخانە حوکومییەکانی ناوەندی شاری سلیمانی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢١-٢٠٢٢)ز. نموونە پشکنینی(سامپڵی)توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیی لە قوتابخانەی(قامیشلۆ)، کە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا سەر بە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی رۆژئاوا، ژمارەیان (٦٠), قوتابیی بوو لە دوو پۆلدا، (٣٠)، قوتابیی لە پۆلی شەشەمی (ا) وەك گرووپی ئەزموونکاریی کە بە ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی نوێی وانەوتنەوە وانەیان خوێند، کە بریتین لە ستراتیژی (فێربوونی هاوتەمەنان و نەخشەکانی ژیریی و سێکوچکەی گوێگرتن). پۆلی شەشەمی (ب) کە ژمارەیان (٣٠)، قوتابیی وەك گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگا ئاساییەکانی وانەوتنەوە وانەیان خوێند بە شێوەی هەڕەمەکیی دیاریکران. توێژینەوەکە هاوتایی (التکافؤ) دۆزییەوە لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو بە بەهەندوەرگرتنی چەند گۆڕاوێک (تەمەن، ئاستی زیرەکیی، نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتی بابەتی مێژوو، ئاستی ئەکادیمیایی دایابی قوتابیی). توێژەر تاقیکردنەوەی لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك ئامادەکرد کە بریتیی بوو لە(٢٠) برگە و پشتبەست بە خشتەی تایبەتمەندێتیی(جدول المواصفات)، لە ڕێی شارەزایان و پسپۆڕانەوە راستگۆیی دۆزرایەوە. جێگیریی بە ڕێگای لەتکردن بۆ دوو نیوەی هاوتا (طريقة التجزئة النصفية) دۆزرایەوە کە بەهاکەی یەکسان بوو بە ( ٠,٥٧)، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسون و، بەهای جێگیریی دوای راستکردنەوە بە بەکار هێنانی هاو کێشەی (سبیرمان-براون) یەکسان بوو بە (٠,٧٣). ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە بریتیی بوون لە(هاوکێشەی پێرسۆن، هاوکێشەی سبیرمان-براون، هاوکێشەی (T.test) و کا یسکوێر). ئەنجامی توێژینەوەکەش: جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی بە دەستهات کە (٠,٠٥)، لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەدەستهێنانی قوتابیی لە گرووپی ئەزمونکاریی بە بەراورد بە بەدەستهێنانی قوتابیی لە گرووپی کۆنترۆڵکراو، واتە سەرکەوتنی گرووپی ئەزمونکاریی کە بە ئاوێتەکردنی (٣) ستراتیژەکە بە سەر گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگا باوەکان بابەتەکەیان خوێندووە.

**کلیلە ووشەکان: فێربوونی هاوتەمەنان، نەخشەکانی ژیریی، سێکوچکەی گوێگرتن، ڕێگاباوەکانی وانەوتنەوە.**

Recieved: 23/8/2022
Accepted: 18/9/2022


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایانەی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، کە سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتیی بە قۆناغی شۆڕشی زانیاریی ناوزەند دەکەن، ئەو داهێنان و گۆڕانکارییانەی بواری پەروەردەشی گرتۆتەوە. هەموو ئەمانەش وایانکردووە کۆمەڵگەکان سیستەمێکی پەروەردەیی نوێ و گونجاو پەیڕەو بکەن کە هاوشانی ئەو گۆڕانکارییانە بەرێوەبچێت. بۆیە، دەوڵەتانی پێشکەوتوو لە پێشبڕکێدان بۆ گەشەپێدانی بە سیستەمی پەروەردەیی بە شێوەیەکی گشتگیر، کە سەرجەم پێکهێنەرەکانی پەروەردە لەخۆ بگرێت لەوانە (پەیڕەو پرۆگرامی خوێندن، ژینگەی خوێندن، کارامەیی مامۆستا، شێواز و ستراتیژ مۆدێل و تەکنیکی نوێی فێرکردن، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایی فێرکاریی، ئامرازی فێرکاریی نوێ و بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو....هتد). (سیوەیلی ،٢٠١٧ :٥)

لە لایەکی ترەوە فەلسەفەی نوێی پەروەردە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە قوتابیی تەوەرەی سەرەکیی پرۆسەی فێربوون بێت، بەڵام وانەوتنەوەی ئاسایی تێییدا مامۆستا تەوەرەی سەرەکیی پرۆسەی فێرکارییە. قوتابیی تەنها وەرگرێکی نەرێنییە بۆ زانیارییەکان. مامۆستا هەڵدەسێت بە خستنەڕووی بابەتە فێرکارییەکە بەڵام، لە سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایی فێرکاریی و نوێگەرییەکانی وانەوتنەوە، جۆرەها ستراتیژ و رێگای نوێ بەکاردێت بۆ وانەوتنەوە کە کاردەکەن لە سەر بونیادنانەوەی پرۆسەی فێرکاریی. (بشارات ، ٢٠١٧ :٢-٣)
زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش بە یەکێك لەو بابەتانەی خوێندن دەژمێرێت، کە، جێگیر بووە لە نێو پرۆگرامی خوێندندا، مێژووش یەکێکە لە لقەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، شوێنێکی گرنگی هەیە لە نێوان بابەتەکانی خوێندندا، بە هۆی سروشت و گرنگی کۆمەڵگە مرۆییەکان مێژوو لەو رووداو و بەسەرهات و کێشانەی بە سەر ئەم کۆمەڵە گەلە هاتووە دەکۆڵێتەوە، بە دواداچوون بۆ گۆڕانکارییەکان و شیکردنەوە راڤەکردنی رووداوەکان و هۆکاری رودانیان وە ئەنجامەکانیان دەکات. (قطاوي، ٢٠٠٧ : ١٩،٢٥،٢١٩)

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەڵساوە بە ئاوێتە کردنی (٣)، ستراتیژ لە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە ئەوانیش بریتیین لە ستراتیژی فێربوونی هاوتەمەنان (إستراتیجیةتعلم الاقران)، سێکوچکەی گوێگرتن (إستراتیجیهالمثلث الاستماع)، ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی (إستراتیجیة الخرائط الذهنیة)، لە یەك وانەدا، بە مەبەستی جۆراوجۆر کردنی ئەو چالاکییانەی کە، قوتابیی پێی هەڵدەسێت لەبەرئەوەی، هەریەك لەو ستراتیژە هەڵبژێردراوانە قوتابیی خودی خۆی پێی هەڵدەسێت، و بە هاوکاری هاوەڵەکانی و، بەردەوام لە کارلێك و جووڵە و بیرکردنەوە ئەنجامدانی کاری ژیریی و دەروونیی و جوڵەیی و دەرخستنی هاوسۆزی و گەڕان بە دوای زانیاریی و کاری کرداریی بە شێوەی کۆمەڵەی بچوك و خودی خۆیان دەگەن بە دەرئەنجام. بە هۆی، بوونی جیاوازیی تاکە کەسیی نێوان قوتابییان و سرووشتی بابەتەکانی خوێندن و ژینگە ی قوتابیی، دەرکەوتووە کە، قوتابییان بە یەك رێگا و شێواز فێرنابن. ئەمەش وادەکات کە، قوتابیی بەشدار بێت لە فێربوون و حەز و ئارەزوو و بۆچوونی ئەرێنیی لا دروست ببێت لە بەرئەوە، پرۆسەی فێربوون بە شێوەیەکی جیاواز لە وانەوتنەوەکانی ناوپۆل بە رێگا سادەکان. لەو ستراتیژانەی لە توێژینەوەی ئێستادا بە کارهاتووە بریتیین لە، ستراتیژی فێربوونی هاوتەمەنان، پێناسەی کراوە کە یەکێکە لە ستراتیژەکانی فیربوونی کارا( التعلم النشط )بەکاردێت لە پرۆسەی فێرکردن و وانەوتنەوەدا. مامۆستا، قوتابییەکان دابەش دەکات بۆ دوو گرووپ، گرووپی قوتابییە ئاست بەرزەکان و گرووپی قوتابییە ئاست نزمەکان، بە جۆرێك گرووپی یەکەم هەڵدەسێت بە مەشق و راهێنان بە گرووپی دووەم، واتا قوتابییان هەڵدەسن بە هاوکاریی و یارمەتیی وانەوتنەوە بە هاوڕێکانیان لە رێی بەکارهێنانی گرووپ، مامۆستا

ئەم ستراتیژە پەیڕەو دەکات لە ناو پۆلدا. (عبدالمجید،٢٠١١: ١١)

ستراتیژی سێکوچکەی گوێگرتن (مثلث الإستماعlistesnin triangle )، یەکێکە لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا(الاستراتیجیات التعلم النشط )، ئەم ستراتیژە هانی قوتابیی دەدات بۆ کارامەیی قسەکردن و گوێگرتن بەهۆی، بەکارهێنانی گرووپی سێ کەسی. هەرگرووپێك لە(٣)، قوتابیی پێکدێت دواتر رۆڵی هەریەك لە ئەندامانی گرووپ دیاریدەکرێت، سێ، قوتابیەکە هەریەکەیان لوتکەی سێکوچکەکە پێکدەهێنن، قوتابیی یەکەم، وتەبێژ و خستنە ڕووی بابەت لە ئەستۆ دەگرێت یان بابەتەکە دەخوێنێتەوە. قوتابیی دووەم، گوێگرێکی چالاك بە باشیی گوێ لە قوتابیی یەکەم دەگرێت و پرسیاری لێ دەکات. قوتابیی سێیەم، زانیارییەکان تۆماردەکات و فیدباك بە قوتابیی (١,٢)، دەدات ئەگەر پێویست بوو. هەنگاوی دواتر مامۆستا ئاڵوگۆڕ بە رۆڵی قوتابیی دەکات. (الشمري، ٢٠١١:٥٠)

ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی (الخرائط الذهنیة)، یەکێکە لە سترتیژەکانی فێربوونی کارا کە، یارمەتی قوتابیی دەدات بۆ گەشەکردنی کارامەیی نوسین» لە نەخشەکانی ژیریدا پرۆسە مەعریفییەکان بەکاردێت وەك درككردن، چارەسەرکردن، هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان، وەسفکردن، پۆلێنکردن، ریزبەندییکردنی زانیارییەکان. بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە یارمەتییدەرە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و گەیاندنی بە مێشکی قوتابیی بە ئاسانی و، بۆ بەستنەوەی بیرۆکەکان بە یەکەوە، هەروەها گرنگە بۆ بیرهاتنەوەی زانیارییەکان بە ئاسانی.(العین ،٢٠١٥: ٥)

## بەشی یەکەم / چوارچێوەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە (المشكلةالبحث The problem of the Research ) :

کێشەی توێژینەوەکە هەمان ئەو کێشەیە یە کە لە زۆربەی وولاتانی جیهان بوونی هەیە، ئەویش دابەزین و لاوازیی ئاستی بە دەستهێنانیی قوتابیی لە بابەت و قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن. توێژەر بە هۆی، گەڕان و خوێندنەوە و بە دواداچوون لە سەر بەشێك لە توێژینەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ گرفتەکانی ئاستی بەدەستهێنان و هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن لای قوتابیی زۆربەی ولاتانیی عەرەبیی و عێراق و هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی توێژینەوەوە، لەم بارەیەوە چەندین توێژینەوە ئەنجام دراوە لە سەرئاستی وڵاتانی عەرەبیی وەك توێژینەوەی (بشارات،٢٠١٧) و (اللوزي ،٢٠١٨ )، لە عێراق وەك توێژینەوەکانی (الرکابي،٢٠١٧) و (المصلحي،٢٠١٩). لە هەرێمی کوردستان وەك توێژینەوەکانی (حمەقاضي ،٢٠١٦ ) و (صابر ،٢٠١٩) سەرجەمییان هاوڕان لە سەر دابەزینی ئاستی زانستیی و بە دەستهێنانی خوێندن لای قوتابیی بە گشتی ، لە سەرجەم قۆناغەکانیی خوێندن و لە سەرجەم بابەتەکانی خوێندن.

بۆ دڵنیابوونی توێژەر لەم کێشەیە دابەزینی ئاستی بەدەستهێنان لە بابەتی مێژوو لە قوناغی بنەڕەتیی راپرسی لە نێوان سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدا، دەرکەوت کە کێشە و گرفت هەیە لە بەدەستهێنانی، قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو، کە یەکێکە لەو بابەتانەی توێژەران لەو بوارەدا توێژینەوەیان ئەنجام داوە دەرکەوتووە کە، ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. کۆمەڵێك هۆکار رۆڵیان هەیە لە سەر لاوازی ئاستی بەدەستهێنان یەکێك لەوانە بەکارهێنانی رێگا و شێوازە سادەکانی وانەوتنەوەیە کە، جەخت لە سەر رۆڵی مامۆستا دەکات وە رۆڵی قوتابیی نەرێنی و فەرامۆش کراوە لەناو پۆلدا. بەکارهێنانی ستراتیژە نوێیەکانی وانە ووتنەوە جەخت لە سەر

کار و چالاکیی قوتابیی لە وتنەوەی زۆربەی بابەتەکانی خوێندن و لە قۆناغە جیاجیاکان دەکاتەوە. لە ئەنجامی بە دواداچوونی توێژەر بۆتوێژینەوەکانی لەم بوارە دائەنجام دراون هەریەکەیان یەك ستراتیژ وەك توێژینەوەی (الركابي،٢٠١٧)، (الكناني،٢٠١٩)، یان، دوو ستراتیژ پێکەوە وەك توێژینەوەی (البحرات،٢٠١٣)، (فياض،٢٠١٥)، توێژینەوەی لە سەر کراوە بۆ زانینی بڕی کاریگەری لە سەر بەدەستهێنانی خوێندنی قوتابیی، ئەویش ئەوەی سەلماندووە کە رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لە سەر بەرز کردنەوەی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن وەك توێژینەوەی (ألاشقر،٢٠١٨)، کە جەخت لە سەر کەموکورییەکانی ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی دەکاتەوە واتا تەنها یەك رێگا و ستراتیژ لە وانەیەکدا بەس نیە تا، قوتابیی بە باشی فێربن و ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بێنێتەدی. بەڵام بە دەگمەن توێژینەوە لەسەر ئاوێتە کردنی زیاتر لە ستراتیژێك لە وانەوتنەی رۆژانەدا کراوە، بۆیە، توێژەر ئەوەی لا گەڵاڵە بووە کە چالاکییەکان هەرچەند جۆراوجۆربن توانی قوتابییان باشتر دەبن وە حەز و ئارەزو و پاڵنەرییان بۆ فێربوون زیاتر دەبێت. لەبەر ئەوە توێژەر وای بە باش زانی لە دوو ستراتیژ زیاتر بەکاربهێنێت بۆ وانەوتنەوە وە هەڵسا بە ئاوێتە کردنی سییان لە ستراتیژە نوێیەکای وانەوتنەوە، کە جەخت لە سەر کار و چالاکی قوتابیی لە هەڵوێستە فێرکارییەکان دا دەکات و، گرنگیدان بە گەشەی بیرکرنەوەیان تۆماربوونی زانیاریەکان لە یادەوەری درێژخایەن و گرنگیدان بە تێگەیشتن نەك تەنها ئەزبەرکردنی زانیارییەکان بەجۆرێك قوتابیی تەوەری سەرەکی پرۆسە فێرکارییەکان بێت . بۆ ئەوەی بزانێت ئایا کاریگەری ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ چۆن دەبێت؟

## . کێشەی توێژینەوەکە لەرێی ئەم پرسیارەوە دەخاتە روو:

ئایا ئاوێتە کردنی سییان لە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە لە بابەتی مێژوو کاریگەریی دەبێت لە سەر بەدەستهێنانی خوێندن لای قوتابیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ؟

گرنگی توێژینەوەکە (أهمیةالبحث The Significance of the research):

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە لە یەك وانەدا، کە هەرستراتیژێك کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندیی هەیە دەبێتەهۆی گەشەکردنی زۆرترین لایەنەکانی (مەعریفیی ، سۆزداریی ، دەرونجوڵەیی)، بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان رەچاو کردنی جیاوازی تاکەکەسی. چونکە هەر ستراتیژێك جەخت لە سەر بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی پەروەردەیی و فێرکاریی دەکاتەوە بۆنمونە ستراتیژی فێربوونی هاوتەمەنان دەبێتە هۆی گەشەکردنی قوتابیی لە لایەنی کۆمەڵایەتیی و کەسێتیی و متمانە بە خۆبوون و گیانیی هاوکاریی و هەرەوەزیی بەهۆی، بەشداریی لە گرووپ و وانەوتنەوە بە هاوپۆلەکەی واتا بە ئەندامانی گرووپەکەی. ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زیرەکیی بینیین و توانای پوختەکردنی زانیارییەکان و لایەنی هونەریی لای قوتابیی بە هۆی بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگ و هێما و رێکخستنییان بە هۆی دروست کردنی نەخشەی ژیریی. ستراتیژی سێکوچکەی گوێگرتن پەرە بە توانای گوێگرتنی ئەرێنی دەدات کاتێك گوێ لە هاوپۆلەکەی دەگرێت لە گروپەکەیدا وە زیرەکیی دەربرین بەهۆی، خستنەرووی بابەتەکە بۆ ئەندامانی گروپەکەی یا، خوێندنەوەی کە، ئەویش دەبێتە هۆی گەشەکردنی توانای خوێندنەوە و تێبینی کردن و گەشە کردنی بیریی ڕەخنەگرانە لای قوتابیی بەهۆی پێدانی فیدباك بە هاورێکەی کاتی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە لە وانەوتنەوەدا. بە گشتی گرنگی توێژینەوەکە خۆی لەخاڵانەدا دەبینێتەوە :

دەگمەن و کەمی توێژینەوەی هاوشێوە کەسێ ستراتیژ ئاوێتە کرابێت پێکەوە لە یەك وانەدا بە هەمان گۆڕاوی پاشکۆ و هەمان قۆناغی خوێندن بە پێی ئەو زانیارییانەی کە، دەستکەوتووە تا ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کتێبخانە ناوخۆییەکان .

نوسینی بە زمانی شیرینیی کوردیی دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردیی .

بە سودە بۆ وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە بەکردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا .

مۆدێلێکی زانستی نوێ دەدات بە مامۆستایانی مێژوو لە ئاوێتەکردنی چەند ڕێگایەك بۆ وتنەوەی بابەتی مێژوو.

ڕێگا دەکاتەوە لە بەردەمی توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بواری ئاوێتەکردنی(ستراتیژ و ڕێگاکانی)، وانەوتنەوە .

ئامانجی توێژینەوە (الاهداف البحث Aim of the research)

## ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە :

زانیین و ئاشکراکردنی کاریگەریی ئاوێتەکردنیی هەرسێ ستراتیژی (فێربوونی هاوتەمەنان، سێکوچکەی گوێگرتن، نەخشەکانی ژیریی)، لە سەر بە دەستهێنانی خوێندن لای قوتابیی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو .

گریمانەی توێژینەوەکەRsearch assumption)   فرضية البحث )

جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بە دەستهێنانیی قوتابیی لە گرووپی ئەزمونگەریی کە، بابەتی مێژوو دەخوێنن بە ئاوێتە کردنی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە، ستراتیژی (فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی)، و ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بە دەستهێنانیی، قوتابیی لە گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بە ڕێگا باوەکانی وانەوتنەوە.

سنوری توێژینەوە (حدودالبحث  Limits of the Research )

سنوری توێژینەوەکە لە مانەی خوارەوە پێکدێت لە :

سنوری شوێن : قوتابخانەی (قامیشلۆ)ی بنەڕەتی تێکەڵاو لە ناوەندی شاری سلێیمانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا .

سنوری کات : وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنیی (٢٠٢١-٢٠٢٢)ز.

سنوری بابەت : بەشی (١,٢,٣)، ی بابەتی مێژوو لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیی، چاپی پانزەهەم بۆ ساڵی (٢٠٢١)، زایینی کە بڕیار لە سەردراوە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆئەم قۆناغە.

سنوری مرۆیی: قوتابیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیی قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندیی شاری سلێیمانی سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

پێناسەی زاراوەکان ( تحدید المصطلحات Definition of the Terms )

کاریگەریی (فعالیة - Effect) :

( الشمري وأل مسعد ،٢٠١٧)، ئاماژەیان پێکردووە لە (شحاته والنجار ،٢٠٠٣)، بە بەرهەمی فێرکردنی خوازراو یا

نەخوازراو، بەدەست دەهێنرێت لە لایەن قوتابییەوە لە ئەنجامی پرۆسەی فێربوون، بریتییە لە بڕی گۆڕانکاریی بە دەستهاتوو لە بەدەستهێنانی زانیارییەکانی قوتابیی. (الشمري وأل مسعد ،٢٠١٧ : ٧٥)

کاریگەریی :

پێناسەی ڕێکاریی توێژەر: بریتییە لە ڕادەی گۆڕانکاریی لە ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن لە بابەتی مێژوو لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی نوێی وانەوتنەوە لە یەك وانەیەکدا .

ئاوێتەکردن (مزج ) أو (خلط) أو (دمج-Merging) :

ئاوێتەکردن(مزج – Blended): لە ڕووی زمانەوانییەوە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد واتا شێوەی هاوڕێك و تەبایی لە پێکهاتەکاندا تا پێکهاتەیەکی نوێ دروست ببێت.(أبوموسی والصوص، ٢٠١٢ :٦). پێناسەی ڕێکاریی توێژەر: بریتییە لە بەکارهێنانی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە لە یەك وانەدا بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەرك و چالاکی جۆرا و جۆر و بە بەکار هێنانی ئەوشێواز و ستراتیژانەی کە قوتابیی کارا بێت لە ئەنجامدا، وە پەیڕەوکردنی نوێکاریی لەوانەوتنەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن لای قوتابیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو.

نوێگەریی(المستحدثات-Modern Innovation or):المستحدث (ناوە) واتا نوێ، لەڕووی زمانەوانییەوە واتا داهێنانی شتێکی نوێ کە، پێشتر نەبووە. (فەرهەنگی وسیط، ئینتەرنێت)

نوێگەرییەکانی وانەوتنەوە: بریتییە لە هەرشتێکی نوێ یا نوێکاریی لە ئامێر و ئامرازەکانی فێرکردن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، تیۆرەکان، ڕێگای دیزایین کردن و بەرنامەکان و بەکارهێنانەکانی بۆ هاوکاریکردنی پرۆسەی فێرکردن. (حكمي،٢٠٢٠٠ :١٠)

پێناسەی ڕێکاریی توێژەر: بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیك و ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ و ڕێگا و شێوازە نوێیەکانی فێرکردن ئەنجامدانی چالاکی و بەکارهێنان و ئامرازەکانی فێرکردن بەمەستی جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بۆ ئەو بەش و بابەتانەی کە، لەم توێژینەوەیە دیاریکراوە .

مێژوو (التاريخ History -): (جاسم، ٢٠١٥)، لە (عبد الصاحب وجاسم،٢٠١٢)، ئاماژەی کردووە بە: تۆماری پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکانە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ لە ڕابردوو و بیروڕاکانی دەدات، واتا گرنگی دەدات بە پەیوەندییەکانی و ڕەفتارەکانی و کێشەکانی و چاودێری دروست بوون و پێشکەوتنەکانیی و ئەنجامەکانیی.(جاسم ،٢٠١٥ :٢٢٢)

مێژوو: پێناسەی (خضر، ٢٠٠٦): «مێژوو هەموو ئەوانەیە کە، وتراوە یاخود کراوە هەر لە سەرەتای بوونەوە هەتا وەکو کاتی ئێستا، چیرۆکی زەوی و کارلێککردنی بەردەوامی نێوان مرۆڤ و شوێن و کات دەنوێنێت».(خضر، ٢٠٠٦، ٣٧)

پێناسەی ڕێکاریی توێژەر: بریتییە لە تۆماری ڕابردووی مرۆڤ و کۆمەڵگە مرۆییەکان و شارستانیەتەکانیان، لیکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو بە مەبەستی خزمەتکردنی نەوەکانی داهاتوو تا، ئاگاداربن لە ڕابردوو و سودی لێوەربگیرێت بۆداهاتوو.

بەدەستهێنانی خوێندن(التحصيل الدراسي- Academic Achievement):(أبو جادو،٢٠٠٣)، پێناسەی کردووە بە: بڕی فێربونی فێرخواز پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی دیاریکراو، بە نمرە پێوانە دەکرێت لە ڕێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بۆ زانینی ڕادەی سەرکەوتنی ستراتیژ و پلانی مامۆستا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان.

(أبو جادو ،٢٠٠٣ :٢٨)

بەدەستهێنانی خوێندن: بریتییە لە رادەی گەنجینەکردنی قوتابیی لەوەی فێریبووە لە شارەزایی لە پرۆگرامە دیاریکراوەکانی خوێندن، وە پێوانە دەکرێت بە نمرە لە رێیی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان .(اللقائي والجمل ،١٩٩٩:٤٧)

پێناسەی رێکاریی توێژەر :بریتییە لە بڕی دەستکەوتی قوتابیی لە بابەتە فێرکارییەکان کە، بە دەستیهێناوە کە، لە توێژینەوەکەدا دیاریکراوە، وە بە نمرە پێوانە دەکرێت کە لە رێی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی قوتابیی توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە .

بەشی دووەم / توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژینەوەی(عماري و بوراس ،٢٠٢٠) :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(أثراستراتيجية الخريطة الذهنية على التحصيل الدراسي في مادة الاجتماعيات لدى تلاميذ السنة الثالثة متوسط- بالوادي). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی کاریگەریی نەخشەکانی ژیریی لە سەر بەدەستهێنانی خوێندن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابیی لە پۆلی سێیەمی ناوەندیی، میتۆدی ئەزمونگەریی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەی بە شێوەی مەبەستدار هەڵبژاردووە کە، پێکهاتبوو لە (٢٠)، قوتابیی کوڕ و کچ، تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ بەدەستهێنانی خوێندن بەکارهێناوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بەرنامەی (SPSS)ی بەکارهێناوە لە شیکردنەوەی داتاکان، ئەو ئەنجامانەش کە، بەدەستیهێناوە بریتییە لە:

- جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گرووپی ئەزمونکاریی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی لە نمرەی بەدەستهێنان لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان.
- جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەدەستهێنان لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە نێوان گرووپی ئەزمونکاریی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

توێژینەوەی (ابراهيم ،٢٠١٩) ، قاهیرە - میسر:

بە ناونیشانی(فعالية الدمج بعض استراتيجيات النظريةالبنائية في التدريس الدراسات الاجتماعية في تنمية التفكيرالايجابي و تقدير الذات لدى تلاميذ المرحلة ألاعدادية).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێك لە ستراتیژەکانی بیردۆزی بونیادیی لە سەروتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنیی و رێزگرتنی خودیی لای قوتابیی پۆلی دووەمی ئامادەیی. میتۆدی وەسفی بۆوەڵامی پرسیارەکانی(١,٢,٣)، کە، تایبەتە بە بیرکردنەوەی ئەرێنیی و رێزگرتنی خود، میتۆدی ئەزمونکاریی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی(٤,٥,٦)، بەکارهێنا کە، تایبەت بوو بە پێوانی کاریگەریی دوو بەشی ئەزمونکاریی دیزایینکراو بە هەندێك لە ستراتیژەکانی بونیادنان لە سەرپەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە و رێزگرتنی خود.

دیزایینی ئەزمونکاریی بەکارهێنابوو بۆتوێژینەوە کە، بریتیی بوو لە دوو گرووپی(ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو)ی هاوتا. کۆمەڵگەی توێژینەوە کە بریتیی بوو لە قوتابیی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، وە سامپڵی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە قوتابیی پۆلی پێنجەم لە قوتابخانەی(محمدعەبدە)ی ئامادەیی کوڕان لە قاهیرە. ئەنجامەکانیی بە دەستهاتووە بریتیی بوو لە جیاوازیی لە ناوەندی نمرەکان لە جێبەجێکردنی

تاقیکردنەوەیی پێشەکی و ناوەندیی نمرەکانی لە جێبەجێکردنیی تاقیکردنەوەیی پاشەکی هەبوو. ئاماژەی ئاماریی لە ئاستی بەڵگەداریی(٠,٠٥)، کە، ئەمەش ئەنجامی ئاوێتەکردنی نێوان ستراتیژەکانی بیردۆزی بونیادنان بوو. کە، هۆکارەکەی بۆ کارلێکی ئەرێنی نێوان مامۆستا و قوتابیی وە نێوان قوتابییەکان دەگەڕێتەوە، بوو بە هۆی دەستەبەرکردنی کەشێکی پڕ سەربەستی و هەرەوەزیی و بەشداریی چالاك و راگۆڕکێ، قبوڵکردنیی رەخنە کە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنیی کارامەیی بیرکردنەوەی ئەرێنیی لای قوتابیی گرووپی ئەزمونگەریی.

## توێژینەوەی (الكناني ، ٢٠١٩ ) ، بەغداد – عێراق :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(أثر استراتيجية مثلث الاستماع في تحصيل مادة الاجتماعيات لدى طلبةالصف الثاني المتوسط). ئامانجیی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی ستراتیژیی سێکوچکەیی گوێگرتن لە سەر بەدەستهێنان لە، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابیی لە پۆلیی دووەمی ناوەندی .

توێژەر میتۆدی ئەزمونکاریی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکە ژمارەیان(٦٠)، قوتابیی بوو، تاقیکردنەوەیی کۆتایی بەکارهێناوە بۆ پێوانیی ئاستیی بەدەستهێنان کە، ژمارەی برگەکانیی(٣٠)، برگە بوون. لەوئەنجامانەیی بەدەستیهێنا، بەکارهێنانیی ستراتیژیی سێکوچکەیی گوێگرتن چێژ بە وانەکە دەبەخشێت و دەبێتە هۆی زیاد بوونیی پاڵنەری فێربوون، ئەمەش کاردەکاتە سەرباشتکردنی ئاستیی بەدەستهێنانی خوێندن، هەروەها دەبێتە هۆی زیاد کردنی متمانە بە خۆبوون بە وانیترلای قوتابیی .

توێژینەوەی (ألبحرات ، ٢٠١٣ )، عەمان – ئەردەن:

بەناونیشانی(تقديم التعلم باستخدام استراتيجيتي ألاقران والمناظرة وأثره في التحصيل والتفكير الاستقرائي في مادة التربية الاجتماعية للصف السادس الاساسي). ئامانجیی ئەم توێژینەوەیە زانینیی کاریگەریی پێشکەشکردنی فێربوون بە بەکارهێنانیی هەردوو ستراتیژیی (هاوتەمەنان و رووبەڕوو)، و کاریگەریی لە سەر بەدەستهێنان و بیرکردنەوەی هەڵهێنجانی لە بابەتیی پەروەردەیی نیشتیمانیی لای قوتابیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی .

میتۆدی نیمچە ئەزمونکاریی(شبەالتجريبي)، بەکارهێنا، ئەویش بە بەکارهێنانیی(٣)، گرووپ بۆ جێبەجێکردنیی توێژینەوەکە ئەویش(٢)، گرووپی ئەزمونکاریی و(١)، گرووپی کۆنترۆلکراو، گرووپیی یەکەم ژمارەیان (٢٠)، قوتابیی بوو بە ستراتیژی فێربوونیی هاوتەمەنان وانەیان خوێند ، گرووپیی دووەم ژمارەیان (١٨)، قوتابیی بە ستراتیژی رووبەڕوو وانەیان خوێند، گرووپیی سێیەم ژمارەیان(٢٠)، قوتابیی بە ڕێگای ئاسایی و باوەکانی وانەوتنەوە وانەیان خوێند.

لە گرنگترین ئەنجامەکانیی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە کاریگەریی بەکارهێنانیی هەردووستراتیژیی (فێربوونی هاوتەمەنان و رووبەڕوو) لە سەرقوتابیی و مامۆستاش لە هەڵوێستە فێرکارییەکاندا بووە بە بەراورد بە فێربوونیی ئاسایی و بە هەمان شێوە بۆ بیرکردنەوە دەبێتە هۆی باشتربوونیی توانا عەقڵیەکانیی قوتابیی بە هۆیی هەرەوەزیی نێوان قوتابییەکان و بەشداریی چالاکانەی قوتابیی لە جێبەجێکردنیی ئەرکەکان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، کە، ئەمەش دەبێتە هۆی کارلێکیی زیاتر لە نێوان قوتابیی و پشت بەستنی ئەرێنیی و ئاڵوگۆڕ کە، کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان .

## سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر سودی وەرگرتووە لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم لایەنانەی خوارەوە:

لەرووی تیۆرییەوە: توێژەر سودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ ئامادەکردنیی ئەم توێژینەوەیە لە رووی (میتۆد و هەنگاوەکان و رێکارە زانستییەکان کە، بریتییە لە پلانیی توێژینەوەکە و دیاریکردنی بەش و تەوەر و باسەکان و دیزایینیی توێژینەوەکە و هاوتایی نێوان گرووپەکان).

لەرووی بەکارهێنانیی کەرەستە و ئامرازە ئامارییەکان و شیکردنەوەیی داتاکان و خستنەڕووی دەرئەنجامەکان .

بۆ چۆنێتی دەرهێنانی راستگۆیی و جێگیریی (نەگۆڕیی)ی ئامرازی توێژینەوەکە .

بەشی سێیەم / رێکارییەکانی توێژینەوەکە:( Research Procedures)

میتۆدی توێژینەوە(Methode Research) :

بەپێی سروشتیی توێژینەوەکە و بە مەبەستی بەدیهێنانیی ئامانجیی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموزگەریی بە دوو گرووپی هاوتا و سەربەخۆ بە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە توێژینەوەکەدا کە، گونجاوە وەکو دیزایین بۆ توێژینەوەکە بەکارهێنا. میتۆدی ئەزمونگەریی بەوە ناسراوە کە، بڕیاردەدات لە سەرهۆکارە کاریگەرە جیاوازەکان لە سەر ئەو دیاردەیەی کە، مەبەستە لێکۆڵینەوەی لە سەربکرێت. (هادي،١٤٨، ٢٠١٣:)

کۆمەڵگەیی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی شاری سلێیمانی سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (رۆژهەلات و رۆژئاوا )، کە، ژمارەیان دەکاتە * (١٦٢٥٨)، قوتابی لە* ٢٤٨))، قوتابخانە دا.

## نمونەی توێژینەوەکە :

(هادي،٢٠١٣)، لە (أبوحويج،٢٠٠٠)، ئاماژەی کردووە کە، نمونەی توێژینەوە بریتییە لە وەرگرتنی گرووپێك لە کۆمەڵگەیەك هەمان سیفات و تایبەتمەندیی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئامانج لێی کارئاسانی و دواتر گەشتاندنیی ئەنجامیی توێژینەوەکە بە سەر کۆمەڵگە گەورەکەدا. (هادي،٢٠١٣ :١٤٩). قوتابییەکانی قوتابخانەی (قامیشلۆ)ی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری سلێیمانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەیی رۆژئاوا کە، بەشێوەی مەبەستدار وەك نمونەیی توێژینەوەکە هەڵبژێردرا، دەرکەوت کە(٢)، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی تێدایەژمارەیان(٦٣)، قوتابیی بوو(٣)، قوتابیی دوور خرایەوە بۆ ئەژمارکردنی ئەنجامیی توێژینەوەکە بەهۆی ئەوەیی دووەم ساڵییان بوو لە پۆلی شەشەم. مایەوە (٦٠)، قوتابیی کە دابەش بوون بەسەردوو پۆل (ا) و (ب)دا، هەر پۆلێك(٣٠)، قوتابیی لە خۆگرتبوو، پۆلی شەشەمی(ا)، وەك گرووپی ئەزمونکاریی و پۆلی شەشەمی (ب)، وەك گرووپی کۆنترۆڵکراو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا.

هاوتا کردنی گرووپەکانی توێژینەوە(تكافوء مجموعتي البحث Equivalent of The Research Groups

بۆ دڵنیابوون لە هاوتابوونیی نێوان هەردوو گرووپی (ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو)توێژەر هەندێك گۆڕاویی هەڵبژارد بە سود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم بوارەدا ئەنجام دراون وەك (تەمەنی قوتابیی، ئاستی زیرەکیی قوتابیی، ئاستی بەدەستهێنانی قوتابیی لە ساڵی رابردوو ، ئاستی ئەکادیمیایی دایبابی قوتابیی (خوێندنی دایك و باوك)، بەم شێوەیەی خوارەوە :

١.تەمەنی قوتابیی( العمرالزمني):

بە مەبەستیی زانینی رادەی هاوتایی نێوان تەمەنی قوتابیی هەردوو گرووپی ئەزمونکاری و کۆنترۆڵکراو، لە رێی فۆرمێکەوە کە، دروست کرابوو بە مەبەستی وەرگرتنی بەرواری لە دایکبوونی هەر، قوتابیەك بە رۆژ و مانگ و ساڵ لە هەرگرووپێك، دواترئەژمارکردنی تەمەنی قوتابیی بە مانگ تاوەکو ٢٠٢٢/٢/١ کە، سەرەتای دەستپێکردنی ئەزمونەکەبوو. پاشان بە مەبەستی زانینیی هاوتایی نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە توێژەر هەڵسا بە دیاریکردنیی هەبوون یا، نەبوونیی جیاوازیی لە نێوان تەمەنی قوتابیی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (T.test)، کە، یەکێکە لە ئامرازەکانی ئاماریی ئیستیدلالی کە، چارەسەری داتاکان دەکات یارمەتیدەرە بۆگەیشتن بە ئەنجام. (السردي،٢٠١٢:٥٥)، بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)، پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی هاوتایی هەردوو گرووپ دەرکەوت. بەهای (ت)ی ئەژمارکراو و زانیارییەکان بەوشێوەیەی کە، لەخشتەی(١)، خراوەتەروو:

* توێژەر ژمارەی قوتابیی و فوتابخانەکانیی هەردوو پەروەردەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەبەشی پلانی پەروەردە وەرگرتووە.

خشتەی ژمارە (١)

بەراوردی گۆڕاوی تەمەن بە (ساڵ) لە نێوان گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو

| گرووپ | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | ئاستی بەڵگەداریی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | نمرەی ئازادیی | | |
| ئەزمونکاریی | 30 | 12.7 | 0.58 | 0.991 | 58 | ٠,٣٢٦ | بەڵگەداریی نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 11.93 | 0.49 | | | | |

لە خشتەی ژمارە (١)، روونی دەکاتەوە جیاوازیی تەمەن بە ساڵ لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو دەردەکەوێت، تەمەنی گرووپی ئەزمونکاریی بریتییە لە (١٢,٧)، ساڵ لە کاتێکدا تەمەنی گرووپی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (١١,٩٣)، ساڵ کە، دەردەکەوێت جیاوازییەکی زۆری نییە بۆ پشتبەستن بە بوونی جیاوازیی پشت دەبەستین بە بەهای ئەژمارکراوی (ت)، کە (T.Test)، یەکسانە بە (٠,٩٩١)، هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٣٢٦)، سەرئەنجام دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئاماریی بەڵگەدار نییە لە تەمەن بە (ساڵ)، لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو لەبەرئەوەی، بەهای ئاستیی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٣٢٦)،کە گەورەترە لە ئاستیی بەلگەداریی (٠,٠٥).

ئاستی زیرەکیی قوتابیی :

چەمکی زیرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ توانا ئەقڵییەکانی مرۆڤ کە، یارمەتیی دەدات بۆ فێربوون و یادکرنەوەیی زانیارییەکان بەکارهێنانی بە رێگای گونجاو، گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ کێشە جیاجیاکان و دەرکردنی بریار و ئاشکراکردنی لێکچون و جیاوازیی لە نێوان شتەکان. (حسێن، ٢٠١٤ :١٣)

لەبەرئەوەی، ئاستی زیرەکیی قوتابیی کاریگەریی هەیە لە سەر ئاستی بەدەستهێنان بۆ دڵنیابوون لە دروستی توێژینەوەکە کە، کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوەتوێژەر تاقیکردنەوەی (راڤن Raven)، لە جۆری رەنگا و رەنگ و(٣٦)،

پرسیار لـە خـۆ گرتـوە و شـیاوە بـۆ تەمـەن تاوەكـو (١٢)، سـاڵ واتـا شـیاوە بـۆ نمونـەی ئـەم توێژینەوەیـە، پـاش ئەنجامدانـی وەڵامەكانـی هـەردوو گـرووپ پشـكنین بـۆ وەڵامـەكان كراپشـت بەسـت بـە كلیلـی وەڵامـی نمونەیـی پێوەرەكـە. پاشـان توێـژەر بـە مەبەسـتی زانینیـی رادەی هاوتایـی لـە نێـوان هـەردوو گـرووپ توێـژەر ناوەنـدی ژمێرەیـی و لادانـی پێوەریـی دەرهێنـاوە هاوكێشـەی (T.test)ی بەكارهێنـا بـۆ دۆزینـەوەی بەهـای(ت)ی، ئەنجامـەكان بـەو شـێوەیە بـوو كـە، لەخشـتەی ژمـارە (٢)، روونكراوەتـەوە :

خشتەی ژمارە(٢)

بەراوردی گۆراوی نمرەی ئاستی زیرەكی قوتابیی لەنێوان هەردوو گرووپی ئەزمونكاریی و كۆنترۆڵكراو

| گرووپ | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | ئاستی بەڵگەداریی P-value | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژماركراو | نمرەی ئازادیی | | |
| ئەزمونكاریی | 30 | 25.967 | 6.35 | 0.593 | 58 | 0.556 | بەڵگەداریی نییە |
| كۆنترۆڵكراو | 30 | 25.033 | 5.84 | | | | |

لـە خشـتەی ژمـارە(٢)، روونـی دەكاتـەوە جیاوازیـی گـۆڕاوی نمـرەی ئاسـتی زیرەكیـی قوتابیـی لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزموونكاریـی و كۆنترۆڵـكراو دەردەكەوێـت تێكرایـی نمـرەی ئاسـتی زیرەكیـی لە گرووپـی ئەزمونكاریـی بریتیە لـە (٢٥,٩٦٧)، نمـرە لـە كاتێـكدا تێكرایـی نمـرەی ئاسـتی زیرەكیـی لـە ئاسـتی زیرەكیـی گرووپـی كۆنترۆڵـكراو بریتیـە لـە (٢٥,٠٣٣)، نمرەكـە دەردەكەوێـت جیاوازیەكـی زۆری نییـە بـۆ پشـت بەسـت بـە بوونـی جیاوازیـی پشـت دەبەسـتین بـە بەهـای ئەژماركـراوی (ت) كـە، (T-Test)، یەكسـانە بـە (٠,٥٩٣)، هەروەهـا بەهـای ئاسـتی بەڵگەداریـی (P-value)، دەكاتـە (٠,٥٥٦)، سـەرئەنجام دەردەكەوێـت جیاوازییەكیـی ئاماریـی بەڵگـەدار نییـە لـە گـۆڕاوی ئاسـتی زیرەكیـی لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمونكاریـی و كۆنترۆڵـكراو لەبەرئـەوەی، بەهـای ئاسـتی بەڵگەداریـی (P-value)، دەكاتـە (٠,٥٥٦)، كـە، گەورەتـرە لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی (٠,٠٥).

## ئاستی ئەكادیمیایی دایبابانی هەردوو گرووپ:

توێـژەر ئاسـتی ئەكادیمییایـی دایـكان و باوكانـی هـەردوو گرووپـی ئەزمونكاریـی و كۆنترۆڵـكراوی دیاریكـرد لـە نزمتریـن ئاسـتەوە بـۆ بەرزتریـن ئاسـت بـەم شـێوەیە (نەخوێنـدەوا، بنەڕەتیـی، ئامادەیـی، پەیمانـگا، زانكـۆ و بـۆ سـەرەوە)، پاشـان نمـرە درا بـە هەرئاسـتێك، بـە جێبەجێكردنـی هاوكێشـەی كای سـكوێر()، بۆهـەردوو گرووپەكـە وەك لـە خشـتەی ژمـارە(٣)، دا خراوەتـە روو:

خشتەی ژمارە (٣)

پەیوەندی  نێوان ئاستی ئەکادیمایی دایك و باوکانی هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو

| | گرووپەکان | ئاستی ئەکادیمیایی | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ و بۆسەرەوە | |
| دایك | ئەزمونکاریی | 5 | 5 | 7 | 8 | 5 | 30 |
| | ٪لە سەرجەم | ٪8.3 | ٪8.3 | ٪11.7 | ٪13.3 | ٪8.3 | ٪50.0 |
| | کۆنترۆڵکراو | 5 | 8 | 5 | 6 | 6 | 30 |
| | ٪لە سەرجەم | ٪8.3 | %13.3 | ٪8.3 | ٪10.0 | ٪10.0 | ٪50.0 |
| | کۆی گشتی | 10 | 13 | 12 | 14 | 11 | 60 |
| | ٪لەسەرجەم | ٪16.7 | ٪21.7 | ٪20.0 | ٪23.3 | ٪18.3 | ٪100.0 |
| | تاقیکردنەوەی (Chi-square-Test | | 1.402 | p-valueئاستی بەڵگەداریی | | | 0.844 |

| | | ئاستی ئەکادیمیایی | | | | | 30 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ و بۆسەرەوە | |
| | ئەزمونکاریی | ٥ | 8 | 6 | 6 | 5 | |
| | ٪لە سەرجەم | ٪8.3 | ٪13.3 | ٪10.0 | ٪١٠,٠ | ٪٨,٣ | ٪50.0 |
| | کۆنترۆڵکراو | 6 | 7 | 6 | 6 | 5 | 30 |
| | ٪لە سەرجەم | ٪ 10.0 | ٪11.7 | ٪١٠,٠ | ٪١٠,٠ | ٪٨,٣ | ٪50.0 |
| | سەرجەم | 11 | 15 | 12 | 12 | 10 | 60 |
| | لەسەرجەم% | ٪18.3 | ٪25.0 | ٪20.0 | ٪٢٠,٠ | ٪16.7 | ٪100.0 |
| باوك | Chi-square-Test تاقیکردنەوەی کای سکوێر | | 0.158 | p-value ئاستی بەڵگەداری | | | 0.997 |

خشتەی(٣)، روونیی دەکاتەوە پەیوەندیی نێوان ئاستی ئەکادیمیی دایك و باوکانی قوتابیی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو. دەردەکەوێت پەیوەندیی ئاستی ئەکادیمیی دایک و باوک کە، بریتییە لە ئاستی (نەخوێندەوار، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە) لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Chi-Squar-Test)، سەرئەنجام دەردەکەوێت جیاوازیەکیی (پەیوەندیەک)ی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان ئاستی ئەکادیمی دایک کە بریتیە لە ئاستی (نەخوێندەوار، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە) بە بەراورد لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو چونکە بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٨٤٤)، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، هەروەها جیاوازییەک (پەیوەندییەک)ی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان ئاستی ئەکادیمیی باوک کە، بریتییە لە ئاستیی (نەخوێندەوار، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە) بە بەراورد لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو چونکە، بەهای ئاستیی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٩٩٧) کە، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥).

نمرەی ساڵی پێشوو :

نمرەی ساڵی پێشووی قوتابیی هەردوو گرووپ لە بابەتی مێژو و لە تۆماری قوتابخانە وەرگیرا. پاشان توێژەر بە مەبەستیی زانینی رادەی هاوتایی لە نێوانیاندا. توێژەر ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی هەر دوو گرووپ دەرهێنا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی(ت)، (t.Test)، و بەهای(ت)ی خشتەیی دەرهێنا وەك لە خشتەی ژمارە (٤)، خراوەتە روو.

خشتەی ژمارە (٤)

بەراوردی گۆڕاوی نمرەی ساڵی پێشوو، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو

| گرووپ | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | ئاستی بەڵگەداریی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | نمرەی ئازادیی | | |
| ئەزمونکاریی | 30 | 86.367 | 8.767 | 0.983 | 58 | 0.33 | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 83.367 | 14.228 | | | | |

خشتەی ژمارە (٤)، روونی دەکاتەوە جیاوازیی گۆڕاوی نمرەی ساڵی پێشووی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو دەردەکەوێت تێکرایی نمرەی ساڵی پێشوویی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە گرووپی ئەزمونکاریی بریتیە لە (٨٦,٣٦٧)، نمرە لە کاتێکدا تێکرایی نمرەی ساڵی پێشووی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە گرووپی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (٨٣,٣٦٧)، نمرەکە دەردەکەوێت جیاوازیەکی زۆری نییە بۆپشت بەست بە بوونی جیاوازیی پشت دەبەستین بە بەهای ئەژمار کراوی (ت) کە، (T-Test)، یەکسانە بە (٠,٩٨٣)، هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٣٣)، سەر ئەنجام دەردەکەوێت جیاوازیەکیی ئاماریی بەڵگەدار نییە لە گۆڕاوی نمرەی ساڵی پێشووی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو لەبەرئەوەی، بەهای ئاستی بەڵگەداریی(P-value)، دەکاتە (٠,٣٣)، کە، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی(٠,٠٥).

## پێداویستییەکانی توێژینەوەکە (مستلزمات البحث)

پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە :

دیاریکردنی بابەتی خوێندن(تحدید المادة‌العلمیة): دیاریکردنی(٣)، بەش کە بریتیین لە بەشی(یەکەم، دووەم، سێیەم) لە بابەتە مێژووییەکان لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی پانزەهەم ساڵی(٢٠٢١)ز بڕیار لە سەر دراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ پۆلی شەشەم .

دارشتنی ئامانجە رەفتارییەکان (صیاغةالاهداف السلوکیةFormation of Behaviorol Objectives:

ئامانجە رەفتارییەکان بریتییە لەو رەفتارانەی کە، پێشبینی دەکرێت قوتابیی ئەنجامی بدات لە ئەنجامی فێربوون و خوێندنی بابەتێکی دیاریکراو.(لافی، ٢٠١٢:٧٩). سودی ئەم ئامانجانە بۆمامۆستا؛ وەك رێبەرێك وایە بۆپرۆسەی پلاندانان و بۆدانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەسودە، هەروەها بۆ بەش بەش کردنی ناوەرۆکیی

بابەتـی خوێنـدن بـۆ چەنـد بەشـێكی بچـوك. (سـعادة ،٢٠٠١ :١٥٠)
توێـژەر هەڵسـا بـە داڕشـتنی ئامانجـە رەفتارییـەكان بـۆ بابەتـی مێژوویـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتیـی بـە پێـی پۆلێنـی دبلـۆم بـۆ ئاسـتە مەعریفییـەكان (یادكرنـەوە، تێگەیشـتن، جێبەجێكـردن، شـیكردنەوە). كـە، شـیاون بۆ ئاسـتی خوێندنیی قوتابیـی لـەم قۆناغـەدا بریتیی بـوو لـە (٨٠)، ئامانجی رەفتاریـی بۆ هەردوولایەنـی (مەعریفیـی، دەرونجوڵەیـی). بـە پێـی ئـەو ناوەڕۆكـەی دیاریكـراوە و مـاوەی توێژینەوەكـە و بـە پێـی پلانـی وانەوتنـەوەی هەروانەیـەك لـە وانەكانی بابەتەكـە لـەو ماوەیـەدا كـە، ژمارەیـان(١٥)، پـلان بـوو بـۆ هـەر گرووپێـك پاشـان خرایـە بەردەسـتی كۆمەڵێـك لـە شـارەزاییان لـە بـواری (رێگاكانـی وانەوتنـەوە، مێـژوو، پێوانـە و هەڵسـەنگاندن)، و مامۆسـتایانی بابەتەكـە و سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیـی لـە هـەر دوو بەڕێوەبەرێتـی پـەروەردەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا.
ئامادەكردنی پلانی وانەوتنەوە( اعداد الخطةالتدريسيةPrepation of Lesson Plans:
یەكێك لـە ئەركەكانی مامۆسـتا پلاندانـان و رێكخسـتنی ژینگـەی پۆل بـۆ گفتوگۆ و دابەشـكردنی بابەتەكانی خوێندنە. (جابـر ،١٩٩٩:٢٠٨) (١٥)، پلانـی رۆژانـە بـۆ گرووپـی ئەزمونكاریـی پشـت بەسـت بـە ئاوێتەكردنـی(٣)، سـتراتیژیی وانەوتنـەوە ئامـادە كـرا، كـە بریتیبـوون لـە سـتراتیژەكانی، فێربوونـی هاوتەمەنـان، سـێكوچكەی گوێگرتـن، نەخشـەكانی ژێریـی. و (١٥)، پلانـی بـۆ گرووپـی كۆنترۆڵكـراو بـە پێـی تایبەتمەندیـی وانەوتنەوەكـە بـە رێـگا ئاسـاییەكان ئامـادە كـرد. پاشـان نمونەیـەك لـە پلانـی هەرگرووپێـك خرایـە بەردەسـتی كۆمەڵێـك لـە شـارەزاییان و پسـپۆرانی بـواری (رێگاكانـی وانەوتنـەوە و پێوانـە و هەڵسـەنكاندن و مێـژوو)، و سەرپەرشـتیاران و مامۆسـتایانی بابەتـە كۆمەڵایەتییـەكان بـۆ دڵنیابـوون لـە شـیاوی پلانەكـە.
جێبەجێكردنـی ئەزمونەكـە: توێـژەر لـە رۆژی سێشـەممە رێكەوتـی (٢٠٢٢/٢/١) لـە وەرزی دووەمی خوێندن دەسـتیكرد بـە وانەوتنـەوە بـە هـەردوو گرووپـی (ئەزمونكاریـی و كۆنترۆڵكـراو) و مـاوەی(٦)، هەفتـەی خایاند.
ئامادەكردنی ئامرازەكانی توێژینەوەكە(اعداد أداة البحث-Constructive Research Instrument ) :
مەبەسـت لـە ئامرازەكانـی توێژینـەوە بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو ئامرازانـەی كـە توێـژەر بـە كاریدەهێنێـت بـۆ كۆكردنـەوەی زانیاریـی پێویسـت بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیاریی توێژینەوەكـە یـا، تاقیكردنـەوەی گریمانەكانـی توێژینەوەكە.(السلماني،٢٠١٣ :٦٢)، لـە (العسـاف ،١٩٩٥)، ئاماژەیـی كـردووە. ئامـرازی توێژینەوەكـە بـۆ پێوانەكردنـی ئاسـتی بەدەسـتهێنانی (التحصیـل)، قوتابیـی لـە هـەردوو گـرووپ، توێـژەر تاقیكردنەوەیەكـی بابەتـی ئامادەكـرد لـە جـۆری هەڵبـژاردن لـە چەندنەیـەك كـە (٢٠)، بڕگـە لـە خـۆ گرتبـوو بـەم شـێوەییەی خـوارەوە :
ئامادەكردنی خشتەی تایبەتمەندیی یان خشتەی تاقیكردنەوە (جدول المواصفات)
بریتییـە لـە هێڵكارییەكـی روونكردنەوەیـی كـە، ناوەرۆكـی تاقیكردنـەوە دەستنیشـان دەكات وە ناوەرۆكـی بابەتـی خوێنـدن دەبەسـتێت بـە ئامانجـە رەفتارییـەكان، كێشـی رێژەیـی بـۆ ناوەرۆكـی هـەر بابەتێكـی خوێنـدن ، وە كێشـی رێژەیـی بـۆ ئامانجـە رەفتارییـەكان لـە ئاسـتە جیاوازەكان دیاریدەكات.(العجیلي ، : ١٩٩٠ ٥٩). خشـتەی تایبەتمەندیـی بـە سـودە بـۆ دیاریكردنـی چۆنێتـی هەڵبژاردنـی ئامانجـە رەفتارییـەكان لـە هـەر بەشـێكی بابەتەكـە و بـە پێـی رێژەی سـەدیی ئامانجـەكان.
دارشـتنی برگەكانـی تاقیكردنـەوە :بـۆ هەرئامانجێكـی رەفتاریـی بـە شـێوەی هەرەمەكـی لـە هـەر بەشـێكی بابەتەكـە هەڵدەبژێردرێـت، چەنـد برگەیـەك لـە جـۆری هەڵبـژاردن لـە چەنـد دانەیـەك بەشـێوەیەكی سـەرەتایی داڕێـژرا .
دەرهێنانی راستگۆیی رواڵەتی و ناوەرۆك:

مەبەست لە راستگۆیی تاقیکردنەوە پێوانەی ئامانجە رەفتارییەکان بکات نەك شتێکیتر. (الحیلة،٢٠٠٢: ٣٥٥)، بۆ دڵنیابوون لە راستی ناوەرۆك خشتەی تایبەتمەندیی ئامادەکرا، وە راستیی رواڵەتیی بۆ ئامرازەکە دەرهێنرا لە رێیی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و پسپۆری مێژوو بە پێی راو بۆچوونییان هەندێك گۆڕانکاریی ئەنجام درا بێ لابردنی هیچ بڕگەیەك .

جێبەجێکردنی ئەزمونی سەرەتایی: ئەمیش بە دوو قۆناغدا تێپەڕی ئەویش بریتیە لە :

ئەزموونی سەرەتایی یەکەم: لەم هەنگاوەدا توێژەر ئامرازەکەی بەسەر (٥٠)، قوتابییدا لە قوتابخانەی(بەرانان)ی بنەڕەتیی جێبەجێ کرد بە مەستی زانینیی رادەی روونی بڕگەکانی پرسیارەکان، بۆ زانینیی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی قوتابیی کە، بریتی بوولە (٤٠) خولەك.

ئەزموونی سەرەتایی دووەم: توێژەر ئامرازەکەی بەسەر(٢٠٠)، قوتابییدا جێبەجێکرد لە قوتابخانەی (کرمانج)ی بنەڕەتی، بە مەبەستی دۆزینەوەی جێگیریی ئامرازەکە و ئاستی گرانی، هێزی جیاکاریی، کارایی جێگرەوە هەڵەکان).

شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە(تحلیل الاحصائي للفقرات الاختبار (Analysi Statististical of The Test items) :

جێگیریی: لە کاتی ئامادەکردنی تاقیکردنەوە بە هۆی نەبوونی کات بۆ دووبارە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە یان، ئامادەکردنی دوو وێنەی هاوتا بۆ تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی بە شێوەیەك ئامادەکرد کە، بڕگە تاك و جووتەکانی هاوتا بن، بە مەبەستی بە کارهێنانی رێگای لەتکردنی تاقیکردنەوەکە بۆ دوو نیوەی یەکسان (طریقة التجزئة النصفیة). بۆ ئەم مەبەستەش پاش پشکنینیی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پێدانی یەك نمرە بۆ وەڵامی راست و سفر بۆ وەڵامی هەڵە، نمرەی بڕگە تاك و جووتەکان بە جیا بۆ هەر تاکێکی نمونەی ئەزمونیی دووەم کە، ژمارەیان (٢٠٠)، قوتابیی بوو، بە بەکار هێنانی هاوکێشەی (پیرسون)، هاوکۆلکەی پەیوەندی بۆ هەریەك لە نیوەی تاقیکردنەوەکە ئەژمارکرا.

هاوکۆلکەی قورسی بڕگەکان: پاش ریزبەندیکردنی نمرەکانی(٢٠٠)، قوتابیی ئەزمونی سەرەتایی دووەم ئەژمارکردنی نمرەی هەر قوتابییەك لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین. دواتر رێژەی)٢٧٪)ی گرووپی نمرە بەرزەکان و(٢٧٪)، ی گرووپی نمرە نزمەکان دیاریکرا کە یەکسان بوو بە (٥٤)، قوتابیی بۆ بەرزترین نمرە و(٥٤)، قوتابیی نزمترین نمرە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی قورسی و بەهای ئەو هاوکۆلکەیە دەرهێنرا لە نێوان ( ٠,٣٠ – ٠,٦٠)، دابوو بە پێی رای (قەرەچەتانی،٢٠١٨:١٠٥) لە (١٩٧٩,Allen&Yen) ئاماژەیکردووە دەڵێت ئەو بڕگە پرسیارانە پەسەندن کە، بەهای قورسییان لە نێوان ( ٠,٣٠ -٠,٧٠) .

هێزی جیاکاریی: بە بەکارهێانی هاوکێشەی دۆزینەوەی هێزی جیاکاریی بۆ گرووپی نمرە بەرزەکان و نمرە نزمەکان هێزی جیاکاریی هەر بڕگەیەك دیاریکرا، بەهاکانیان لە نێوان( ٠,٣٠-٠,٦٠)، بە رای(Eble, ١٩٧٢ ). پێی وایە هەر بڕگەیەك هێزی جییاکاریی (٠,٣٠)، و زیاتر بێت ئەوا ئەو بڕگەیە پەسەندە .

کارایی جێگرەوە هەڵەکان: بە بەکارهێنانی هەمان هاوکێشەی کە بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جیاکاریی بەکاردەهێنرێت دۆزینەوەی کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە بەهاکانیان هەمووی نەرێنی بوو و شیاو بوون بە رای ( الکبیسی،٢٠٠٧) .

جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوە( تطبیق أداة البحث ): دوای تەواوبوونی توێژەر لە جێبەجێکردنی ئەزمونەکەی و تەواوکردنی ئەو بابەت و بەشانەی دیاریکرابوو، لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٤/٦)، هەر دوو گرووپ

لـە کاتژمێـر(٩:٣٠)، بەیانـی تاقیکردنـەوەی کۆتایی بـۆ پێوانـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان ئەنجـام درا، قوتابیی لـە هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو لـە هەمـان هـۆڵ لـە نـاو قوتابخانـە ئەنجامـدرا بـە مەبەسـتی ڕەخسـاندنی هەمـان ژینگـە بـۆ ئەنجامدانیـی تاقیکردنـەوە تـا کار نەکاتـە سـەر گـۆڕاوی پاشـکۆ و ئەنجامـی توێژینەوەکـە.

هەڵەچنیکردنـی (پشـکنینی) ئامـرازی توێژینەوەکـە (تصحیـح أداة البحـث ): پـاش تـەواو بوونـی ئەنجامدانـی تاقیکردنـەوەی کۆتایـی بـۆ پێوانـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان بـۆ هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو، توێـژەر هەڵسـا بـە پشـکنینی وەڵامـی قوتابییـان .

ئامرازە ئامارییەکان (الوسائل الاحصائیة Statistical Eguation )

تاقیکردنەوەی(ت)-(الاختبـار التـاليt.Test للعینتـین المسـتقلتین): ئـەم هاوکێشـەیە بەکارهاتـووە بـۆ دەرخسـتنی هاوتایـی گرووپەکان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان. (Howitt&Cramer.١٩٩٧.p.١٤٧)

کای دووجا(کای سـکوێر-): بـۆ دەرهێنانـی جیـاوازی لـە نێـوان ئاسـتی ئەکادیمیایـی دایبابانـی هـەر دوو گرووپـی توێژینەوەکـە.

هاوکێشـەی پەیوەندیـی پیرسـون(معامل الارتبـاط بیرسـون: بـۆ دۆزینـەوەی جێگیریـی بەکارهاتـووە. (البیـاتي واثناسـیوس ،١٩٩٧: ١٨٣)

هاوکێشـەی پەیوەسـتی (سـبیرمان-براون)، بـۆ راسـتکردنەوە (معادلەالارتبـاط سـبیرمان-براون التصحیحیـة): ئـەم هاوکێشـەیە بەکارهێـنرا بـۆ راسـتکردنەوەی جێگیریـی دوولەتـی تاقیکردنەوەکە.(ابوعـلام، ٢٠٠٦ : ٤٧٣) .

بەشی چوارەم/خستنەڕووی ئەنجامـەکان: توێـژەر پاش پشـکنینیی وەڵامـی تاکەکانی هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە وەڵامـی گریمانـە سـفرییەکەی توێژینەوەکـە ناوەنـدی ژمێرەیـی و لادانـی پێوەریـی و نمرەکانـی هەریـەك لـە گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو دەرهێنـا بـە بەکارهێنانـی هاوکێشـەی (t.Test)، بەهـای ئەژمـار کـراوی دەرهێنـا وەك لـە خشـتەی ژمـارە (٥)، خراوەتـەڕوو:

خشتەی ژمارە (٥)

بـەراوردی نێـوان نمرەکانـی تاقیکردنـەوەی کۆتایـی لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو بـۆ زانینـی کاریگـەری گـۆڕاوی سەربەخۆلەسـەر گـۆڕاوی پاشـکۆ

| گرووپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداریی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ئەزمونکاریی | 30 | 15.40 | 3.16 | 8.08 | 2.01 | 58 | (٠،٠٥) | بەڵگەداری هەیە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 2.94 | 2.94 | | | | | |

لـە خشـتەی ژمـارە(٥)، دا روونیدەکاتـەوە کـە، بەهـای(ت)ی ئەژمارکـراو بەهاکـەی (٨،٠٨)، گەورەتـرە لـە بەهـای(ت) خشـتەیی کـە، بەهاکـەی (٢،٠١)، لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی (٠،٠٥)و نمـرەی ئازادیـی (٥٨)، واتـا رەتکردنـەوەی گریمانـەی سـفریی توێژینەوەکـە و قبوڵکردنـی جێگرەوەیـی کـە، ئامـاژە بـە بونـی جیاوازیـی ئاماریـی بەڵگەداریـی لـە نێـوان ناوەندیـی نمرەکانیـی هـەر دوو گرووپـی توێژینەوەکـە. ئەنجامـی توێژینەوەکـەش بریتـی بـوو لـە:

- جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی هەیـە لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی(٠،٠٥)، لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی ئاسـتی

بەدەستهێنانی قوتابییانی گرووپی ئەزمونکاریی بە بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەدەستهێنانی قوتابییەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، بۆ بەرژوەندی قوتابییەکانی گرووپی ئەزمونکاریی. واتا سەرکەوتنی گرووپی ئەزمونکاریی کە بە ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ کە، بریتیی بوون لە ستراتیژەکانی (فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی) بابەتەکەیان خوێندووە بە سەر گرووپی کۆنترۆڵکراوکە بابەتەکەیان بە ڕێگاباوەکانی وانەوتنەوە بابەتەکەیان خوێندووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لە سەر بەدەستهێنانی خوێندن لە بابەتی مێژوو.

راڤە کردن و لێکدانەوەی ئەنجامەکان:

توێژەر راڤە و لێکدانەوەی سەرکەوتنی گرووپی ئەزمونکاریی بە سەر گرووپی کۆنترۆڵکراو لە ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی نوێی وانەوتنەوە دەگەڕێتەوە بۆ :

• ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ و بەکارهێنانی لە یەك وانەدا تازەگەرییەکی هێنایەکایەوە لە بواری وانەوتنەوەی گرووپی ئەزمونکاریی، ئەویش بوو بە هۆی راکێشانی سەرنجی قوتابییان بۆ وانەکە و بەشداری لە خستنەڕوو و چالاکی و روونکردنەوە و پوختەکردنی بابەتی هەر وانەیەك و وانەکە سەرنج راکێش بێت و جیاواز بوو لەو شێوازە سادەیەی کە، قوتابییان راهاتوون لە گوێگرتن نەك ئەنجامدانی چالاکییەکانی ناو پۆل وە لە ئەنجامدا بوو بە بەهۆی زیادبوونی پاڵنەری فێربوون .

• ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژیی وانەوتنەوە کە، سەر بە ستراتیژەکانی (فێربوونی کاران) و (التعلم النشط)، فێربوون بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە (فێربوونی کارا) دەبێتە هۆی ئەوەی کە وانەکە چێژبەخش بێت چونکە قوتابیی تەوەرەی سەرەکیی پرۆسەی فێربوونە.

• بەکارهێنانی سێ ستراتیژی (فێربوونی هاوتەمەنان) کە، لە سەرەتای وانەکە بە زۆری بە کارهات کە، لە شێوەی گرووپی دووانی پرۆسەی فێربوون بەڕێوە دەچوو ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەسەندنی گیانیی هەرەوەزیی و کۆمەڵایەتیی و متمانە بە خۆبوون لای قوتابیی، پاشان بەکارهێنانی (سێکوچکەی گوێگرتن) بە گرووپی سیانیی قوتابییان فێریی گوێگرتنی ئەرێنیی دەکات و گەشەکردنی لێهاتوویی لە وەرگرتن ووردی لە تێبینکردن و پرسیارکردن و نوسنینەوەی تێبینیەکان، لە کۆتاییدا ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی بەهۆی گرووپی(٦)، کەسیی یارمەتیدەرە بۆ کورتکردنەوە و پوختکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی نوسینەوە و وێنە و رەنگ زانیارییەکان دەخاتە روو کە ئەمەش دەبێتە هۆی فێربوون بە رێگای تێگەیشتن و مانەوەی لە یادەوەریی بۆماوەیەکی دوور و درێژ. چونکە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە وا دەکات هەردوو لای مێشك بەکاربهێنرێت کە، هەر یەکەیان فەرمان و ئەرکی خۆی هەیە و تەواوکەری یەکترن.(أبوالحاج، ٢٠١٩ : ٢-٧) لە (حمداوي،٢٠١٧)، ئاماژەی کردووە. لە هەمان کاتدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان بە بەراورد بە رێگا سادە و باوەکانی وانەوتنەوە کە زیاتر قوتابیی پشت بە ئەزبەرکردن دەبەستێت بە مەستی تاقیکردنەوە.

• ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ و بەکارهێنانی لە یەك وانەدا هۆکارێکی باشە بۆ رەچاوکردنی جیاوازیی تاکە کەسی، توانا و بەهرەکانیی قوتابیی دەخاتە روو، فیدباکی(التغذیةالراجعة)، بەردەوام دەدرێت بە قوتابیی لە لایەن هاوڕێکانیانەوە کە بە گرووپ کاردەکەن .

ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ لە یەك وانەدا کاریگەریی زیاتر دەکاتە سەرفێربوون بەرەو باشتر چونکە، هەریەکەیان کۆمەڵێك تایبەتمەندیی و سودی هەیە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی فێربوونی هاوتەمەنان بوار بۆ قوتابیی

دەرەخسێنێت پرسیار لە هاوتەمەنەکەی بکات بێ شەرم و ترس و دەبێتە هۆی زیادبوونی بایەخ دانی قوتابیی بەفێربوون.(عطیة،٢٠٠٩ :١٤٥)، یەکێك لە گرنگییەکانی ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی دەبێتە هۆی چالاککردنی هزری تاك. (حوراني،٢٠١١ :٢١). یەکێك لە گرنگییەکانی ستراتیژی سێکوچکەی فێربوون کاردەکاتە سەر قوتابیی بۆ زیادبوونی پاڵنەری فێربوون. (ظاهر و ئەوانیتر،٢٠١٧:٩٦١). هەر یەك لەم تایبەتمەندییە و چەندین خاڵیتری باش ئەم ستراتیژانە لە یەك کاتدا بەکارهێنانی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان و فێربوونی کارا .

• بەهۆی بوونی چەند جۆرێك زیرەکیی لە تاکدا کە خۆی لە(٨)، بۆ (٩)، جۆر دەبینێتەوە وەك لە تیۆری فرە زیرەکیی ئاماژەی پێکراوە (أبوالحاج،٢٧ : ٢٠١٩). بە هۆیی بەکارهێنانی فرە جۆری لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەتوانرێت پەرە بە هەرجۆرێکی زیرەکیی بدرێت لە تاکدا ئەم ستراتیژانەی توێژەر بەشێوەی ئاوێتە لە یەك وانەدا بەکاریهێناوەهەریەکەیان جۆرێك یا چەند جۆرێك لە زیرەکیی گەشە پێدەدەن بۆنموونە ستراتیژی فێربوونیی هاوتەمەنان گەشە بە زیرەکیی کۆمەڵایەتیی و دەربڕین دەدات، ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی گەشە بە زیرەکیی بینین (البصري)، دەدات وە ستراتیژی سێکوچکەی گوێگرتن گەشە بە زیرەکیی دەربڕین و زیرەکیی و کەسی دەدات.

## دەرئەنجامەکان

ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە لەیەك کاتدا دەبێتە هۆی :

١. بەرز بوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان لای قوتابیی.

٢. وانەکە چێژبەخش و سەرنج ڕاکێش دەکات .

٣. دەبێتە هۆی دەرخستنیی توانای قوتابیی لە ئەنجامی چالاکییەکان و فێربوونیان بە شێوەیەکی کارا بە بەراورد بە ڕێگا باوەکانی وانەوتنەوە.

٤. بەشداری قوتابیی لە چالاکییەکانی ستراتیژەکان بە پەرۆشەوە کە، ئەوەش بوو بە هۆی سەرکەوتن لە بابەتەکە .

## پێشنیارەکان:

توێژەر پێشنیاری ئەم ناونیشانانە دەکات بۆ توێژەران لە داهاتوودا توێژینەوەی لە سەر بکرێت:

ئاوێتەکردنی ستراتیژەکانی (فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی) لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن .

ئاوێتەکردنی ستراتیژەکانی(فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی ) لە بابەتەکانی تری خوێندن.

# فاعية دمج بعض المستحدثات التدريسية في تدريس المواضيع التأريخية على تحصيل تلاميذ الصف السادس ألاساسي .

الملخص

هدفت الدراسة معرفة فعالية دمج بين ثلاث إستراتيجات الحديثة للتدريس في التحصيل تلاميذ الصف السادس ألاساسي في مادة التاريخ . حاولت الدراسة الاجابة عن السؤال التالي: هل إنةالدمج بين بعض الإستراتيجيات الحديثة أثر في التحصيل تلاميذ الصف السادس الاساسي في مادة التاريخ. اعتمد الباحث المنهج شبة التجريبي للعينتين مستقلتين ذات ألإختبار البعدي لملائمتها للبحث الحالي بحيث درست المجموعة التجريبية وفق الدمج بين (٣)، من الاستراتيجيات الحديثة للتدريس هي (تعلم الاقران و الخرائط الذهنية و مثلث الاستماع )، و درست المجموعة الضابطة وفق الطريقة الإعتيادية.تألف مجتمع البحث من تلاميذ الصف السادس ألاساسي في مدارس مركز مدينة السليمانية ضمن مديريتي التربية(شرق و غرب) السليمانية للسنة الدراسية (٢٠٢١ -٢٠٢٢ ). اختيرت مدرسة (قاميشلو) التابعة لمديرية التربية غرب السليمانية لاقتصاديا لتطبيق تجربة البحث ,بلغ عدد أفرادها (٦٠)، تلميذا وتلميذة و موزعين على شعبتين بواقع (٣٠)، تلميذا و تلميذة في كل شعبة. اختيرت الشعبة (ا) لتكون مجموعة التجريبية والشعبة (ب) لتكون ضابطة عشوائيا تحققت الباحثة من تكافؤ المجموعتين (التجريبية و الضابطة) من المتغيرات (العمر الزمني , الذكاء,درجات السنة السابقة في مادة التأريخ , المستوى الاكاديمي الاباء والامهات) وقد تبين كلتا المجموعتين متكافئتان في تلك المتغيرات,تم أعداد إختبار التحصيلي في ضوء جدول المواصفات بلغ عدد فقراتة (٢٠), فقرة من نوع إختيار متعدد لقياس التحصيل الدراسي . وتم التحقق من صق الظاهري لعرضة على مجموعة من الخبراء والمختصين وتحقق منصدق الداخلي للاعداد الجدول المواصفات ,وثباتة بطريقة التجزئة النصفية حيث بلغ معامل ثباتة ( ٠,٧٦) ,الوسائل الاحصائية المستخدمة هي: (معادلة بيرسون , (سبيرمان – براون) , معادلة اختبار (ت T.test) و مربع كاي ). ظهرت النتائج : يوجود فرق ذو دلالة إحصائية عند المستوى دلالة (٠,٠٥) بين متوسط درجات تلاميذ المجموعة التجريبية و بين متوسط التحصيل تلاميذ المجموعة الضابطة , لصالح المجموعة التجريبية .وهذا يعني تفوق تلاميذ المجموعة التجريبية على أقرانهم في المجموعة الضابطة في التحصيل بسبب دراستهم باستخدام الدمج بين الاستراتيجيات الثلاثة .

مفتاح الكلمات : تعلم الاقران ،الخرائط الذهنية ,مثلث الإستماع ,طرق التقليدية

# The Effect of Merging Modern Instruction in Teaching History on Achievement of sixth graders students of the basic schools

## Abstract

The research aimes is to know the impact of Merging some modern strategies in teaching history on acheievement of sixth grade students in basic schools, and to clarify them by responding to these null hypotheses There is no statistically significant difference, even by (0.05) between the the scores of students in the Experimental group which taught history through by merging three modern strategies, controlgroup which group taught used traditional methods of teaching,The method used in conducting this research is an quasi experimental, , The research is conducted during the academic year (20212022/). The total number of students who are selected as samples for the purpose of conducting this research is(60) divided into two groups. The first group, which is the group subject to the requirements of the research, included (30) students on whom the experience is applied through the use of modern teaching methods, while the second group, that also includs (30) students is selected, from Qamishlo Basic School (grades 16-), a school located in the city center of Sulaymaniyah affiliated to the West Sulaymaniyah Education Directorate The researcher compared the variables and analysed the data for both groups such as, the ages of the students, their IQ ratio, the grades they obtained in the final exam for the subject of history in the previous year, and the cultural level of the students' parents. By comparison, it was found that both groups are equal , There are statistically : significant differences in the degree of acquisition by (0.05) between the two groups, in favor of the students of the test group compared to the degree of acquisition of the students of the control group . The experimental sample group, who are taught through the use of three strategies, namely, the strategies of peer education, trio listening, as well as knowledge maps for the development of their intelligence, are more successful compared to the control group that are taught through traditional meth ds

**Keywords : peer learning ,Mind maps ,Listening Tringle,Traditional methods**

## لیستی سەرچاوەکان

إبراهيم ،مهى صبري معوض ،(٢٠١٩) : فاعلية الدمج بين بعض إستراتيجيات النظرية البنائية في تدريس الدراسات الإجتماعية في تنمية التفكير و تقدير الذات لدى تلاميذ المرحلة ألأعدادية ،جامعة عين الشمس – كلية التربية ،

أطروحة دكتورا .
أبو حويج ، سمير وأخرون،(٢٠٠٠) : القياس والتقويم في التربية والعلم النفس ،دارالعلمية الدولية والثقافية ،عمان .

-أبو علام ،رجاء محمود ،(٢٠٠٦) : مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية ،القاهرة ،دارالنشر للجامعات.

أبو موسى ،د.مفيد أحمد ود.سمير عبدالسلام الصوص ،(٢٠١٢) : التعلم المدمج (المتمازج) بين التعليم التقليدي و الإلكتروني ، ط ١ ،الأكاديميون للنشر والتوزيع ، عمان –الاردن .

بشارات ،لينا سليمان محمود،(٢٠١٧):أثر إستراتيجية التعلم المقلوب في التحصيل و مفهوم الذات الرياضي لدى طلبة الصف العاشر الأساسي في محافظة أريحا ، جامعةالنجاح الوطنية في نابلس /فلسطين كلية دراسات العليا ، رساله ماجستير غير منشوره.

البياتي،د.عبدالجبار توفيق و د.زكريا زكي أثناسيوس،(١٩٩٧): الأحصاء الوصفي والإستدلالي في التربيةوعلم النفس ، كلية التربية إ بن رشد – جامعة بغدا

جابر ،عبدالحميد جابر ،(١٩٩٩) : إ ستراتيجيات التدريس والتعلم ، ط ١،دارالفكر العربي ،القاهرة.

جاسم ، محمد عويد و أ.م.د.صادق عبيس الشافعي، (٢٠١٥) : فاعلية التدريس بااستعمال الوسائط المتعددة في تحصيل وتنميةالدافع المعرفي لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة التأريخ ، جامعة كربلا- كليةالتربية للعلوم الانسانية، مجلة كليةالتربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية/ جامعة بابل ، عدد ٢٧.

حسين , د. محمد عبدالهادي , ( ٢٠١٤) : نظرية الذكاءات المتعددة , دار الجوهرللنشر والتوزيع , قاهرة –مصر.

حكمي ،د. حليمة بنت محمد ،(٢٠٢٠) : المستحدثات التكنلوجية (مفهومها ،وتصنيفها ،وكيفية توظيفها في العملية التعليمية) ،جامعة الشقراء ، المملكة العربية السعودية . ١٥ /٢٠٢٢/٨ كرايەوە.

الحيلة ، محمد محمود، (٢٠٠٢) : مهارات التدريس الصفي ، ط ١،دارالمسيرة للنشر والتوزيع ،عمان .

السردي ، محمد عبدللة ،(٢٠١٢) : تقويم الاساليب الاحصائية المستخدمة في البحوث التربويةبالجامعة الإسلامية والحلول البديلة ،جامعة الإسلامية –غزة/ قسم الدراسات العليا مناهج وطرق التدريس ، رسالة ماجستير غير منشورة .

سعادة ، د.آحمد جودة, ( ٢٠٠١) : خمس الاف هدف ( سياغةالاهداف التربوية والتعليمية في جميع المواد الدراسية) ، ط ١ ،داراشروق للنشر والتوزيع ،نابلس –غزة.

السلماني ،سجى صالح محمد،(٢٠١٣) : فاعلية إستراتيجية البيت الدائيري في تحصيل طالبات الصف الخامس الادبي في مادة التأريخ ،جامعةديالى - كليةلتربية للعلوم الانسانية / قسم العلوم التربوية والنفسية، رسالة ماجستير غير منشورة .

سیوەیلی ، ئیدریس ،(٢٠١٧): مامۆستای کارامە و وانە ووتنەوەی سەرکەوتوو ، چ ٢ ،چا: چوارچرا – سلێمانی .

الشمري ،طلال هادي و أحمد زيد أل مسعد،(٢٠١٧) : أثر استخدام استراتيجية الفصول المقلوبة في التحصيل الدراسي والدافعية نحو التعلم مادة المعلوماتية لطلاب الصف الحادي عشر الثانوي ، مجلة الدراسات التربوية والنفسية،جامعة السلطان ، مجلد ١٣،عدد ١.

الشمري ،ماشي بن محمد،(٢٠١١ ) : (١٠١) إستراتيجية في التعلم النشط،ط١،سعودية .

صابر،تانيا نوردالدين ،(٢٠١٩) : أثر إستخدام إستراتيجيةالتعلم التوليدي والتعلم البنائي في تحصيل المعرفي المادة التأريخ والتنمية أساليب التعلم لدى طالبات الصف الحادي العشر ، جامعة صلاح الدين -أربيل ،أطروحة دكتورا .

عبدالمجيد , د.،نزار بن علي ياسين ،(٢٠١١) : استخدام استراتيجية تدريس الاقران في تدريس التربية الفنية و علاقتها ببعض المخرجات التعليمية لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية بمدينة جدة،جامعة ام القرى - كليةالتربية / قسم المناهج وطرق التدريس،رسالة ماجستير غير منشورة .

العجيلي ، صباح حسين وأخرون ،(١٩٩٠) : التقويم والقياس النفسي ، دارالحكمة للطباعة والنشر ،بغداد - عراق .

عماري ، مبروكة و ياسمين بوراس،(٢٠٢٠) : أثر إستراتيجية الخارطة الذهنية على التحصيل الدراسي في مادة ألإجتماعيات لدى تلاميذ السنة الثالثة متوسط - بالوادي ،جامعة الشهيد حمة خضر بالوادي ، كلية العلوم ألإجتماعية وإلانسانية/ قسم العلوم الإجتماعية ،رسالة ماجستير غير منشورة.

العين ،بشيرة حسن ملو،(٢٠١٥) : الخرائط الذهنية بين الفكرة والتطبيق ،ط ١،دار أمجد للنشر والتوزيع،عمان -ألاردن .

غنيم ، محمد عبدالسلام ،(٢٠٠٤) : مبادئ القياس والتقويم النفسي والتربوي , مكتبة يوسف الرميض للنشر والتوزيع , قاهر.

قطاوي ،محمد ابراهيم ،(٢٠٠٧) :طرق الدراسات الاجتماعية ،ط١،دارالفكر للنشر ،عمان -الاردن .

قەرەچەتانی ، پ.د.کەریم شەریف ،(٢٠١٨) :پێوانە وهەڵسەنگاندن (لە بواری پەروەردە و دەرونزانی ) ، چا : زبانی صلح /تەهران -ئێران .

الكناني ،م.أمجاد خلف فياض ،(٢٠١٩) : أثر استراتيجية مثلث الاستماع في تحصيل مادة الاجتماعيات لدى طلبةالصف الثاني المتوسط ، جامعة المستنصرية ، مجلة كلية التربية ، عدد ٤

هادي ، مريم مهدي ،(٢٠١٣) : أثر استعمال إستراتيجية (SG٣R) في تحصيل طالبات الصف الخامس ألادبي في مادة الجغرافية الطبيعية) ، جامعة بابل -كليةالتربية الأساسية، رسالةماجستيرغير منشورة.

(معجم الوسيط) ،( مامعنى المستحدثات )، http://www.almaany.com له ٢٠٢٢/٨/١ كرايەوە.

I ntroduction Statistics In phycohology. London: prentice Hall, Harvester.(١٩٩٧).Howitt,D.& Cramer, D wheat

https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.175

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# چەواشەکاریی میدیایی و ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا

**م.د. محمد عمر کاکە**

**بەشی راگەیاندن**- پەیمانگای تەکنیکی چەمچەماڵ

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

mohammed.kaka@spu.edu.iq

**م.ی. فاروق جمیل کریم**

- بەشی راگەیاندن - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

زانکۆی هەڵەبجە

Farooq.kareem@uoh.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە روونکردنەوەی رەهەند و هۆکارەکانی چەواشەکاریی میدیاییە لە کوردستان، پاشان دیاریکردنی ستراتیژێکی هەمەلایەنەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەندیکا و دەزگا پەیوەندییدارەکانەوە. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو کەیسی گرنگ کە لەساڵی ٢٠٢١دا بوونە جێگەی باسوخواسی رایگشتیی و بابەتی سەرەکیی رووماڵی میدیایی، ئەوانیش: کەیسی داخستنی نەخۆشخانەی هیوا لە کەناڵی NRT، کەیسی دەستگیرکراوانی بادینان لە کەناڵی رووداو. لەچوارچێوەی میتۆدیی وەسفییدا، لەرێی ئامرازی رووپێویی بۆ چۆنیەتیی و چەندایەتیی ئەو هەواڵ و بەرنامە و ژانرە رۆژنامەوانییانە کراوە لە رووماڵی هەردوو کەناڵ دا. لەبەر رۆشنایی خستنەڕووی دۆخی میدیایی و پاشان شیکاریی ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا، سێ رێوشوێن وەک ستراتیژ بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاریی میدیایی لە هەرێمی کوردستان خراونەتەڕوو کە بریتین لە: رێوشوێنی میدیایی، یاسایی، کارگێریی. توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتوون کە چەواشەکاریی میدیایی وەک دیاردەیەکی بەربڵاوی جیهانیی، ناوەندی میدیایی کوردستانیشی گرتووەتەوە و کەناڵەکان نەیانتوانیوە خۆیان لەو دیاردەیە بپارێزن. لە هەرێمی کوردستانی عیراق دا رێوشوێنی ستراتیژیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاریی میدیایی نەگیراوەتەبەر و بایەخی زۆری پێنەدراوە. ئەمە لەکاتێکدایە یاسا بەرکارەکانی رێکخستنی کاری رۆژنامەوانیی وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ئەم قۆناخە نین لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی چەواشەکاریی میدیاییدا. بۆیە توێژینەوەکە راسپاردەکانی ئاراستەی لایەنە پەیوەندییدارەکان دەکات لە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە میدیاییە متمانەپێکراوەکانی کوردستان کە ستراتیژی رووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی میدیایی بگرنەئەستۆ، یاسای نوێ دەربکرێت بۆ بەرنگاربوونەوەی چەواشەکاران، گرنگیی بە پەروەردەی میدیایی بدرێت و ناوەندی راستاندنی هەواڵ و زانیاریی دروستبکرێت.

**کلیلە وشەکان: چەواشەکاریی میدیایی، پەروەردەی میدیایی، سەقامگیریی میدیایی، دۆخی میدیایی، ناوەندی راستاندنی هەواڵ.**

Recieved: 26/7/2022
Accepted: 18/9/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

بەکارهێنانی چەمکی چەواشەکاریی میدیایی بە شێوازێکی فەرمی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یەکە سیخوڕییەی لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا لە دەزگای سیخوڕیی رووسیی ناسراو بە KGBدامەزرێندرا بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی سیاسیی دژ بە وڵاتانی نەیاری یەکێتیی سۆڤێت(McNamara Robert,٢٠٢٢\٨\٢٩). کەواتە چەواشەکاریی میدیایی بەکارهێنراوێکە مێژوویەکی کۆنی هەیە و لەئێستادا بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە بەکارهێنانی پانتاییەکی گەورەی بواری میدیای داگیرکردووە.

لە هەرێمی کوردستاندا چەواشەکاریی میدیایی ئاستەنگێکی دیاری بەردەم کاری میدیای پیشەییە، دەتوانین بڵێین چەواشەکاریی لە میدیای کوردییدا جیاوازتر لە میدیای جیهانیی، زەمینەی لەبارتری بۆ رەخساوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی میدیای تایبەت بە ڕاستاندنی هەواڵ و زانیاریی چەواشەکار و نەبوونی یاسای تۆکمە بۆ رێگریکردنی، هەروەها نەبوونی جەماوەرێکی هۆشیار، ئەمانە ژینگەیەکیان دروستکردووە کە چەواشەکاران کارەکتەرێکی سەرەکیبن لە وێناکردنی پرسە گرنگەکان و ئاراستەکردنی ڕای گشتییدا، تا ئەو ڕادەیەی لەم سەردەمدا هیچ هۆکارێکی تر نەیتوانیوە ئەو رۆڵە بگێرێت. لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ ئاشنابوون بە چەواشەکاریی میدیایی و شێوازە سەرەکییەکانی هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ رووبەڕووبونەوە و سنووردارکردنی پێویستە لەڕووی یاسایی و کارگێریی و میدیایی بگیرێتەبەر. ناوەڕۆکی توێژینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە.

دووەم: چەمک و پێناسەی چەواشەکاریی میدیایی.

سێیەم: شێوازەکانی چەواشەکاریی میدیایی و تەکنیکە بەکارهاتووەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا.

چوارەم: رێوشوێنە ستراتیژییەکانی رووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-عیراق دا.

## یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە:

١/ تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە تەشەنەکردنی دیاردەی چەواشەکاریی میدیاییە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەروەها نەبوونی لایەنێك کە بەرپرسیارێتیی ڕووبەڕووبونەوەی بگرێتە ئەستۆ، بە هەمان شێوە نەبونی ناوەندی میدیایی تایبەت بە ئاشکراکردنی چەواشەکاریی و راستاندن و ناساندنی ئەو ڕێگا و شێوازانەی کە چەواشەکاران گرتوویانەتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەروەك خستنەڕووی چونێتیی ڕووبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە تەشەنەکردووە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نیشاندانی ڕێوشوێنی ستراتیژیی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەواشەکاران، هەروەک ئامانجی سەرەکییش تێدا شیکردنەوەی دیاردەکە و باسکردنی چۆنێتیی رووبەرووبونەوەیەتی لە هەرێمی کوردستاندا. لەم توێژینەوەیەدا باسی چەواشەکاریی میدیا و شێوازەکانی و هەریەك لە رێوشوێنە یاسایی و کارگێریی و میدیاییەکان کراوە بۆ رووبەڕوبونەوەی ئەم دیاردە بەربڵاوە لە میدیای کوردیدا و ڕێوشوێنە میدیاییەکان وەك شارێی چارەسەر باسکراوە و پشکی سەرەکیی پێدراوە.

**لێرەدا هەندێك پرسیار دێتە ئاراوە:**

١- ئایا بەبێ نەخشەڕێگایەکی ستراتیژیی تۆکمە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی دیاردەی چەواشەکاریی، دەتوانرێت سنوور بۆ ئەم دیاردە بەربڵاوە دابنرێت لە هەرێمی کوردستان؟

٢- ئایا ئەو هەنگاوانە چین کە پەرلەمانی کوردستان وەك سەرچاوەی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردەیە ناویێتی؟

٣- ئەو ڕێوشێنانەی چین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتی کارگێڕیی دەتوانێت بیانگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە؟

٤- ئایا نەبونی ناوەندی تایبەت بە ئەنتی چەواشەکاریی لە هەرێمی کوردستان، ڕووبەری کاری چەواشەکارانی فراوانتر نەکردووە؟

٥- ئایا ناوەندە میدیاییە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان توانیویانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵ و زانیاریی چەواشەکاردا ڕۆڵی خۆیان بگێرن و سنورداری بکەن؟

٦- ئایا بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر ڕووبەری کاری چەواشەکاران بچوك دەکرێتەوە؟

٢/ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیە لە ناساندنی دیاردەی چەواشەکاریی بەشێوەیەك هەڵقوڵاوی ناو ژینگەی میدیایی هەرێمی کوردستان بێت، خستنەڕووی ئەو بۆشاییە یاساییەی لە بواری میدیاییدا هەیە چەواشەکاران قۆستوییانەتەوە، هەروەها دەرخستنی ئەو ڕێوشوێنە کارگێرییانەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە دەتوانێت بیگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەکە، هەروەک دروستکردنی ناوەندی ڕاستاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵ و زانیاریی چەواشەکار کە لە جیهانی ئەمڕۆماندا بە سەدان ناوەند و وێب سایت و ئەکاونت بۆ ئەم پرۆسەیە دامەزرێندراون، کۆتا ئامانجیش دەرخستنی ڕۆڵی میدیای باوەڕپێکراو لە هەرێمی کوردستان و چۆنێتی ڕووبەڕوبوونەوەی دیاردەی چەواشەکاریی.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر مشتەی توێژینەوەکەی تێدا هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەردوو کەناڵی NRT و ڕووداو-یان هەڵبژاردووە وەک دوو کەناڵی کوردیی کە خاوەنی جەماوەرێکی زۆرن.

٣/ میکانیزمی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوەکە: بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، بەئامانجی وەسفکردنی دیاردەی چەواشەکاریی و باسکردنی هەموو ئەو شێوازانەی بەکاردەهێندرێت لە جێبەجێکردنی ئەم دیاردەیەدا. ئەم میتۆدە هاوکارە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە دیاردەکان و توانای دارشتنی ستراتیژی ڕووبەڕووبونەوەیان، توێژەر ڕێکاری ڕووپێویی و ناخشییکاری بەکارهێناوە لە ڕەهەندیی کردەنیی توێژینەوەکەیدا.

**مشتەی توێژینەوەکە:**

أ/ نموونەپشکنیین (سامپڵ)/بابەت: ڕووماڵی میدیایی کەناڵی NRT بۆ کەیسی داخستنی نەخۆشخانەی هیوا-ی تایبەت بە ژێرپەنجە. لەگەڵ کەیسی دەستگیرکراوانی بادینان لە هەواڵ و بەرنامەکانی کەناڵی ڕووداو. هەردوو بابەتی وەرگیراو بۆ مشتە، سیفەتی کەیسییان هەیە، واتا تەنها هەواڵێک نین، هەروەها دروستکەری ڕایگشتی بوونە لە

هەرێمی کوردستان.

ب/ نموونەپشکنیین (سامپڵ)/کەناڵ: پێکهاتووە لە هەردوو کەناڵی (NRT) و (رووداو) لەگەڵ ئەو ماڵپەر و پەیجانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە هەڵگری هەمان ناون.

٤/ توێژینەوەکانی پێشوو:

١/توێژینەوەی (بوسعید، ٢٠١٨):

توێژینەوەیەکی (وەسفی . شیکاری)یە. توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی ژووری هەواڵی کەناڵی جەزیرە بەمەبەستی دیاریکردنی رێوشوێنەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەواڵانەی کە لە سۆشیاڵ میدیاوە بڵاودەکرێنەوە. باسی شێوازی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی لە سۆشیاڵ میدیاوە کردووە تا دەگاتە بڕیاردان لە بڵاوکردنەوەی لە هۆکارە میدیاییەکانی دامەزراوەی جەزیرەدا. لە سەرەکیترین ئامانجەکانی ئاشکراکردنی شێوازی ڕاستاندنی هەواڵ و زانیارییەکانی سۆشیاڵ میدیا و باسکردنە لەو قۆناغانەی کە هەواڵ و زانیارییەکانی سۆشیاڵ میدیا پێیدا تێدەپەڕێندرێت، بەشداریکردنە لە دانانی ڕێبەرێکی زانستیی و پیشەیی بۆ ڕۆژنامەوانی عەرەبیی بەمەبەستی راستاندنی هەواڵ و زانیارییەکانی سۆشیاڵ میدیا. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە: سۆشیاڵ میدیا سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دامەزراوەی جەزیرە، ئەمەش وایکردووە دامەزراوەکە بەشێك بۆ ڕاستاندنی زانیارییەکان دابمەزرێنێت بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە هەواڵ و زانیارییەکانی سۆشیاڵ میدیا. هەروەك ئەوەی خستووەتەڕوو کە چەواشەکاران بەردەوام شێوازی نوێ دەدۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی چەواشەکارییەکانیان، بۆیە خولی ڕاهێنانی تایبەت بەم بوارە و گۆڕانکاریی بەردەوام لە قۆناغەکانی ڕاستاندن بە پێویستییەکی سەرەکیی بۆ دامەزراوەکە باسکردووە.

٢/ توێژینەوەی (الدلیمي، ٢٠١٨):

توێژینەوەکە (وەسفی)یە، توێژەر باس لە بڵاوبونەوەی دیاردەی هەواڵی شێوێندراو دەکات بەمەبەستی بەکارهێنانی وەك شێوازێ نوێی پڕوپاگەندە، بەرەودان بەمجۆرە لە هەواڵ بە شێوەیەکی ڕێکخراو وایکردووە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە میدیاییەکان هەبێت، بەڕادەیەك ڕایگشتیی ئاراستە بکات، قەیرانی وڵاتانی کەنداو و میرنشینی قەتەر، قەیرانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەستتێوەردانی رووسیای بە نمونە هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی کاریگەریی هەواڵ و زانیاریی شێوێندراو. لە سەرەکییترین ئامانجەکانی دیارییکردنی چەمکی هەواڵی شێوێندراو و ئامانجەکانی و مەترسییەکانێتی. هەروەك تیشك خستنەسەر شێوازەکانی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەواڵی شێوێندراو و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕایگشتیی. لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە میدیاکاران شارەزاییەکی باشیان هەیە لە چەمکی هەواڵی شێوێندراو و ئامانج و مەترسییەکانی، هەروەها ئەم دیاردەیە کاریگەریی هەیە لەسەر رایگشتیی بەتایبەت لە ناوزڕاندنی کەسایەتییەکان.

٣/ توێژینەوەی (عبد الله، ٢٠١٨):

توێژینەوەکە (وەسفیی شیکاری)یە، پشکنین بۆ پەیامی هەواڵی پەڕە و ئەکاونتە ساختەکان دەکات کە بەناوی رۆژنامە بەناوبانگەکانی وڵاتی میسر لە فەیسبوك دروستکراون، بەمەبەستی دیارییکردنی تایبەتمەندی و شێوازی داڕشتنی هەواڵ و زانیارییەکانییان و ئەو پاڵنەرانەی هۆکاری بڵاوکردنەوەی

پەیامەکانیانن. ئامانجی توێژینەوەکە باسکردنی ستراتیژەکانی چەواشەکارییە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، هەروەك کاریگەریی ئەو پەڕە و ئەکاونتە چەواشەکارانە لەسەر متمانەی جەماوەر بە سەرچاوە راستەقینەکان، وەک رۆژنامەکانی (اليوم السابع، البوابة). لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی: هوشیارکردنەوەی جەماوەر لەبارەی چەواشەکاریی و ئاگادارکردنەوەیان لە گوزارە سەرنجراکێشەکان، هەروەها دەرکەوتووە کە ئەو چەواشەکارییانە بەرنامە بۆدارێژراون و هەڕەمەکیی نیین.

٥/ ناساندنی زاراوەکانی توێژینەوەکە:

چەواشەکاران: ئەو گروپ و لایەن و کەسانە دەگرێتەوە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پرۆسەی چەواشەکاریی.

زانیاریی چەواشەکارانە: مەبەست لەم چەمکە ئەو هەواڵ و زانیارییانەیە، کە بڵاوکردنەوەیان ئەجێندای لەپشتە و لەلایەن گروپێك یان کەسانێك لە هۆکارە میدیاییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە بەمەبەستی دروستکردنی رایگشتیی، یان بەلاڕێدابردنی.

ئەنتی چەواشەکاریی: پرۆسەی ڕاستاندنی ئەو هەواڵ و زانیارییانەیە کە لە هۆکارە میدیاییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، ڕێکخراوێك یان گروپێك یان کەسانێك ئەو ئەرکە لەئەستۆدەگرێت.

میدیای سەرەکیی، یان سەنگین: بۆ ئەو میدیایانە بەکارهاتووە کە ناسراون و سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و زانیارییەکانی جەماوەرن.

ڕێوشوێن: مەبەست ئەو هۆکارانەیە کە دەگیرێنەبەر و جێبەجێدەکرێن بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی خوازراو.

هەرێمی کوردستان – عێراق: قەوارەیەکی سیاسیە لە دەستوری کۆماری عیراقدا دانی پێدانراوە.

سەقامگیریی دۆخی رۆژنامەوانیی: پرۆسەیەکە، کۆمەڵە ڕێکارێکی تێدا دەگیرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی لەنێوان دامەزاروە میدیاییەکان و جەماوەردا.

## دووەم: چەمک و پێناسەی چەواشەکاریی میدیایی:

کلێر واردل (Claire Wardle) بەڕێوەبەری سەنتەری (تاو) بۆ توێژینەوە لە ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی لە زانکۆی کۆلۆمبیا، چەمکی «گێژاوی زانیاری»ی بەکارهێناوە بۆ کۆی ئەو هەواڵو زانیارییە ناڕاستانەی کە لەڕێگای ئامرازە هەمەجۆرەکانی میدیاوە بڵاودەکرێنەوە. هەروەها ئەم دیاردەیەی کردووە بە سێ جۆری سەرەکییەوە: زانیاریی هەڵە (بێ مەبەست)، زانیاریی چەواشەکار (مەبەستدار) و زانیاریی زیانبەخش.(واردل، ٢٠٢٠، ٢٨). ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جێگەی باسە (زانیاریی چەواشەکاریی مەبەستدارە).

بۆ تێگەیشتنێکی ورد لە چەواشەکاریی میدیایی، بەپێویستی دەزانین بە ڕونکردنەوەی تیۆریی ئەجێنداسازی (Agenda-setting) لە زانستی میدیادا دەستپێبکەین، کە لەلایەن چەواشەکارانەوە بەکاردەهێنردرێت. بەپێی پێناسەی ستیڤن پاترسۆن (Stephen Patroson)، ئەجێنداسازیی: بریتییە لەو پرۆسە میدیاییەی کە ئامانجێتی ڕووداوەکانی دەوروبەرمان لە جیهانە گلۆباڵەکەماندا بەشێوەیەك

دابڕێژێتـەوە کـە خزمـەت بـە ئەجێنـدای لایەنـی نێـرەر بـکات. ئاشکرایە دەزگا و دامـەزراوە میدیاییـەکان کۆنترۆڵـی ئـەو بیروبۆچـون و وێنـە زەینییانـە دەکـەن کـە لای جەمـاوەر فەراهـەم دەبێـت، بەمـەش کاردانـەوەی ئـەو جەمـاوەرە ڕەنگدانـەوەی ئـەو پەیامانـە دەبێـت، نـەک ئـەوەی کـە هەیـە و ڕوویـداوە. (حسـونة، ٢٠١٥، ٦).

ئـەوەی لـەم بـوارەدا تـەواو رونبووەتـەوە: ئەجێنداسـازیی ئـەو پرۆسـەیەیە کـە هـۆکارە میدیاییەکانـی تێـدا بەکاردەهێندرێـن بـۆ دارشـتنی هـەواڵ و زانیارییـەکان، بەئاراسـتەی خزمەتکردنـی ئەجێنـدای دامـەزراوە میدیاییەکـە و ئاراسـتەکردنی وەرگـر بـەرەو بەرژەوەندییەکانـی خـۆی وەك نێـرەر.

لێـرەوە دەتوانیـن بڵێیـن چەواشـەکاران توانیویانـە بـۆ ئامانجـی نێگەتیـڤ سـوود لـەم تیۆرییـە وەربگـرن و لـە پرۆسـەی چەواشـەکارییدا بـەکاری بهێنـن. ئەمـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتانیش راسـتە، بەهـۆی ئـەو تامەزرۆییـەی جەمـاوەری میدیایـی کـوردی بـۆ هـەواڵ و پڕوپاگانـدە هەیانـە، هـەروەک دەرئەنجامـی ئـەو بارودخـە سیاسییە ناسەقامگیرەیە کـە بـەردەوام لـە رابـردوو و ئێسـتادا تێیدا ژیـاون کـە وایلێکـردوون نێچیرێکی زۆر گونجاوبـن بـۆ چەواشـەکاران و کاریگەریـی گـەورەی ئـەو هـەواڵ و زانیارییانـەی کـە بڵاودەکرێنـەوە لـە هـۆکارە جۆراوجۆرەکانـی میدیـادا بەتەواوەتـی ئەفرێنـەر و نەخشـێنەری بیروبۆچونەکانـی جەماوەربێـت و ئاراسـتەیان بـکات.

چەواشـەکاریی میدیایـی بـە چەندیـن جـۆر پێناسـەکراوە لەوانە«بریتیـە لـە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیـاری بـە ئەجێنداکـراو و شـێوێندراو لـە هۆکارەکانـی راگەیاندنـەوە لـە پێنـاو بەلارێدابردنـی رای گشـتی و چەواشـەکردنی جەمـاوەر» ( د. أیـمان، ٢٠١٩، ٣).

هـەروەك (د. وەسـیم ونـی) بەڕێوەبـەری سـەنتەری روئیـا بـۆ توێژینـەوە لـە لوبنـان، پێیوایـە «چەواشـەکاریی میدیایـی کارێکـی بەرنامـە بـۆ دارێـژراوە لەپێنـاو دروسـتکردنی یـان شـێواندنی ڕایگشـتی، یـان هـەر ئامانجێکـی تـر لەڕێگـای شـێواندن و گۆڕینـی ڕێـرەو، یـان بـە چەندیـن شـێوازی تـر دەکرێـت، بەمەبەسـتی یارییکـردن، کاریگەریـی دانـان لەسـەر بیـر و بۆچـون، ورووژاندنـی هەسـت و سـۆزی جەمـاوەر بـۆ درووسـتکردنی گومـان لـە راستییەکان و بەراسـت زانینـی پەیامـە چەواشـەکراوەکان و تێکەڵکردنـی راسـت و ناڕاسـت». (وني، ٢٠١٩).

کەواتـە چەواشـەکاریی میدیـای کارێکـی بەئەنقەسـت و ئەجێنـدادارە بەشـێوەیەکی رێکخـراو ئەنجامدەدرێـت بـۆ ئاراسـتەکردنی جەمـاوەر و بـرەودان بـە بیرۆکەیـەك یـان باڵادەسـتکردنی بۆچونێـك یـان پێچەوانەکـەی بـۆ نەرێنییکردنـی بیرۆکـە یـان بۆچونێـك. ئەمـەش بەمەبەسـتی گۆڕینـی ئاراسـتە جەماوەرییـەکان یـان جوانکـردن- ناشرینکـردن، یاخـود بـۆ یارییکـردن بـە هەسـتی جەمـاوەر، یـان دروسـتکردنی گومـان لـە راسـتیی بابـەت و رووداوەکان.( Cherilyn and Julie,١٤, ٢٠١٨).

بـۆ پێناسـەکردنی دیـاردەی چەواشـەکاریی لـە ژینگـەی میدیایـی هەرێمـی کوردسـتان، دەتوانیـن بڵێیـن «چەواشـەکاریی میدیایـی بریتییـە لـە بڵاوکردنـەوە و خسـتنەڕووی بەشـێکی بچووکـی راسـتیی رووداوەکان لەپـاڵ بەشـێکی گـەورەی زانیاریـی دروسـتکراوی ناڕاسـتی ئەجێنـدادار، گۆڕانکاریـی لـە خسـتنەڕووی زانیاییـەکان تـا بـە شـێوازێك شـیکردنەوەی بـۆ بکرێـت کـە دووربێـت لـە راسـتیی بابـەت و ڕووداوەکان، یـان شـاردنەوەی تـەواوی زانیارییـەکان و تێکەڵکردنـی بـە بابەتـی لاوەکیـی، یـان جیانەکردنـەوەی بۆچـون و شـیکردنەوە کەسـییەکان لـە واقیعـی رووداوەکان، یـان وروژانـدن و باسـکردنی کۆمەڵـە بابەتێکـی ناسـەرەکیی

و دروستکراو بۆ پەرتکردن و دورخستنەوەی جەماوە لە روداوە سەرەکییەکان و بڵاوکردنەوەی زۆرترین بابەت و هەواڵی بێسوود بەشێوەیەك جەماوەر نغرۆ بکرێت لە پاشماوەی بێکەڵك لە زانیاریی و چەندین شێوازی تر. ئەمەش بەمەبەستی بەلاڕێدابردن و چەواشەکردنی رایگشتیی و راکێشانیان بەئاراستەی ئەجێندا دیاریکراوەکانیان، بە شێوازی نزیککردنەوە و تەریبکردنیان لەگەڵ ئامانجەکانیان و سەپاندنی شیکردنەوەکانی لایەنی ئاراستەکەر بۆ بارودۆخەکان. بەم پێیەش وا لە وەرگر بکات بەو شێوازە بڕوانە ڕووداوەکان کە لایەنی ئاراستەکەر بۆیانی هەڵبژاردوە، هەروەك بەهۆی تێکەڵکردنی بەشێکی کەم لە زانیاریی درووست و بەشێکی زۆر لە زانیاری درووستکراوی هەڵبەستراو، وەرگر چەواشەدەکات و توانا شیکارییەکانی پەرتدەکات، وێنەیەکی بڕواپێکەری لادروست دەکات بۆ هەواڵ و زانیارییە چەواشەکارییەکان».

## سێیەم: شێوازەکانی چەواشەکاریی میدیایی و تەکنیکە بەکارهاتووەکانی لە هەرێمی کوردستان:

یەکەم/ شێوازی گاڵتەجاڕیی: ئەم شێوازە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی (نووسراو، وێنە، ڤیدیۆ، یان دەنگ) بەشێوازی گاڵتەجاریی و بەکارهێنانی چوارچێوەی نوکتەبازیی، دیارترین شێوازی چەواشەکارین (حسین، ٢٠٢٠ ، ٤٣). بەپێی کەمبوونەوەی جەماوەری ئامرازە کلاسیکییەکانی میدیا، لەئێستادا ئەم شێوازە زیاتر لە سۆشیاڵ میدیادا بەکاردەهێنرێت ولە هەندێك لە دەزگا میدیاییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە. بەکارهێنانی گوزارەی گاڵتەئامێز و پێڕابواردن، چەندین زانیاریی ناڕاست و هەواڵی هەڵبەستراو و بێ بنەما بڵاودەکرێتەوە و دەنگدانەوەی زۆری دەبێت، جەماوەری کورد تامەزرۆی ئەم جۆرە گاڵتەجاڕییەن، ئەمەش وایکردووە چەواشەکاران لە هەرێمی کورستاندا کاری بەردەوامی لەسەر بکەن و زۆر لە کێشە راستەقینەکانی کۆمەڵگە بکەن بە کەرەستەی گاڵتەجاڕیی و بەها راستەقینەکەی ناهێڵن.

دووەم/ ناونیشانی دوور لە ناوەڕۆك: ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش یان زانیارییەکی زەق، یاخود بەکارهێنانی (وێنە و ڤیدیو و دەنگ)، بەڵام پاش خوێندنەوە و بینینی ناوەڕۆکەکەی دەردەکەوێت کە ناوەڕۆك پەیوەندیی نییە بە ناونیشانەکەوە، یاخود ئەوەی لە ناونیشانەکەدا هاتووە بەو شێوەیە نییە کە لە ناوەڕۆکەکەیدا هەیە، وێنە و ڤیدیۆکانیش دیسان ڕەنگدانەوەی ناونیشانەکان نین. ئەمە جگە لەوەی کە ژێرنووس و نوسینی سەر ڤیدیۆو وێنەکان بە چەندین ڕێگای جیاواز دەستکاریی دەکرێن، یاخود وەرگێڕانی ناڕاست و مەبەستداریان بۆدەکرێت لە زمانەکانی دیکەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو لێشاوە خێراو بەرفراوانەی زانیارییەکان لە سەردەمی میدیای نوێدا، وەرگر حەوسەڵە و کاتی نییە بۆ خوێندنەوە و قووڵبوونەوە و وردبینیکردنی تێکست و ڤیدیۆ درێژەکان، بۆیە زیاتر سەرنجیان لە سەر سەردێڕەکانە، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری ڕەخساندووە بۆ چەواشەکارانی نێو میدیای کوردیی کە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان و پەیجو ئەکاونتەکان پەنا بۆ ئەم تەکنیکەی چەواشەکاریی ببەن.(Eavi,٢٠٢٢).

سێیەم/ بەکارهێنانی ناوبانگ: لەم شێوازەدا چەواشەکاران پەنا دەبەنە بەر ناوبانگی کەسە دیارەکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە دامەزراوە سیاسیی و هونەریی و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکانو... تاد. (نامق، ٢٠١٨، ١٠٠). فەزای کراوەی سۆشیال میدیا هاندەر و هۆکاری هەرە سەرەکیی تەشەنەو بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەیە. چەواشەکاران ناوبانگی کەسایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی پەیجو هەژماری ساختە بەناویانەوە، بەهۆی بۆشایی یاسایی لە هەرێمی کوردستان، نەتوانراوە ئەم شێوازەش کۆنترۆڵ بکرێت، هەندێك کات کەسەکان ئەو چەواشەکارییانە

بەدرۆدەخەنـەوە، بـەڵام ئەوەنـدەی هـەواڵو زانیارییـە چەواشـەکارەکە بەخێرایـی لەنـاو جەمـاوەردا بڵاودەبێتـەوە ئەوەنـدە ڕەتکردنـەوەو ڕاسـتکردنەوەکە بڵاونابێتـەوە.

چـوارەم/ لـە چوارچێوەنانـی هەڵـە: چەواشـەکاران هـەواڵ و زانیارییـەکان دەخەنـە چوارچێوەیەکـەوە کـە دواجـار بۆچوونـی جەمـاوەر لەسـەر ڕاسـتیی ڕووداوەکان بەپێـی ئـەو چوارچێوەیـەی ئـەوان بۆیـان کێشـاوە، ئاراسـتە دەکرێـت. لێـرەدا ئـەوان ئـەو زانیارییـە لەنێـوان کۆمەڵێـك بۆچـوون و شـیکردنەوە و لێکدانـەوەدا دەخەنـەڕوو کـە ئاراسـتەی هـەواڵ و زانیارییەکـە دەگۆڕێـت، یـان دەتوانیـن بڵێیـن ڕەنگـە سروشـتییەکەی ئـەو هـەواڵو زانیارییـە کاڵدەبێتـەوەو دەگۆڕێـت بـۆ ڕەنگـی ئـەو چوارچێوەیـەی بـۆی دروسـتکراوە لەلایـەن چەواشـەکارانەوە. (بومعيـزة،٢٠٢٢، ١٣).

پێنجـەم/ یاریکـردن بـە وێنـە و ڤیدیـو و دەنـگ: ئەمـە لـە هەمـوو شـێوازەکاندا بەکاردەهێنرێـت، لەسـایەی تەکنەلۆژیـای نوێـدا کارێکـی ئاسـانە و چەواشـەکاران سـوودیان لـەم شـێوازە بینیـوە بـەوەی بتوانـن وێنـە و ڤیدیـو و دەنگـی دەسـتکارییکراو بەکاربهێنـن و جەمـاوەری پـێ چەواشـەبکەن.

شەشـەم/ نەبـووی درووسـتکراو: لـەم شـێوازەدا هیـچ زانیـاری و هەواڵێکـی پشتڕاسـتکراوە نییـە، چەواشـەکاران هەڵدەسـتن بـە دروسـتکردنی ئـەو جـۆرە هـەواڵ و زانیاریيانـە بـە وەرگرتنـی ئامارێکـی بـێ سـەرچاوە یـان خسـتەڕووی ڕایەکـی گشـتیی وەهمیـی یـان دارشـتنەوەی قسـە و قسـەڵۆکی نـاو جەمـاوەر. ئـەم شـێوازە لەنـاو کۆمەڵگاکانـی جیهـان زۆر سـەرنجڕاکێش نییـن بەهـۆی هوشـیاریی جەمـاوەرەوە، بـەڵام بەپێچەوانـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان چەواشـەکاران زۆرتریـن سـوودیان لـێ بینیـوە.

حەوتـەم/ ڕاسـتییە شـێوێندراوەکان: زۆربوونـی هۆکارەکانـی ڕاگەیانـدن وایکـردووە کـە چەواشـەکاران نەتوانـن بەتەواوەتـی فاکتـەکان ئەگـەر (نـوسراو، یـان وێنـە، یـان فیدیـو، یـان دەنـگ) بێـت باسـنەکەن، خـۆ ئەگـەر لـە بەرژەوەندیشـیان نەبێـت بـۆ ئـەم ئەگـەرە شـێوازی شـێواندنی هـەواڵ و زانیارییـەکان دەگرنەبـەر بـەوەی بەشـێکی کـەم لـە ڕاسـتییەکان لەپـاڵ بەشـێکی زۆر لـە زانیاریـی ناڕاسـت و لێکدانـەوەی لایەنگیـر و باسـکردنی یـەك گۆشـەنیگایی دەتوانـن جەمـاوەر چەواشـە بکـەن. (ابـو عرقـوب، ٢٠١٩، ٢١).

هەشـتەم/ چەواشـەکاریی تـۆخ و کاڵ: هەنـدێ ڕووداو فرەلایەنـە، چەواشـەکاران ئـەو هـەواڵ و زانیاریيانـەی ئـەم سروشـتەیان هەیـە، ئـەوەی تەریبـە لەگـەڵ ئەجێنداکەیـان زۆر بـە دوورودرێژیـی باسـیدەکەن و تیشـکی [هخەنەسـەر. ئـەو زانیاریيانـەش کـە لەبەرژەوەندییـان نییـە، بەشـێوەیەکی کـورت و شـاراوە و کاڵ باسـیدەکەن.

نۆیـەم/ برینـەوە و نەشـتەرگەریی: لـەم شـێوازەدا چەواشـەکاران بەشـێك یـان کەمـتر یـان زیاتـر لـە بەشـێك لـە هـەواڵ و زانیارییەکـە لادەبـەن و بابەتـی تـر دەخەنـە شـوێنی کـە بریتییـن لـە زانیاریـی ناپێویسـت و بێبەهـا. بەمـەش وەرگـر تـەواوی زانیارییەکانـی پێنـاگات تـا وێنـە تەواوەکـەی لادروسـت ببێـت و بەلاڕێـدا دەبرێـت. (بيـر،٢٠٠٤ ،٤).

دەیـەم/ چەواشـەکاریی زانیـاری تاکلایەنـە: ئـەم جۆرهیـان بـازاری گەرمـە لـەلای چەواشـەکاران لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە تەنها بۆچـون و دیـدی لایەنێـك وەک بەشـێك لـە ئەجێنداکەیـان دەگوازنـەوە بـۆ جەمـاوەر، لایەنەکانیـتری فەرامـۆش دەکـەن. زۆربـەی کات بۆچوونـی کەسـیی و قسـەڵۆکی بێبنەمـا کۆدەکەنـەوە و راوبۆچوونـی ئـەو لایەنەشـی لەبـارەوە دەگوازنـەوە کـە خزمـەت بـە ئاراسـتەی کاری ئـەوان دەکات و جەمـاوەر دووبـارە توشـی ئـەو حاڵەتـە دەبێـت، وێنەیەکـی ناتـەواوی لەبەردەسـت دەبێـت.

یازدەیـەم/ مێشـی بـە (گا)بـوو: ئـەم شـێوازە لـە چەندبارەکردنـەوەی هـەواڵ و زانیارییـەوە دوورسـتدەکرێت، لایەنـی چەواشـەکار، ڕووداو و بابەتـی زۆر سـادە و ناکاریگـەر و بچووکـی نـاو کۆمەڵـگا گـەورە دەکەنـەوە تـا ئـەو ڕادەیـەی

ڕایگشتیی پێ دەجوڵێنن. ئەمەش بە چەندبارەکردنەوەی بەردەوام و بەستنەوەی بە لایەنی تری ژیانی جەماوەرەوە تا وایلێدێت رایگشتیی پێ دروستدەبێت. (تریبێرت، الخطیب، ٢٠١٨، ١٣٦ ).

دوازدەیەم/ بێبەهاکردن: ئەم حاڵەتە پێچەوانەی حاڵەتی مێشی بە (گا) بووە، واتا بابەتێکی گرنگ و کاریگەر بە ڕێگای فەرامۆشکردن و کەمباسکردن وەهای لێدەکەن لەلای جەماوەر بێبەها دەکرێت و ئەمەش بە نیشاندانی بێتوانایی جەماوەر لە گۆڕین یان هەڵوێست وەرگرتنی لەسەر ئەو بابەتە تاوەکو کەشێکی واها دەخولقێنن جەماوەر پێی وابێت ئەو هیچ دەسەڵات و توانایەکی نییە بۆ هەڵوێست وەرگرتن.

نموونەی سەرەکیی چەواشەکاریی لە دوو کەناڵی ناوداری ڕاگەیاندنی کوردییەوە:

لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان نمونەی بێشوماری هەواڵ و زانیاری چەواشەکاری ئەجێندادار بوونی هەیە، لە ئێستادا ئەم دیاردەیە بەجۆرێك بەربڵاوە تەنها پەیج و هەژمارە فەیك و گوماناوییەکانی سۆشیال میدیا هۆکاری دروستبوونی ئەم گێژاوەبن، بۆیە لێرەدا تەنها دامەزراوەی (NRT)١* و (ڕووداو)٢*مان وەك دوو دامەزراوەی برواپێکراو بە نموونە وەرگرتووە.

یەکەم/ ڕووماڵی کەناڵی تەلەفیزیونیی NRT و ماڵپەر و پەڕەکانی لە سۆشیاڵ میدیا بۆ کەیسی نەخۆشخانەی هیوا:

کاریگەرترین و شاراوەترین جۆری چەواشەکاریی، بڵاوکردنەوەی بەشێکی کەم لە ڕاستیی ڕووداوەکانە لەنێو چوارچێوەی ئەجێندای سیاسییدا. لە کەیسی «داخستنی نەخۆشخانەی هیوا» کە لە کەناڵی NRT و پاشکۆکانی بەتەواوەتیی ئەم شێوازە چەواشەکارییە بەکارهاتووە. سەرەتای ئەم ڕووداوە دەکەوێتە ٢٠٢١\٦\١٥ کاتێك کێشەی پێنەدانی مووچە لە نەخۆشخانەکەدا دروستدەبێت و مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی بەشی ڕاوێژکاریی نەخۆشخانەکە کە حکومەت بۆی بڕیونەتەوە، چەند مانگێک دوادەکەوێت. ئەمەش وادەکات کارمەندانی نەخۆشخانەکە بڕیاری مانگرتن بدەن، ئەمە کێشە ڕاستەقینەکەیە٣*. کەواتە هیچ بڕیارێک یان نوسراوێک یان لێدوانێکی فەرمیی لەئارادا نییە بەناوی داخستنی نەخۆشخانەکەوە. ئەمە کرۆکی چەواشەکارییەکەیە.

ڕووداوی لەمجۆرە بۆ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە تێیدا بواری میدیا بە یاسای تۆکمە ڕێکنەخراوە، بابەتێکی زۆر گونجاوە بۆ جوڵاندنی لایەنی سۆزداریی جەماوەر و بەکارهێنانی لە خزمەتی ئامانجی سیاسییدا. ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە نەخۆشیی ژێرپەنجە و خەڵکی زۆر هاوسۆزن بۆی. لەم سۆنگەیەوە کەناڵی تەلەفزیونیی (NRT) و پاشکۆکانی کە سەرۆکی جوڵانەوەیەکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان خاوەندارییی دەکات، جیاواز لە واقیعی ڕووداوەکە بە هەواڵ و ژانرەکانی، بە بەرنامەی تەلەفزیۆنیی و بڵاوکراوەی سۆشیاڵ میدیاوە ڕووماڵی ئەم بابەتە کراوە و لە شیکاری ناوەرۆك بۆ پەیامەکانیان ئەجێندای حزبێکی سیاسیی بەرسەریدا زاڵە، بەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانیان قسەی تاکێک و هەندێ پروپاگەندە و بەشێکی کەم لە ڕاستیی ڕووداوەکەیە کە بابەتی مانگرتنەکەیە و پاشان ئەو چوارچێوەیەیە کە لە لایەنی نیرەرەوە بۆ ڕووداوەکە دارێژراوە. بۆ نمونە: لە ماوەی تەنها (٣) ڕۆژدا تەنها زیاتر لە (٤١) هەواڵی لە پەڕەکانی سۆشیاڵ میدیای کەناڵەکە لەسەر ڕووداوەکە بڵاوکردوەتەوە جگە لە ڕوماڵی ڕاستەوخۆ و بەرنامەی تەلەفزیونیی و کەمپەین و دروستکردنی فرەیمی تایبەت بە ڕووداوەکە لە سۆشیاڵ میدیا. ئەم شێوازە لە ڕووماڵکردن ئاراستەی ڕووداوەکەی گۆڕیی لە گرفتی دواکەوتنی مووچەوە بۆ ڕووداوی داخستنی

١

٢ * کەناڵێکی هەواڵی سیاسی کوردییە لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە https://nrttv.com/About .

* دامەزراوەیەکی میدیایی کوردییە لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستی بە کارکردن کردووە https://www.rudaw.net/sorani/about .

٣ * چاوپێکەوتن لەگەڵ احمد محمد پەرستار لە بەشی (outpatient female) لە نەخۆشخانەی هیوا و ڕێکخەری نارەزایەتیەکە.

نەخۆشخانەکە. ئەو داخستنە لە نەبووەوە دەهێنێتە بوون بە شێوازی چەواشەکاریی نەبووی دروستکراو، پاشان بەبەکارهێنانی شێوازی لەچوارچێوەنانی هەڵە، هەروەها بە شێوازی کەمێك لە راستیی و زۆرێك لە ناڕاست و وروژاندنی لایەنی سۆزداریی جەماوەر بە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیسەکانی نەخۆشیی ژێرپەنجە و تێکەڵکردنی پیاوانی ئاینیی و بەشێك لە کاراکتەرە هونەرییی و ناسراوەکانی کوردستان، ئەم بابەتە رووماڵدەکات و ئەو پەیامە لەنێو جەماوەر بڵاودەبێتەوە کە نەخۆشخانەی هیوا دادەخرێت. کەواتە بەم شێوازانە لە چەواشەکاریی، گرفتی دواکەوتنی مووچە دەگۆڕێت بۆ داخستنی نەخۆشخانەکە. پاش بەدواداچوونمان بۆ ڕووداوەکە، دەرکەوت کە هیچ نوسراو و لێدوان و فەرمانێکی حکومیی و فەرمیی نییە باسی داخستن بکات، یان هەر بابەتێك لەو زانیارییانەی NRT و پاشکۆکانی بڵاویانکردووەتەوە.

دووەم/ رووماڵی کەیسی دەستگیرکراوانی بادینان لە دامەزراوەی رووداو: (ئەم کەیسە لە نێو شەقام و سۆشیال میدیا و ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکان بەم ناونیشانە باسکراوە، بۆیە ئێمە بەپێی دەنگدانەوە میدیاییەکەی ناوەکەیمان وەرگرتوە).

لە ناوەڕاستی مانگی ١ی ساڵی ٢٠٢١ راگەیاندنە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق باسی کەیسی دەستگیرکراوانی بادینان دەکەن. ڕووداوەکە بە دوو شێواز بڵاوبووەتەوە، لایەنێکیان حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەفەرمیی تۆمەتی سیخوڕیی و پیلانگێڕیی داوەتە پاڵ کۆمەڵێك کەس لە دەڤەری بادینان٤* دەڵێت، پاش دەستگیرکردنیان دراون بە دادگا. لەبەرامبەر ئەمەدا زۆرێك لە میدیا و رێکخراو و چالاکوانی مەدەنیی وایان بڵاوکردەوە کە دۆسیەکە پەیوەندیی بە ئازادیی رادەربڕینەوە هەیە و دەستگیرکراوەکانیش وەك رۆژنامەنووس و چالاکوان ناودەبەن. بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەم کەیسە بابەتی سەرەکیی شەقام و میدیای کوردی و هەندێک لە میدیا و رێکخراوە جیهانییەکان و کونسوڵخانەی ژمارەیەک وڵاتی بیانیی بووە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و چەندین بەیاننامەی ناوخۆیی و کونسوڵخانەکان لەبارەیەوە بڵاوکراونەتەوە و رایگشتیی لەسەر درووستبووە.

دامەزراوەیەکی ناوداری کوردیی وەك (ڕووداو)، لەو ماوەیەدا تەنها وەك هەواڵێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ ئەم کەیسەدا کردووە و فۆکەسی زیاتر بۆ زانیارییە حکومییەکە بووە لەسەر کەیسەکە. ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی شێوازی کارکردنی دامەزراوەکە بۆ ئەو بابەتانەی سروشتی کەیسییان هەیە، بایەخی گەورەیان پێدەدرێت و کەیسی زۆر بچوکتر لە بابەتی دەستگرکراوانی بادینان ڕووماڵی تایبەتیان بۆدەکرێت. هەروەها کەناڵی تەلەفزیونیی ڕووداو لەڕێی کۆمەڵێك بەرنامەی ڕۆژانەی وەك (بەرپرسیار) و (ڕووداوی ئەمڕۆ)وە تاووتوێی جۆرەها دۆسیەی لەم چەشنانە دەکات. بەپێی شیکردنەوەمان بۆ باسکردنی کەیسەکان لە دامەزراوەی ڕووداو، دەرکەوتووە کە کەیسی زۆر بچوکی وەک کێشەی کۆمەڵایەتیی، نەخۆشیی، کێشەی کەسیی، روماڵی چڕوپڕی بۆ کراوە و بەرنامەی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام کەیسی دەستگیرکراوانی بادینان لە هیچکام لەو بەرنامانە باس نەکراوە.

لە میدیادا ئەم جۆرە مامەڵەکردنە دەچێتە چوارچێوەی چەواشەکاریی بێبەهاکردنەوە، چونکە دۆسیەیەکی لەوجۆرە کە رایگشتیی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستانی لەسەر درووستبووە، تەنها بە هەواڵێک باسکراوە. هەروەها شێوازی چەواشەکاریی تۆخ و کاڵی تێدا بەکارهاتووە کە زیاتر لە هەواڵەکانیاندا زیانیارییە حکومییەکان باسکراون. ئەم شێوازانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە دامەزراوەی ڕووداو بە شێوازی چەواشەکارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم کەیسەدا کردووە.

چوارەم: رێوشوێنە ستراتیژییەکانی رووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-عیراق:

لە هەرێمی کوردستان-عیراق دیاردەی چەواشەکاریی لە تەشەنەدایەو هۆکارەکان زۆر و تەواوکەری یەکترن، بەڵام

٤ * دەڤەری بادینان ناوی ناوچەیەکی جوگرافی باشوری کوردستانە (کوردستانی عیراقە).

سەرەکیترینیان دۆخی سیاسیی و لێکەوتەکانیەتی. بە دیدی ئێمە، لەبەرژەوەندیی وەرگر و ژینگەی کاری میدیاییدایە کە بەپێی پلان و ستراتیژی ورد، رێگریی لە تەشەنەی زیاتری ئەم دیاردەیە بکرێت. لەپاش هەڵسەنگاندنی دیاردەکە و لەبەر رۆشنایی ئاشکرابوونی دیوی شاراوەی چەواشەکارییەکان لە رووماڵکردنی دوو کەیسی مشتەی توێژینەوەکە لە کەناڵە کوردییەکاندا، میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە دەخەینەڕوو:

١/ رێوشوێنی یاسایی.

٢/ رێوشوێنی کارگێڕیی.

٣/ رێوشوێنی میدیایی.

١/ رێوشوێنی یاسایی بۆ رووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی میدیایی:

هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسای رۆژنامەگەرییە، بەپێی برگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو، پاڵپشت بە یاساکاریی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٤)ی رێکەوتی ٢٠٠٨/٩/٢٢ بڕیاردراوە بە دەرکردنی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە بە (یاسای رۆژنامەگەریی کوردستان) ناسراوە . ( یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان، ٢٠٠٩ ).

گرفتی سەرەکیی میدیاکار و دەزگا و دامەزراوە میدیاییەکان و لایەنی حکومەتیش لەوەدایە ئەم یاسایە وەڵامدەرەوە و چارەسەریی یەکلاکەرەوە نییە بۆ دیاردە و کێشەکانی ئەم سەردەمەی بوارەکە. هەربۆیە ئەم یاسایە بۆ دۆخی ئێستا پێویستی بە هەموارکردنەوەیە، بەجۆرێك کە هاوتەریب بێت لەگەڵ زەمینەو زەمانی ئێستای کاری رۆژنامەوانییدا. هەروەها بەجۆرێک بێت کە بگونجێت لەگەڵ فەزای ئێستای کاری میدیاییدا، چونکە لە چەندین رووەوە میدیا و کاری میدیایی و ئامرازەکانی میدیا و ئاراستەکردنیان گۆڕانکاریی گەورەیان بەخۆوە بینییوە. پاساوێکی دیکە ئەوەیە کە سەرباری کەموکورتییەکان، هێشتا وەکو پێویست کار بەم یاسایە ناکرێت. لەوەش زیاتر، تائێستا هیچ یاسایەك نییە بۆ رێکخستنی کاری میدیای ئەلیکترۆنیی و سۆشیاڵ میدیا. ئەوەش وەك بۆشاییەکی یاسایی سەرئێشەیەکی گەورەی بۆ تێکڕای لایەنەکانی پەیوەندیدار دروستکردووە بە دادوەر و دادگاکانیشەوە. ئەگەر ناچاری بێت یان بەمەبەست، لەم بۆشاییە یاساییەدا، دادگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکان پشت دەبەستن بە (یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن). بۆ نموونە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ کە پشتبەست بە حوکمی برگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٨)ی رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٩ بڕیاردراوە بە دەرچوواندنی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ سەبارەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا. ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە، ئەم یاسایە هیچ پەیوەندییەکی بە کاری میدیایەوە نییە، هێندەی یاسایەکە بۆ رێکخستنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتییە. (یاسایی قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن، ٢٠٠٨).

کاراکردنو هەموارکردنی میکانیزمی یاسایی، کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە رووبەڕووبونەوەی چەواشەکاران و ئەجێنداکانیان. یاسا، میکانیزمی سەرەکیی چارەسەرکردنی ئەم دۆزەیە، ئەگەر وەڵامدەرەوەی دۆخەکە بێت و جێبەجێبکرێت. کۆدەنگییەکی بەرچاو هەیە لەسەر پێویستیی دەرچواندنی یاسایەکی لەو چەشنە کە سنوورێك بۆ ئەو پێشێلکارییە میدیاییانە دابنێت کە خودی میدیاکاران و کەناڵەکانی میدیا و خاوەنەکانیان دەیکەن. ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی مۆدێرن بکات لەپێناو ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی و لەنێویشیاندا تەجریمکردنی چەواشەکاریی میدیایی لەژێر هەر ناو و پاساوێکدا بێت. هەڵبەتە ئەوەش بە راوێژ و کەڵکوەرگرتن

لە کەسانی پەیوەندییدار لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی داکۆکیکار لە مافی ڕۆژنامەنووسان و یاساناسان، هەروەها ڕۆژنامەنووسانی بەئەزموونو بێلایەن. بێگومان دەبێت لە دەرچواندنی هەر یاسایەکی لەو چەشنەدا، ڕەچاوی ئازادیی کاری ڕۆژنامەوانیی بکرێت، بەجۆرێك کە نابێت لەژێر ناوی یاسایەك بۆ ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی و بنەبڕکردنی دیاردەیەك، ئازادیە ڕۆژنامەوانییەکان کۆتوبەند بکرێن. ڕاستە میکانیزمی یاسایی یەکێکە لە ڕێگاکانی بەرگرتن لە چەواشەکاریی میدیایی، بەڵام ئەگەر جۆر و چۆنیەتی سزاکانی بچنە خانەی زەوتکردنی ئازادییەکانەوە، سەرکوتکاریی بەرهەمدەهێنن.

٢/ ڕێوشوێنی کارگێڕیی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی میدیایی:

لە ڕێوشوێنی کارگێرییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك کایەی گارگێڕیی دەسەڵاتدار لەڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاریی میدیایی و ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێت بە دەرکردنی ڕێنمایی و جێبەجێکردنی. ئەوی لێرەدا جێی سەرنجە، لەم ڕێوشوێنەدا پێویستە جیاوازیی بکرێت لە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کاری میدیایی و دیاردەی چەواشەکاریی. بەو مانایەی کە ئەو ڕێنماییانە بەجۆرێك بێت ئامانجی سنوردارکردن و ڕێگریکردن بێت لە چەواشەکاریی میدیایی، نەك بەئاراستەی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی. بەم هەنگاوەش بوار بدرێت بە میدیا و میدیاکاری ڕاستەقینە بە ئەرك و کاری خۆیان هەستن لە گەیشتن بە زانیارییەکان، مافی پێدانی زانیارییان بۆ فەراهەمبکرێت. بەمەش ئەو ژینگە لەبارەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ چەواشەکاران دروستبووە و بەردەوام لە گەشەدایە، سنوردار دەبێت. لەو ڕوانگەیەوە، دەبێت ڕێنماییەکان زیاتر بۆ پاراستنی کلتورە بنەرەتییەکانی کۆمەڵگا بێت لە چەواشەکاریی زەق و دیارەکان ناجۆرەکان. ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی فرەیی ئاینیی و نەتەوەیی نەژادیی و ڕێگریکردن لە هەر هۆکارێکی میدیایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییانەی لەنێوان نەتەوە و ئاینزا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە. پاشان ڕووبەڕووبونەوەی ناوچەگەرێتیی و دیاریکردنی هێڵی سوور لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەکان، پاراستنی مافە گشتییەکان و بەرژەوەندییە باڵاکان. ئەمەش لە نەبونی دەستوور و یاسای تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستاندا، هەبوویەکی پێویستە و بۆ دۆخێکی کاتیی ئەگەرنا ئەم بابەتانە دەبێت لە دەستوور و یاساکانی پەرلەماندا جێگیربکرێت و ڕەنگبداتەوە.

لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٥ کۆمیسیونی یەکێتیی ئەوروپا لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئەندام، دەستیکرد بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زانیاریی چەواشەکارانە و دەستنیشانکردنی ئەو هەڕەشانەی چەواشەکاران دروستیدەکەن لەسەر بەرژەوەندییەکانی یەکێتییەکە و باشترکردن و خێراکردنی ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبونەوەی زانیاریی چەواشەکار، ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی پلانی ڕووبەڕووبونەوەی زانیاریی چەواشەکارانە. (E.U.e.a, ٢٠٢٢)

هەروەها (ئەستۆنیا)٥* لە ساڵی ٢٠١٠ هەستاوە بە زیادکردنی وانەی ناسەرەکیی لەڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە بۆ سیستەمی خوێندن بە ناوی (ڕۆشنبیریی میدیایی) بۆ هاوکاریکردنی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی لە ناسین و ئاشکراکردنی زانیارییە چەواشەکارییەکان، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی وڵاتەکەیان لە دیاردەی چەواشەکاریی ( ایمی،٢٠٢٢).

کەواتە بە سوودوەرگرتن لەم ئەزمونانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەڕێگای هەردوو وەزارەتی پەروەدە و خوێندنی باڵاوە گرنگیی بە پەروەردەی میدیایی بدات و ئاستی ڕۆشنبیریی میدیایی لەناو کۆمەڵگادا بەرزبکاتەوە.

٥ * ئەستۆنیا وڵاتێکی ئەورپییە بە وڵاتانی ناوچەی سەر دەریای بەڵتیک ناسراوە

٣/ ڕێوشوێنی میدیایی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی میدیایی:

گرنگیی ڕێوشوێنی میدیایی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی و کاریگەریی لەسەر دۆخی کاری میدیایی لە ئێستای هەرێمی کوردستان-عیراقدا، پێویستییەکی هەنوکەییە بۆ سنووردارکردنی ئەو دیاردە بەربڵاوە. بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی میدیایی، ئەو چارەسەرە بەردەستدەخەین کە چۆن ئامراز و ڕێرەوی میدیایی دیارییبکەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەواشەکاران و وشیارکردنەوەی جەماوەر لە چەواشەکاران. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین ئەم هەنگاوە کردارییانە بکەینە ئەفرێندراوێکی میدیایی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەواشەکاریی.

أ/ دروستکردنی میدیای دژە- چەواشەکاریی:

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا هۆشدارییەکی جددیی بوو سەبارەت بە کاریگەریی زانیاریی ناڕاست. لەوە زیاتر، ئەم مەترسییانە تەنها لە ئەمریکا نەبوون، بەڵکو دەنگدان لەسەر دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا ناسراو بە Brexit لە ساڵی ٢٠١٦، پاشان بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا، هەموو ئەمانە هاندەرن بۆ ئەوەی بایەخێکی گەورە بدرێت بە دڵنیابوون لە ڕاستیی هەواڵەکان و ئاشکراکردنی ساختەکاریی و فێڵ، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت کە کۆمەڵگەکان لە چەواشەکاران ئاگاداربکرێنەوە . ( الدلیمی، ٢٠١٨، ٩).

لەو ڕاستیەوە بڕوانیینە ژینگەی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی هەرێم، ڕوونە کە دەرفەتی گەورە ڕەخساوە بۆ چەواشەکاران، بەشێوەیەك کە هەندێك لە کەناڵەکان بێپەردە و بەویستی خۆیان لەنێو گێژاوەکەدا تەراتێن دەکەن بۆ چەواشەکاریی و شاردنەوەی ڕاستییەکان و تێکەڵکردنی زانیاریی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی سەرلێشێواندنی جەماوەر، بەتایبەت لەم دۆخەی ئێستاماندا کە کەشێکی سیاسیی بارگاویی بە ڕقوکینە و ڕەتکردنەوەی یەکدیی دروستکردووە. هەرێمی کوردستان بووە بە تاقیگەی چەواشەکاریی و بەو هۆیەشەوە ژینگەیەکی ترسناك لە کاری بە ناو میدیاوە خوڵقاوە.

بۆ دروستکردنی میدیای دژە-ی چەواشە، گرنگە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگیرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دیارترین نموونە، ئەزموونی ئەمریکایە. مێژووی پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی بە شێوازە مۆدێرنەکەی، لەئێستادا پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵگای مرۆییە، لە ئەمریکاوە دەستپێدەکات. ئەوان لە ساڵی ١٩٩٤ وێبسایتی سنۆپس (Snopes)یان داناوە بۆ بەدواداچوونی ڕاستیی هەواڵ و زانیارییەکان کە لەزاری بەرپرسان و کەناڵەکانی میدیاوە بڵاودەکرێنەوە. لە بەشی (دەربارە)ی وێبسایتەکەدا هاتووە: «کاتێك زانیارییە چەواشەکارییەکان بەری ڕاستییەکان دەگرن و خوێنەر نازانێت بڕوا بە کێ بکات، سنۆپس بەدواداچون بۆ ڕاستییەکان دەکات و ڕێڕەوی گەیشتن بە ڕاستییەکان بۆ جەماوەر ڕووناکدەکاتەوە«.(٢٠٢٢,Snopes.com)).

پاشان بەدوای ئەمەشدا چەندین ناوەند و دەزگا و وێبسایت و ئەکاونت بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵو زانیاریی و لێدوان، وێنە و ڤیدیۆ و تۆمارە دەنگییەکان دروستبوون، دیارترینیان: (Factcheck.org) لە ساڵی ٢٠٠٣ کە هەنگاوێکی نوێ و پیشەیی بوو لەم بوارەدا، هەروەها (PolitiFact) لە ساڵی ٢٠٠٧ کە ئەمیان تایبەتمەندیی وەرگرت و تەنها کاری لەسەر پشتڕاستکردنەوە و بەدواداچونی بواری سیاسیی کرد، جگە لەوانەش (the Washington Posts the fact checker) لە هەمانساڵدا دامەزراوە و کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە بەهۆی پێگە و متمانە و کاریگەرییەکەیەوە. (معهد الجزیرة، ٢٠١٧، ١٩٢).

بەپێی نوێترین ئاماری دامەزراوەی دیوك ڕیپۆرتس (the Duke Reporters Lab)٦* لەئێستادا ٣٤١ پرۆژەی چالاك هەن لەبواری دڵنیابوون لە ڕاستییەکان. هەروەها کۆمپانیا تەکنەلۆژییە گەورەکانی وەکو فەیسبوك و گووگڵ

٦ *سەنتەرێکی توێژینەوەی ڕۆژنامەوانییە لە کۆلێژی سانفۆرد بۆ سیاسەتی گشتی لە زانکۆی دیوك .

دەستیانکردوە بە پرۆسەی دڵنیابوون لە ڕاستیەکان لەسەر پێگەکانیان، پاڵپشتیی داراییان تەرخان کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش ناوەند و دەزگاکانی ئەو بوارەیان هانداوە تا بەردەوامبن لە کارەکەیان.(Drl,٢٠٢١).
ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە سەنتەری دڵنیابوون لە ڕاستیەکانیان هەبووە ٤٧ دەوڵەت بوو، لە ٢٠٢١ گەیشتۆتە ١٠٢ دەوڵەت. سەنتەرەکانی دڵنیابوون لە ڕاستییەکان بە ٧٠ زمان ڕاپۆرت بڵاودەکەنەوە. نزیکەی ٧٠٪ی سەنتەرکانی دڵنیابوون لە هەواڵ و زانیاریی (١٣١ لەکۆی ١٨٨) سیستمی پۆلێنکردنی دیاریکراویان هەیە و لێکۆڵینەوەی لەسەردەکەن بەمەبەستی هەڵسەنگاندی بڵاوکراوەکان (نوسراو، دەنگیی، وێنەیی و ڤیدیوییەکان(. (Drl,٢٠٢١).

کەواتە لە رۆژگاری ئەمرۆماندا، ئەمجۆرە دامەزاوە و دەزگا و میدیایانە لەزیادبووندان و بۆ دۆخی ئێستای میدیای کوردستانیش پێویستییەکی هەرە لەپێشن، ئەگەرچی هەوڵ لەم بوارەدا درابێت، بەڵام ئەوانە هەوڵی دامەزراوەیی نەبوون و هیچ رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی دیاریان نەبووە لەسەر ئاستی هەرێمەکە بۆ رووبەڕوبوونەوەی چەواشەکاریی.

ب/ کاراکردنی رۆڵی دامەزراوە میدیاییە سەنگینەکان:

بەدیارییکراویی (١٩٥) سەنتەر و ناوەندی دڵنیابوون لە ڕاستییەکان، یان راستاندنی هەواڵ و زانیاریی لە کۆی (٣٤١) دانە سەر بە دامەزاروەی ڕاگەیاندنەکان و (٣٧) ناوەندی سەربە گروپی قازانجنەویست، سەرنتەری توێژینەوەن و ڕێکخراوی ناحکومیی و (٢٦) دامەزراوەی ئەکادیمین، هەروەها هەندێکیان لە ئەنجامی هاوبەشیی ژمارەیەك دامەزراوە دروستبوون.

دەتوانین لە خوێندنەوەی ئەم داتایەوە ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو کە دامەزراوە و کۆمپانیا و ناوەندە میدیاییەکان کە خاوەنی پێگە و ناوبانگن لە هەرێمی کوردستان و دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر و خێرا بگێڕن بۆ بەرپەرچدانەوەی چەواشەکاران، ئەوان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەتوانن کار لەسەر ئاشکراکردنی هەواڵ و زانیارییە چەواشەکارییەکان بکەن بۆ ڕێگریکردن لە دروستکردنی رایگشتیی چەواشەکراو، هەروەها دەتوانن رۆڵی گەورە بگێڕن لە بەدیهێنانی سەقامگیریی دۆخی رۆژنامەوانیی کە پێویستییەکی هەرە گرنگی دۆخی رۆژنامەوانی کوردییە.

دەتوانین چەمکی سەقامگیریی دۆخی ڕۆژنامەوانی بەمشێوەیە شیبکەینەوە بریتییە لە پرۆسەی بەهادارکردنی کارە ڕۆژنامەوانییەکانە لەڕێگەی خستنەبەرچاوی بەهـا رۆژنامەوانییە جیهانییەکان و جیاکردنەوەی کاری رۆژنامەوانیی لە هەموو کارە ساختەکان (fake) و نوسینەوەی پێوەرەکانی سازاندن (Editorial standards)، هەروەها دەستپێشخەریی بۆ نوسینەوەی پەیماننامەی ئاکاری تایبەت بە ڕۆژنامەوانیی کوردیی (Professional Honor Charter). ئەم هەنگاوەش هاوتەریب دەکرێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاکی کوردیی لەسەر کاری رۆژنامەوانیی و سەرچاوەی زانیاریی و کارکردن بە سیستەمی پرێس ئەمبودمان٧ press ombudsman* ، بەشێوەیەک ئامانجی کۆی ئەم پرۆسانە رووبەروبونەوەی چەواشەکاران و هەواڵ و زانیارییە چەواشەکارەکان بێت.

سروشتی زۆرینەی رووداو و زانیارییەکان وایە لە یەکەم ساتی ڕوودانیان یان ئاشکرابونیان تا ئامادەکردنی وەك بابەتێکی میدیایی گونجاوبێت بۆ بڵاوکردنەوە، بەلایەنی کەمەوە چەند سەعاتێکی پێویستە و هەندێ کاتیش

---

٧ * ئەم پیشەیە لە سیستەمی میدیای وڵاتی سوید داهێنراوە و پاشان لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا کارپێکراوە ،ئەمەش بە دانانی کەسی تایبەتمەند لە ناو دامەزراوە میدیاییەکان بۆ وەگرتنی سکاڵای جەماوەر لەسەر ئەو بابەتە میدیاییەنەی مافی کەسی ئاسایی یان مەعنەویی پێشێلکردووە و، بەڵگەکانی ئەو پێشێلکاریانە لە کاتی سەلماندنیاندا دامەزراوە میدیایەکان مافەکان دەگێرنەوە.( presscouncils.eu/members-sweden, ٢٠٢٢\٥\٧)

چەند رۆژی پێدەچێت تا تەواوی وردەکاریی ئەو رووداو و زانیارییە روندەبێتەوە. ئەم ماوەیە دەبێتە کاتی ئاڵتوونیی بۆ چەواشەکاران تا یەکلابوونەوەی زانیارییە درووستەکان، بۆیە بە دەیان زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارانە لە هۆکارە میدیاییەکان بڵاودەکرێنەوە. لێرەدا رۆڵی میدیا سەرەکییەکان دەردەکەوێت کە بتوانێت چاودێریی زانیاریی بکات و بەدواداچونی بەردەوامی هەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوە، یان بەدرۆخستەوەی ئەو زانیاریانە بە بەردەوامیی. کۆکردنەوەی بەرپرسیارانەی زانیاریی، ئەرکێکی تری میدیا سەرەکییەکانە، بە چاودێریکردن و گەڕانی بەردەوام بەدوای ئەو لایەن و کەسانەی کە لەناو رووداوەکەدان، وەك سەرچاوەی یەکەم ئەژمار دەکرێن و زانیاریی ورد ئاشکرادەبێت. هەروەها پێویستە دامەزراوە میدیاییە سەنگینەکان لای خۆیانەوە و بەو رێگایانەی بەردەستن شیکردنەوەیان هەبێت بۆ لایەنە بەشداربوەکانی نێو ڕووداوەکە و ناوەڕۆکی بابەتەکە و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی پێکەوە گرێبدن، تاوەکو بتوانێت وێنەیەکی تەواوی هەواڵ و زانیارییەکە بڵاوبکاتەوە و لایەنە شاراوەکانی پشت ڕووداوەکان دەربخات. ئەم شێوازە لە کارکردن پانتایی کاری چەواشەکاران سنودار دەکات.

پەلەنەکردن لە خێرا بڵاوکردنەوە، ئەم رێوشوێنە بە مانای ئەوە نییە میدیاکان دەستپێشی رۆژنامەوانیی (السبق الصحفی)یان نەبێت، چونکە ئەوە ئامانجێکی سەرەکیی میدیاکارانە و دامەزراوە میدیاییەکان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی بە پەلە دەبن بە سەرچاوەی یەکەم لە لای جەماوەر، بەڵام خێرایی بەبێ ڕەچاوکردنی دیاردەی چەواشەکاریی کە لە قۆناخی ئێستادا بەربڵاوە، میدیا سەرەکییەکان دەخاتە هەڵەی زۆرەوە و تا ئەو رادەیەی متمانەیان کەمدەکاتەوە و پۆزشهێنانەوە زۆرتر دەکات لە زانیاریی. ئەمە بووە بە نەرێنییترین لێکەوتەی چەواشەکاریی بەسەر کاری میدیایی راستەقینەوە. بۆیە پێویستیەکی هەنوکەییە کە میدیای سەرەکیی بەوردیی سەرنجبدەن و ئاگاداربن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی چەواشەکاریی کە بە شێوازێکی سیستەماتیکیی جێبەجێدەکرێت، هاوتەریب بە کاری میدیایی سەنگین و چەواشەکاران هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی رایگشتیی پێبکەن بەئامانجی تێپەراندنی ئەجێنداکانیان هەروەک زۆر کات وەها لە میدیا سەرەکییەکان دەکەن گرنگیی زۆر بە چەواشەکارییەکانی ئەوان بدەن کە لە دەرئەنجامدا لە بەرژەوەندیی چەواشەکاران کۆتاییدێت.

لێرەدا پێویست بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێشوەختە دەکات لەلایەن دامەزراوە میدیاییە سەرەکییەکانەوە. ئەمەش بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی جەماوەر، تا رووبەڕووی ئەم گرفتە ببینەوە و شارەزابن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی پێیاندەگات. ئەمە جگە لە گرنگییدان بە دروستکردنی رۆشنبیریی بڕواپێکردنی بەمەرج، پرسیارکردن لە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی، بوونی لایەنی شاراوە لەپشت بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، ناساندنی شێوازی ڕەخنەیی لە وەرگرتنی هەواڵ و زانیارییەکان، هەروەک فێرکردنی جەماوەر بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هۆکاری پشت بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیاریانە و جیاکردنەوەی بۆچونی کەسیی و پێشبینیی و ڕا و سەرنج لەسەر هەواڵ و زانیارییەکان.

دەرئەنجامەکان:

پاش خستنەڕووی دۆخی میدیایی هەرێمی کوردستان و دیاردەی چەواشەکاریی لە کەناڵەکانی میدیای کوردیی (مشتەی توێژینەوەکە) و لەبەر رۆشنایی شیکاریی ناوەڕۆکی هەواڵەکان، توێژینەوەکە گەیشتووە بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

-چەواشەکاریی میدیایی وەک دیاردەیەکی بەربڵاوی جیهانیی، ناوەندی میدیایی کوردستانیشی گرتووەتەوە، تەنانەت ئەو دەزگایانەش کە هەڵگری دروشمی بێلایەنیی و بابەتیبوونن، نەیانتوانیوە خۆیان لەو دیاردەیە بپارێزن. سروشتی

خاوەندارێتیی کەناڵەکان، یەکێکە لە هۆکارە سەرکییەکان کە بووەتە بنەمای ستراتیژی ڕوومالکردنی ڕووداو و پێشهاتەکان، بەجۆرێک هەریەکەو بەپێی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکان چێوەسازیی دەکەن.

- لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا ڕێوشوێنی ستراتیژیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاریی میدیایی نەگیراوەتەبەر و بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە، سەرەرای ئەو هەموو گێژاوە، گرفت و ژاوەژاوی بۆ جەماوەر و میدیا و لایەن و بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم هەرێمە دروستکردووە.

- ئەو یاسا بەرکارانەی بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا بوونییان هەیە، وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی سەردەمی ئێستای بوارەکە نیین و چارەسەری کێشەکانی بواری میدیایان تێدا نییە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاوی کردارەکیی ئەوتۆی نەناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی چەواشەکاریی، لە کاتێکدا دیاردەکە کێشەی قووڵی بۆ میدیا و جەماوەر دروستکردووە و لایەنی نەرێنیی دیاردەکە ڕەنگدانەوەی بەسەر حکومەتیشدا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق مەترسیی ئەم دیاردەیەی لەبەرچاو نەگرتووە.

- دروستکردنی ناوەند و دامەزراوەی ڕاستاندنی هەواڵ و زانیارییەکان، پێویستییەکی هەنوکەیی دۆخی میدیایە لە هەرێمی کوردستان. لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا میدیا و میدیاکاران ئەمەیان وەك نەخشەڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاریی میدیایی بەکارهێناوە و توانیویانە دیاردەکەی پێ سنورداربکەن.

- دامەزراوە، کۆمپانیا و ناوەندە میدیاییە سەرەکییەکان لە هەرێمی کرودستاندا بە ستراتیژێکی بەرنامە بۆ دارێژراو هەنگاوی گەورە و سەرەکییان نەناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی چەواشەکاریی میدیایی، بەڵکو هەندێک کات بەمەبەست بێت یان بەبێ مەبەست، بەشدارن لە چەواشەکاریی یان خزمەتکردن بە چەواشەکاران.

راسپاردە و پێشنیار:

| Obs*R-squared | 1.541064 | Prob. Chi-Square(2) | 0.4628 |

Test Equation:
Dependent Variable: RESID

## Breusch-Pagan Godfrey Heteroskedasticity

Method: ARDL
Date: 07/24/22 Time: 14:36
Sample: 2005 2019
Included observations: 15
No d.f. adjustment for standard errors & covariance
Presample missing value lagged residuals set to zero.

| Variable | Coefficient | Std. Error | t-Statistic | Prob. |
|---|---|---|---|---|
| LGDP(-1) | 0.013241 | 0.104827 | 0.126316 | 0.9023 |
| LFDI(-1) | 0.001866 | 0.055105 | 0.033865 | 0.9737 |
| LNI(-1) | -0.007448 | 0.031668 | -0.235202 | 0.8193 |
| C | -0.199415 | 1.575861 | -0.126544 | 0.9021 |
| RESID(-1) | 0.323069 | 0.274167 | 1.178367 | 0.2689 |
| RESID(-2) | -0.204385 | 0.407690 | -0.501325 | 0.6282 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| R-squared | 0.102738 | Mean dependent var | -1.06E-15 |
| Adjusted R-squared | -0.395742 | S.D. dependent var | 0.045385 |
| S.E. of regression | 0.053619 | Akaike info criterion | -2.724648 |
| Sum squared resid | 0.025875 | Schwarz criterion | -2.441428 |
| Log likelihood | 26.43486 | Hannan-Quinn criter. | -2.727665 |
| F-statistic | 0.206102 | Durbin-Watson stat | 1.761092 |
| Prob(F-statistic) | 0.951622 | | |

Heteroskedasticity Test: Breusch-Pagan-Godfrey
Null hypothesis: Homoskedasticity

| | | | |
|---|---|---|---|
| F-statistic | 0.074866 | Prob. F(3,11) | 0.9723 |
| Obs*R-squared | 0.300141 | Prob. Chi-Square(3) | 0.9600 |
| Scaled explained SS | 0.097691 | Prob. Chi-Square(3) | 0.9921 |

Test Equation:
Dependent Variable: RESID^2
Method: Least Squares
Date: 07/24/22 Time: 14:37
Sample: 2005 2019
Included observations: 15
Huber-White (HC0) heteroskedasticity consistent standard errors and covariance
No d.f. adjustment for standard errors & covariance

| Variable | Coefficient | Std. Error | t-Statistic | Prob. |
|---|---|---|---|---|
| C | 0.020457 | 0.058440 | 0.350058 | 0.7329 |
| LGDP(-1) | -4.62E-05 | 0.002909 | -0.015892 | 0.9876 |
| LFDI(-1) | -0.001018 | 0.001690 | -0.602386 | 0.5591 |
| LNI(-1) | 0.000272 | 0.001404 | 0.193523 | 0.8501 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| R-squared | 0.020009 | Mean dependent var | 0.001923 |
| Adjusted R-squared | -0.247261 | S.D. dependent var | 0.002189 |
| S.E. of regression | 0.002445 | Akaike info criterion | -8.966227 |
| Sum squared resid | 6.58E-05 | Schwarz criterion | -8.777414 |
| Log likelihood | 71.24670 | Hannan-Quinn criter. | -8.968238 |
| F-statistic | 0.074866 | Durbin-Watson stat | 2.032764 |
| Prob(F-statistic) | 0.972255 | | |

## Ramsey Test

Ramsey RESET Test
Equation: UNTITLED
Omitted Variables: Squares of fitted values
Specification: LGDP LGDP(-1) LFDI(-1) LFDI(-2) LNI(-1) C

| | Value | df | Probability |
|---|---|---|---|
| t-statistic | 1.741157 | 8 | 0.1198 |
| F-statistic | 3.031628 | (1, 8) | 0.1198 |
| Likelihood ratio | 4.498548 | 1 | 0.0339 |

F-test summary:

| | Sum of Sq. | df | Mean Squares |
|---|---|---|---|
| Test SSR | 0.005441 | 1 | 0.005441 |
| Restricted SSR | 0.019799 | 9 | 0.002200 |
| Unrestricted SSR | 0.014358 | 8 | 0.001795 |

LR test summary:

| | Value |
|---|---|
| Restricted LogL | 26.06322 |
| Unrestricted LogL | 28.31249 |

Unrestricted Test Equation:
Dependent Variable: LGDP
Method: Least Squares
Date: 07/24/22 Time: 14:39
Sample: 2006 2019
Included observations: 14
Huber-White (HC0) heteroskedasticity consistent standard errors and covariance
No d.f. adjustment for standard errors & covariance

| Variable | Coefficient | Std. Error | t-Statistic | Prob. |
|---|---|---|---|---|
| LGDP(-1) | 22.22388 | 9.047460 | 2.456367 | 0.0395 |
| LFDI(-1) | 1.441952 | 0.576846 | 2.499719 | 0.0370 |
| LFDI(-2) | -1.845562 | 0.739748 | -2.494853 | 0.0372 |
| LNI(-1) | 0.686375 | 0.284581 | 2.411879 | 0.0424 |
| C | -229.0637 | 98.52895 | -2.324836 | 0.0486 |
| FITTED^2 | -0.488727 | 0.207004 | -2.360956 | 0.0459 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| R-squared | 0.985821 | Mean dependent var | 25.60187 |
| Adjusted R-squared | 0.976959 | S.D. dependent var | 0.279093 |
| S.E. of regression | 0.042364 | Akaike info criterion | -3.187499 |
| Sum squared resid | 0.014358 | Schwarz criterion | -2.913617 |
| Log likelihood | 28.31249 | Hannan-Quinn criter. | -3.212852 |
| F-statistic | 111.2429 | Durbin-Watson stat | 2.025434 |
| Prob(F-statistic) | 0.000000 | Wald F-statistic | 217.1299 |
| Prob(Wald F-statistic) | 0.000000 | | |

**CUSUM test**




**CUSUM Squared test**



## پاشکۆی تایبەت بە:

## گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتییجیی

**بۆ:**

**-رێنووسی کوردیی**

**-رێنمایی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان بە پێی ستاندەردی گۆڤاری کوردستانیی و ستاندەردی هارڤەرد**

**-پرۆسەی هەڵسەنگاندن**

# ڕێنووسی دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجیی

توێژەر و هەڵسەنگێنەر دەتوانن سوود لەم کورتە ڕێنماییانە وەربگرن بۆ، ڕێنووسی کوردیی:
یەکەم:
زمانی کوردیی وەک چۆن دەوترێت ئاوەهایش دەنووسرێت، مەگەر لەو وشانەدا کە گۆڕانکاریی دەنگییان تێدایە، دواتر باسیان دەکەین.

پیتی (و):

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیی دا بەم شێوانەی خوارەوە دەنووسرێت:

یەکەم- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت: هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەستپێبکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: ورد، وتی، وس، وریا، ورە، وزە، واژە، وژە، ورتە، ون، وەچە، ورچ، وشە، وەرد، وێنە، وتە، وڕێنە، ورشە، وێنا، وتار، وێزە، وڵاخڵوو، وڵاخ، وێنجە، وجوو، وازیی، وارماوە، کون، کورکە، هتد..

هەندیکجار لە ناوەڕاستدا بە «و» دێت:

کونە، کولانە، بوخچە، بوێر، بلوێر، دوێنێ، گول، گوڵ، کول، کوڵ، کوڕ، کورد، کورت، کوشت،گوند، گورگ، کوردستان، نەوت، هوشیار، نوێژ، ڕەوت، سرەوت، پێشکەوت، گورج، گوم، روبار، هەور، هونەر، خونچە، قوڕگ، قول، قولاپ، قوڕ، تەور، مەوج (جۆرێکە لە پۆشەر)، هەوێن، نەویی، مراویی، کەوڵ، کوز، خاوس، ئاوس، شەونم، گوش، هوشیار، گوریس، زویر، نەوزاد، نوێن، نەوشیروان، نەوبەهار، هتد..

دووەم: پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ:
بۆ نموونە: سوور، چوو، چوون، خوو، بوون، نەبوونیی، توون، توو، دوو، شوو، مێژوو، مردوو، مووچە، باکوور، باشوور، سەروو، وەکوو، خواروو،قووڵ،لوول، کووپە، ڕەژوو، بێزوو، تەزوو، دەزوو، دەروو، درووست، نووستوو، بەستوو، بێزوو، سوود، زوو، بازوو، رووت، بزووت، سوو، برزوو، مێروو، سرووشت، بزووت، بزووتنەوە، جووڵانەوە، پرووشە، کوولەکە، توولە، تووتکە، هەژوو، ئاڵوو، پەموو، پووز، ئابووریی، تەندرووستیی، شارەزوور، تینوو، کەرکووک، رووسیا، رووس، سووریا، ئەورووپا، گوو، قەرەبوو، مێروولە، جوو، بوو، بنوو، لووت، موو، روو، ماندوو، پاروو، سروود، پەردوو، کەوتوو، نۆردوو، کەنوو، کەڕوو، نووسین، جووین، فوو، دوور، دووز، بەڕوو، پووش، لووش، رووش، لوورە، توورە، کووڕ، توور، کووزەڵە، کەرەووز، پووچ، قووچ، قاژوو، شووڵک، قووچەک، شووتیی، ڕووداو، بووران، ببوورە، سوورێژە، سووتماک،

سـووتا، سـوور، سـووراو، لـوو، بانـوو، ڕەنـوو، تەنـوور، هتـد..
- هـەر «و» ێـک دوا پیتـی وشـەیەک بێـت و بـە دوای «ا» ،»ی»، «ێ» هاتبێـت، بـە یـەک»و» دەنووسرێـت و، ئەوانـی تـر هەموویـان «وو» دەبـن. وەک لـەو نموونـە زۆرانـەی پێشـوودا (لـە زایەڵـەی ٢) هاتـوون.

بڕوا، دوا، لـوا، داو، بـاو، ڕاو، جـاو، خـاو، گەنـاو، نیـو، پیـو، وەریـو، باریو،ترپیـو، شـیو، گەنیـو، سـێو، دێـو، بزێـو، جنێـو، لێـو، هتـد..

- پیتی (ۆ)ی کراوە:

بـۆ نموونـە: دۆڵ، گـۆڕ، نـۆ. درۆ، بـرۆ، مجـرۆ، دۆڕاو، کـۆ، لاوکـۆ، زۆزک، ئاسـۆس، پـۆزش، دڕدۆنـگ، بالـۆرە، بەسـتۆرە، قۆریـی، تۆبـەکار، مامۆسـتا، مـۆخ، ریپـۆق، بـۆق، تلـۆق، شـلۆق، دۆخ، گـرۆ، مـەردۆخ، شـارۆچکە، بـۆز، دۆز، کـۆزی کارەگـەل، شـەپۆڕ، بۆیـاخ، بۆشـناخ، هتـد..

- پیتـی (و) وەک ئامـرازی پێوەندیـی دەبێـت بـە سـەربەخۆیانە و بەبـێ لکانـدن لـە نێـوان دوو وشـەکەدا بێـت، نابێـت بـە دوا یـان بـە پێـش هییـچ وشـەیەکەوە بلکێنرێـت:

کـوڕ و کـچ، ژن و مـاڵ، دڵ و گـوڵ، شـار و دێهـات. قـاچ و قـول، کـەوش و کڵاش، ڕەش و سـپیی، مـن و تـۆ، ئـارەزوو و وریـا، پییـس و پۆخـڵ، پیسـکە و ڕەزییـل، زرت و زیـت، وت و وریـا، سـەیر و سـەمەرە، کـەڕ و کوێر،خـاک و خـۆڵ، هەڵبـەز و دابـەز. شـۆخ و شـەنگ، خـوار و ژوور، خێـر و شـەڕ، خـاو و خلیچک، چرچ و لۆچ

نە لە شار و نە لە دێ : نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس!

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی خاک و خۆڵ
هەتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عوبوور

شەوی هیجرەت کە ئەعدا زۆری هێنا، مشتە خاکێ بوو
پیا چەندن، دەبەنگ و کوێر و کەڕ مان ئەو لەعینانە

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تا کەنگێ دەبی وا بێ هەست و دەنگ دیلی،
ژێر دەستی، ئەسیری، تا کەی؟

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگەی
کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و، خێر و شەڕ دەکا؟!

بەڵام هەندێک وشە هەن کە بوون بە زاراوە، یان بەیەکەوە دەلالەتێکیان هەیە دەکرێت بەیەکەوە بە جووتی بەکاربهێنرێن کە بوون بە زاراوەی مانادار، وەک:

مشتومڕ، گورجوگۆڵ، توندوتۆڵ، سەروبەر، کاروبار، تارومار، کردوکۆش، دەنگوباس، ئەلفوبێ، هاتوچۆ، دەموچاو، چرۆچاو، سەروپێ(سەروپێخانە)، مەڕومالآت، پۆشتەوپەرداخ، قاچوقووچ،

چون چرۆچاوی نیشتمان
هەوا گرژە و... گەڕەک مۆنە و
چەند «هەزار»ێکی چرچ و لۆچ
لە گیرفانی پانتۆڵێکی غەمگینمایە و
ئەڵێی پشیلەی بەرگەرمای بێتاقەتم
خاو و خلیچک
لە ماڵەوە ئەچمە دەرێ.

- یەکێک لەو هەڵە گەورانەی کە لەلای هەندێک کەس و دەستگای چاپەمەنییەکانەوە دەکرێن، لاساییکردنەوەی نووسینی زمانی عەرەبییە بە لکانی «و» بە وشەی پێش خۆی یان دوای خۆیەوە، بە پاساوی بەردەوامیی هەبوون لە رستەکەدا، وەک ئەم نموونانە کە لە مەتنی نووسینی توێژەرەکانەوە دەرمهێناون:

من وئازاد چووین بۆ بازاڕ(وئازاد؟)
خواستو پیداوێستییەکان، یان خواست وپێداویستییەکان (خواستو؟ وپێداویستییەکان؟)

رۆژگارو سەردەمێکی جیاواز دەگوزەرێت(رۆژگارو؟)
لە پارو بەشەکانی تری کتێبەکەدا (پارو؟)
ئەم چەواشەکارییە سنوورو کاتی بۆ نییە(سنوورو؟)
پەیوەست بە ئازادو نائازادەوە (ئازادو؟)
کۆمەڵێک یاسای دیاریکراوی هەیەو بنەمای دیاریکراوی هەیە (هەیەو؟)
بە هاتنە ئارای سۆشیاڵ میدیاو دۆخی کاری میدیایی (میدیاو؟)
رێکارەکانی خستنەکارو پەرەپێدانی (خستنەکارو؟)
بە هەزاران رستەی بێمانا و نابەجێی تر، کە توێژینەوەی پێ نووسراونەتەوە و مایەی تێگەیشتن نیین!

ئەگەر بڕوانیت، ئەو وشانەی کە «و» چووەتە سەریان لە بەردەمەوە یان لە دوایانەوە، پێکهاتەی وشەکە گۆڕاوە و بووە بە وشەیەکی تر کە هیچ مانایەکی نییە، رەنگە هەندێکجار وشەیەکی تری مانا جیاوازیش دروستبکات:
رۆژگارو چییە؟سنوورو چییە؟ یان پارو چییە؟ هەندێک کەس رەنگە بە تییکەی نان و بابۆڵە تێیبگات (هەرچەند پاروو بە «وو» دەنووسرێت).

ئەم تەرزە نووسینە لە تێکدانی زمان زیاتر هیچی تر نییە، کە بارگرانیی و ناڕوونییەک درووست دەکەن بۆ نووسین کە لە سرووشتی زمانی کوردیی دوورە، ئەوە لەگەل سرووشتی خوێندنەوەی زمانی عەرەبیی راستە کە ئەو هەموو نیشانەی خوێندنەوەیەیان داناوە لەسەر وشەکان و ئەو لکاندنی «و» بە وشەکانی دوای خۆیانەوە تەواوکەری خوێندنەوەکەیە لە نووسیندا رەچاویانکردووە، بەڵام سەیری زمانی ئینگلیزیی بکە هیچ وشەیەکی یارییدەدەر نالکێنرێت بە وشەکانەوە (and , with, by, at , on, in, under, above, etc)

زایەڵەی داهاتوو باس لە هەندێ ئامڕازی پێوەندیی دەکەین کە بە ناهەق لکێنراون و، ئامڕازەکان کەسێتیی خۆیان ونکردووە بەدەست ئەمجۆرە بۆچوونە هەڵەیەوە!

ئەو کەتنەی بەسەر رێنووسی کوردیی دا هێنراوە،نەک هەر «و“ دەلکێنن بە وشەی پێش یان پاش خۆیەوە، بەڵکو هەموو ئامڕازە یارییدەدەرەکانی تریش دەلکێنن بە وشەکانەوە، کە لە هیچ زمانێکی تردا ئەمە نییە!! وەک (بە، بەو، لە، کە، هتد)
نموونە بۆ ئەم هەڵە لکاندنانە: بەشێوەیەک، لەیەکتر، لەدوور، لەبەرزیی، بەوناوە، بەگەنجیی، بەپەلە، بەبا، بەوجارە، بەوناوەختە، بەناوی، بەیەکسانیی، بەخەیاڵی، بەوپێیە، بەومانایەی، کەزانیم، کەوەستام، لەناکەس، کەبەم

بەڵام كورد هەندێک لەم ئامرازانەی لكاندووە بە وشەوە، ئاوەڵناو بێت یان ئاوەڵفرمان و وشەیەكی لێكدراوی لێ پێكهێناوە هەتا ببێت بە زاراوەیەک، یان وشەیەكی سەربەخۆ لە مانادا.
بەڵام وشەی لێكدراوم نەبیستووە "كە" درووستیكردبێت، بە گوێرەی "بەو" تەنها "بەوپەڕیی" و"بەوناوەدا-بۆ شوێن"م بیستووە، بەڵام بڵێیت «بەو ناوەوە ئەو ناناسم» دەبێت «بە» بە جیا لە «ناوەوە» بنووسرێت چونكە «ناو» مانای تەواوی خۆی دەگەیەنێت بە بێ «بەو"!

وەک: بەڕێز، بەسەر، لەسەر، لەوساوە، لەناكاو، لەكۆڵبوونەوە، لەناو، كەوابوو، كەچیی، كەواتە، لەبەرئەوە، لێرە (لە ئێرە)، لەوێ (لە ئەوێ)، بەجارێ (بە مانای هەمووی)، بەكۆ (فرۆشتن بەتاک و بەكۆ)، بەخێرایی، بەپەلە، لەناكاو، هتد

بەڵام لە باری تردا كە وەک یاریدەدری تەواوكردنی رستە و مانا بەكاربهێنرێت، وەک پێكەوەبەستنی دوو كورتە رستە، دەبێت بە جیا لە وشەكەی دوای خۆی بنووسرێت. ئەوەی پێی دەوترێت خاڵبەندیی، ئەم كێشانەی چارەسەر دەكەن و هەناسەسواریی ئاخاوتن یان خوێندنەوە ناهێڵن.

وەک: بڵێن بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتوو بی خودا.،. (بە)
كە رابوردی بە ئەسپایی، لەسەر ئەم گۆڕە پێ دانێ

كە مەهتابێكی تێدایە، مەگەر ئەو خوایە بیزانێ (كە، بە)
بڵێن بەو یارە وەفادارە، كە چاوی لە رێمە.،.، (كە)

لە ناكەس كاریا خاكم بەسەر رۆیی بە با عومرم.،. (لە، بە)
بە پارێک نامەوێ دەرمان، لە نەشئەی چاوییە عیللەت

بە پوولێک ناكڕم عەنبەر، لەگەڵ زوڵفی ئەوە سەودا (بە، لە، بە)
لە یەكەم ساتەوە زانییم، لە كێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە حەسرەتە یاقووت (لە، لە، لە)

لە دەوری دووریا پەستم دەروون پڕ دەرد و زوخاوم.،. (لە، و)
رۆژی ئەووەڵ بوو كە زانیم من دەبێ دێوانە بم.،. (كە)

پەروانە نیم كە عاشقی شـــــەمعی كوژاوە بم،
تا كەی غەم هەڵكێشی وان بم، چاو بە گریە و گریانم (كە، بە «و»)

ڕەقیب دەرکە، ئەم بەردەرکە پاکە پیس ئەکا، فەرمووی:
کە بەم بەر قاپییە لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا! (کە)
-----------------

سێیەم
کێشەی گەورەی کورد لە نووسینی دەنگی (ی) دایە لە بەکارهێنانی (ی،یـ، ییـ، یی) دایە کە تەنها یەک تەرزی ڕێنووس بەکاردێنن کە یەک (ی) بۆ هەموو دەنگێکی (ی). واتە؛

١.بۆ دەنگی (ی) کورت و دەنگی (یی) درێژ هەمان شت بەکاردێنن.
٢.بۆ (ی) ئیزافە، ئامڕازی پێوەندیی و بۆ (ی) ناو یان ئاوڵناو هەر یەک (ی) بەکاردێنن کە هەڵەی مانایی و ستراکچەری وشەکان تێکدەدەن. بۆیە دەبێت بە پێی کورتیی و درێژیی دەنگەکە، یان بە پێی فەنکشنی وشەکە بنووسرێت.

با ئەمانە یەکە یەکە ڕوون بکەینەوە:

١.یەک (یـ) لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا:

*یەم – نایەم ( بە زاری سۆرانیی- لە شاری سلێمانی واتە «دێم»)

کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟
کچ: نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!

*یەم وەک دەریا بەکارهاتووە لە ئەدەبیاتی کوردیی دا:
غەم وەکوو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا
ئاوی هائیلزایە کەشتی کەوتمە حاڵی حەلوەلا

*یەک یان یەکەم بۆ نووسینی ژمارەی «١»، یان یانزە بۆ نووسینی ژمارە «١١“
*یار ، یارۆ، یاوەر، یاریی، یاخیی، یاخوا، یەخچاڵ، یاد، یاقووت، یاسا، یەسنا، یەخسییر، یەخە، یەڵدا، یەکانە، یاقووت، یانە،

یار یار شیریین لەنجەولار

بڵێین بە یار بڵێین بە یار
یاری نازدار سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار

چونکە لوتفی حەق یاوەرم نەبوو
بە تەرەقی خۆم باوەڕم نەبوو

*وشە و ناوی زمانەکانی تر کە بەرێنووسی کوردیی دەنووسرێن، وەک :یاسین، یەزیید، یەعقووب، یوسف، یونس،

-نووسینی (یـ ، ییـ ) لە ناوەڕاستی وشە:
لە سرووشتی زمانی کوردیی، دەنگی (ی) لە ناوەڕاستدا، زۆربەیجار درێژە و کەم حاڵەت هەیە کە کورت بیت :
کورتەکان: ئەو کاتانەن کە بەدوایدا بزوینەکان دێن:
وەک:
دیوار،   دیار، بە دوایدا، بە روویدا، میوان، هەیوان، سەیوان، سەیران، هەینیی، سەیر، قەیرە، تەیناڵ، پەییەر، جەیران (ئاسک)، حەیران، فەقێ تەیران، ریش، مەیباز

دیارم دەیری عیشقە جێ بەسووتن بێ لەوێ دەگرم
ئەمن مشتێ چڵ و چێوم بە چیی بم کەڵکی کێ دەگرم

سەرت پێ لازمە، مەیبازە مەحوی
دەبێ دولبەر کەهات ئێمە بەسەر چین

- یەک (ی) لە زمانی کوردیی دا، وەک ئامرازی پێوەندیی بەم شێوەی خوارەوەیە:
پیتی (ی) ئامرازی پەیوەندیی، واتە تەواوکردنی مانای وشەکە بە پێدانی خاوەندارێت بۆ ئاوەڵناوێک پێویستی بە (ی) ئیزافە (خستنەسەر) هەیە:
بۆ نموونە: نیشتمانی کورد، دەستەی کورد، گۆڤاری گەلاوێژ، مامۆستای وانەبێژ، ئازادی رۆح، رەوشی سیاسیی، کەڵکەڵەی گەنج، کانی پانکە، کانی سپییکە، قەڵای دمدم، شاخی گوێژە، روباری ئەڵوەن، چەمی تانجەرۆ، دەشتی شارەزوور، پەڵەی هەور، بارانی پاییز
*

ئەی لاوی کورد! کوڕی ئازا:
دانانەوێنێ بۆ قەزا:
بۆ زوڵم و زۆر، ملی ڕەزا!

(لاوی کورد (ی) بۆ خاوەندارێتیی لاو، یان بۆ دیارییکردنی چ لاوێک)
( کوڕی ئازا، (ی) بۆ ئاوەڵناوێک کە چۆن کوڕێک؟ وەڵامەکەی کوڕی ئازا)
*دەوترێت:
ئازادی رۆح (واتە مەبەستت لە کەسێکە کە ناوی ئازادە و وەسفی ئەو لای تۆ رۆحە لە خۆشەیستییدا)

*ئاوەڵناوێک دەدرێتە پاڵ ناوێکی تر و پێکەوە دەکرێن بە ناوی شوێنێک:
کانی پانکە (کانییەکەی پان لەو گوندە هەیە و ناوی گوندەکەی پێنراوە)
شاخی گوێژە (شاخێکە و داری گوێژی زۆری هەبووە و ناوی شاخەکەی پێ جیاکراوەتەوە لە شاخەکانی تری دەوروبەری)
چەمی تانجەرۆ (چەم زۆر هەبووە لەو ناوەدا و ئەو چەمەیان بە ناوی تانجەرۆ ناساندووە کە جیابکرێتەوە لە چەمەکانی تر)

٢.وەک دەنگ: دوو (یی) بۆ هەموو دەنگێک کە درێژببێتەوە ئیتر لە هەر کوێیەکی رستەدا بێت:
بۆ نموونە: چیی، بۆچیی، زەویی، جوانیی، خۆشەویستیی، کوردیی، جیهانیی، تەندرووستیی، ئابووریی، نیشتمانیی، مزگێنیی، برایەتیی، بەرایی، کۆتایی، سیاسیی، پارتایەتیی، حزبایەتیی، دیموکراسێتیی، کوردایەتیی، رەسەنایەتیی، خوێشایەتیی، پارتیی، مەردیی، سپێتیی، برسێتیی، تینووێتیی، دڵداریی، هوشیاریی، رزگاریی، ئازادیی، بەختیاریی، سەروەریی، نەگبەتیی، نەهامەتیی، نەداریی، بێ دڵیی. دڵگەرمیی، پەرۆشیی، گشتگیير، هەوییر، ئاگریین. نەزانیین، بریین. ئەوییین، پاییز، رێنمایی، برسیی، کەشتیی، پەستیی، هەستیی، وردیی، رازیی، وازیی، شیاویی، نەداریی، ورایی، بێزاریی، قوڕەکاریی، کرێکاریی، شۆفێریی، تایبەتیی، ئاسنگەریی، نانەوایی، جۆماڵیی، وەرزێریی، ئەندازیاریی، کشتوکاڵیی، بازرگانیی، مزگەریی، گاوانیی، شوانیی، مناڵیی، گەنجیی، تووڕەیی، رووخۆشیی، جەنجاڵیی، شارەزایی، پاتاڵیی، دەستبەتاڵیی، شەرمەزاریی، بوێریی، ئاسوودەیی، راستیی، درووستیی،

لە نووسینی نەسەب بۆ شوێن و تیرە و نازناو بە دوو (یی) دەنووسرێت:
هەڵەبجەیی، هەولێریی، ئابڵاخیی، ئێرانیی, هەمەوەندیی، گەردیی، شارەزووریی، کوردستانیی، هەولێریی، سابڵاخیی، عەربەتیی، کەرکووکیی، پشدەرایەتیی، هەکاریی، خۆشناوەتیی، شارەزووریی، چەمچەماڵیی، پێنجوێنیی، بەرزنجیی، هەمەوەندیی، هەورامیی، مەردۆخیی، عازەبانیی، زەنگەنەیی، کافرۆشیی، قاجاریی، گەردیی، بزەینیی، مەلایی، جەلالیی، سەلەفیی، زەردەشتیی، کاکەیی، یەزییدیی.

- بەکارهێنانی (یی) بۆ دەنگە درێژەکانی (ی)
پییس، پییر، رییز، پاییز، ئازییز، بارییـن، ناڵییـن، خییش، مییز، دییزە، پییزە، ئامییـن، دارییـن، پەرژییـن، رووگییر، پەڕگییر، جێگییر، کەوگییر،زییـن، ناوییـن، ئاوییـن، بەرییـن، ئاویین، دارییـن، کییژ، سیی، دییو، زییو، پییو،

نیو، کوڵیو، تڕیو، قیژە، قیڕە، قڕیوە، قایم، قایل، قایش، تاین، شیو، شیر، گەنیو، پەڕیو، تەنیو، جەڕیو، زاین، زەڕین، پژمین،

هەرچیی ئەو ناوانەی کە بە دوو (یی) کۆتاییان دێت، کاتێک دەناسێنرێن، پیتی (ە) ی دەچێتەسەر و هەر بە دوو (یی) دەمێننەوە، یان ئەگەر ئاوەڵفرمانی لێ درووستبکرێت هەر بە دوو (یی) دەمێننەوە: وەک: نییە، چییە، دیارییەکە، زەوییەکە، پیاوە شارەزوورییەکە، زەوییە کشتوکاڵییەکە، بە رووخۆشییەوە، لەو جەنجاڵییەدا چیی بکەم، بە بوێرییەوە بچۆ بە دەمیەوە، بە وریاییەوە وەرە و بچۆ، ئەرێ ئەم قوڕەکارییە نەبڕایەوە، ماڵمان لە گەڕەکی رزگارییە، حەزم لە ئازادییە، ئەمە بۆ خۆی نەگبەتییە.

چوارەم: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە سەرەتای وشە بە (ر) دەنووسرێت و لە ناوەڕاست و کۆتایی بە (ڕ) دەنووسرێت:

وەک: رزگار، رۆژگار، راو، رێبوار، راژە، رابوون، رەوت، رییز، رەوش، رێنمایی،

بڕیار، گوڕ، دڕاو

گڕ، جەرگبڕ، قڕەقڕ

چوارەم: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. لەم دواییانەدا ئەم دەنگە لە سەرەتاشدا نیشانەی حەوتەکەی خراوەتەسەر بەبێ ئەوەی پێویست بێت، چونکە ئەم نیشانەیە خۆی بۆ جیاکردنەوەی دوو خوێندنەوەی دەنگەکەیە بە ئاسانیی یان بە گرانیی. بۆیە، لە سرووشتی ئاخاوتنی ئەم دەنگەدا لە زمانی کوردیی دا، لە سەرەتای هەر وشەیەکدا خۆی بە گران (قەڵەو) دەخوێنرێتەوە، ئیتر هیچ پێویست بە هەبوونی ئەو نیشانەیە ناکات کە وشەکەی ناشرین کردووە. هەندێک پاساوی ئەوەیانە ئەوە دوو دەنگە (فۆنیمە) و پێویستە وێنەکەیان وەک خۆیان بنووسرێت، نەخێر دوو دەنگ نییە بەڵکو دووبارەبوونەوەی ئەو دەنگەیە لەسەر یەکتریی و بە قەڵەو دەخوێندرێتەوە. پاساوێکی تریشم بیستووە کە منداڵ لە سەرەتای فێربوونی نووسیندا پێویستی بەو نیشانەیە هەیە بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی مەنهەجییە کە منداڵ بەرە بەرە فێری ئاخاوتنی دەنگی وشەکان دەبێت لە گوێگرتنەوە لە زاری گەورەکانەوە نەک لە کتێب یان لە نووسینەوە!

بۆیە، ئەم پیتە لە سەرەتای وشە بە (ر) دەنووسرێت چونکە دەنگەکەی بە قەلەو دەخوێندرێتەوە و لە ناوەڕاست و کۆتایی بە (ر) یان (ڕ) دەنووسرێت بە پێی وشەکە:

وەک لە سەرەتادا بە (ر): رزگار، راز، رۆژگار، راو، رێبوار، راژە، رابوون، رەوت، رییز، رەوش، رێنمایی، رەگ، ریشە، ران، رێویی، رەوشت، رەوش، رێگا، رۆژ، رشێنە، رەش، رەوت،راخەر، رست، راست، رێنوێن، رەنوو، رەشەبا، راپەڕین، رادەست، رەهێڵ، روو، رێناس، رەچەلەک، راچەڵەکین، رمبازیی، راژان، رەوشەن، رۆشن، رێنوار، رێبەندان، رێزان، رانان، رەز، رشک، رەشکە، رەژوو، روبەهەنار،

لـە ناوەڕاسـت و لـە کۆتاییـدا بـە (ر) وەک: بریـا، فریشـتە، کرۆشـتن، مریشـک، گوریـس، کـردن، مـەرگ، گرمە،سـەرە،تەرە، سـەر، ورگ، گـورگ، دار، دوور، بـەران، بـەر، سـەیران، سـەیر، کـەر، تەرییـو، خـار، تێـر، بێـر، خێـر، نێـر، پێـرێ، پییـر، بییـر، مییـر، ژێـر، زەنوێـر، مـر، گـر، گییـر، فـۆرم، جـۆر، خـۆر، کـورد، شـۆرد، سـوێر، کوێـر، ورد، وردەواڵـە، دەوریـی، سروود، سـەروو، خـواروو، باکـوور، باشـوور، بـەرکاو، سـەرکاو، دراو، دروێنـە، تـەور، بـەور، قەبـر، قـەور، هـۆرە، مـۆر، لـوورە، زرنـگ، درەنـگ، برینـگ، بـاران، جـاران، جـار، بـەران، پـەردوو، هەنـار، کـوورە، نالەبـار، لەبـار، دووریـیـن، دووراو

کوورەی جەهەنەم هاتە جۆش و ئاو
زوو حازرکرا بۆ مەلای بەدناو
شێخ محمدی حیلمیی

لـە ناوەڕاسـت و لـە کۆتاییـدا بـە (ڕ): بڕیـار، گـوڕ، دڕاو، شـۆڕش، دارمـان، گۆڕەوشـار، ڕرمـە، تـڕ، کـڕ، قـڕ، مـڕ، دڕ، زڕ، گڕ،پـەڕ، فیڕنەگولـە، بڕبـڕە، بـۆڕە، قـۆڕە، تـووڕە، قـاڕە، بـاڕە، جەڕییـو، دڕ، جەرگبـڕ، قڕەقـڕ، کـەڕ، تـەڕ، مـەڕ، لـەڕ، هـۆڕ، گـەوڕ، پـڕ، وەڕییـن، سـەگوەڕ، پێـڕ، تێـڕ، تێـڕە، هـووڕە، زڕە، زڕ، گـوڕ، هـاڕە، گاڕان، خسـتنەڕوو، بـەڕوو، کەڕوو،شـەڕ، کـووڕ، شـۆڕ، دێـڕ، گێـڕ

ئەو وەختە زانام بەختەکەم شەڕ بی
عێلەکەم هامسای عێل سەگوەڕ بی
(شەڕ،سەگوەڕ) مەولەوی

لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ
ئەگەر کووڕە و وەگەر گۆجە و شەل و گێڕ

بەژن باریک و شووش و شۆڕەلاوە
ئەگەر پیرێکی خوێنتاڵە و ورگ تێڕ

پێنجەم: وشەی ئاوێتە چ ناو بێت یان زاراوە، دەبێت بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە بنووسرێن. وەک:
ناو: چەمچەماڵ، بێکەس، دڵشاد، بێخاڵ، ناڵپارێز، کانیکەوە.
زاراوە: ڕێنـووس، ڕێپێـوان. دەسـتبەجێ. جێبەجـێ. نیشـتمانپەروەر. دەسـتنووس. راسـتەوخۆ. یەکشـەوە (مانگـی یەکشـەوە).
شەشەم: وشەی جگە کوردیی، کە لە نووسینی کوردیی دا دێت، بە ڕێنووسی کوردیی دەنووسرێت.
وەک:عێراق: قەڵەم، ئیحسان، رۆبسۆن، شانزلیزێ، عوسبەتول ئومەم.

حەوتەم: جێناوی نیشانەی وەک: ئەم.

ئەگـەر ئاوەڵـکاری (کات- یـان- شـوێن)بە دوای (ئـەم) دا هـات، بەیەکـەوە دەلکێنرێـن و دەبـن بـە یـەک وشــەی ســەربەخۆ.

وەک؛ ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ، ئەمجارە, ئەمبەر و ئەوبەر، ئەمێ.

هەشتەم: نیشـانەکانی نەنـاسراوی وەک (..یـەک.. ێـک.. هـک) بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەچنـە سـەر وشـەکانی پێـش خۆیان:

١- ئەگـەر وشـەکان بـە پیتـە بزوێنەکانـی (ا، ی، ە، ێ) تـەواو بووبـن، ئـەوا نیشـانەی (..یەک)یـان دەخرێتەپـاڵ

وەک: چیـا: چیایەک.

زەویی: زەوییەک.

دێ: دێیەک.

٢- ئەگـەر وشـەکان بـە پیتـە بزوێنـی (وو)، یـان هـەر پیتێکـی دەنگـدار (نەبزوێـن: کۆنسـۆنانت) تەواوبـوون، ئـەوا نیشـانەی (یـەک) دەچێتـە سـەر. وەک:

خانوو: خانوویەک.

گوند: گوندێک

ژن: ژنێک:

٣.(..ەک) وەک بەرزەک، زۆڵەک، دەڵەک،

نۆیەم: پاشگری (دا):

ئەگـەر بـەدوای فرمانـدا هـات ئـەوا پیوەیدەلکێـت و، ئەگـەر بـە تەنهـا دوای نـاودا هـات ئـەوا بـە جیـا دەنووسرێـت، ئەگـەر لەگـەڵ پیپتـی تـردا هـات ئـەوا پێکەوەدەلکێـن: لـە دڵیـدا جێینابێتـەوە، هەتـا هەتایـە لـە دڵمدایـە.

فرمان: ئەوی فریوودا، نازی زۆر پێدا،

دەیەم: گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ، دا، را، وەر، دەر).

١- ئەم پێشگرانە کاتێک دەچنە سەر چاوگ، یان فرمان یان حاڵەتێکی تر پێیانەوەدەلکێن. وەک:

هەڵ: هەڵکردن، هەڵگرتن، هەڵکورمان، هەڵکێشان.

دا: دابڕان، داخستن، داڕمان، داکردن.

را: راگرتن، راکێشان، راپەڕین.

وەر: وەرگرتن، وەرسوڕان.

وەر: وەرگرە, وەرسوڕێنە.

دەر: دەربێنە, دەرخە.

هەڵکشاو، هەڵنەکشا. دانراو. راپەڕیو. رانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.

یانزەیەم: ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بە جیا دەنووسرێن:

رێکدەکەوین. پێکیان هێنابنەوە، پێک نەهاتین، یەکیان نەگرتووە, دەستمان نەکەوت.

بەڵام ئەگـەر وشـەی دووەم لـە دۆخـی چـاوگ یـان حاڵەتـی تـردا بـوو، ئـەوا هـەردوو وشـەکە بـە یەکـەوە

دەلکێنرێـن.

وەک: رێککەوتن، پێکهاتن، یەکگرتن، دەسخستن، یەکگرتوو، دەستکەوتوو، پێکهاتە.

دوانزەیەم: دانانی فاریزە (،) لە دوای وشەکانی (کە، بەڵام، لەبەرئەوەی، چونکە، یان).

سیانزەیەم: دانانی یەك بۆشایی (سپەیس) لە دوای فاریزە (،) و خاڵ (.)

# ڕێنماییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە «گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی»

## یەکەم: ڕێنمایە سەرەکییەکان:

١. ڕێنماییەکان بۆ توێژیینەوە نووسین

توێژینەوە نووسین بەشدارییکردنی توێژەرە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا و بەرپرسیارێتیی زانستیی دەگرێتەئەستۆ.. دیارە، پێوەری توێژیینەوە نووسین وەک بونیاد (ستراکچەر) و پێکهاتەکانی، کۆکبوونێک هەیە لەسەریان، بەڵام جیاوازییەکی کەم هەیە لە شێوازی خستنەڕوودا بۆ پسپۆڕییە جیاوازەکان، یان بۆ جۆری توێژیینەوەکە بەوەی وەسفیی، یان کرداریی، یان پێداچوونەوەی وێژەیی بێت.

بەرپرسیارێتیی سەرەکیی لە بڕیارداندا دەربارەی توێژیینەوە نووسین دەکەوێتە ئەستۆی ئەو توێژەرانەی، کە خاوەندارێتیی توێژیینەوەکەیان لە ئەستۆیە. توێژەران دەبێت دەسترەنگین بن لەناو پسپۆڕییە وردەکەی خۆیاندا و، دەبێت هەمیشە پابەندبن بە جێبەجێکردنی هەر داواکارییەک، کە گۆڤارەکان وەک ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە توێژەرانی داوادەکەن.

٢.دانەرانی توێژیینەوە:

هەر کەسێک، کە ناوی هاتبێت وەک دانەر یان دانەرانی توێژیینەوەیەک، دەبێت پەسەندی دوا ڤێرژنی توێژیینەوەکە بکات و، بەرپرسیارێتیی هەڵبگرێت لە ئاگاداربوونی لە ناوەڕۆک و هێندی بەشدارییبوونی لەو توێژیینەوەیەدا.

-دەبیت لە کۆتایی توێژیینەوەدا، بەشی «پێزانیین» هەبێت بۆ ناوبردنی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەستگایانەی کە بەشدارییانکردووە لەو توێژیینەوەیەدا، وەک کۆمەکی دارایی، هاوکاریی زانستیی و چاپەمەنیی و کۆمپیوتەریی و هەرجۆرە پشتیوانییەک، کە دەستیان هەبووە تیایدا. (ئەم پێزانیینە ئەندامانی گۆڤارەکە ناگرێتەوە).

-ئەگەر توێژیینەوەکە یەک کەس بەجێیهێنابوو، ئەوا ئەو کەسە تەنها خاوەن و دانەری توێژیینەوەکەیە، کە بە هەموو کاری توێژیینەوەکە هەستاوە. بەڵام ئەگەر لە یەک کەس زیاتر ناوی هاتبێت لە لیستی دانەرانی توێژیینەوەکە، بە پێی پێوەرە زانستیی و نێودەوڵەتییەکان، سەرۆک تیم Team Leader ریزبەندیی دانەرەکان دیاریدەکات، ئەویش بەپێی ئاستی بەشدارییان لە توێژینەوەکە و نووسیینەکەدا.

-لە گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی مەرجی هەبوونی توێژەر لە کۆدانەران (co-author) دا، ئەوەیە، کە دانەری بەشدار دەبێت لە کۆی پرۆسەی بەجێهێنانی توێژیینەوەکە بەشداریی بکات، هەر لە کۆکردنەوەی داتا و سەرچاوە و شیکارییکردن و لێکدانەوە و هەموو بەشەکانی توێژیینەوەکە بە پێی ڕێککەوتنی دانەران و، دواجار بڕیار لای دەستەی نووسەرانی گۆڤارە بە پەسەندکردنی هێند و قەبارەی ئەو بەشدارییکردنە و، نابێت بەدەر بێت لە بەشدارییکردنی زانستیی توێژیینەوەکە. هەر کەسێکی تری بەشداربوو لە توێژیینەوەکەدا، کە مەرجەکانی دانەری بەشدار نایانگرێتەوە، ئەوا لە بەشی «پێزانیین» ناو و نازناوی زانستیی و شوێنی کارکردن و کورتەیەک لە بەشدارییەکەی دەنووسرێت.

-گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی مکووڕە لەسەر خاوەنداریێتیی توێژینەوەی زانستیی، کە قۆرخنەکرێت بۆ مەبەستی کەسیی و خوێشایەتیی لە تێهەڵکیشکردنی کەسانێک کە بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا نییە، کە وەک نەریتێکی گەندەڵیی زانستیی گیراوەتەبەر و خاوەنە راستەقینەکان دیارنین. بۆیە، گۆڤاری کوردستانیی لە زۆربەی بارەکاندا، تەنها دوو دانەر پەسەنددەکات بۆ هەر توێژینەوەیەک و، ئەگەر توێژینەوەیەک پسپۆڕییەکی تری پێویست بێت جیا لە بابەتی توێژیەنەوەکە، یان جیاواز لە پسپۆڕیی دانەر یان دوو دانەرەکەی تر، ئەوا دەکرێت دانەری سێیەم زیادبکرێت دوای پەسەندکردنی دەستەی نووسەرانی گۆڤار.

- دیسانەوە بۆ رێگرتن لە کاری ساختەکاریی، گۆڤاری کوردستانیی ئەو توێژینەوانە پەسەند ناکات، کە پسپۆڕییەکەی جیاوازە لە پسپۆڕیی توێژەرەکان و بە تایبەتی دانەری یەکەم.

## دووەم: رێنوومایيەکانی نووسیین و پێشکەشکردن و بڵاوکردنەوە

پێشکەشکردنی توێژینەوەکان, لە رێگەی سایتی دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی دەبێت. پێویستە توێژەر رەچاوی ئەم مەرج و رێنماییانە بکات لە نووسیین و پێشکەشکردن (باربۆکردنی ئەلیکترۆنیی) توێژینەوەکەدا:

١. ژمارەی لاپەرەی توێژینەوە پێویستە لە (٢٥) لاپەڕە تێپەڕنەکات.

٢ . توێژینەوەکە پێکدێت لە:

- ناونیشانی توێژینەوەکە

- ناوی توێژەر یان توێژەرەکان ( نازناوی زانستیی, بەشی زانستیی و کۆلێژ و زانکۆ و وڵات و ئیمەیڵ)

**-پوختە**

پوختە دەقێکی سەربەخۆی کورتە بۆ کارێکی گەورەتری وەک توێژینەوە بە نموونە. هەمیشە لە سەرەتای توێژینەوەکە دادەنرێت راستەوخۆ لە دوای ناونیشانی توێژینەوەکە و دانەر یان دانەرانی توێژینەوەکە. ئەم کورتە نووسیینە رێنیشاندەرێکی گرنگە و چەند مەبەستێک دەگەیەنێت، لەوانە: بەردەستکردنی خاڵە سەرەکییەکانی توێژینەوە و، لێرەوە رێگە بە خوێنەران دەدات هەتا بڕیاربدەن بۆ خوێندنەوەی سەرتاپای توێژژینەوەکە و تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆی. خوێنەران ئامادەسازدەکات بۆ بەدواداچوونی زانیاریی و شیکردنەوە و مشتومڕی ورد و پسپۆڕانە لە سەرتاپای توێژینەوەکەدا.

ئەوە زانراوە کە یەکێک لەو شتانەی کە بزوێنەری گەڕان لە ئۆنلاین بەکاریدەهێنێت بۆ دۆزینەوەی بابەتێک یان توێژینەوەیەک بریتییە لە «پوختە»، بۆیە ناوەرۆک و زاراوە و وشەکانی ناو پوختە گرنگییەکەی ئەوەیەکە دەبن بە رێنما بۆ دۆزینەوەی توێژینەوەکە بە دیاریکراویی.

بە شێوەیەکی گشتیی، پوختە ئەم زانیارییانەی تێدایە ( ٢-٤ دێڕ بۆ هەر پێکهاتەیەک):

١. پاشخانێک بۆ توێژینەوەکەت؛ بریتییە لە ناساندنی توێژینەوەکە کە لەسەر چ بابەتێک یان کێشەیەکە؟ خستنەڕووی پرسیار و ئەگەر و گریمانەکان لەسەر ئەو بابەتەی کە مایەی بایەخی توێژینەوەکەیە

٣. ناوبردنی میتۆدی توێژینەوە یان ئەو ڕێگەزانستییەی کە بەکارهێنراوە و متمانەی کراوەتەسەر، نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) و هێند یان قەبارەیان. هەروەها سەرچاوە و داتا بەردەستەکان لەکوێوە هاتوون، یان چەندن، یان چۆن بەدەستهاتوون؟

٤.دەرئەنجامەکان، بە کورتیی و بە بەڵگەوە (وەک ئەنجامە ژمێرەیی و ئامارییەکان و، ڕاپرسییەکان).

٥.لێکەوتەکانی ئەو دەرئەنجامانە چیی دەبن لە کاتی بەکارهێنانیان لە لایەن لایەنە پیوەندییدارەکانەوە، یان سنووری ئەو دەرئەنجامانە چیین کە دەبێت ڕەچاوبکرێن لەکاتی توێژینەوەی زیاتر لەو بوارە یان بەکارهێنانی ئەو ڕێسایانەی کە لیوەی پێکهێنراون.

٦. لە پوختەدا ئاماژە بە سەرچاوە و ناوی هیچ کەسێک نادرێت.

٧. بە یەک دەستەواژە (پەرەگراف) دەنووسرێت و، بە شێوەی نادیار نەک بەکارهێنای ڕانای (من، ئێمە، هتد) و، فرمانی ڕابردوو بەکاردێت لە خستنەڕووی کارە پێشووەکان و فرمانی ڕانەبردوو بۆ نووسینی توێژینەوەکە.

٨. قەبارەی پوختە لە نزیکەی ٢٥٠ وشەدا دەنووسرێت.

## -کلیلەوشەکان

-ئەو وشانەن یان زاراوانەن، کە ڕێنوێنی توێژینەوەکە دەکەن بۆ خوێنەران لەڕێی بزوێنەرە گەڕانە ئینتەرنێتەکانەوە وەک گۆگڵ سکۆڵەر بە نموونە. ئەم وشانە مسۆگەریی زۆرترین سایتەیشن دەکەن بۆ توێژینەوەکە لە خێراترین کاتدا. دیارە، توێژەر دەبێت شارەزایی لە دانانی ئەو وشانە پەیدابکات کە دەیانکات بە کلیلەوشە و، باشترە ئەوانەبن کە خوێنەر زووتر بە خەیاڵیدا دێن بۆ گەڕان.

-ئەم وشانە کورتن و تاک بن باشترە، بەڵام ئەگەر هاوچەشنیی یان چەندینبارە درووستبکات، باشتر وەهایە کە ئاوێتە بکرێن، یان لە یەک وشە زیاتر بن بۆ پێدانی تایبەتمەندێتیی زیاتر، کە مسۆگەربێت لە هەڵاوردندا بۆ گەڕان. هەروەها گرنگە ئەو وشانە لە بابەتی توێژینەوەکەوە نزیک بن، بەنموونە: ئەگەر بابەتەکە کۆمەڵایەتیی بوو ئەوا وشەکان هەڵگری جۆری کۆمەڵگە، کێشەی کۆمەڵگە، ڕەهەندی کۆمەڵگە، بەهای تایبەتی کۆمەڵگە، دەردی کۆمەڵگە، زاناکان، بیردۆزەکان، هتد..

-کلیلەکان لە نێوان ٤-٧ وشەدا گونجاون.

## -پێشەکیی

پێشەکیی هەڵێکی گرنگە بۆ کردنەوەی دەرگا بە ڕووی توێژینەوەکە و شرۆڤە و دەرئەنجامەکانیدا. پێشەکیی بریتیی نییە لە قسەی گشتیی و سەرپێی و خوێنەری پێ دەستخەڕۆ بکرێت و، دووبارە و چەندجارەی جووینەوەی قسەوباسی ناو کتێبە بەردەستەکان بن، بەڵکو توانای مەعریفیی و لۆجیکیی توێژەرە لە گەیاندنی تێزەکان و جێگیرکردنی بابەتەکەی لە زیهنی خوێنەر و، بەسەرچاوەکردنی توێژینەوەکەی

بۆ ئـەو بـوارەی تیایـدا نووسـییویەتی. لێـرەوە، توێـژەر بـە هەندێـک زانیاریـی پشتڕاسـت بـە سـەرچاوە وە باسـەکەی دەکاتـەوە، پاشـان دەسـتدەکات بـە راکێشـانی خوێنـەر بـۆ مەبەسـتی سـەرەکیی توێژینەوەکـەی. پێشـەکیی دەقێکـی سـەربەخۆیە لـە پوختـە و دەرئەنجـام و بـە داڕشـتنێکی زمانەوانـی جیاوازتـر نـووسراوە، ئەگەرچیـی ئـەو زانیارییانـەش کـە بـاس دەکرێـن هاوبـەش بـن لـە گەڵیـان.

## دەکرێت پێکهاتەکانی پێشەکیی ئەمانە بن:

١- ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە:

یەکـەم هەنـگاوی توێـژەر لـە پێشـەکیی دا، ناسـاندنی توێژینەوەکەیـە بە مەبەسـتی ئاشـناکردن و ڕێنوێنییکردنی خوێنـەر بـۆ نـاو جەرگـەی بابەتەکـە. پاشـان هەوڵبـدات بـۆ قایلکردنـی بـەوەی کـە بابەتەکـەی گرنگـە و بایەخـی بەرچاوی هەیـە لـە کاتـی ئێسـتادا و، لێکەوتـەکان دەستنیشـان بـکات کـە توانـای گۆڕانکاریـی هەیـە لـە بوارەکـەدا.

٢-پاشخانێکی ورد و تۆکمـەی بابەتەکـە باسـدەکرێت کـە پێوەندییەکی راسـتەوخۆی بـە بابەتـی توێژینەوەکەوە هەبێـت، بەجۆرێـک کـە سـەرچاوەبن بـۆ پرسـیار و گریمانـە و ئەگەرەکانـی توێژینەوەکـە. واتـا، دەبێـت ئـەو سـەرچاوانە بەشـێکی ئـەو کێشـە یـان ئاڵۆزیـی یـان ڕێگەچـارە بـاوەکان یـان شکسـتێک لەخۆبگـرن کـە توێـژەر بیانـکات بـە بنەمـا بـۆ پێویسـتبوونی ئـەو توێژینەوەیـە. هـەر لـە پێشـەکییدایە کـە پێداچوونـەوە دەکرێـت بـەو ئیشـە پێشـووانەدا و دەخرێنـە بازنەکانـی گومـان و کەمووکووڕیـی و ڕەتکردنـەوەوە، یاخـود سـەرنانێکی (ئیزافـە) تـر دەبـن بـۆ ئـەو کۆشـسانەی کـە کـراون و دەبێـت بـە فراوانترکـردن و گەشـەپیدانێکی سـەردەمییانە.

٣. پرسـیار و گریمانـە و ئەگـەرەکان بـە روونـی باسـدەکرێن لـە مشـتومڕێکی زانسـتییانە و لۆجیکییانـەدا، کـە ئیـش لەسـەر ئـەو بۆشـایی و ناوەڵامانـە بکرێـت کـە توێژینـەوە پێشـووەکان جێیـان هێشـتووە. یـان کەمتر بەلایـدا چـوون، یـان سـنوورێک هەیـە لـە کارەکانیانـدا.

٤.دەچیتـە نـاو وردەکاریـی و تایبەتمەندێتییەکانـی توێژینەوەکـەوە کـە لـە ئارادیـە لـە لایـەن توێـژەرەوە. لێـرەوە، ئامانـج و فاکتەرەکانـی توێژینەوەکـە باسـدەکرێن. ئـەم هەنـگاوە بـە پێـی جـۆری توێژینەوەکـە دەگۆڕێـت، ئایـا توێژینەوەیەکـی وەسـفییە و گریمانـە و تێـزی راسـتەوخۆ دەسـەلمێنێت یـان پێداچوونـەوەی وێژەییـە و بەراوردکاریـی و پۆلێنکاریـی بابەتـەکان و هەڵکۆڵینـی چەمـک و مەعریفەیـە و زیاتـر لـەوەش بۆشـایی و بابـەت و پرسـە جێهێڵـراوەکان دەستنیشـاندەکات، یـان ئەزموونکاریـی و تاقیگەیـی و رووپێوییـە و بـەدوای وەڵامـی پرسیارەکاندا سۆراخ دەبێـت. ئـەوە گرنگـە بزانرێـت کـە توێـژەر لـە درێـژەدان و مشـتومڕ خـۆی بـەدوور دەگرێـت و پێـش بەشـە کرۆکەکانـی توێژینەوەکـە ناکەوێـت لـە هەڵماڵیـن یـان راشـکاویی تێـز یـان دەرئەنجامەکانیـدا.

## ٥. نەخشەسازیی توێژینەوەکە:

پێـش دوایـن بەشـی توێژینەوەکـە تەرخاندەکرێـت بـۆ باسـکرنێکی کـورت بـۆ بەشـەکانی توێژینەوەکـە لـە دوای پێشـەکییەوە (باسـی پوختـە و کلیلەوشـە و پێشـەکیی ناکرێتـەوە). ئەمـەش بـۆ ئاگادارکردنـی خوێنـەر لـە بەشـەکانی تـر، وەک بەشـی دووەم؛ تیۆرینامـە، بەشـی سـێیەم: بەشـی کرداریـی، بەشـی چـوارەم شـیکردنەوە و شرۆڤـەکان و، دوا بەشـیش بـۆ دەرئەنجـام و پێشـنیاز و راسـپاردەکان. زۆرترینی توێژەران پێشـنیاز و ڕاسـپاردەکان تێکـەڵ دەکـەن هەرچەنـدە بەجیـاش دەینووسـن! پێشـنیانزەکان ئەوەیـە کـە چیـی بکرێـت بـۆ پڕکردنـەوەی

کەموکووڕییـەکان و نەهێشـتنی کۆسـپ و تەگـەرەکان و شـتی تریـش، بـەڵام راسـپاردەکان بـۆ قسـەکردنە لەسـەر لێکەوتـەی ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە و سـنووری جێبەجێکـردن و کاریگەرییەکانـی بەهـەر بارکـدا کـە مەبەسـتە لایەنـی پێوەندییـدار لـە بەکارهێنانیـدا هۆشـیار بێت.

٦. کۆتاییهێنـان بـە پێشـەکیی: زۆر بـە کورتیـی بنووسرێـت، ئایـا لێکۆڵینـەوە پێشـووەکان لـە چ ئاسـتێکدا وەسـتاون، یـان دوا شـت کـە پێـی گەیشـتوون چییـە؟ یاخـود ئێسـتا ئیـش بـە چیـی دەکرێـت لـەو بـوارەدا کـە مایـەی پێداچوونـەوە، یـان ڕەتکردنـەوە بێـت؟ ئایـا توێـژەر بابەتێکـی نـوێ تاقیدەکاتـەوە؟ بۆچـی ئـەو بابەتـە شـایەنی تاقیکردنەوەیـە؟ ئایـا توێـژەر بۆشـاییەک پـڕ دەکاتـەوە، کـە لـە توێژینەوەکانـی پێشـوودا جێمابێـت؟ ئایـا بەکارهێنانـی شـێوازی نـوێ لـە ئارادایـە بـۆ سـەیرکردنی بیرۆکـەکان یـان بـۆ شـیکردنەوەی داتـای بەدەسـتهاتووی نـوێ؟ ئایـا هیـچ چارەسـەرکردنێکی نوێـی دیـوەتـەوە بـۆ هـەر ناکۆکبوونێـک لـە نێـو وێـژەی بوارەکـەدا؟ ئـا لەمجـۆرە ڕەهەندانـەی مەبەسـتی توێژینەوەنووسـین دەکرێـت باسـبکرێن

٧. پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

ڕەنگـە چەمـک و زاراوەیـک لـە توێژینەوەکـەدا بەکارهێنرابـن نـوێ بـن، یـان بـاو و بیسـتراو بـن بـەڵام ڕوونکردنـەوەی زیاتریـان بوێـت بـۆ خوێنـەران، بـەوەی کـە هەندێـک تایبەتمەندیـی و سـنووری جیاوازتریـان هەیـە و خوێنـەری لـێ ئاگادارئەکـەن کـە چـۆن چۆنیـی و بۆچیـی وەهـا بەکارهێـنراون لـە توێژینەوەکـەدا.

## - دەقی توێژینەوەکە

## - ئەنجام و پێشنیازەکان

- پوختـە و کلیلـە وشـەکان,بە دوو زمانـی دیکـەی جیـاواز لـە زمانـی توێژینەوەکـە دەنووسرێـت و لـە کۆتایـی توێژینەوەکـەوە دادەنرێـت, لەپێـش سـەرچاوەکانی توێژینەوەکـە.

## - سەرچاوەکان

٣. تێمپلەیتی نووسینی توێژینەوە:

أ- ناونیشـانی توێژینەوەکـە لەسـەرەوەی لاپـەڕەی یەکەمـی توێژینەوەکـە, لەناوەڕاسـت دەبـێ بـە فۆنتـی (١٨) و بـە بۆڵـد ئەنووسرێـت. فۆنتـی قەبـارەی (١٦) بـۆ ناونیشـانە لاوەکییـەکان، و (١٤) بـۆ نـاوەرۆك و (١٢) بـۆ لیسـتی سـەرچاوەکان و پەراوێـز و ڕوونکردنـەوەکان.

ب- فۆنـت بـۆ توێژینـەوە کوردیـی و عەرەبیـی و فارسـییەکان لـە جـۆری فۆنتـی Adobe Arabic بـۆ نـاوەڕۆك و بـۆ ناونیشـانە لاوەکییـەکان.

ت- فۆنـت بـۆ توێژینـەوە ئینگلیزییـەکان یـان بـۆ ئەبسـتراکت نووسـین بـە زمانـی ئینگلیزیـی، بـە فۆنتـی جـۆری Times New Roman دەبێـت، بـە قەبـارەی (١٦) و بۆڵـد بـۆ ناونیشـانی سـەرەکی و قەبـارەی (١٤) بـۆ ناونیشـانە لاوەکییـەکان و پێوانـەی (١٢) بـۆ نـاوەڕۆك و قەبـارەی (١٠) بـۆ لیسـتی سـەرچاوەکان.

پ- ماوەی جێهێڵراوی نێوان دەستەواژەکان (پەرەگرافەکان) لە دەقی نووسینەکە, (١سم) دەبێت.

ح- ماوەی جێهێڵراوی هەر چوار لای پەڕەکە (سەر و خوار و راست و چەپ) (٢) سم ئەبێت.

ناوی توێـژەر یـان توێـژەرەکان بـە فۆنتـی قەبـارە (١٤) لـە ژێـر ناونیشـانی سـەرەکی, لـە لای راسـت بـۆ توێژینـەوە کوردیـی و عەرەبیـی و فارسـییەکان و لـە لای چـەپ بـۆ ئینگلیزییـەکان. ناونیشـان و شـوێنی کار (بـەش و کۆلێـژ و زانکـۆ) لەگـەڵ ئیمەیـڵ لـە ژێـر نـاوی توێـژەردا بـە فۆنتـی قەبـارە (١٢) دەبێـت.

٤-پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی هارڤـارد دەکرێـت بـۆ نووسـینی سـەرچاوەکان و هـەر سایتەیشـنێک کـە لـە توێژینەوەکـەدا بەکارهاتبێـت.

٥. توێژینەوەکـە لـە دوو تـەرزدا پێشکەشـدەکرێت: لـە یەکـەم پێشکەشـکردندا, فایلـی توێژینەوەکـە کـە باربـۆی (ئەپلـۆد) نـاو سیسـتەم دەکرێـت، پێویسـتە هیـچ زانیارییەکـی توێـژەر یـان توێژەرانـی لەسـەر نەبێـت (نـاوی توێـژەرەکان و شـوێنی کارکـردن و ئیمەیـڵ)، چونکـە بـەو شـێوەیە ئەنێردرێـن بـۆ هەڵسـەنگاندن ئەمەش بـە مەبەسـتی رۆشـنکاریی (شـەفافیەت)ی هەڵسـەنگاندنەکە. تـەرزی دووەمیـان, توێژینەوەکـە بـە هەمـوو پێکهاتەکانییـەوە پێشکەشـدەکرێت.

٦.لـە میانـەی «قۆناغـی هەڵسـەنگاندن» دا, سـەرنج و تێبینییەکانـی هەڵسـەنگێنەرەکان لـە سـایتی گۆڤـار و لـە خانـەی توێژینەوەکـە (کـە تەنهـا توێـژەر ئەتوانێـت بـە نـاوی چوونـەژوورەوە یـان بەکارهێنـەر (Username) و وشـەی تێپەڕبـوون (Password)ی تایبـەت بـە خـۆی بچێتـە ئـەو خانەیـەوە) دائەنرێـت. ئەمـەش, بەمەبەسـتی ئاگادارکردنـەوەی توێـژەرە بـۆ چاککـردن و روونکردنـەوە و گۆڕیـن بەپێـی داواکاریـی هەڵسـەنگێنەرەکە و, دووبـارە پێشکەشـکردنەوەی چاککراوەکان بـە مەبەسـتی پەسـەندکردنی لـە لایـەن هەڵسـەنگێنەرەوە.

٧. داواکاریـی و بڕیـاری هەڵسـەنگێنەران, بڕیـاری کۆتایـی نیـن بـۆ پەسـەندکردن، بەڵکـو دەسـتەی گۆڤـار یـان سـکرتێری نووسـین بـۆی هەیـە، کـە داواکاریـی تریـان هەبێـت لەسـەر چۆنێتیـی و ئاسـتی نووسـینی توێژینەوەکـە، وەک پوختـە و سـەرچاوە و رێنـووس و هـەر کەموکووڕییەکـی تـر کـە بوونـی هەبێـت. لـە بەجێهێنانـی ئـەم داواکارییانـەدا، بـۆردی گۆڤـار پەسـەندکردن دەداتـە هـەر توێژینەوەیـەک بـۆ بڵاوکردنـەوە.

٨. لـە دوای گەڕانـەوەی لـە هەڵسـەنگاندن, بڕیـاری کۆتایـی بـە پەسـەند یـان ناپەسـەند لـە لایـەن دەسـتەی گۆڤـارەوە, لـە سـایتی گۆڤـاری دەسـتە, لە خانـەی تایبەتـی توێژینەوەکـە دا ئەنرێت, کـە تەنها توێـژەر ئەتوانێت ببینێـت (ئەوپـەڕی نهێنیـی و تایبەتمەندێتییـە) دائەنرێـت، یاخـود توێـژەری سـەرەکیی ئاگاداردەکرێتـەوە لـە بڕیـاری بـۆردی گۆڤـار لـە رێـی ئـەو ئیمەیڵـەوە کـە توێژینەوەکـەی پـێ نێردراوە.

٩. لـە قۆناغـی پێشکەشـکردن (باربۆکردنـی لـە سـایتی ئەلیکترۆنیـی گۆڤـار), پێویسـتە راسـتەوخۆ پـارەی بڵاوکردنـەوە بنێردرێـت بـۆ گۆڤـار بـەو ئیمەیڵـەی لـە سـایتی گۆڤـاردا دانـراوە, بـۆ چۆنیەتیـی ناردنـی پارەکـە. هیـچ توێژینەوەیـەک ناچێتـە قۆناغـی هەڵسـەنگاندنەوە هەتـا پـارەی تێچوونـی بڵاوکردنـەوە نەدرێـت، پـارەی تێچوونی بڵاوکردنـەوە (٢٥٠) دوو سـەد و پەنجا هـەزار دینـارە, بەپێـی رێنماییەکانـی وەزارەتـی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان.

١٠. لە کاتی پەسەندنەکردنی هەر توێژینەوەیەکدا، بڕی پارەی دراو نادرێتەوە.

١١. پێشکەشـکردن بـە ئەلیکترۆنیـی ئەبێـت, بـە پێـی ئـەو هەنگاوانـەی، کـە پێویسـتن بگیرێنەبـەر لـە سـایتە ئەلیکترۆنییەکـەی گۆڤـاری دەسـتەدا . یـان لەرێـی ئیمەیڵـی فەرمیـی گۆڤارەکـەوە: journals@kissr.edu.iq

سێیەم: هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان:

هەلسەنگاندن  بە سێ قۆناغ جێبەجێدەکرێت:

### قۆناغی یەکەم: هەڵسەنگاندنی بەرایی

توێژینەوەکان, لە لایەن دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەوە هەڵسەنگاندنێکی بەراییان بۆ ئەکرێت؛

- هەڵسەنگاندنی زمانەوانیی توێژینەوەکە ئەکرێت و رەنگە بنێردرێت بۆ پسپۆڕی زمانەوانیی بۆ هەڵسەگاندن

- وردبوونەوە لە شێوە نووسینی پێڕەوکراوی گۆڤارەکە

لە ناوەرۆکی گشتیی توێژینەوەکەدا، کە پێ بەپێی رێنماییەکانی بڵاوکردنەوە و ستراتیجیی دەستەی کوردستانی بێت

بۆ هەر کەموکووڕییەک, توێژینەوەکە دەنێردرێتەوە بۆ توێژەر, بۆ چاککردن و رێکخستنەوە, یاخود رەتدەکرێتەوە بە شێوەیەکی کۆتایی

سەرجەم توێژینەوەکان بە پرۆسەی وردبینیی «فڕوفێڵی زانستیی Plagiarism) دەڕوات. بۆ ئەم مەبەستە, بەڵێننامەیەک لە لایەن توێژەرەوە پڕدەکرێتەوە, بەرپرسیارێتیی ناوەرۆک و زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە هەڵدەگرێت.

### قۆناغی دووەم: هەڵسەنگاندنی زانستیی

دوای پەسەندکردنی قۆناغی بەرایی, توێژینەوەکان لە لایەن ئەکادیمییستی پسپۆڕیی ورد هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەکرێن, کە بۆ دوو هەڵسەنگێنەر ئەنێردرێن و لە باری رەتکردنەوەی لە لایەن یەکێک لەو دوو هەڵسەنگێنەرە, توێژینەوەکە بۆ هەڵسەنگێنەری سێیەم ئەنێردرێت. هەموو توێژینەوەیەک بە پەسەندکردنی دوو هەڵسەنگێنەر پەسەندئەکرێن.

### قۆناغی سێیەم: پرۆسەی  بڕیاری هەڵسەنگاندن

هەلسەنگێنەرەکان, چەند بژاردەیەکیان لە بەردەمدایە؛

پەسەندنەکردن و رەتکردنەوەی تەواوەتیی توێژینەوەکە.

پەسەندکردنی مەرجدار: بۆ پێداچوونەوە و چاککردن و روونکردنەوەی زیاتر، کە پێویستە جێبەجێبکرێن لە لایەن توێژەرەوە و، جارێکی تر پێشکەشی هەڵسەنگێنەر ئەکرێتەوە بۆ وردبینی و بڕیاری کۆتایی.

پەسەندکردنی وەک خۆی, رەنگە هەندێ وردە سەرنجیشی لەگەڵدا بێت بۆ چاککردن و بە بێ پێشکەشکردنەوە. لەم بارەدا, تەنها دەستەی گۆڤار ئاگاداری توێژەر ئەکات بۆ ئەو چاککردنەوانە.

هەر توێژینەوەیەک ئەم رێنماییانەی تێدا جێبەجێ نەکرابێت، ئەوا ناچێتە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە و رەتدەکرێتەوە.

## فۆرمی راستاندنی توێژینەوە

ئەم فۆرمە بە مەبەستی راستاندنی خاوەندارێتیی ئەم توێژینەوەیەیە بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی (JKSS) بە ناونیشانی:

.............................................................................................

من ................................................................ به پلەی زانستیی ..........................

١. دانەری یەکەم ( یان تەنها دانەر) ی ئەم توێژینەوەیەم و وەک بەرپرسی یەکەمی توێژینەوەکە، بەرپرسیارم بەرامبەر هەموو زانیاریی و داتاکان، کە درووستن و راستەقینەن و لە رێی--------------------------------------------------------------------------بەدەستهێنراون.

٢. بە ئاگایی خۆم هەریەک لەو ناوانەی لە خشتەکەدا هاتوون، بەشداری راستەقینەن لە دانانی ئەم توێژینەوەیە لە هەموو لایەنەکانیدا، هەر لە کۆکردنەوەی زانیاریی و سەرچاوە و شرۆڤە و دەرئەنجامەکاندا.

٣.بەرپرسم لە تێچوونی بڵاوکردنەوە و وەڵامدانەوە و ئەرکەکانی تری پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە ئیمەیڵ یان بە هەر شێوازێکی تر کە داوابکرێت لە لایەن گۆڤارەکەوە.

بۆیە واژۆی ئەم راستاندنەم کرد.

| ریزبەندیی | ناو | پلەی زانستیی | دەستگای کارکردن | جۆری بەشداریی |
|---|---|---|---|---|
| دانەری یەکەم | | | | |
| وردەکاریی ئیش لە توێژینەوەکە | -<br>-<br>- | | | |
| دانەری بەشداری ١ | | | | |
| وردەکاریی ئیش لە توێژینەوەکە | -<br>-<br>- | | | |
| دانەری بەشداری ٢ | | | | |
| وردەکاریی ئیش لە توێژینەوەکە | -<br>-<br>- | | | |

ناوی بەرپرسی توێژینەوە: ...............................................................

واژۆ: ...............................................................

رێکەوت: ...............................................................

حكومة اقليم كردستان - العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الهيئة الكردستانية للدراسات الأستراتيجية و البحث العلمي

# المجلة الكردستانية للدراسات الأستراتيجية

العدد(٦)  تشرين الاول ٢٠٢٢

DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi6

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0